ئازادی
FREEDOM OF SOCIETY
کۆمەڵگە

ژمارە(٤٨) پـاییـز (٢٠٢٤)

سیاسیـــــة، اجتماعیة فصلیة

گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە

رێزێک بۆ
دەیڤد گرایبەر

2024

سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان
جەمیل بایک

ستەمکاریی بژاردە
رێناتا سالێکڵ

وانەکانی کۆبانێ
موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری

کوردەکان: فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
سلاڤۆی ژیژەک

لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیک
ڕامین گارا

شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان
وەلید عومەر

واتای ئیمپریالیزم
هاری ماگدۆف

هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکـات.

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٤٨ پاییزی ٢٠٢٤

OF SOCIETY

ڕێزێک بۆ

دەیڤد گرایبەر

David Graeber

بەشداران

جەمیل بایک

وەلید عومەر

مەنسوور تەیفووری

شاهۆ عوسمان

وریا ئەحمەد

فازڵ مەحموود

شێروان ئیبراهیم

عەلی ئەحمەد

سوورێن ئیبراهیم

ئیمان سەلیم

شادیار شۆڕش

مەریوان کاکەیی

هەردی دولبەر

دیزاین

گۆران پێنجوێنی

چاپخانە

چاپخانەی کارۆ

تیراژ

٥٠٠دانە

نرخ

٣٠٠٠دینار

ساڵی چاپ

پاییزی٢٠٢٤

ژمارە

٤٨

دەستەی نووسەران:

نەجیبە قەرەداخی

پ.د.سالار باسیرە

https://komelge.com

خاوەن ئیمتیاز

د.محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

سەرنووسەر

گۆران عەلی

ڕاوێژکاری یاسایی

ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

پێڕست

سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان
جەمیل بایك ٩
پرسی کورد، تورکیا و قەیرانی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بنکۆڵکاریی ٥١
شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان
وەلید عومەر ٦٩
کوردەکان؛ فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
سلاڤۆی ژیژەك ٨١
وانەکانی کۆبانێ
موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری ٨٧
کۆلۆنیاڵ و دژماناکانی
شاهۆ عوسمان ٩٥
واتای ئیمپریالیزم
هاری ماگدۆف ١٠٩
لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالیزم و ئەدەب
فازڵ مەحموود ١٢٥
سوبێکت و تێربوون: بەربەستی بێسنوور
تۆد مەكگوان ١٣٢
ستەمکاریی بژاردە
ڕێناتا سالێکڵ ١٤٥
لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیك
ڕامین گارا ١٥٧
«داخۆ ئەگەری دیموکراسیی لە سووریا هەیە؟» هەڤاڵەکەم دەیزانی چۆن.
دەیڤد گرایبەر ١٨٣
قەرز چییە؟
چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیڤید گرەیبەر ١٩١
تێزەکانی کەمالیزم
ئیبراهیم کایپاکایا ٢١٥
ڕانان بۆ پەڕتووکی ‹بەرگرییکردن لە گەلێك›
هەردی دولبەر ٢٢٣

REEDOM OF SOCIETY

لەبری پێشەکی:

«گۆشەگیریی بەردەوامە... ئەگەر هەلومەرج بڕەخسێنرێت، هێزی تیۆری و پراکتیکیی ئەوەم هەیە ئەم دۆخە لە زەمینەی پێکدادان و توندوتیژییەوە بگوازمەوە بۆ زەمینەیەکی یاسایی و سیاسی».

عەبدوڵڵا ئۆجالان

٢٣ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

گرتووخانەی ئیمراڵی جۆری F

سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان

جەمیل بایک

سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی تووشی قەیرانێکی مەزن هاتووە. ڕۆژهەڵاتی ناوییین لە ژێر کاریگەریی ڕووخێنەرترین دەرئەنجامەکانی ئەم قەیرانەدایە. ئەو شەڕەی ئەمڕۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوییین گێژ دەخوات، شەڕی جیهانی سێهەمە و گەلانی فەلەستین، لوبنان و کوردستان، زۆرترین ئێش و ئازار و چەرمەسەریی ئەم شەڕە دەکێشن. ئەم هەرێمە لە ڕووی جیۆستراتیژیی و جیۆپۆلیتیکییەوە گرنگییەکی زۆری هەیە، وادیارە هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی دەیانەوێت کێشەکانی هەرێمەکە بە شەڕ چارەسەر بکەن. هێشتا دیار نییە ئەم شەڕە چەندێک درێژە دەکێشێت و چ ڕەهەندگەلێک لەخۆ دەگرێت. دەستپێکردنی شەڕ ئاسانە، بەڵام کاتێک شەڕ دەستی پێ کرد و کاریگەریی لە سەر هەرێم و جیهان دانا، ئاوا بە هەمان ئاسانیی کۆتایی پێ ناهێنرێت.

مێژووی سیاسەتەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوییین بە گشتیی و کوردستان بە تایبەتیی، بۆ زیاتر لە ٢٠٠ ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە. لە سەردەمانێکدا دەوڵەتی فەڕەنسا بە پێشەنگایەتیی ناپلیۆن ویستی لە ڕێی میسرەوە بێتە ڕۆژهەڵاتی ناوییین، بەڵام ئەم هەوڵەیان زۆر سەرکەوتوو نەبوو. پاش ئەوەی بەریتانیا لە شەڕی مەیدانی واترلوو(Waterloo) شکستی بە ناپلیۆن هانی، تا ڕادەیەکی زۆر پەتی کۆنترۆڵی ئەورووپا و ڕۆژهەڵاتی ناوییین و جیهان کەوتە نێو لەپی. هەربۆیە لە پێناو بەردەوامیدانی سەقامگیرانە بە دەسەڵاتی خۆی لە هیندستان و ڕۆژهەڵاتی دوور، پێویست بوو سەرەتا دەسەڵاتی خۆی بە

سـەر ڕۆژهەڵاتـی ناوییندا بسـەپێنێت. چونکە ئەم هەرێمـە لە بواری ڕێگـەی دەریایـی و وشـکانییەوە پێگەیەکـی ناوەندیـی هەبـوو. لـەم ڕووەوە پێگـەی جیۆسـتراتیژیی هەرێمەکە گرنگییەکی مەزنی هەیە.

نـەوت و گاز چەرخەکانی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی دەگەڕێنن و هەبوونـی ئـەم سـەرچاوانە بووەتـە هـۆی ڕاکێشـانی سـەرنجێکی زۆر بـۆ سـەر هەرێمەکـە. بـە هەمـان شـێوە، چڕوپڕیـی ژمـارەی دانیشـتووان وای کـردووە هەرێمەکـە ببێتـە بازاڕێکـی بەرفـراوان و گرنگ بۆ کاڵاکان، بە تایبەت چەک و تەقەمەنیی. لە هەر دوو شەڕی جیهانییشـدا، لـە ڕووی دابینکردنـی پێداویسـتییەکانی مۆدێرنیتـەی سـەرمایداریی‌یەوە، هیـچ لـە بەهـای ئـەم هەرێمـە کـەم نەبووەتـەوە. تەنانـەت دەتوانیـن بڵێیـن گرنگییەکـی زۆرتـری پەیدا کـرد.

ڕۆژئاوا هەرگیز دەستی لە حیساباتی خۆی بۆ دەستبەسەرداگرتنی ئـەم هەرێمـە هەڵنەگرتـووە و ڕیشـەی ئـەم حیسـاباتە بـۆ سـەردەمی شـەڕی خاچپەرستەکان دەگەڕێتەوە. ئەورووپا لە ڕێی مۆدێرنیتەی سـەرمایەدارییەوە خـۆی بەهێـز کـرد، هەمیشـە بـە نوێکردنـەوە و ڕۆژانەکردنـەوەی حیسـاباتی سـەردەمی شـەڕی خاچپەرسـتان، هەوڵی داوە هەژموونـی خـۆی بە سـەر هەرێمەکـەدا بسـەپێنێت.

لـە هەرێمەکـەدا دوو ئیمپراتـۆری میتینگـەری گـەورە بـە نـاوی ئێـران و عوسـمانیی هەبـوون، کـە لـە هـەوڵ و تەقـەلای مانـەوە و لەسەرپێمانەوەدا بوون. هێزەکانی ڕۆژئاوا لە سەر بنەمای سیاسەتی ‹پەرتکـە و زاڵبـە› نزیکـی ئـەم دوو ئیمپراتۆرییەتـە دەبوونـەوە. هەروەهـا لـە بـواری سـتراتیژییدا ئـەم دوو ئیمپراتۆرییەتەیـان وەک

بازاڕێـک بـۆ سـاغکردنەوەی هەناردەکانـی خۆیـان و سـەرچاوەی هێـزی کاری هـەرزان و کەرەسـتەی خـاو (مـاددەی خـام) بینیـوە. چونکە ئەگـەر ئەمانە نەبن، هەژموونیش درووسـت نابێت. لە کاتی پێویستیشـدا هێزی سـەربازییان بۆ وەشـاندنی گورزی مەرگبار لە هەرێمەکـە بـەکار هێنـاوە.

هەڵبەتـە نـەک تەنیا بەریتانیا، بەڵکوو هێزەکانی تری وەک ڕووسـیا و ئەڵمانیا و فەڕەنسـاش بۆ دابەشـکردنی سـەرچاوەکانی ئەم هەرێمە، شەڕیان کردووە. ئەم هێزانە چ بە شەڕ و ناکۆکیی و چ بە پەیوەندیی نێوانیـان بێت، تەنیا بە سیاسـەتکردن لـە سـەر دەسـەڵاتی ناوەندیی ئـەم دوو ئیمپراتۆرییـە بەسـەندەیان نەکردووە، بەڵکوو سیاسـەتیان لـە سـەر ناوچـە جیاجیاکانـی ژێـر دەسـەڵاتی ئـەم ئیمپراتۆریانـەش کـردووە. بـە گواسـتنەوەی زۆر سیسـتەماتیکی تەکنەلۆژیـا، هێـزی چـەک، فەرهەنگ و هونـەر، مۆد و هتد... بۆ ناوچەکە، هەوڵیان داوە هەژموونـی خۆیـان دامەزراوەیی و مایندە بکـەن.

ئارمانجـی سـەرەکیی سیاسـەتی پەرتکـە و زاڵبـە لـە بنەڕەتـدا دابەشـکردنی هـەردوو ئیمپراتۆرییەتـی هەرێمەکـە بـووە بـە سـەر دەوڵەت-نەتـەوەدا. بەمشێوەیەش هەرێمەکەی لە ڕێی ئەم دەوڵەت-نەتەوانـەوە بـە خۆیـەوە گـرێ دا و دۆخێکـی وەک نیو-کۆلۆنیاڵیـی بـە سـەر هـەردوو ئیمپراتۆرییەتەکـەدا هێنـا. بـە گەشـەدان بـە سـەرمایەدارییش هاوسـەنگیی ژینگەیـی تێـک دا.

ڕێبـەر ئاپـۆ سیاسـەتی مۆدێرنیتـەی سـەرمایداریی سـەبارەت بـە ڕۆژهەڵاتـی ناوییـن بـەم شـێوەیە دەخاتـە ڕوو: *«دەوڵـەت-نـەتـەوەکـانـی*

ڕۆژهەڵاتی ناویین لە میانی شۆڕشەوە درووست نەکراون؛ بەڵکوو لەلایەن سیستەمی هەژموونگەراوە درووست کراون. ئامانجی سەرەکیی ئەو دەوڵەتانە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە بە ناوی سیستەمەوە بە توندترین شێوە گەلەکانیان بچەوسێننەوە. لەو بوارەوە سەرکەوتووش بوون. هەمان پرۆسە لە سەرانسەری جیهاندا بەڕێوە دەچێت. ئەو ڕژێمە داگیرکارییانە لە ژێر ئەو دۆخە کائیۆسییەدا شاراوەن کە لە خۆرهەڵاتی ناویندا قووڵ بووەتەوە و تەنیا لە میانی کارەساتەوە بەردەوام دەبێت. لە کاتێکدا ڕووداوەکانی چاخی سەرمایەی فینانسی نیولیبراڵیی دوایی هەموو گەلانی ناوچەکەی مەحکومی بێکاریی کردووە، سەرچاوەکان لەناو دەبات و کۆتایی بە ژینگە دێنێت، ئەوا چاکتر درک بە ڕاستیی دەکەین. لە دواشیکاردا لە سەدا دەی ئەو توێژەی سیستەم کە پارە بە پارە قازانج دەکات و باڵادەستیی خۆی بە سەر ژیانی کۆمەڵایەتیی، ئابووریی و کولتوورییدا سەپاندووە، بۆ شاردنەوەی باڵادەستییەکەشی بەردەوام فاشیزمی میللیگەرایی و ئایینیی لە ڕۆژەڤدا دەهێڵێتەوە، ئەمەش سەلمێنەری گەشەکردنی وڵاتان و سەربەخۆیی نەتەوەکان نییە. کاتێک گەلان لە کارەساتبارترین سەردەمی مێژوویی خۆیاندا دەژین، دواپاشماوەکانی کولتووری کۆمەڵگەش لەناو چەرخی دەوڵەت-نەتەوەدا دەتوێنرێتەوە. گوایە لە سەردەمی ماف و ئازادییە کەسییەکانداین، بەڵام ماڵئاوایی لە دواپاشماوەی کەرامەتی تاکەکەس دەکەین. کاتێک دەستەواژەی ژینۆساید شیکار دەکەین، ئەگەر بە گشتیی تاوتوێی بکەین و بە ناوەڕۆکە سیستەماتیکەکەی بگەین، دەتوانین سەرکەوتوو

بین. بە بایەخەوە گوتەی «تاقانە» سەبارەت بە ژینۆسایدی یەهوودییەکان بەکار دەهێنرێت. بەڵام ڕاستیی پێچەوانەکەیەتی. لە سیستەمی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییدا ژینۆسایدی «تاقانە» بوونی نییە. لە هەر کۆمەڵگە، گەل و دەوڵەت-نەتەوەیەک کەم یان زۆر ژینۆساید جێگای باسە. هەندێکیان لە میانەی پەیڕەوی جەستەیی (کۆمەڵکوژیی جەستەیی) جێبەجێ دەکرێن، زۆربەشیان بە شێوەیەکی کولتووریی و پەردەپۆشکراو جێبەجێ دەکرێن. بێبەشکردن لە مێژوو، ئابووریی، بەڕێوەبەرایەتیی و زهنییەت بە لانیکەم هێندەی ژینۆسایدە کولتووریی و جەستەییەکان بەکاریگەر و بێبەزەیین.[1]

پاش ڕووخانی ڕیال سۆسیالیزم، هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی بە هێرشکردنە سەر ئێراق شەڕی جیهانی سێهەمیان دەست پێ کرد. ڕووخانی ڕیال سۆسیالیزم هاوکات بە واتای کۆتاییهاتنی جیهانی دووجەمسەرییش دەهات. پاش ئەم قۆناغەش هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی هێرشێکی بەرفراوانی دەروونیی-ئایدیۆلۆژیی-فەرهەنگییان کردە سەر هەموو ئەو شتانەی ئازادیی و مرۆڤایەتیی و کۆمەڵایەتیبوونیان پێوە دیار بوو. بە ئاهەنگی پرشنگدار و زرم و کوتێکی زۆرەوە سەرمایەداریی سەرکەوتنی مسۆگەری خۆی بە سەر سۆسیالیزمدا ڕاگەیاند بوو. ئیدی کاتی ئەوە هاتبوو تاکە دەسەڵاتداری دنیا، واتە ئەمریکا،

١- عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتێک، پەڕتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل. ١٢٢.

لەگـەڵ هاوپەیمانەکانـی سیسـتەمی دڵخـوازی خۆیـان دابمەزرێنـن. ئەگـەر سـەرنج بدەیـن، دەبینیـن پـاش ئـەم قۆناغـە، لـە ژێـر نـاوی سیسـتەمی نوێی جیهانیی (New World Order) ـدا پڕۆگرامێکیان بـۆ گـەلان خسـتە ڕوو. بـەم پلانـە، بەپێـی سیاسـەتی ئابووریـی نیۆلیبراڵـی مۆدێرنیتـەی سـەرمایەداریی داڕێژرابـوو، هەمـوو ئـەو شـتانەی شـۆڕش و سۆسـیالیزمی پێـوە دیـار بـوو، ڕووبـەڕووی هێـرش و پەلامارێکـی ڕژد بـووەوە.

لە بنەڕەتدا هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، بە پێشەنگایەتیی ئیمپریالیسـتە ئینگلیزەکان، هێرشـیان کردە سـەر پێکهاتەی فەرهەنگیی ڕۆژهەڵاتـی ناوییـن. چونکـە هەرێمـی ڕۆژهەڵاتـی ناوییـن لانکـەی شۆڕشـی کشـتوکاڵییە و خاوەنـی فەرهەنگێکـی کۆمەڵایەتیی مـەزن و ڕیشـەدارە. ئینگلیزییـەکان لـە هەمـوو کەسـێک باشـتر دەرکییـان بـەو ڕاسـتییە کردبوو کە تـا ئەوکاتـەی ئـەم هەرێمـە لە بـواری فەرهەنگ و شـێوازی بیـر و هـزردا داگیـر نەکرێـت، ناتوانـن لێرەدا بەردەوامیـی بـە هەژموونـی خۆیـان بدەن. هەربۆیـە پێش گشـت شـتێک هێرشـیان کـردە سـەر فەرهەنگـی ڕۆژهەڵاتـی ناوییـن.

هێـزە میتینگـەرەکان چ بـە ڕێـی ئاشـتییانە و بازرگانیـی و ڕێگـەی هاوشـێوە و چ لـە ڕێـی سـەربازیی و زۆرەوە بچنـە نێـو ئـەو وڵاتـەوە، ئەگـەر گەلـی ئـەو وڵاتـە لە زمان و کەلتووری خـۆی دوور نەکەوێتەوە و لـە بـواری زمـان، کەلتـوور، ئابووریـی، تەکنۆلۆژیـا و سیاسـەت و سـەربازییەوە بەرانبـەر باڵادەسـتیی ئـەو هێـزە هەژموونگەرایـە خـۆی بـە کـەم نەزانێـت، ئارەزوویـان نـەکات و لاساییان نەکاتـەوە،

ئـەوا ئـەو هێـزە هەژموونگـەرە ناتوانێت بـە شـێوەیەکی هەمیشـەیی لـەو وڵاتـەدا بمێنێتـەوە. تاکە ڕێی مانـەوە ئەوەیە دۆخی دەروونیی ئارەزوومەندانـە بـۆ لاسـاییکردنەوەی ئـەو هێـزە میتینگـەرە لـە نێو گەلـدا درووسـت ببێت.

هەڵکەوتەی جۆگرافیی کوردستان بە چەشنێکە سـەرومڕ لە چەقی هەرێمـی ڕۆژهەڵاتـی ناوییـندا جێـی گرتـووە. هەربۆیـە ئینگلیـزەکان، فەڕەنسییەکان، ئەڵمانـەکان و ڕووسـەکان زۆر بـە سـەرنجەوە نزیکی کـورد بوونەتـەوە. ئەگـەر هێشـتاش بـۆ فێربوونـی مێژووی خۆمـان هـەوڵ دەدەیـن کەڵک لـەو بیرەوەریی، برووسـکە و نامانـە وەر بگرین وا کاربەدەسـتانی ئـەم هێزانـە لـە کاتـی خۆیدا نووسـیویانە یان کەڵک لـەو بەڵگانـە وەربگریـن وا لـە ئەرشـیڤەکانی ئـەم هێزانـەدا سـەبارەت بـە کـورد و کوردسـتان هـەن، ئەمـە نیشـانەی ئەوەیـە ئـەم هێزانـە تـا چ ئاسـتێک لەگـەڵ کـورد و کوردسـتاندا پەیوەندییـان هەبـووە. وەکو نموونەیـەک دەتوانیـن ئامـاژە بـەو نامانـە بکەیـن وا ‹هەڵمـوث کارڵ بەرنهارد›ـی ئەفسـەری ئەڵمانیـی بـۆ هاوژینەکـەی نووسـیونی. ئـەم کەسـە لە سـاڵەکانی ١٩٨٠ لە سـوپای عوسـمانییدا کاری ڕاوێژکاریی و فێرکاریی دەکرد و ڕۆڵی لە سـەرکوتی سـەرهەڵدانی کورد لەلایەن ئیمپڕاتۆرییەتی میتینگـەری عوسـمانییەکانییەوە گێڕاوە.

زۆربـەی هێـزە جیهانییـەکان پەیوەندییـان لەگـەڵ بـەگ، سـەرخێڵ و شـێخە هەڵکەوتووەکانـی ئـەو سـەردەمە دانـاوە. ئارمانجـی ئـەم پەیوەندییانـە ئـەوە بـووە لـە سیاسـەتی خۆیـان دژی هـەردوو ئیمپڕاتۆرییەتـی ئێـران و عوسـمانیی، هێـزی کـوردی وەک هێزێکـی

یـەدەگ و جێگرەوە ئامـادە بکـەن یان بـە پێدانی بەڵێنی جۆراوجۆر جووڵەیان پێ بکەن. بەم ڕەنگەش توانیویانە ببنە خاوەنی گوتـە و بڕیـار لەمـەڕ ئـەو ئیپمراتۆرییەتانـە و لغاویـان بکـەن.

ئـەوەی تـا ئێسـتا ئاماژەمـان پێ کرد، دەروازەیـەک بـوو بۆ ئەوەی بتوانیـن شـیکردنەوەیەکی زیاتـر سـەبارەت بـەو سیاسـەتانەی وا دەوڵەتـە میتینگەرکانـی سـەر بـە هێـزە ئیمپریالیسـتییەکان لـە سـەر کوردسـتان پەیڕەویـان کـردووە، بکەیـن.

سیاسـەتی ئینگلیـز سـەبارەت بـە کوردسـتان سـاڵی ١٩٢٠ لـە کۆنگرەی قاهیرە داڕێژرا. ئەو بڕیارانـەی لـەم کۆنگرەیـەدا سـەبارەت بـە کـورد و کوردسـتان وەرگیـران، سیاسـەتی سـەدەی ڕابردوویـان داڕشت، ئەمڕۆش سـەرەڕای هەندێک جیاوازیی سنووردار، هەمـان سیاسەت لە سەر کورد و کوردستان پەیڕەو دەکرێن. وەک دەزانرێت پـاش شـەڕی جیهانیـی یەکـەم، هەندێـک کۆبوونـەوە ئەنجـام دران و کۆنگـرەی قاهیـرەش دوایيـن دەوری ئـەم کۆبوونەوانەیـە وا تیایـدا چارەنووسـی سـەد سـاڵە هێڵکێش کـرا. گەوهـەری کۆنگرەکـە ئەمـە بـوو: لـە هەرێمەکە قەوارەیـەک بـە نـاوی کوردسـتان دانامەزرێنرێت، بـەڵام بـۆ ئـەوەی دەوڵەتـە دەسـەڵاتدارەکانی سـەر کوردسـتان لـە ڕێ دەرنەچـن و بەگوێـرەی سیاسـەتی هێـزە ئیمپریالیسـتەکان هەڵسوکەوت بکـەن، کورد وەک کارتێکی فشـار دژی ئەمانـە بـەکار دەهێنرێـت. پـاش گفتوگۆی چڕوپڕ لەمـەڕ ئـەم بابەتانـە، کۆنگـرەی لـۆزان دەبەسـترێت و لـەم کۆنگرەیـەدا کوردسـتان، کـە بەگوێـرەی پەیماننامـەی قەسـری شـیرین لـە سـاڵی ١٩٣٩ دابەشـی دوو پارچـە

بووبوو، کرا بە چوار پارچە و هەریەک لە ئێراق و سووریاش دەسەڵاتی میتینگەریی خۆیان لە سەر دوو بەشی کوردستان دامەزراند. دەوڵەتی ئێراقی ژێر کۆنترۆڵی ئیمپریالیزمی ئینگلیز باشووری کوردستانی داگیر کرد و سووریای ژێر کۆنترۆڵی ئیمپریالیزمی فەڕەنسییش ڕۆژئاوای کوردستان.

پەیمانی لۆزان لە دەیان مادە پێک دەهات، سەرەڕای ئەوەی کوردستانی دابەش کردبوو و کوردی خستبووە ژێر چەقۆی ژینۆساید، بە وشەیەک و گوتەیەکیش بێت ناوی کورد و کوردستانی نەهێنا. ئەمە بابەتێکە و پێویستە بە گرنگییەوە ڕاوەستەی لەسەر بکرێت، جا وردەکاریی نکۆڵیی لە کورد و کوردستان بخرێنە ڕوو.

١. سیاسەتەکانی دەوڵەتی میتینگەر و کۆمەڵکوژیی تورک لە سەر کوردستان و دۆخی هەنووکەیی:

وەک دەزانرێت، دەوڵەتی تورکیا لە ٢٩ـی ئۆکتۆبەری ساڵی١٩٢٣، لە سەر بنەمای نکۆڵیی لە کورد و کوردستان، لەلایەن کەسێکی تەڤکوژ و قڕکەری کورد بە ناوی مستەفا کەمال دامەزرێنرا. لە قۆناغی شەڕی ڕزگارییدا، لە تورکیا یاسایەکیان دەرکرد، کە دانی بە مافە نەتەوەییە بنەڕەتییەکانی کوردا دەنا و گەرەنتی ئەوەی دەدا کوردستان ببێتە خاوەنی پێگەیەکی خۆسەر. بەڵام سەرەڕای ئەمە، پاش شەڕی ڕزگاریی ئەو دەوڵەتە تەڤکوژ و قڕکەرەی دامەزرێنرا، سەرپاک نکۆڵیی لە هەبوونی کورد کرد. ئەمەش بووە

هـۆی کاردانـەوەی گەلـی کـورد بـە گشـتیی و ڕۆشـنبیر و کەسـانی سـەربازیی و ڕێبـەری تەریقەتـەکان بـە تایبەتیی. دەوڵەتـی مژۆکداری تـورک هـەر بەمەشـەوە نەوەسـتا، کۆتایی بـە یاسـای خۆسـەریی هێنا کـە لـە سـاڵی ١٩٢٠ پەسـند کرابـوو، لـە جیاتـی ئـەوە سـاڵی ١٩٢٤ دەسـتووریکی بنەڕەتیـی دەرکـرد و هەمـوو ئـەو کەسـانەی لەنێـو سنوورەکانی دەوڵەتی تورکیادا دەژیان، وەک تـورک پێناسـە دەکرد، بـەم شـێوەیەش نکۆڵیی لـە هەبوونـی کـورد بنەمایەکـی دەسـتووریی و یاسـایی لەبـەر هەڵدوورا. سـەرهەڵدانی شـێخ سـەعیدی پیـران کـرا بـە پاسـاوی دەرچوواندنـی یاسـای ‹تەقریـری سـکون› و دامەزراندنـی ‹دادگای ئیسـتیقلال›، سـەرەنجام پشـتبەسـت بـەم یاسـایە شـێخ سـەعید و چلوشـەش کـەس لـە هاوڕێکانـی لەسـێدارە دران. ئـەو شـوێنانەی سـەرهەڵدانی شـێخ سـەعید گەشـەی لـێ سـەندبوون، کەوتنـە بـەر شـاڵاوێکی بەربڵاوی کۆمەڵکوژیی و ژینوسـاید.

هەروەهـا بـۆ بەردەوامیـدان بـەم ڕەوشـە، بـە دەرکردنـی یاسـای ‹پلانـی هەمووارکردنـەوەی ڕۆژهـەڵات Şark İslahat Planı › زمان و کەلتـوور و هونـەری کـورد تێکـڕا نکۆڵـی لـێ دەکرێـت، هەمـوو مافـە سیاسیی و نەتەوەییەکانیان لـێ دەسـێندرێتەوە و لەپێناو لەناوبردنـی هەمـوو ئەمانـە، پڕۆگرامێکـی تایبـەت دادەڕێژرێـتŞark İslahat . Planı ئـەم پلانـە تاکـە دەرچەیـەک بـۆ هەناسـەدان و گـوزارشـت لەخۆکردنـی کـورد ناهێڵێتـەوە. هاوشـان لەگـەڵ ئەمـەش، بڕیـار دەدەن سـەرتاپێی دیمۆگرافیـای کوردسـتان بگـۆڕن. لـە ڕێـی پارێـزگاری تایبـەت و یاسـای تایبەتـەوە میکانیزمێکـی دەوڵەتیـی بنیـاد دەنرێـت

کە تا دوارادە میتینگەر و کۆمەڵکوژە. لە بواری ئابوورییشەوە لە لایەکەوە بارێکیماڵیاتیی گەورە بە سەر کورددا دەسەپێنن و لە لایەکی تریشەوە بۆ ئەوەی مرۆڤی کورد تەنیا وەک هێزی کاری هەرزان بمێنێتەوە و نەتوانێت ببێتە خاوەنی هیچ دارایی و بازاڕێک، هەموو جۆرە تەگبیرێکی ئیداریی و بازرگانیی وەردەگرن. بە کورتیی دەتوانین بێژین سیاسەتێکیان پەیڕەو کرد و پێک هێنا کە تەواو لە سەر بنەمای تەوکوژیی و کۆمەڵکوژیی کەلتووریی کورد بوو.

پاش ئەوەی تێکۆشان و بەرخودانی کورد بە پێشەنگایەتیی ئیحسان نوری پاشا و خۆیبوون لە نێوان ساڵانی ١٩٢٧-١٩٣٠ و سەرهەڵدانی دێرسیم لە نێوان ساڵانی ١٩٣٧-١٩٣٨ تووشی شکست بوون و گەلی کورد ڕووبەڕووی چەندین کۆمەڵکوژیی خوێناوڵ بووەوە، ئەمجارە دەوڵەتی تەوکوژی تورک دەستی بە کۆمەڵکوژی سپی کرد و سیاسەتی تەوکوژیی کەلتووریی خستە واری جێبەجێکردنەوە. لە ئەنجامی ئەم قۆناغەشدا، هەوڵیان دا لە ڕێی کۆچی زۆرەملێیەوە کوردستان لە دانیشتووانی چۆڵ بکەن.

دەوڵەتی میتینگەر و تەوکوژی تورک، هەموو چەشنە خەبات و چالاکییەکی هونەریی و فەرهەنگیی پەیوەندیدار بە کورد و کوردستانی ڕێبەند کرد و یاساییەکی دەرکرد هەرکەس بە زمانی کوردیی قسە بکات، بە تاوان لەقەڵەم بدرێت و پێویستە سزا بدرێت. بە سیاسەتێکی تا دوارادە تەوکوژ و میتینگەر، هەموو مافە نەتەوەیی و کۆمەڵاتییەکانی گەلی کورد، وەک پەروەردە بە زمانی دایک، خۆڕێکخستن، سیاسەت، خۆبەڕێوەبەرایەتیی، خۆپاراستن

و خاوەنداریـی لـە دەوڵەمەندییەکانـی، پێشـێل کـرد. ئـەو سیاسـەتە ئابوورییـەی بـە سـەر کوردسـتاندا سـەپێنرا، نەختوپوخت سیاسـەتی ڕاوڕووت و تـاڵان بـوو، سـەرمایەداریی دەوڵـەت هیـچ کاتێک ڕێـی نـەدا دەرفەتێـک بـۆ هاتنەئـارای بـۆرژوازی کـورد بڕەخسـێت. لـە جیاتـی ئەمـە، بـورژوازی تـورک هەوڵـی دا لـە کوردسـتاندا توێژێکـی کۆمپرادۆری پێکهاتـوو لـە بەکرێگیـراو و خیانەتکارەکانـی گرێدراوی خـۆی دروسـت بـکات. ئەمانـەش لـە ژێـر چاودێریـی بـۆرژوازی تورکدا بە بازرگانیی ڕۆژانە و کاری بریکاریی و دەڵاڵییەوە سـەرقاڵ بـوون و ئـەم ئاسـتەیان تێپـەڕ نەکـرد.

لە ئەنجامی سیاسـەتێکی ئابووریی ئاوادا، گەلی کورد مەحکوومی بێکاریی و برسـێتیی بووەوە و ناچـار مـا وەک هێـزی کاری هـەرزان کـۆچ بـۆ گەورەشـارەکانی تورکیـا بـکات. ئەوانەشـی دەرفەتیـان بـۆ ڕەخسـا، ملـی ڕێیـان بـۆ ئەورووپـا گرتـە بـەر. کـوردەکان ئیـدی بـۆ ئـەوەی لـە شـارە تورکییەکانـدا تەنیـا بتـوان سـکی خۆیـان تێـر بکـەن، شـانیان دەدایـە بـەر زەحمەتتریـن و قورسـترین و پاشـکەوتووترین کار و لەگـەڵ ئەمـەش هەمـوو سـووکایەتیی و بێڕێزییەکیـان پـێ دەکـرا. ئیدی وای لێ هاتبـوو کوردیان وەک مرۆڤ نەدەدیت و بە گوتـەی وەک « کـوردی دڕنـدە»، «کـوردی کلکدار»، «کـوردی کـەر»، «کـەری خـودا»، «کـورد هـەر بـۆ دۆخـواردن باشـە» سـووکایەتییان بـە کـورد دەکـرد. ئـەم دۆخـەش خـۆی لـە خۆیـدا، لـە بـواری زمـان و کەلتـووردا، زەمینـەی بـۆ توانـەوە و لـە بـواری نەتەوەییشـدا زەمینـەی بـۆ لەناوچوونـی دەڕەخسـاند. لـە ئەنجامـدا، هەندێـک چیـن و توێـژ لـە پێناو

ناسنامەی نەتەوەیی خۆیاندا خۆڕاگرییان نواند، هەندێک خۆیانیان شاردەوە، هەندێکیش توانەوە و ون بوون. کوردێکی زۆر ون بوو. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەوە بکەم پێویستە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان سەبارەت بەو کوردانەی ون بوون و بوون بە تورک، بکرێت.

هەر دە ساڵ جارێک کودەتایەکی سەربازیی لە تورکیا ڕووی دەدا. ئەم کودەتایانە و لێکەوتەکانی وەک گوشار و قەدەغە و ئەشکەنجە و هتد... سیاسەتی نکۆڵیی سەر کوردستانیان قووڵتر و قووڵتر کردەوە.

چ بە نەرمونیانیی بێت و چ توندوتیژیی، هەموو جۆرە سیاسەتێک پەیڕەو دەکرا بۆ ئەوەی گوشار بخرێتە سەر کورد تا دەست لە کوردبوونی خۆی هەڵگرێت و بێگانەی ئاو و خاکی نیشتمانی خۆی بێت. لە لایەکی دیکەشەوە، ‹تورکبوون› وەک ڕێی ڕزگاریی لەم دۆخە پێشانی کورد دەدرا. هەوڵ درا جۆرە تاک و کۆمەڵگایەکی کوردیی درووست بکرێت کە ئاشق و سەودای دوژمنی خۆی بێت، ئارەزووەمەند و لاسایکەرەوەی شێوازی ژیانی دوژمنی خۆی بێت و لە کوردبوونی خۆی و نیشتمانی خۆی ڕا بکات. ڕێبەر ئاپۆ پێناسەیەکی بەم شێوەیە بۆ بەرکەوتووانی ئەم سیاسەتە دەکات: *«ئەو جۆرە کوردەی لە ئەنجامی ئەم سیاسەتەدا بەرهەم هێنراوە، لە خۆی دەترسێت و ڕا دەکات، نکۆڵیی لە خۆی دەکات، لەو بڕوایەدایە چەندە نکۆڵیی لە خۆی بکات، وەک مرۆڤێکی مۆدێرن دەبێتە خاوەنی ناسنامە؛ گێل، ساختەکار، نەزان، خۆبەزانازان، خۆبەزلزان، بێئاگا لە ماف و یاسا، ناسیاسیی، نائاسایی و لەناوچووە.»*

ڕەنگرێژبوونی وێنەیەکی ناپاکی لەم چەشنە لە کەسێتیی کورددا

تا ڕادەیەکی فرە دەرەنجامی ناپاکیی چینی سەردەستی کۆمەڵگایە، ئەوانەی ماوەیەک باسی کورد و کوردستانیان دەکرد، تەنانەت سەرهەڵدانیشیان بۆ کرد و شکستیان خوارد، بەڵام لە جیاتی ئەوەی بەرژەوەندیی ئاغا و شێخ و سەرخێڵ و هتد... لە بەردەوامیدان بە تێکۆشانی ئازادییدا ببینن، لە پەسندکردنی دەوڵەتی مژۆکداری تورکدا دەیانبینیەوە. نەک لە خەباتی ئازادییدا، ڕۆڵێکی گەورەیان هەبوو. هەر یەکێکیان وەک کرمی دار، داری کورد-کوردستانیان لە ناوەوە داکرِاند.

دەوڵەتی میتینگەری تورک بۆ ئەوەی دیمۆگرافیای کوردستان بگۆڕێت، بە پلانێک ژمارەیەکی زۆر کۆچبەری لە قەفقاز بگرە تا ئاسیای ناویین، لە دەریای ڕەشەوە بگرە تا وڵاتانی باڵکان، هێنا و لە باکووری کوردستان نیشتەجێی کردن.

ئەو تێکۆشانەی بە پێشەنگایەتیی ڕێبەر ئاپۆ لە کوردستان گەشەی سەند، سیاسەتی میتینگەریی و تەوکوژیی سەر کوردستانی تا سنوورێکی باڵکێش خستە ڕوو و بوو بە هۆی ئەوەی زانابوون و هۆشیاریی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی لە نێو گەلی کورددا گەشە بسەنێت و تێکۆشان بە پێودانگی ئازادیی ژن پەرە بستێنێت. بە کورتیی و بە پوختیی، ئەو سیاسەتی نکۆڵییەی دەوڵەتی تەوکوژ و میتینگەری تورک لە ڕێی ستەم و توندوتیژییەوە پەیڕەو دەکرا، هێنراوەتە سەر چۆک و ناچاری پاشەکشە کراوە. سەرەڕای ئەوەی ڕێبەر ئاپۆ بە پیلانگێڕییەکی نێودەوڵەتیی ئامادەکراو لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیا و ئیسرائیلەوە بە دیل گیرا و خرایە زیندانی ئیمرالیی، تێکۆشان هەر بەردەوام بووە. ئەم دۆخە بووەتە هۆی بەزین و

مایەپووچیی سیاسەتەکانی دەوڵەتی تەوکوژ و داگیرکەری تورک.

هەربۆیە، لەبری سیاسەتەکانی پێشوو، دەستیان کرد بە پیادەکردنی سیاسەتێکی ئاوێتەی تورکیی-ئیسلامیی لە سەر ڕاسەری کورد و کوردستان. لە سەر ئەم بنەمایە کاتێک دەوڵەتی تورک بینی تێکۆشانی ئازادیخوازیی لە گەشەدایە، ئەو پارت و تەریقەتە ئیسلامییانەی وا پێشتر لەلایەن دیکتاتۆری فاشیست و کەمالیستەوە قەدەغە کرابوون، قەدەغەیان لە سەر هەڵگیرا، سا ئەم پارت و تەریقەتانە بە پشتیوانیی و هاوکاریی دەوڵەتی فاشیست دەستیان بە ڕێکخستنێکی فراوان کرد. کەسانی وەک نەجمەدین ئەربەکان و تورگوت ئۆزاڵ پێشەنگایەتیی ئەم سیاسەتەیان دەکرد، بەڵام کاتێک ئەمانەش بەهۆی تێکۆشانی ئازادیخوازییەوە تووشی شکست و پاشەکشە بوون، تەییب ئەردۆغان لە ٢٠٠٣ هاتە سەر دەسەڵات و سیاسەتێکی پەیڕەو کرد، کە لە گەوهەردا تەوکوژ و فاشیستییانە بوو، بەڵام ڕواڵەتێکی ئیسلامیی پێ دەدا. لە ماوەی ئەم بیستویەک ساڵەی ڕابردوودا، ئەردۆغان تێگەیشتن و کەشێکی وەهای درووست دەکرد گوایە کێشەی کورد چارەسەر دەکات، بەڵام لە گەوهەردا سیاسەتێکی تەوکوژیی هەمەلایەنەی جەستەیی و کەلتووریی جێبەجێ دەکرد کە لە سەدساڵی ڕابردوودا وێنەی نەبووە و ئارمانجەکەی لەناوبردنی گەلی کورد بوو.

AKP لە جیاتی ئەوەی کێشەی کورد لە سەر بنەمای ئازادیی و یەکسانیی چارەسەر بکات، سیاسەتی پاکتاو و هەڵوەشاندنەوەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستانی پەیڕەو کرد. ئەمە گەوهەری

سیاسـەتی AKP بـوو. سیاسـەتێک، کـە لـە لایەکـەوە لـە ژێـر نـاوی چارەسـەردا لەگەڵ ڕێبـەر ئاپۆ و نوێنەرانی پەکەکە چاوپێکەوتنی دەکرد و لـە لایەکی تریشـەوە خەریکی داڕشتنی ‹پیلانـی چۆکپێدادان› بـوو.

حکومـەتـی فاشیسـتی AKP-MHP بـە شـێوەیەکی ڕەسـمیی لـە باشووردا بنەماڵـەی بارزانیی-پەدەکـە و لـە باکووریش حیزبالکۆنترا)واتـە، (HUDA-PARـی بەشـداریی ئـەو پلانـی چۆکپێدادانەیـان کـرد وا دژی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کوردسـتان ئامـادەی کردبـوو. بنەماڵـەی بارزانیی-پەدەکـە لـە سـاڵی ٢٠١٧ بـەدوا، بـە شـێوەیەکی چالاکتـر، بەپلانتـر و ڕێکخراوتـر، بەشـداریی پلانـی چۆکپێدادان بـووە. لـە هەرێمەکانـی پاراسـتنی میدیـا و بـە تایبـەت بادینـان، پەدەکـە ڕاسـتەوخۆ بەشـداریی شـەڕ و ئۆپەراسـیۆنی دژ بـە گەریـلا نەبـووە، بـەڵام چالاکانـە هەمـوو جـۆرە هاوکارییـەک پێشکەشـی سـوپای داگیرکـەر و تەوکوژ و میتنیگـەری تورک دەکات، لـە پێدانی زانیارییـەوە بگرە تـا دابینکردنی لۆجیسـتیک، لـە پاراسـتنی سـەربازانی تورکیـاوە تـا درووسـتکردنی ڕێـگا بـەرەو بارەگاکانـی گەریلا. بە تایبەت لە ساڵی ٢٠٢٤ بەدوا، ڕێـی بـۆ سـوپای فاشیسـت و داگیرکـەری تـورک کـردەوە تـا بتوانێـت لـە تـەواوی بادینـان بـە زرێپـۆش و تانـک و تۆپـەوە هاتوچـۆ بـکات، جووڵـە بـە هێزەکانـی بکات و لـە خاڵـە ستراتیژییەکاندا جێگیر ببێت. لـە نێوان ٤٠٠ بۆ ٥٠٠ گونـد چـۆڵ کراون و لـە هەمووی ئـەم هەرێمانـەدا سـوپای فاشیسـت و داگیرکـەری تـورک جێگیـر کـراون.

لـە ئەنجامـی پەیمانـی لۆزانـدا، دەوڵەتـی میتینگـەر و تەوکـوژی

تورک ناچار ما موسڵ و کەرکووک بۆ ئیمپریالیزمی ئینگلیز جێ بهێڵێت. بەڵام دەسەڵاتدارە فاشیستەکانی تورکیا، لە سەرووی هەمووشیانەوە، مستەفا کەمال، بۆ وەرگرتنەوەی موسڵ، بە ئاشکرا و بە نهێنیی، هەوڵی زۆری دا. لەم دواییانەشدا، هەردوو سەرۆکی فاشیست، ئەردۆغان و باخچەلیی، بە نیشاندانی نەخشەی موسڵ و کەرکوک لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕایانگەیاند مەبەستی داگیرکردنی ئەم دوو شوێنەیان هەیە، بەڵام هیچ یەک لە بەشدارانی کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کاردانەوەیەکی ئەوتۆیان بەرانبەر ئەم لێدوانەی ئەردۆغان نەنواند.

لە هاوینی ٢٠٢٤، ئێراق و بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە و دەوڵەتی تەوکوژ و داگیرکەری تورک لە سەر بنەمای پاکتاوی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردستان، ڕێککەتنێکیان واژۆ کرد. وەک پێویستییەکی ئەم ڕێککەوتنە، دەوڵەتی تەوکوژی ئێراقیش بەشداری ئەم پلانی پاکتاوە بووە. هاوپەیمانیAKP-MHP ، بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە و حیزبی کۆنترا (هوداپار) هەم لە باکووری کوردستان و هەم لە هەرێمەکانی پاراستنی میدیا، هێرشێکی بەرفراوانیان بە مەبەستی گۆشەگیرکردنی ڕێبەر ئاپۆ و پاکتاوی گەریلا و پاشەکشەپێکردنی خەباتی یاسایی و دیموکراتیی و شکاندنی ئیرادەی گیراوانی ئازادیی لە زیندانەکانی تورکیا، دەست پێ کردووە. بەرانبەر ئەمەش، وێڕای هەموو هەلومەرجێکی دژوار، ڕێبەر ئاپۆ لە زیندانی ئیمراڵیی و گەریلا لە هەموو شوێنێک، خۆڕاگریی دەنوێنن. خۆڕاگریی گەلی کوردیش، بە تایبەت خۆڕاگریی ژنان و گەنجان بەردەوامە.

دەوڵەتـی میتینگـەر و تەوکـوژی تـورک دەیەوێـت بـە پاکتـاوی بزووتنـەوەی ئازادیخـوازی کوردسـتان هەژموونـی خـۆی بـە سـەر ڕۆژهەڵاتـی ناوییندا بسـەپێنێت. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش پلانێکی هەمەلایەنـەی دارشـتووە و بەرێـوەی دەبـات. بـەڵام لـە ئەنجامـی خۆڕاگریی بزووتنەوەکەمان لە ئەم ۲-۳ ساڵەی دواییدا، حکومەتـی AKP-MHP لـە بواری سیاسیی، دیپلۆماسیی، ئابووریی، دارایی، سـەربازیی و جەماوەرییدا تووشـی پاشەکشـێیەکی ڕژد بووەتـەوە. دەوڵەتـی تەوکـوژ و فاشیسـتی تـورک ڕووبـەڕووی یەکێـک لـە گەورەترین قەیرانەکانی مێژووی خۆی بووەتـەوە. لە جیاتی ئەوەی چـۆک بـە پەکەکـە دابنێـت و هەڵـی بوەشـێنێتەوە، خـۆی دووچـاری چۆکدانـان و هەڵوەشـانەوە بـووە.

۲. سیاسـەتەکانی دەوڵـەتـی میتینگـەری ئێران سـەبارەت بـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان و دۆخـی هەنووکەیـی.

کورد و فارس وەک دوو گەلی دراوسـێی یەکتر ڕیشـەدارترین گەلی ئەم هەرێمەن. ڕیشـەی ئەم دوو گەلە دراوسـێیە بۆ سـەردەمی شۆڕشی کشتوکاڵیی دەگەڕێتەوە و ئاڵۆگۆڕێکی زۆر لە نێوانیاندا هەبووە. کاتێک پارسـەکان لـە ئەنجامی ناپاکیی هارپاگۆس دژی ئاستیاگ مادەکانیان ڕووخاند، سیاسـەتێکی میتینگەرییـان هەندێک جار لـە سـەر بەشـێکی کوردسـتان، هەندێـک جاریـش لـە سـەر هەمـوو کوردسـتان، بەڕێـوە بردووە. بە تایبەت پاش کۆمەڵکوژ و و پاکتاوی ماگەکان، هەژموونی ئایدیۆلۆژیی کەوتـە دەسـت پارسـەکان و پشتبەسـت بـەم هەژموونـە، سیاسـەتێکی کاریگەرتریان لـە سـەر کـورد پەیڕەو کرد.

کوردستان لە کاتی هێرشی ئەسکەندەر بۆ هیندستان، لە کاتی شەڕی نێوان یۆنان و پارسەکان، لە سەردەمی شەڕ و ناکۆکییەکانی نێوان ڕۆم-ساسانیی و بیزانس-ساسانیی، لە شەڕەکانی عەرەب-فارس و عوسمانیی-سەفەوییدا هەمیشە گۆڕەپانی شەڕ و ناکۆکیی بووە لە نێوان فارسەکان و ئەو هێزانەی لە ناوچەکانی ترەوە ڕوویان لێرە کردووە. کوردەکان لە بەدەستخستن و پاراستنی ئەو شوێنەی ئەمڕۆ فارسەکان وەک نیشتمانی خۆیان دەستنیشانیان کردووە، خاوەن ڕۆڵێکی مەزنن.

کوردستان بۆ یەکەم جار ساڵی ١٦٣٩ لە نێوان فارسەکان و ئیمپراتۆری تەوکوژی عوسمانییدا دابەش بوو. لە قۆناغی پارسەکان بەدواوە، ئەو سیاسەتانەی لە سەر ناوی فراوانخوازیی و میتینگەریی پەیڕەیان کردووە، لە شێوازی سیاسەتی زۆر هێزی تر جیاواز بووە. یاساکانی ساتراپ پەیڕە کراون، دەستێوەردانیان لە کاروباری ناوخۆیی و زمان و کەلتووری ئەو گەلانەی کەوتوونەتە ژێر دەسەڵاتی میتینگەرییان نەکردووە، لە بواری بەڕێوەبەرایەتییشدا جۆرێک لە پاراستنی تایبەتمەندییە ناوخۆییەکان هەبووە. بەڵام لەگەڵ دەستپێکردنی پەیوەندییان لەگەڵ هێزەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، بە تایبەت ئینگلیزییەکان لە باشووری ئێران و ڕووسەکان لە باکووری ئێران، شێوازی بیرکردنەوەی دەوڵەت-نەتەوە کاریگەرییەکی خێرای لە سەر سیاسەتی ناوخۆیی ئێران دانا.

تا کاتی شەڕی جیهانی دووەم، ڕووس و ئینگلیز کاریگەرییان لە سەر دەوڵەتی میتینگەری ئێران هەبووە. لەم نێوەندەدا، کاریگەریی

و ڕۆڵی ئینگلیزەکان چارەنووسسازتر بووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا، پاش شۆڕشی مەشروتییەت دژی ڕژێمی پاشایەتیی، بیری دەوڵەت-نەتەوە کاریگەرییەکی هەڵکشاوتری لە سەر هەڵسوکەوتی دەسەڵاتداران داناوە. ڕەزا خان پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ مستەفا کەمالی کوردکوژ داناوە و هەوڵی داوە مۆدێلی ‹یەک زمان، یەک دەوڵەت، یەک نەتەوە›ی مستەفا کەمال لە ئێران جێبەجێ بکات. لە کاتی خۆڕاگریی ئاگرییدا، بە ئارمانجی سەرکوتکردنی ئەم سەرهەڵدانە، ئێران سنوورەکانی خۆی گۆڕی و ئاسانکارییەکی زۆر گەورەی بۆ تورکە میتینگەرەکان کرد، بۆ ئەوەی بتوانن بە هاوبەشیی لەگەڵ دەوڵەتی میتینگەری تورکدا بزووتنەوە کوردییەکان سەرکوت بکەن، پەیمانی سەعدئابادیان واژۆ کرد. پاش ئەوەی خۆڕاگری سمکۆی شکاک لە ئەنجامی پیلانگێڕییەکدا شکستی خوارد، پاش پاکتاوی کۆماری کوردستان لە مەهاباد دوابەدوای شەڕی جیهانی دووەم، ئیدی خەڵک ناچار کرا بە فارسیی قسە بکات، گەلان لە مافەکانی وەک زمان و کەلتوور و سیاسەت و خۆبەڕێوەبەرایەتیی بێبەش کران و هەرجۆرە هەوڵدانێکیش لەم پێناوەدا بێبەزییانە سەرکوت کرا. زۆر شاری کوردستان، لە سەرووی هەمووشیانەوە لوڕستان، تا ڕادەیەکی زۆر فارسێنراون. سیاسەتێکی بەرفراوانی تواندنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی جێبەجێ دەکرێت.

دەوڵەتی ئێران، گەرچی وەک دەوڵەتی میتینگەر و تەوکوژی تورکیاش دەستی بۆ سیاسەتی زەبروزەنگیش نەبردبێت، بەڵام بە

شێوەی جیاواز سیاسەتی تەوکوژیی فەرهەنگیی پەیڕەو کردووە. ئەگەر زمان و کەلتوورێک بە دامەزراوەیی نەبێت، لە خوێندنگە نەبێت بە بەشێک لە سیستەمی پەروەردە، بە شێوەیەکی فەرمیی دانی پێدا نەنرێت، ئەوا لەگەڵ تێپەڕینی کات ئەو زمانە ناتوانێت بەرانبەر زمانی دامەزراوەیی دەوڵەت لە توانەوە و لەناوچوون ڕزگاری ببێت. سیستەمی ئابووریی و دارایی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرتاپێ لە دەستی دەوڵەتدایە.

ئێران لە سەردەمی ڕژێمی شا، پشتیوانینی بنەماڵەی بارزانیی کرد و بەرانبەر ئەمەش هەم نیشتمانپەروەرەکانی ڕۆژهەڵاتی دا بە کوشت و هەم لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئەم بنەماڵەیەوە ویستی کێشەی ناوچە سنوورییەکان لەگەڵ دەوڵەتی میتینگەری ئێراق چارەسەر بکات. کۆماری ئیسلامی ئێرانیش کە نەفرەتی لە ڕژێمی شا دەکرد، پاش شۆڕشی گەلانی ئێران و ڕووخانی ئەم ڕژێمە، ئەویش هەر لە بەکارهێنانی هەمان سیاسەتی شا دژی کورد نەسڵەمیوەتەوە. دەسەڵاتی ئیسلامگەرای ئێران بە پشتبەستن بە بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی پاکتاو کرد و نکۆڵی لە هەموو جۆرە مافێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی بۆ کوردی ڕۆژهەڵات کرد. دەسەڵاتدارانی ئێران بە کردنەوەی ڕادیۆ و تەلەفیزیۆنی کوردیی، گەرەکیانە ڕاستەوخۆ بە زمانی خودی کورد لەگەڵ کورد قسە بکەن، بەڵام لەم ڕێگایەشەوە سیاسەتی درێژخایەنی توانەوە و قڕکردنی فەرهەنگیی بە ئەنجام بگەیەنن.

لە پاییزی ساڵی ٢٠٢٢ و پاش کوشتنی ژینا ئەمینیی، ئەو

سـەرهـەڵدانانەی لە ڕۆژهـەڵاتی کوردستان بە درووشمی ‹ژن، ژیان، ئازادیـی› دەسـتیان پـێ کـرد و لـە نێـو هەمـوو گەلانـی ئێران بـڵاو بوونـەوە، سـەرەڕای ئـەوەی ئەنجامـی پێویسـتیان نەگـرت، بـەڵام هەنگاوێکی گرنگی دیمۆکراتیزەبوونی ئێران بـوون و ئەزموونێکی پڕ لـە نـەرخ و بەهایان بەرهـەم هێنـا. ئێران وەک یەکێک لـە دەوڵەتـە هەرێمییەکانی بەشـدار لـە شـەڕی جیهانیـی سـێیەم، ڕووربـەڕووی دۆخێکـی تـا دواڕادە قەیراناویـی بووەتـەوە. هەربۆیـە لـە جیاتـی ئـەوەی هەنـگاو بـەرەو دیموکراسـیی هەڵبگرێت، چ لـە ڕێـی سـێدارە و چ لـە ڕێـی کوشـتنی سـەر شـەقامەکان، ڕێـی پاکتـاوی هێـزە دیمۆکراسـییەکانی هەڵبـژاردووە.

دەوڵەتی میتینگـەری ئێران، لـە قۆناغێکدا شـەڕی جیهانی سـێیەم لە هەرێمـەکەدا تەشـەنە دەکات و ئەم شـەڕە خۆیشـی گرتووەتەوە، لە بـواری ئابووریی، سیاسیی، دیپلۆماسـیی و سـەربازییدا ڕووبەڕووی قەیرانـی ڕژد بووەتـەوە. پەرەسـەندنی شـەڕ تـا ئـەم ئاسـتە، نیشـانەی قووڵبوونـەوەی ئـەم قەیرانەیـە. ئێران دوو ڕێگای لـە بەردەمدایـە. یان بـە شـێوەیەکی بنەڕەتیی پـەرە بـە دیموکراسـیبوون دەدات، یـان بـە بەشدارییەکی چالاکانەتـر لـە نـاو ئـەم شـەڕەدا دەکەوێتـە قۆناغێکی پڕ لـە زۆر و زەحمەتـی و وێرانیی کە کـەس لە ئێسـتاوە ئەنجامەکەی بۆ پێشـبینی ناکرێت. ئەمـە لـە کاتێکدایـە ڕاسـتینەی مێژوویـی ئێران، بە پێکهاتـە فرە نەتەوەیی، فرەئایینیی و فرەمەزهەبییەکەیـەوە دەتوانێت قۆناغێکـی بەهێزی دیموکراسـیبوون لـە هەرێمەکەدا دەسـت پـێ بکات، بـەڵام وادیـارە بەختـی ئـەم بژاردەیـە کەمـە. وەک دەبینیـن دەوڵەتـی

ئێران تەنانەت لە ڕۆژئاوای کوردستانیش بۆ ئەوەی ئەزموونی دیموکراتیی کوردان لە بەرژەوەندیی ڕژێمی بەعس پاکتاو بکات، سیاسەتێکی زۆر هێرشبەرانەی گرتووەتە بەر.

وەک دەبینین سەرەڕای ئەوەی خۆڕاگریی و سەرهەڵدانی جەماوەریی مەزنی گەلانی ئێران چەند ساڵ جارێک دووپات دەبنەوە بەڵام ئانجامی پێویست بە دەست ناخەن. هۆکاری بنەڕەتیی ئەم ئەنجامنەگرتنە ئەوەیە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاستینەی ئێرانیان بە شێوەیەکی قووڵ شیکار نەکردووە و لە سەر ئەم بنەمایەش ئامادەکاریی ئایدیۆلۆژیی، سیاسیی و جەماوەرییان نەکردووە. واتە تێگەیشتنێکی تێروتەسەلیان لە تایبەتمەندییەکانی ڕژێمی میتینگەری ئێران نییە و بەگوێرەی ئەمەش خۆیان نەگەیاندووەتە ئاستی پێویستی ئایدیۆلۆژیی و سیاسیی. لێرەدا پێویستە کاریگەرییەکانی سیاسەتی نەتەوەپەرەستیی سەرەتایی پەدەکە، بۆچوونی بەرتەسکی خۆدموختاری خوازی و تایبەتمەندیی چینایەتیی سەرکردە و پێشەنگەکان ببینین. بە تایبەت، دیاردەی کۆچکردن لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بەرەو ئەمریکا، ئەورووپا و کانەدا مایەی تێرامانە. هەروەها سەرەڕای ئەوەی زۆرینەی حزبەکانی ڕۆژهەڵات گەورەترین گورزیان لەلایەن بنەماڵەی بارزانی-پەدەکەوە بەرکەوتووە، هێشتاش لە ژێر پەڕ و باڵی پەدەکە و گفت و بەڵێنی بنەماڵەدا ماونەتەوە. ئەم دۆخە نیشاندەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم حزبانە هیچ پێداگیرییەکی شێلگیرانەیان بۆ دیمۆکراتیزەکردنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نییە. نیشانەی ئەوەیە

هیچ ئەنجامێکیان لە پاکتاوی شۆڕشی ڕۆژهەڵات بەدەست نەخستووە و لە دۆخی خۆڕەخنەییدا نیین. هەڵەیەکی تری ئەم هێزانە ئەوەیە؛ لە جیاتی ئەوەی پشت بە دینامیکی ناوخۆیی ڕۆژهەڵات و ئێران ببەستن، پشتیان بە دەستێوەردانی دەرەکیی بەستووە. ئەگەر بە پێودانگی خۆڕەخنەکردنێکی قووڵ ئەزموونی پێویست لە شکستەکان وەرنەگیردرێت، ئەوا هیوای سەرکەوتن لاواز دەبێت و پاشەکشێ دەکات.

٣. سیاسەتەکانی دەوڵەتی میتینگەری ئێراق لە سەر باشووری کوردستان و دۆخی هەنووکەیی

بە درێژایی مێژوو گەلی عەرەب و گەلی کورد بەردوام لەگەڵ یەکتر ژیاون. ئاڵۆگۆڕی زۆریان لە نێواندا بووە. هەم گەلی کورد و هەم گەلی عەرەب سەردەمانێکی درێژیان لە قووڵایی ژیانی کشتوکاڵییدا بەسەر بردووە و پێکڕا ئاوی ڕووبارەکانی دیجلە و فوراتیان نۆشیوە. لەگەڵ هاتنی سەلاحەدینی ئەیوبیی کورد و عەرەب بە درێژایی سەدان ساڵ چارەنووسێکی هاوبەشیان. ئەم دوو گەلە خاوەنی پەیوەندییەکی ڕیشەداری بەم ڕەنگەن، لە سەدەی نۆزدەهەم بەملاوە، بەهۆی ستەم و چەوسانەوەی ئیمپراتۆری عوسمانیی هەریەکەو بە شێوازێکی جیاواز لە چارەیەک دەگەڕان. بەڵام سەرەتاکانی سەدەی بیستەم یەکێک لەم گەلانە، وەک پێویستییەکی پلانی ئینگلیزەکان بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوین، لەپڕ خۆی لە نێو وڵاتێکدا دیتەوە کە ناوی ئێراقە و لەلایەن

ڕژێمێکی ماندایی (ڕاسپێردراو لەلایەن ئینگلیزەوە) بەڕێوە دەبردرێت. پادشایەکیان هێنایە سەر ئەم وڵاتە کە تەواو لەگەڵ ئاو و خاک و گەلەکەی نامۆ بوو، بەم شێوەیە دەوڵەت–نەتەوەیەک لە سەر گرێژەنە (میحوەر)ی عەرەب دامەزرێنرا. ئەو کوردانەشی لەنێو سنوورەکانی ئەم دەوڵەتدا بوون، وێڕای هەموو ئەو بەڵێنانەی پێیان درابوو، بە پلانێکی جیاوازتر تەواو بێ پێگە و قەوارە هێڵرانەوە و کەوتنە ژێر ڕەحمی حوکمی پادشایی عەرەبی ئێراق.

بەگوێرەی ئەو بڕیارانەی لە کۆنگرەی قاهیرە سەبارەت بە کورد وەرگیرابوون، پێویست بوو کورد بێ ستاتۆ بمێنێتەوە و مافی دامەزراندنی دەوڵەتیشی نییە. هەربۆیە سەرهەڵدانی شێخ مەحموود سەرکوت کرا و ڕێی پێ نەدرا بۆ جارێکی دی خۆی کۆ بکاتەوە. بابەتی موسڵ و کەرکووک، کە لە پەیمانی لۆزان مشتومڕی لە سەر کرابوو، بەهۆی پێگەی جیۆستراتیژیی و سەرچاوەی دەوڵەمەندیی ژێرزەوی، ساڵی ١٩٢٦ ڕادەستی دەسەڵاتی دەوڵەتی ماندایی (ڕاسپێردراو)- ئێراق کرا. بەم شێوەیە باشووری کوردستان نە نکۆڵی لێ کرا، نە ڕێگەشی پێ درا دەوڵەتێک بۆ خۆی درووست بکات، بەڵکوو بڕیار درا لە یەکلاییکردنەوەی هاوسەنگیی و کێشمەکشە هەرێمییەکاندا وەک ئامرازێک بەکار بهێنرێت. هەربۆیە لە بوارەکانی زمان و کەلتووردا هەندێک مافی پێ درا. بەڵام لە سەر بنەمای گۆڕینی دیمۆگرافیا، سیاسەتی تەعریب لە هەرێمەکە، بە تایبەتیش لە کەرکووک، کەوتە واری جیبەجێکردنەوە، وەک دەبینین، ئەمە تاڕادەیەکیش ئەنجامی بەدەست خستووە. لێرەدا ئەوەی

چارەنووسساز بوو، مسۆگەرکردنی پاراستنی ڕێگای هیندستان و ڕێگریی بوو لەوەی نەوتی موسڵ و کەرکووک بکەوێتە دەستی ڕژێمی میتینگەر و قرکەری تورک، کە لەوکاتەدا پەیوەندیی لەگەڵ سۆڤێت هەبوو. لە سەردەمی خۆیاندا هەموو ئەمانە بە هەنگاوی گرنگی سیاسیی و سەربازیی هەژمار دەکران.

پاش جەنگی دووەمی جیهانیی، ڕێکخستنێک لە باشووری کوردستان بە ناوی پەدەکە دروست بوو. پاش ئەوەی ساڵی ١٩٥٨ عەبدوسەلام عارف بە کودەتایەکی سەربازیی ڕژێمی میتینگەری پاشایەتیی لە ئێراق ڕووخاند، مەلا مستەفا بارزانیی لە یەکێتیی سۆڤێت گەڕایەوە، بە تەواوەتیی دەستی بە سەر پەدەکەدا گرت، ئەم ڕێکخستنە گۆڕا بۆ پارتێکی بنەماڵەیی و مۆرکی دەرەبەگایەتیی و خێڵگەرایی لێ دا. هەر بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی بنەماڵە، بە هاندان و هاوکاریی دەسەڵاتی میتینگەری ئێران و ئاڕاستەکردنی لەلایەن ئیسرائیل و ئەمەریکا و بە ئارمانجی لاوازکردنی دەوڵەتی میتینگەری ئێراق بەرانبەر ئیسرائیل، جووڵەی پێ کرا. لە کاتێکدا ڕێککەوتن لەگەڵ عەبدوسەلام عارف لە بەرژەوەندیی باشووری کوردستاندا بوو و وەک پێویستییەکی قۆناغەکە خۆی دەسەپاند، بەڵام بەرژەوەندیی هێزە میتینگەرەکانی وەک ئەمەریکا و ئیسرائیل و ئێران، نەک ڕێککەوتن، بەڵکوو شەڕیان دەسەپاند. لەگەڵ ڕێککەوتنی ١٩٧٥ـی جەزایر لە نێوان ئێران و ئێراق، لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا هێزێکی سەد هەزار کەسیی پێشمەرگە و میلیشیا لەناکاو ڕووخا و ئاشبەتاڵ ڕاگەیەنرا. پاش ئاشبەتاڵ مەلا مستەفا

بە خۆی و بە بنەماڵەکەیەوە پەنایان بردە بەر شای ئێران و لە هەوڵی ڕزگارکردنی ژیانی خۆیاندا بوون. بنەماڵەی بارزانیی هیچ پەیوەندییەکی بە ئیرادەی ئازادیخوازیی و هێزی ستراتیژی گەلی کوردەوە نەبوو، بەڵکوو وەک درێژکراوەیەکی تاکتیکیی هێزە دەرەکییەکان لە هەوڵی پاراستنی هەبوونی خۆیدا بوو. هەربۆیە کاتێک ستراتیژی هێزە دەرەکییەکان گەیشتە ئامانجی خۆی، ئیدی پێویستییان بەم ئامرازە تاکتیکییە نەما و بەجێیان هێشت.

بنەماڵەی بارزانیی، لە کاتێکدا لە هەلومەرجە هەرێمییەکانی ساڵانی ١٩٨٠ دەرفەتی ئەوەیان هەبوو بە پشتبەستن بە هێزی خۆیان لەو دۆخەی تێی کەوتبوون، ڕزگاریان بێت، بەشی زۆری توانا و هێزی خۆیانیان بۆ پاکتاوی حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەشی ڕژێمی خۆمەینیی کرد، بەشێکی تریشیان بۆ کۆنترۆڵکردنی (یان ئەگەر نەکرا، پاکتاوکردنی) پەکەکە خستە گەڕ، تا بەم ڕەنگە بتوانن پەیوەندیی لەگەڵ دەوڵەتی میتینگەر و قرکەری تورکیا دابمەزرێنن. یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەم قۆناغەدا لە بنەماڵەی بارزانیی جیا بوونەوە، بەڵام ئەم جیابوونەوەیە ئیرادە و هێزێکی خۆڕسکی دەرنەخستە ڕوو، هەر بۆیە نەبووە هۆی لاوازکردنی بنەماڵەی بارزانیی. بە پێچەوانەوە، بنەماڵەی بارزانی جارێکی دی دەستی هاوکاریی و بەکرێگیراویی بۆ هێزە دەرەکییەکان درێژ کردەوە، بەم پێودانگەش خۆیانیان بەهێز کردەوە.

بە تایبەت شەڕی یەکەمی کەنداو، کە دوای ڕووخانی سۆسیالیزمی بونیادنراو (سۆڤیەت) و هێرشی داگیرکاریی ڕژێمی فاشیست و

تەوکوژی سەددام بۆ سەر کوەیت دەستی پێ کرد، دەرفەتی زۆر لەباری بۆ یەکگرتنەوەی باکوور و باشووری کوردستان ڕەخساند. لە کاتێکدا دۆخەکە بۆ قۆستنەوەی ئەم هەلە لەبار بوو، بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە، بە ئاڕاستەکردنیان لەلایەن ناتۆ، سەهیۆنییەکانی ئیسرائیل و ئەورووپاوە، یەنەکەشی خستە پاڵ خۆی و لە ساڵی ١٩٩٢ هێرشی کردە سەر پەکەکە. بەم شێوەیە بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە زەمینەی داگیرکردنی هەمیشەیی باشووری کوردستانی بۆ دەوڵەتی میتینگەر و قڕکەری تورک خۆش کرد. لە هەموویان گرنگتر، بەرانبەر گورزوەشاندن لە پەکەکە و هێنانی دەوڵەتی میتینگەری تورک بۆ باشووری کوردستان، بنەڕەتی ستاتۆی فیدراڵ ئامادە کرا و ئەم ستاتۆیە کەوتە ژێر چەتری پاراستنی هێزی چەکوشی ناتۆوە. هەموو ئەمانە لە پێناو چیدا ئەنجام دران؟ وەک چۆن هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو دەستەبەرکردنی پشتیوانیی دەوڵەتی ئێران پاکتاو کران، ئاواش هەوڵ درا بەرانبەر دانپێدانانی دەوڵەتی تورک بۆ ستاتۆی باشوور، پەکەکەش پاکتاو بکرێت.

ئەو ستاتۆیەی لە باشووری کوردستان دامەزرێنراوە هیچ خێرێکی بۆ خەڵکی باشوور نەبووە. ئەم ستاتۆیە جگە لە دەوڵەمەندکردنی بنەماڵەی بارزانیی و گرووپێکی زۆر تەنگی دەوروبەریان، کە بە دڵ و گیان پشتیوانیی لە بەرژەوەندییەکانی ئەم بنەماڵەیە دەکەن، هیچ قازانجێکی بۆ خەڵک باشوور نەبووە. ڕاستە ستاتۆیەک دەستەبەر کراوە، بەڵام دەسەڵاتی سیاسیی ئەم ستاتۆیە وەک مەقاش و

دەسکەلای دەستی هێزە دەرەکییەکان، دژی بەرژەوەندیی گەل و نیشتمان کاری کردووە. ئەو دەسەڵاتەی بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکە لە باشوور دایمەزراندووە، دیموکراتیی نییە، هیچ حیسابێک بۆ خەڵک ناکات، نەوت و گاز و کانزای ئەم وڵاتە بۆ خۆی دەفرۆشیت، داهاتی گومرک و هەموو ئەو داهاتەی لە ئەنجامی پەیوەندییە بازرگانیی و داراییەکاندا بە دەست دێت، بۆ خۆی کۆی دەکاتەوە و بەم شێوەیەش دەستیان بە سەر دەیان ملیارد دۆلار پارەی ئەم نیشتمانەدا گرتووە. لە کاتێکدا خەڵک بە دەست هەژاریی و برسێتییەوە دەناڵێنێت، تاقمێکی دز و جەردە بە پشتبەستن بە درووشم و گوتاری نەتەوەپەرەستیی، هەرچییەک گرێدراوی نەتەوە و نیشتمان بێت، فرۆشتوویانەتە دوژمنانی نەتەوە و نیشتمان.

لە بواری کەلتوورییشدا، ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی بەم ئاو و خاکە و مێژووکەیەوە نەبێت، بە سەر خەڵکدا دەیسەپێنن و کەلتوور، کەسایەتیی و کۆمەڵگایەکی بێگانە پێک دەهێنن. لە نەوەدەکاندا هەزاران کەسی باشووری لەلایەن ئەمریکاوە پەروەردە کران. کاریگەرییەکانی ئەم پەروەردەیە ئێستا لە سیاسەت، یاسا، بازرگانیی مۆد و فاشیۆندا دەبینین. ئەگەر ئەمڕۆ ٣٠٠ تا ٤٠٠ گوندی باشوری کوردستان و جوگرافیایەکی فراوان و بەرین لەلایەن دەوڵەتی میتینگەر و قڕکەری تورکەوە داگیر کراوە و کاردانەوەیەکی شێلگیر بەرانبەر بەم داگیرکاریە دەرناکەوێت، پێویستی بە تێڕامانێکی زۆر قووڵ هەیە. ئەو گەلەی ئامادە بوو لە پێناو خاک و نیشتماندا گیانی خۆی بەخت بکات، ئێستا وای لێ هاتووە بووەتە پۆلیسی هاتووچۆ بۆ تەراتێنی

داگیرکەر و لە ئاست تاوانەکانی ڕژێمێکی فاشیستدا بێدەنگ دەمێنێت. ئەم گەلە چۆن وای لێ هات؟ تێگەیشتن لەم بابەتە دژوارە. وەک بڵێی ئەمەش تێر نەکات، پەدەکە ئەو چەتانەی هێناوەتە بادینان وا نەک تەنیا دوژمنی کوردن، بەڵکوو دوژمنی هەموو مرۆڤایەتیین، تەنیا بۆ ئەوەی گەریلای ئازادیی کوردستان پاکتاو بکەن. هێنانی ئەم چەتانە و جێگیرکردنیان لە بادینان، هیچ بیانوویەک هەڵناگرێت. چ نەتەوایەتییەک، نەتەوەپەرەستییەک یان نیشتمانپەروەرییەک ئەمە هەڵدەگرێت؟ ئەم کارە لە کتابی هیچ نەتەوایەتیی و نیشتمانپەروەرییەکدا جێی نابێتەوە. بەڵام لە پێناو بەرژەوەندیی بنەماڵەی بارزانیی-پەدەکەدا جێ بۆ هەموو ئەم تاوان و خیانەتانە دەکرێتەوە.

هەموو ئەمانە هەروا لە خۆیانەوە ڕوویان نەدا. هەموویان دەرنجامی پلانێکن. ڕێبەر ئاپۆ بەم شێوەیە باسی هۆکارەکانی تووشبوونی باشوور و بە تایبەت بنەماڵەی بارزانیی بەم دۆخەی ئێستا دەکات: *«ڕاستینەی باشووری کوردستان لە ئاکامی حساب و لێکدانەوەی شەڕی ساردەوە گەرم دەکرا. بە ئامانجی بەربەستکردنی حوکمی گەلی کورد بە سەر چارەنووسی خۆیدا کە لە بواری جەستەییدا بوونی خۆی پاراستبوو، هەروەها بۆ ئەوەی لە دۆخی سەربازگەیەکی پێشووی سیستەمدا بێت بەردەوام کوردستانێکی بچووککراوە لە ڕۆژهەڤ و یەدەگدا مایەوە. ئەمجارە بەرژەوەندییەکانیان ئەوەی دەکرد بە پێویستییەک. هەروەک چۆن لە بەرانبەر لەدەستدانی هێلینیی و ئەرمەنییەکان بۆ نیشتمانی مێژووییان وەک قەرەبووکردنەوەیان و دانەوەی قەرز مەحکومی*

دەوڵەتۆکەی بچووک کران، ئەو دیاردەیەی بە کوردستانی ئێراقیش ناو دەبرێت بە هەمان شێوە خرایە ڕۆژەڤەوە»[٢].

دروستکردنی قەوارەی باشوور لەلایەن مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە بۆ ئەوەیە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەر دەوڵەتانی دی بەکاری بهێنێت و وەک ئەوەیە پێیان بڵێت: «ئەگەر بە قسەم نەکەن و بە گوێرەی فەرمانەکانی من نەجووڵێنەوە، هەمان شت لە ناو سنووری وڵاتی ئێوەشدا درووست دەکەم». لە دۆخێکی وەهادا، کورد وەک ئامڕاز و گۆچان و داردەستێک بەکار دەهێنرێن. ئەی باشە، لە شوێنێکی وەک ڕۆژهەڵاتی ناویین کە موزایکی گەلانە، کێ دەبێتە دۆستی ئەم گەلە؟ گەلان ناتوانن دراوسێکانی خۆیان بگۆڕن. کەوابوو، ناکۆکیی نێوان گەلان و گەمەی دەسەڵاتە هەژموونگەراکان لە سەر ئەم ناکۆکییانە بەردەوام دەمێنێتەوە. خراپترین بژاردە ئەوەیە گەلی کورد لە جیاتی پشتبەستن بە هێزی گەوهەریی خۆی پشت بە هێزی تر ببەستێت و چاوەڕوانیی لەوان هەبێت. لە ئەگەرێکی بەم ڕەنگەدا کۆمەڵگایەکی بێئیرادە درووست دەبێت. کۆمەڵگایەکی لەم چەشنەش، دەبێتە کۆیلە و بەندەیەکی و ئامادە و لەسەرپێ بۆ هەر هێزێک بیەوێت لە پێناو بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاری بهێنێت. هاوکات ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی گەلانی تریش نەفرەتی لێ بکەن و ببنە دوژمنی.

بنەماڵەی بارزانیی، لە ساڵەکانی ١٩٣٠ بەدواوە، هەم خاوەنی

٢- عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک، پەڕتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل١٦٢.

هێــزی چەکداریــی بــوون و لــە بــواری نەتەوەییشــدا کــەم و زۆر کاریگەرییــان لــە ســەر بەشــەکانی تــری کوردســتان دانــاوە. بــەڵام پــاش قۆناغیکــی دیاریکــراو، ئــەو کەســانەی لــە بەشــەکانی تــری کوردســتان لە ژێر کاریگەریی بارزانییەکانیاندا بوون، لەلایەن خودی بارزانییەکانــەوە وەک ئامرازێکــی سیاســیی بــۆ بەرەوپێشــەوەبردنی بەرژەوەندیی دەوڵەتە میتینگەرەکانی ســەر ڕاســەری کوردســتان بەکار هێنــران. هەرکاتێــک پێویســتی کردبێــت، بنەماڵــەی بارزانیــی یــان ئــەم کەســانەی کوشــتووە یــان ڕادەســتی دەوڵەتێکــی میتینگــەری کــردووون. کاتێــک ســەیری قۆناغێکــی ٨٠-٩٠ ســاڵە دەکەیــن، دەبینیــن بنەماڵــەی بارزانیــی، لــە شــەڕ لەگــەڵ ئێراقدا، بەبێ ئــەوەی پشــت بــە ئیســرائیل، ئێــران، ســووریا و تورکیــا ببەســتێت، بەبێ ئــەوەی پشــت بــە هێزێکــی ناودەڵەتیی خــاوەن کاریگەریی لــە ســەر کوردســتان ببەســتێت، بەبێ ئەوەی زیان لە خەباتی نەتەوایەتیی بەشــەکانی دی کوردســتان بدات و ناچــاری پاشەکشــێیان بکات، نەیتوانیوە بــە شــێوەیەکی ســەقامگیر لــە هیــچ شــوێنێک ببێتــە خاوەنــی دەســەڵات و هەژمــوون. هــەر بۆیــە هەمیشــە لــە ســەر خوێنی کورد درێژەی بە هەبوونی خۆی داوە. ئەو هەولێرەی ئێســتا ئەمانــە وەک پایتەختــی خۆیــان ڕیکلامــی بــۆ دەکــەن، بــە بەکرێگیراوێتیی و پشتبەســتن بــە دەوڵەتــی میتینگەریــی ئێــراق، بــە ســواربوون لــە ســەر تانکەکانــی ســەدام حوســێن و تۆپبارانکردنــی پەرلەمانەکــەی خۆیــان توانیــان لــە دەســت YNK بیگرنــەوە.

بنەماڵــەی بارزانیی بنەماڵەیەکە دوژمنایەتیی خــۆی بۆ شــۆڕش و سۆســیالیزم لــە کوردســتان ڕاگەیاندووە. تێڕوانینــی ئــەوان بــۆ ئازادیی

کوردستان بەم شێوەیەیە: ئەگەر بڕیارە پێگەیەکی کوردیی هەبێت، ئەگەر بڕیارە ئازادییەک هەبێت، ئەوە تەنیا لە ڕێی ئەمریکا و ئەورووپا و هێزەکانی ترەوە مەیسەر دەبێت. هەر بۆیە دژی هەموو ئەو بژاردە شۆڕشگێڕیی و دیموکراتیی و نیشتمانپەروەرییانەی پشت بە هێزی خۆیان دەبەستن، هێرشی فراوانی ڕەشکردن و چەواشەکاریی ئەنجام دەدەن بۆ ئەوەی باوەڕ بە خەڵک بێنن ئەمانە ناتوانن ببنە بژاردەیەک بۆ تێکۆشانی ئازادیخوازیی. هەموو کەسێک هان دەدەن تا ببێتە کۆیلەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و تاکە ڕێی ڕزگاریی لە پشتبەستن بە هێزە هەژموونگەراکان و ئەو دەوڵەت-نەتەوانەدا دەبینن وا لە سەر بنەمای نەتەوەپەرەستیی دامەزرێنراون.

بە قۆناغێکدا تێدەپەڕین شەڕی سێهەمی جیهانیی زۆر بە چڕیی و فراوانیی ڕوو دەدات. ئەو هێزانەی دەیانەوێت جیهان و هەرێمەکە بەگوێرەی بەرژەوەندیی خۆیان داڕێژنەوە، هەریەکە و پلانێکیان لە گیرفاندایە. هیچ یاسا و ڕێسایەکی نێودەوڵەتیی لەگۆڕێ نییە هەمووان گوێی لێ بگرن و پەیڕەوی بکەن. کێ هێز بێت، ئەو یاسایە. ئەو گەلەی هەبوونی ئەو هێشتاش لە ژێر مەترسیی ژینۆسایددایە، تەنیا بە یەکێتیی دەتوانێت درێژە بە هەبوونی خۆی بدات. بەڵام بنەماڵەی بارزانیی لە سەر بنەمای دوژمنایەتی یەکێتیی نەتەوەیی هەموو هێزی خۆی بۆ پاکتاوی پەکەکە تەرخان کردووە. هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدا بووە هەموو پێشکەوتنێکی شۆڕشگێڕیی، یەکێتیخواز و دیموکراتیی ئاستەنگ بکات. ئەم هەڵوێستەی پەدەکە لە دوژمنایەتیی ئەو بۆ ژن و ژینگە و یەکێتیی نەتەوەییەوە سەرچاوە

دەگرێت. سـەرچاوەی هەمـوو کێشـە و گیروگرفتەکان ئەوەیە ئەمانە لـە جیاتـی نیشـتمانبەرژەوەندیی بنەماڵـە و پـارە بـە بنەمـا دەگرن.

٤. سیاسـەتەکانی دەوڵەتـی میتینگـەری سـووریا لـە سـەر کـورد و دۆخـی هەنووکەیـی

ئەو بەشـەی کوردسـتان وا سـەردەمانێک وەک باشـووری بچووک نـاوزەد دەکرا و لـە شۆڕشـی ١٩ـی تەمـووزەوە ئیدی وەک ڕۆژئـاوا پێناسـە کرا، بچووکترین بەشـی کوردسـتانە. لـە چـاو بەشـەکانی تـر، کەمترین ژمـارەی دانیشـتووان و بچووکتریـن ڕووبـەری جوگرافیـی لـەم بەشـەی کوردسـتاندایە. بەشـێکە کـە گەلـی کـورد هـاوڕێ لەگەڵ گەلـی عـەرب، تورکمـەن، ئاسـووریی، سـریان و ئەرمـەن پێکـڕا دەژێن. وەک مینیاتورێکـی ڕۆژهەڵاتـی ناوییـنـە. کـوردەکان تەنیـا لـە بەشـی باکـووری سـووریا لـە سـەر سـنوور ناژیـن، بەڵکـوو لـە قۆناغـە جیاوازەکانـی مێـژوودا، بـە تایبەتیـش لـە سـەردەمی سـەلاحەدینی ئەیووبیـی، کـورد بـە هـۆکاری جۆراجـۆر بـەرەو قووڵایـی خاکـی سـووریا کۆچیان کردووە. لـە هەرێمەکانی وەک شـام، حەڵـەب، حەمـا و ئیدلیبیش نیشـتەجێ بـوون.

مێـژووی دروسـتبوونی دەوڵەتـی سـووریا لـە چـاو دەوڵەتانـی تـر، ئاڵۆزتـرە و پـڕە لـە کێشـە. بەگوێرەی پەیماننامەی شـاراوەی سـایکس-پیکـۆ، کـە ڕۆژهەڵاتـی ناوییـنی دابەش کـرد، بڕیار درا دەوڵەتـی سـووریا گرێـدراوی ئیمپریالیزمـی فەڕەنسـا بێـت. فەڕەنسـییەکان هـەر کاتـی پەیمانـی ١٩٢١ـی ئەنکارا، کـە لەگەڵ میتینگـەرە کەمالیسـتەکان مۆریان کـرد، ڕۆژئـاوای کوردسـتان و باشـووری کوردسـتانیان لێـک هەڵبـوارد.

ئـەو جۆگرافيايـەی بڕیـار وابـوو دەوڵەتـی سـووریای لـە سـەر دابمەزرێنرێت، بە شێوەی پێنج نیمچەدەوڵەت دابەش کرابوو. ساڵی ١٩٢٥ دەوڵەتـی ماندایـی (سـەرپەرەشـتیار) لـەم پێنـج نیمچەدەوڵەتـە درووسـت کـرا. بـەڵام ئـەم دەوڵەتـە پاش شـەڕی جیهانیـی دووەم و ساڵی ١٩٤٥، توانـی سـەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێت. بە درێژایی ئـەم بیسـت سـاڵە لـە ئەنجامـی ئـەو پەشـێویی و ئاژاوەگێڕییانـەی ئینگلیز و دەوڵەتـی مێتینگـەر و قڕکـەری تـورک نایانـەوە، ئـەم وڵاتـە ئارامیـی و سـەقامگیریی بەخۆیـەوە نەبینـی. لەنـاو ئـەم دابەشـبوون و ناسـەقامگیرییەی هەبـوو، دەوڵـەت یـان پارێزگایـەک بـەر کـورد نەکـەوت، بەڵکوو لـە نـاو پارێـزگای حەڵەبدا جێگەیـان گـرت.

تـا سـەردەمی شـەڕی دووەمـی جیهانیی لـە سـووریا سیاسـەت و کردەوەیەکی تایبـەت بـە کـورد بـەدی ناکرێت. ڕێکخسـتنی خۆیبوون لـە سـووریا درووسـت بـوو. قەدەغەیەکـی فەڕمیـی لـە سـەر زمـان و کەلتـووری کوردیـی و چـاپ و پەخـش بـە زمانـی کـوردی نەبـوو. هەربۆیـە پێچەوانـەی ئـەو سیاسـەتەی ژینۆسـاید (تەوکوژیـی-نەژادکوژیـی) و تواندنـەوە وا لـە بەشـەکانی دی کوردسـتان پەیـڕەو دەکرا، کـورد لـەم بەشـەی کوردسـتان دەرەتانـی ئەوەیـان بینییـەوە پـەرە بـە زمـان و کەلتـوور و هونـەر و ئەدەبییاتـی خۆیـان بـدەن. بـە تایبـەت بەهـۆی سـتەم و چەوسـانەوەی بێسـنووری دەوڵەتـی مێتینگـەر و نەژادکوژیـی تـورک لـە باکـوری کوردسـتاندا، زۆرێـک لـە نیشـتمانپەروەر و ڕۆشـنبیر و کەسـایەتیی پێشـەنگ ڕوویـان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان کـرد و لـەوێ نیشـتەجێ بـوون. عوسـمان

سـەبریی، نـووری دێرسـیمیی، جگەرخوێـن و ئەندامانـی بنەماڵـەی بەدرخـان، ڕۆڵـی گرنگیـان گێـڕاوە.

کۆمـاری سـوریا لـە سـاڵانی ١٩٦٠ـدا کەوتـە بـەر گێژەڵۆکـەی نەتەوەپەرەستیی عەرب و ناوی خۆی بۆ کۆماری عەربیی سووریی گۆڕی. لەگەڵ هاتنی حیزبی بەعس بۆ سـەر دەسـەڵات، هـاوکات لـە گـەڵ گۆڕینـی نـاو، لـە ئەنجامـی خۆگونجانـدن و خۆسـازدانی ئـەم حیزبە لەگەڵ ‹پلانی هەمووارکردنی ڕۆژهـەڵات Şark İslahalt-Planı›ـی دەوڵەتـی میتینگـەر و نەژادکـوژی تـورک، لـە لایەکـەوە سیاسـەتی توانـەوەی کـورد پەیـڕەو دەکـرا و لـە لایەکـی تریشـەوە بە گۆڕینی دیمۆگرافیی هەوڵیان دا ڕۆژئاوای کوردستان لە کورد داماڵن. کۆمەڵکوژیی سینەمای عامودێ خوێناویترین هێرشـی ڕژێمی بەعسـە بـۆ سـەر کـورد. سـاڵی ١٩٦٠ بـە پاسـاوی ئاگرکەوتنـەوە سـەدان منداڵی کورد کۆمەڵکوژ کران. دەزگای هەواڵگریی سـووریا، موخابـەرات، پلانێکـی تایبەتیـان بـۆ چەوساندنەوەی کـورد دارِشـت. کـورد تەنانـەت وەک هاووڵاتیـی سـوورییش پەسـەند نەدەکـران. بەهـۆی سیاسـەتی ئابووریـی ڕژێمـی بەعـس لـە سـەر کوردسـتان، کورد ناچار مـان بەرەو شارە گەورەکانی سووریا و وڵاتانی وەک لوبنـان و جەزایـر کـۆچ بکـەن.

ڕەنگە ڕۆژئـاوای کوردسـتان بۆ خـۆی خۆڕاگرییەکی چەکداریـی دژی ڕژێمـی سـووریا ڕێـک نەخسـتبێت، بـەڵام بەگوێـرەی توانـای خۆی هاوکاریی هەمـوو بزووتنەوەکانی بەشـەکانی دی کوردسـتانی کـردووە. هەربۆیـە، تـا کاتـی دەرکەوتنـی پەکەکـە، کاریگەرییەکـی

بەرچاوی بنەماڵەی بارزانیی هەبوو. کاریگەرییەکی سنووورداری YNKـش هەبوو. بنەماڵەی بارزانیی حزب و ڕێکخراوی گرێدراوی خۆی لە ڕۆژئاوا دامەزراند. بەڵام هەموو ئەم ڕێکخراوانە لە جیاتی ئەوەی خزمەت بە دۆزی ئازادیی ڕۆژئاوای کوردستان بکەن، بۆ پشتیوانیی بنەماڵەی بارزانیی بەکار هێنران.

لەگەڵ ڕۆیشتنی ڕێبەر ئاپۆ بۆ کۆبانێ لە تەمووزی ١٩٧٩، خەباتی دۆزی ئازادیی ڕۆژئاوای کوردستانیش دەستی پێ کرد و بە درێژایی ٣٣ ساڵ لە ئەنجامی سیاسەتێکی ڕاست و دروست و تۆکمە و بەردەوام، بە ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆر، لە سەر بنەمای پارادایمی ژینگەپارێزیی و ئازادیی ژن، شۆڕشی ١٩ـی تەمووز هاتە ئاراوە. دژی سیاسەتی تەوکوژیی کورد بە دەستی داعش و بە هاوکاریی و پشتیوانیی دەوڵەتی میتینگەر و تەوکوژی تورک و زۆر گرووپی چەتەی تر، پەکەکە خۆڕاگرییەکی بێوێنەی نیشان دا. پارادایمی ڕێبەر ئاپۆ ڕۆڵێکی چارەنووسسازی لە بەردەوامیی شۆڕش تا ئێستا هەیە. بۆ ئەوەی شۆڕشی ڕۆژئاوا بە لاڕێدا بەرن، هەم ئەمریکا و هەمیش هێزەکانی هاوپەیمانیی دژی داعش، ویستیان هەندێک پێکهاتەی چەتە و کۆنترای گرێدراوی بنەماڵەی بارزانیی وەک ENKS بەکار بێنن. دەوڵەتی ڕووسیاش، بە هاوکاریی و پەیوەندیی لەگەڵ سووریا و ئێران، بۆ ئەوەی دەوڵەتی سووریا جارێک بکات بە دەسەڵات، کەوتە ناو لیگەڕین و کاری زۆر پیکۆلانە تا شۆڕشی ڕۆژئاوای کوردستان پاکتاو بکات.

میتینگەریی ئێرانیش هەر وەک میتینگەریی تورک هەوڵی پاکتاوی

شۆڕشـی ڕۆژئـاوا دەدات. داگیرکردنـی عەفریـن، سـەرێکانی، گرێسـپی لەلایـەن دەوڵەتـی میتینگـەری تـورک و چەتەکانییـەوە، دەرەنجامـی تێنەگەیشـتن لـە قۆناغەکـە و پەرەنـەدان بـوو بـە شـەڕی شۆڕشـگێڕیی گـەل بەرانبـەر مەترسـییەکان. جێگیربوونـی ئەمریـکا و هێزەکانـی نێـو هاوپەیمانـی دژی داعـش لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان بـوو بـە هـۆی درووسـتبوونی چەمکێـک، کـە هـەر چەنـدە لـە ئاسـتێکی لاوازیشـدا بێـت، بـەڵام چـاوی لـە دەسـت هێـزە دەرەکییەکانـە و ئـەم هێزانـە وەک دڵنیایـی و گەرەنتییـەک بـۆ ڕۆژئـاوا دەبینێـت. ئـەم چەمکـە هێشـتاش هـەر بەردەوامـە. هەروەهـا گرنگینـەدان بـە گەشـەپێدانی خۆپاراسـتن، کەموکوڕییـەکان لـە ئاوەدانکردنـی نەتـەوەی دیموکراتیی و فراوانئەکـردن و پەرەنـەدان بـە شـۆڕش، ئـەو ئاڕاسـتە و مەیلـە هەڵانـەن وا لـە ڕۆژئـاوا سـەریان هەڵـدا. بـەڵام وێـڕای هەمـوو ئەمانـە، ئەگەرچـی شـۆڕش لـە هەنـدێ شـوێن پاشـەکشـەی پـێ کـراوە، بـەڵام هێشـتا پاشـەکشـەی لـە ئامانجەکانـی خـۆی نەکـردووە، تێکۆشـانێک دژی چەمکـە هەڵـەکان هەیـە و ئەزموونێکـی بەهێـز لـە سـەر بنەمـای ڕەخنەلەخۆگرتـن، درووسـت بـووە.

لـەم دوو سـاڵەی دواییـدا، ڕژێمـی سـووریا، ئێـران، دەوڵەتـی تـورک و چەتـەکان، هەوڵیـان دا لـە ڕێـی بەکارهێنانـی هـۆزەکان لـە دێـرەزۆرەوە هێرشـێکی پاکتـاوکاری بکەنـە سـەر ڕۆژئـاوا. بـە تایبەتیـش دەوڵەتـی میتینگـەر و تەوکـوژی تـورک بـە کەڵکـوەرگرتـن لـە ئاڵۆزییەکانـی فەلەسـتین و لوبنـان و شـەڕی نێـوان ئیسـرائیل و حەمـاس و حیزباللـە، هەوڵـی دا لـە ڕێـی ڕووخاندنـی ژێرخانـی

ئابووریی ڕۆژئاوای کوردستانەوە کورد ڕاو بنێت و چەتەکانیان لە شوێن دابنێت، بەم شێوەیەش هەرێمێکی تامپۆنی دژەشۆڕشی پڕ لە چەتە لە سەر سنووری ڕۆژئاوا درووست بکات.

سەرەنجام بە هەڵسەنگاندنێکی ڕاست بۆ ئەزموونی مێژوویی گەل و نیشتمان، بە باشیی و بە هەڵەکانیەوە، بێ ئەوەی بکەوینە داوی دەوڵەت–نەتەوە و ئایدیۆلۆژیای نەتەوەپەرەستیی و نەتەوەپەرەستی سەرەتایی، پێویستە بە پشتبەستن بە ئازادیی ژن، نەتەوەی دیموکرات بنیاد بنێن و بەرانبەر وێرانکردنی سرووشت پەرە بە هۆشیاریی ژینگەیی بدەین. مسۆگەر پێویستە خۆمان لەو چەمک و تێگەیشتنە دەسەڵاتخواز، بنەماڵەپەرەست، دەوڵەتگەرا، زایەندگەرا، خێڵگەرا، مەزهەبگەرا و ئایینگەرایەی شەڕ و ناکۆکیی و دابەشبوون لە نێوان کورداندا درووست دەکەن، ڕزگار بکەین. پێویستە تێکۆشانی هیچ بەشێکی کوردستان دژی بەشەکانی دی بەکار نەیەت. پێویستە یەکێتیی و تەبایی بە بنەما بگیردرێت. هەربۆیە مسۆگەر پێویستی بە کۆنگرەیەکی نەتەوەییە. بەڵام مەرج نییە هەموو کەسێک لەم کۆنگرەیەدا بەشدار ببێت. پێش هەموو شتێک، پێویستە ئەوانەی دەتوانن لانی کەم لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکاندا هاوبەش بن، بێنە لای یەک. بە تێپەڕبوونی کات دەتوانرێت ئەو هێزانەشی هێشتا دوودڵن، ڕاکێشی ئەم کۆنگرەیە بکرێن. هاوکات پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵوێست دژی ئەو هێزانەی وا لە سەر بنەمای دژایەتیی یەکێتیی نەتەوەیی کورد چوونەتە ڕیزی داگیرکەران و میتینگەرانەوە، هەڵوێست وەربگرێت.

ڕێبەر ئاپۆ سیاسەتی هێزە میتینگەرەکان و شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی

ئەم سیاسەتانە بەم شێوەیە دێنێتە سەر زمان: «لە ئەنجامدا سەرجەم ئەو کردەوانەی کە نیشتمانی کوردیان پارچە کردووە و نکۆڵیان لێ کردوە: لە قووڵاییەوە ڕاستینەی کۆمەڵگایان دابەش کردووە و دووریان خستووەتەوە لە خاوەندارێتیکردنی خۆی، ڕێگەیان نەداوە ببنە ئیرادەی سیاسیی، ناچاریان کردوون بۆ ملکەچکردن بەرامبەر ڕێبازەکانی نکۆڵیی و قڕکردنی دەوڵەتان، دابینکردنی پێداویستییە ئابوورییەکانیان بۆ ئامرازی دەستبەرداربوون لە ناسنامەکەیان گۆڕیوە، داننەنان بە ستاتۆ و دەرفەتێکی یاسایی بوونێکی ئایدۆلۆژیی و کولتووریی پشتبەستوو بە ناسنامەی خۆیان، بێبەشکردنیان لە ئامراز و کردە هاوچەرخەکانی پەروەردە وای دەکرد کێشەی کورد بۆ کێشەیەک بگۆڕێت کە بوون و ناسنامەکەیان بە نەبوو دابنرێت و دەرفەتی ژیانی ئازادیان پێ نەدرێت. بە مانایەکی تر ئیتر کێشەی کورد کێشەیەکی نەتەوەیی نەبوو، دەبوو بە کێشەی دوورخستنەوە لە دۆخی نەتەوە.

لەگەڵ بەردەوامبوونی پارچەبوون و بەهێزبوونی ڕژێمەکانی نکۆڵیی و قڕکردن لە سەر هەر بەشێک، ئیتر کێشەکان وەک کێشەی نەتەوەبوون نامێنێت، بۆ کێشەی درێژەپێدانی بوون بچووک بکرێتەوە. ئەگەر لە پاکتاوکردنی یەکجارەکیی بووندا لەناوبردنی جەستەیی ڕێبازیی سەرەکییش نەبێت، بەڵام ژینۆسایدی ڕەهەندی کولتووریی واقیعێکە بەردەوام ڕوو دەدات. وەک چۆن لە ژینۆسایدی ئەرمەنیی و یەهوودییەکاندا ڕووی داوە ئەنجامنەدانی ڕاستەوخۆی قڕکردنی جەستەیی پرۆسەکەی بە ئێش و ئازارتر دەکرد. ئاشکرایە کاتێک سەرجەمی ئەو هۆکار و فاکتەرانە ڕەچاو بکرێت، لە کێشەی کورد زیاتر

باسکردنی گرێکوێرەی کورد واقیعیترە. وەک چۆن ئەسکەندەر هات و بە شمشێرەکەی گرێکوێرەی گۆردۆنی کردەوە و دەرفەتی فەتحکردنی تەواوی ئاسیای ڕەخساند، چارەسەرکردنی گرێکوێرەی کوردیش فەتحی دیموکراتییانەی سەرجەم کۆمەڵگاکان – لە سەرووی هەموویانەوە خۆرهەڵاتی ناوین – و چانسی ژیانی ئازاد دەڕەخسێنێت»[3].

گەرچی نیشتمانەکەمان هێشتا بە دەست میتینگەریی و تەوکوژییەوە دەناڵێنێت، بەڵامی ئیدی ناتوانرێت نکۆڵیی لە هەبوونی کوردستان بکرێت. تا ئەو کاتەی ئاخر کەسی ئەو کەسانەی دەیانەوێت ژیانێکی ئازادی شیاو و پەیوەست بە مێژوو و کۆمەڵگای خۆیان لە سەر ئەم خاکە بژین، مابێت، هەبوونی کوردستانیش بەردەوام دەبێت. ئەمجارەش نیشتمانەکەمان لە جیاتی ئەوەی ببێتە جێی شارستانییەکی چینایەتیی و دژەژینگە و نەتەوەپەرەست و دەوڵەتپارێز، دەبێتە لانکەی هەڵاتن و گەورەبوونی خۆری مۆدێرنیتەی دیموکراتیی لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا.

چارەسەر ئەوەیە بەپێی پارادایمی ڕێبەر ئاپۆ، شۆڕشێکی بنچینەیی لە بواری بیرکردنەوە و زهنییەتدا ئەنجام بدرێت، پێویستییە ڕێکخستنییەکانی ئەم شۆڕشە جێبەجێ بکرێن و بەردەوام خەبات و تێکۆشانی لە پێناودا بکرێت.

★★★

٣- عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک، پەرتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل٢٥١

پرسی کورد، تورکیا و قەیرانی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

بنکۆڵکاریی: ئازادیی کۆمەڵگە

لەگـەڵ هەڵوەشـاندنەوەی ئیمپراتۆریەتـی عوسـمانیی لـە جەنگـی جیهانـی یەکـەم (١٩١٤ - ١٩١٨)، ڕێککەوتننامـەی سـایکس-بیکۆ (دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) (١٩١٦) لـە نێوان بەریتانیا و فەڕەنسـا پێش دەخرێـت، کـە لـە ئەنجامـدا پارچەیەکـی کوردسـتان (باشـوور) دەکەوێتـە نـاو سـنووری ئێراقـی سـەربە کۆڵۆنـی بەریتانیا و پارچەیەکی دیکـەش (ڕۆژئـاوا) دەکەوێتە نێو سنووری سووریای سـەربە کۆڵۆنی فەڕەنسـا. هێژای گوتنە ئـەم ڕێککەوتننامە ڕێککەوتننامەیەکـی شـاراوەی نێـوان زلهێـزەکان بـوو، سـاڵێک پـاش ئەمـە و لەگـەڵ شـۆڕشـی ئۆکتۆبـەر لـە ڕووسـیا، ناوەڕۆکەکـەی ئاشـکرا کـرا سـایکس-بیکۆ دەبێتـە زەمینەیـەک بۆ پەیمانـی سـیڤەر لـە سـاڵی ١٩٢٠، کـە پارچەکردنـی ئەنـادۆڵ و میزۆپۆتامیـای سـەروو ڕێـک دەخـات[١]. لـە دوای جەنگی جیهانـی یەکـەم و شکسـتی عوسـمانییەکان، لـەو جەنگـەدا ئینگلیـزەکان دووڕێیانـی «یـان کۆمـار یـان موسڵ-کەرکووک»یان خسـتبووە پێشـی تورکـەکان و مسـتەفا کەمـال. جێهێشـتنی موسـڵ-کەرکووک بـۆ ئینگلیـزەکان، ئەنجامـی پەیمانـی سـیڤەرە. گـەر تورکـەکان وازیـان لـە ولایەتـی موسـڵ-کەرکووک نەهێنایـە، لـە بەرانبـەردا ئینگلیزەکان پشـتگیریی کوردیان دەکـرد بـۆ ئـەوەی [گوایـە] دەوڵەتێـک بـۆ خۆیـان دابمەزرێنن. گەرچـی بەپێـی ئـەو پەیمانـە هیوایەکـی زۆر بـۆ کـوردان هەبـوو کـە باکـوور و باشـووری کوردسـتان (ولایەتـی موسـڵ) پێکـەوە بلکێنرێـن و

١- ١. پەیمانی سیڤەر کە لەلایەن هاوپەیمانان و کاربەدەستانی تورک-عوسمانیی لە ١٠ی ئابی ١٩٢٠ لە فەڕەنسا مۆر کرا، لە ٤٣٢ مادە پێک دێت و بەشێکی تایبەتی دانرا بۆ کوردستان، کە مادەکانی ٦٢، ٦٣، ٦٤ی لەخۆ گرتوو.

دەوڵەتێکی سەربەخۆیان لەژێر چاودێریی بەریتانیا بۆ دامەزرێت، بەڵام تورکەکان و بەرژەوەندیی و پیلانگێڕییەکانی دەوڵەتە هەژموونگەرەکان، وایان کرد پەیماننامەکە پووچەڵ بکرێتەوە. پاش ئەوە پەیمانی لۆزان لە ساڵی ١٩٢٣ واژۆ کرا، کە تێیدا لە چەندین دەقدا تورکیا هەر بە ناوی نەتەوەی تورک ئاماژەی پێ دەکرێت و لە هیچ شوێنێکدا ناوی گەلی کورد نەهاتووە. بەمەش گەورەترین پیلانگێڕیی لەسەر گەلی کورد جێبەجێ دەکەن و مێژوویەک لە کۆمەڵکوژیی و تراژیدیی دەکەن بە چارەنووسی.

تورکەکان بۆ ئەوەی خۆیان وەک نەتەوەیەکی میراتگری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی لە گۆڕەپانی ململانێ جیهانییەکاندا بپارێزن، دەستبەرداری موسڵ-کەرکووک دەبن. بەم شێوەیەش ئینگلیزەکان دوو سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە ــ واتە کۆماری تورکیا و ئێراق دادەمەزرێنن و جەستەی کوردستان (باکوور و باشوور) پارچە دەکەن. کورد لە هەر پارچەیەکیاندا دەکەوێتە بەر هێرشی پاکتاوکاریی و کۆمەڵکوژیی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەی تورک و دەوڵەت-نەتەوەی عەرەبی ئێراق. لەو بارەیەوە ڕێبەر ئۆجالان دەڵێت: *کێشانی هێڵی سنوورەکانی ئێراق-تورکیا خراپترین گۆڕانکاریی مێژووی هاوچەرخی کوردستان بوو لە نێوان کۆماری تورکیا و ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا*[٢]. هاوکات هاوشانی ئەم دوو پارچەیەی

٢- عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتیک، پەڕتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لەوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل. ٢٨٣.

کوردستان، ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەناو چوارچێوەی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەی فارسی ئێران (ئەم پارچەیەی کوردستان لە ڕێککەوتنامەی قەسری شیرین لە ساڵی ١٦٣٩، کە لە نێوان سەفەویی و عوسمانییەکان واژۆ کرا، لە یەکپارچەیی کوردستان دابڕێنرا) و ڕۆژئاوای کوردستانیش لەناو سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەی عەرەبی سوریا بە هەمان چارەنووسی سیاسەتی نکوڵییدا تێدەپڕن: سنوورێکی سیاسیی دیاریکراوی توندوتۆڵ، یەک زمان، کەلتوور، ئایین و ئیتنیکی زاڵ.

بەم ڕەنگە کۆماری تورکیا لە ساڵی ١٩٢٣ یەکێک بوو لە بەردەکانی بناغەی سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لەژێر هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی ئینگلیزەکاندا دامەزرا. بە واتایەکی دیکە، تورکەکان لە ئەنجامی هەڵبژاردنی یەکێک لە دووڕێیانی «یان کۆماری تورکیا یان موسڵ-کەرکووک» دەوڵەت-نەتەوەیەکی تورکیی بە سنوورێکی جوگرافیی دیاریکراوەوە لەسەر حیسابی سەرکوتکردنی کورد دادەمەزرێنن. کاتێکیش کوردان تێدەگەن ڕۆڵ و پێگەیەک یان مافێکی نەتەوەییان لە چوارچێوەی کۆماری تورکیادا نییە، هەموو هەوڵێک دەدەن بۆ بەرخۆدان و بەرگریی لەپێناو پاراستنی ناسنامەی خۆیان. بەڵام زۆر بە توندیی و دڵڕەقانە دەکەونە بەر شاڵاوی قڕکاریی فاشیزمی دەوڵەتی تورک. واتە بە ماوەیەکی کەم دوای دامەزراندنی ئەم کۆمارە، دەوڵەت بە ناوی یەک نەتەوەی تورکەوە بە هەموو هێز و توانای خۆیەوە دەست بە قڕکردنی کوردان دەکات. هەر دوو ساڵ

پاش دامەزراندنی کۆماری تورکیا، وەک دیرۆکنووسی ڕووسیی میخایل لازاریێف لە پەڕتووکی «کوردستان و پرسی کورد» ئاماژەی پێ دەکات، ڕۆژنامەی «وەقت»ـی تورکیی لە ٢٥ـی ئایاری ١٩٢٥ دەنووسێت: «لەو شوێنەی تیغی تورک هەبێت، پرسی کورد بوونی نابێت»[٣]. ڕێبەر ئۆجالان ئاماژە بەوە دەکات کە *«کورد لە ئاکامی پیلانگێڕیی فاشیزمی تورکی سپییەوە کە لە ١٥ـی شوباتی ١٩٢٥ـدا دەستی پێ کرد، کەوتووەتە قۆناغی گەورەترین کارەساتی مێژووییەوە. ئەو پیلانگێڕییەی لە ١٩٢٥ دژی کورد ئەنجام دراوە زۆر لەو پیلانگێڕییە بەرفراوانتر و درێژخایەنترە کە لە ١٩١٥ دژی ئەرمەنییەکان ئەنجام دراوە»*[٤]. تا دەستپێکردنی جەنگی جیهانیی دووەم (١٩٣٩) گەلی کورد لە باکووری کوردستان بۆ پاراستنی ناسنامەی نەتەوەیی خۆیان چەندین سەرهەڵدان لە بەرانبەر دەوڵەتی تورک دەنوێنن، بەڵام هەموو جارەکان کۆمەڵکوژ و سەرکوت دەکرێن. هەر وەک ڕێبەر ئۆجالان دەنووسێت: جووڵانەوە *کوردییەکانی قۆناغی ١٩٢٥ ـ ١٩٤٠ کە هەوڵ درا وەک سەرهەڵدانی کۆنەپەرستانەی دژی ڕژێمی کۆمار مەحکوم بکرێن، لە ناوەڕۆکدا ئامانجی پاراستنی کوردانە بەرانبەر فەشیزمی تورک، بەرخۆدانە دژی پاکتاوکردنی ناسنامەی کورد*[٥]. جێی ئاماژەیە، لەو قۆناغەدا پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە - CHP) بە سەرۆکایەتیی مستەفا

3- Лазарев М. С., Курдистан и курдская проблема (90-е годы XIX века - 1917 г.), М. 1964. С. 372.

٤- عەبدوڵڵا ئۆجالان، مانیفستۆی شارستانێتی دیموکراتێک، پەڕتووکی پێنجەم. وەرگێڕانی لە تورکییەوە: لەوقمان عەبدوڵڵا، چاپی سێیەم، ل. ٢٧٨.

٥- هەمان سەرچاوە، ل. ٢٧٩.

کەمال ئەتاتورک وەک تاکە پارتی دەسەلاتداری دەوڵەت-نەتەوەی تورک ئەم کۆمەڵکوژییانەی گرتبووە ئەستۆی خۆی و دەستی بە خوێنی کوردان سوور بوو.

لە دوای ساڵی ١٩٤٠ـەوە گەلی کورد لە باکوور بە قۆناغێکی مەترسیداری تیاچوون، ئەسیمیلاسیۆن، هۆموژێن (یەکڕەنگ)، نکوڵیی و ڕادەستبووندا تێدەپڕن، تا ساڵی ١٩٧٨ کە بە ڕێبەرایەتیی ڕێبەر ئۆجالان پەکەکە (پارتیا کارکەرێن کوردستان) دادەمەزرێت و پێشەنگایەتیی تێکۆشانی خەباتی ڕزگاریی نەتەوەیی دەگرێتە ئەستۆی خۆی. ئەمەش بە قۆناغی ژیانەوە (ڤەژین) ناو دەبرێت و لە دوای ئەوەوە ڕێبەر ئۆجالان و پەکەکە لە باکووری کوردستان دەبنە تاکە هیوای ڕزگاریی نەتەوەیی و تێکشکاندنی داگیرکاریی دەوڵەتی تورک. ڕۆژ بە ڕۆژیش ئەم هێزە لە پارچەکانی دیکە کوردستان و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گەشە دەسەنێت.

هاوکات لە بەرانبەردا دەوڵەتی تورک تەواوی سیاسەتە نێوخۆیی، هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانی لە ڕووی جیۆپۆلەتیکیی، سەربازیی، هەواڵگریی، ئابووریی، بازرگانیی، سیاسەتی ئاو، میدیا و شەڕی تایبەت (سایکۆلۆژیی) هتد... دژی پەکەکە و گەلی کورد دەخاتە گەڕ. کاتێکیش هەر دەوڵەت و لایەن و کەسێک پشتیوانیی لە داواکانیان بۆ دوژمنایەتیی پەکەکە نەکات، ئەوا وەک دوژمنی تورکیا ناساندوویانە.دەوڵەتی تورک چووەتە نێو هەر ڕێککەوتن و پیلانگێڕییەکەوە کە ئامانج لێی سەرکوتکردنی کورد و پەکەکە بووبێت. وەک چۆن بە سەرپەرەشتیی گلادیۆی ناتۆ زۆر هێزی

ناکۆک لە پیلانگێڕیی نێونەتەوەیی لە ساڵی ١٩٩٩ دژی ڕێبەر ئۆجالان یەکیان گرت و دواجار بە هاوکاریی دەزگا سیخوڕییەکانی سی ئای ئەی ئەمریکا، مۆسادی ئیسرائیل و میتی تورک لە نایرۆبی پایتەختی کینیا ڕفێنرا و ڕادەستی دەوڵەتی تورکیان کرد.

ناتۆ لەبەر ئەوەی هێزی پەکەکە بە مەترسیی بۆ تورکیا ــ واتە بۆ یەکێک لە ئەندامە سەرەکییەکانی خۆی دەزانێت، بە چەندین قۆناغ هەوڵی پیلانگێڕیی بۆ پاکتاو یان بێکاریگەرکرنی داوە، بەڵام شکستی هێناوە. هاوکات هێزە هەژموونگەرەکانی ئەمریکا و ئەورووپا تورکیایەکیان ویستووە کە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵ وازیی بکات، واتە لغاوەکەی لە دەستی خۆیاندا بێت. بۆ نموونە، کاتێک بۆ گۆڕانکاریی سیاسیی و هەژموون لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا پرۆژەی داگیرکرنی ئەفغانستان و ئێراق دەخەنە نێو ستراتیژی خۆیانەوە، پێویستیان بە مۆدێلێکی نوێی حکومڕانیی لە تورکیا دەبێت. بەم شێوەیەش پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) پێش دەخەن کە وەک پرۆژەیەکی ئیسلامی میانڕەو لە ٢٠٠١ـدا دەسەڵات دەگرێتە دەست. ئەم پارتە لە بەرانبەر پرسی کورددا هەمان نەریتی پێشووی پارتە حکومڕانەکانی دەوڵەتی تورکیای پەیڕەو دەکرد، بەڵام لە بەرگێکی نوێدا. ڕێبەر ئۆجلان ئاماژە بەوە دەکات یەکەمین هەشت ساڵی دەسەڵاتی ئاکەپە (AKP) زۆر لە یەکەمین هەشت ساڵی دەسەڵات جەهەپە (CHP) (١٩٢٣ – ١٩٣١) دەچێت. لە هەردووکیشیاندا ڕژێمی یەک پارتی دەسەڵاتدارە. <...> وەک چۆن CHP پارتی دەوڵەت-

نەتەوەی قۆناغی ١٩٢٥-١٩٤٠ـە بۆ لەناوبردنی خوێنییانەی بوون و بەرخۆدانی کوردان، ئەوا لە سالآنی ٢٠٠٠ـەوە ئاکەپە (AKP)ـش پارتی دەوڵەت-نەتەوەیە کە لەسەر بنەمای هەلومەرجی قورستر لەناوبردنی ڕاستینەی کورد و بزووتنەوەی ئازادیخوازەکەی کردووەتە ئامانج[٦]. واتە گەرچی ئەم دوو پارتە لە ڕووکەشدا یەکێکیان نوێنەرایەتیی سیکۆلاریزم و ئەویتریان ئیسلامی دەکات، بەڵام لە ناوەڕۆکدا لە دوو کۆنتێکست و قۆناغی جیاوازدا پارتی دەوڵەت-نەتەوەن و بە پلەی یەکەم قڕکردن و سەرکوتکردنی کوردان دەکەنە ئامانجیان.

ئاکەپە بە سەرۆکایەتیی ڕەجەب تەیب ئەردۆگان پلە بە پلە دەستی لە جڵەوی دەسەڵات گیر دەبێت. بۆ ئەمەش سیاسەتێکی دووڕوو لە ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا دەگرنە بەر. ئەم سیاسەتە دووڕوووەیان بە ئاشکرا لەمەڕ پرسی کورد و بەرانبەر پەکەکە دەرکەوتووە. بۆ نموونە، کاتێک لە کانوونی دووەمی ٢٠١١ لە نێوان دەوڵەتی تورک و پەکەکەدا دیدار بۆ پرۆسەی ئاشتیی و چارەسەری پرسی کورد بەڕێوە دەچێت، شاندێکی دەوڵەتی تورک لە ئەنقەرەوە دەچنە تاران و پێشنیار بۆ کاربەدەستدانی ئێران دەکەن تا پێکەوە دژی پەکەکە ئۆپراسیۆن بکەن و لەناوی ببەن[٧].

ئەم پارتە هەمان سیاسەتی دووڕوو لە ئاستی ناوخۆ و دەرەوەی

٦- هەمان سەرچاوە، ل. ١٨٦ ـ ١٨٨.

٧- ئامەد دیجلە، ٢٠٠٥ ـ ٢٠١٥ دیدارەکانی تورکیا ـ پەکەکە. وەرگێڕانی: نەجیبە قەرەداغی، چاپی یەکەم، ٢٠٢٢. ل. ٢٦٣ ـ ٢٦٤.

تورکیادا پەیڕەو کردووە. ساڵانێکە پرسی فەلەستینی بەم سیاسەتە بەکار هێناوە و بۆ ڕاکێشانی هەستی ئایینیی موسڵمانانی جیهان خۆی بە نەیاری ئیسرائیل نیشان دەدات. ئەمە لە کاتێکدایە لە ماوەی حکومڕانی ئاکەپەدا ڕێژەی ئاڵوگۆڕی بازرگانیی و تەکنۆلۆژیای سەربازیی و هەواڵگریی نێوان تورکیا و ئیسرائیل گەیشتووەتە بەرزترین ئاست. کاربەدەستانی دەوڵەتی تورک هەرچەندە لە میدیاکانەوە لەمەڕ پرسی فەلەستین هەڵوێست دژی ئیسرائیل پیشان بدەن، بەڵام بە کردەوە سیخوڕ و داردەستی ئیسرائیلن. کاریگەریی ئایدۆلۆژیی و بازرگانیی (مادیی و مەعنەویی) جووەکان لەناو کاروباری ئیمپراتۆریەتی عوسمانیی ڕاستییەکی مێژووییە و دواتریش لە بواری بازرگانی و سیاسەتی دەوڵەت-نەتەوەی تورک ڕۆڵێکی بەرچاویان هەیە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سوڵتان بایەزیدی پاشای عوسمانییەکان، دوای ئەوەی جووەکان ساڵی ١٤٩٢ لە ئیسپانیا و ساڵی ١٤٩٦ لە پورتوگال دەرکران، زۆربەیان لە ئەنادۆڵ پەنا دەدرێن و نیشتەجێ دەبن[٨]. کاتێکیش ساڵی ١٩٤٨ دەوڵەت-نەتەوەی یەهوودیی ئیسرائیل بە فەرمیی ڕاگەیەنرا، دەوڵەت-نەتەوەی تورک وەک یەکەم دەوڵەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دانی بە ئیسرائیلدا نا. جووەکان ئەنادۆڵ بە نیشتمانی دووەمی خۆیان دەزانن. وەک چۆن[٩] لە ساڵی ١٩٩٢ لە ئەستەنبوڵ نەوەی جووە کۆچبەرەکان و نەوەی خانەخوێکانی پێنجسەد ساڵ لەوەوبەر یادی هاتنی جووەکانیان لە ئیسپانیاوە بۆ تورکیا کرد بە جەژن.

٨- بێرنارد لویس، بەریەککەوتنی کەلتوورەکان (مەسیحییەکان، موسڵمانەکان و جوولەکەکان). وەرگێڕان: یاسین حاجی زادە، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٨، ل ٤١ ـ ٤٤.

٩- هەمان سەرچاوە، ل ٤٢.

دوای ئـەوەی بەهـاری عەرەبـی لـە سـاڵی ٢٠١١ سـەر هەڵـدەدات، پریشـکی ئاگرەکـە بـەر ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەکەوێت و چەندیـن گۆڕانکاریی سیاسیی و سـەربازیی بە تایبـەت لـە سوریا و ئێراق ڕوو دەدەن. دەرفەتێکـی مێژوویـی بـۆ کـوردان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان دێتـە پێش، جا خۆیان ڕێک دەخـەن و پارێزگاریی لـە بوونی نەتەوەیی خۆیان دەکـەن. پاش ئەمـە دەوڵەتـی تورک هەمـوو هەوڵـی خۆی بۆ دژایەتیی و لەناوبردنی ئـەم پارچەیـەی کوردستان دەخاتـە گـەڕ.

سـاڵی ٢٠١٣ داعش (دەوڵەتـی ئیسـلامی لـە ئێراق و شـام) سـەری هەڵدا و بەشـێک لـە خاکـی سوریا و ئێراقـی داگیـر کـرد. تورکیا بووە ترانزێتـی توندڕەوەکانـی هەمـوو وڵاتـان و لـەو ڕێگەیـەوە دەچوونـە نێـو داعشـەوە. دەوڵەتـی تـورک سپۆنسـەر و پاڵپشـتی سـەرەکیی داعـش بـوو، دەیویسـت لـەو ڕێگەیـەوە بەشـێک لـە خاکـی سـووریا و ئێـراق داگیـر بـکات و زیندووکردنـەوەی ‹میسـاقی میلليـی› بکاتـە ئەمـری واقیـع. جگـە لـەوە چەندیـن گرووپـی چەتـەی تیرۆریسـتی درووسـت کـرد و بە هاوکاریی ئـەوان سـاڵی ٢٠١٨ هەرێمـی عەفرین و سـاڵی ٢٠١٩ سـەرێکانی و گـرێ سـپییان لـە ڕۆژئـاوای کوردسـتان داگیـر کـرد و چەندیـن تاوانـی مرۆڤایەتییان ئەنجام دا (تـا ئێسـتاش بەردەوامـە). بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئەمریکا و بەریتانیـا دژی هەوڵـی زیندووکردنـەوەی میسـاقی میللیی بوون، ئـەو خەونـە سـەت سـاڵییە بـەدی نەهـات. لـە بەرانبـەردا دەوڵەتـی تـورک دیسـان سیاسـەتێکی دووڕووی لەگـەڵ ئەمریـکا و یەکێتیـی ئەورووپـا بەڕێـوە دەبـرد: لـە لایەکـەوە خـۆی وەک هاوپەیمـان و ئەندامـی سـەرەکیی ناتـۆ دەزانـی،

لە لایەکی دیکەشەوە دژی هێزەکانی هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا لە ئێراق و سووریا، ڕێککەوتنی سەربازیی و بازرگانیی و ئۆپەراسیۆنی هاوبەشی لە سوریا لەگەڵ ڕووسیا ئەنجام دەدا.

ئەمریکا دوای جەنگی جیهانیی دووەم ڕۆڵی کەواسووری بەر لەشکری هەژموونگەرایی سیستەم دەگێڕێت، لە ساڵی ١٩٥٢ کۆماری تورکیای کرد بە ئەندامی ناتۆ و بە گوێرەی بەرژەوەندیی سیاسەتەکانی خۆی کۆنترۆڵی کردووە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا سیاسەتە لووتبەرز و ئاژاوەگێڕییەکانی دەوڵەتی تورک دژی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی، وایان کردووە سیاسەتی ئەم دەوڵەتە تا ڕادەیەکی زۆر لەناو سیستەمی سەرمایەداریی جیهاندا بکەوێتە ژێر گومانەوە و جێگرەوە بۆ پێگەی جیۆپۆلەتیکیشی بخرێتە ڕۆژەڤەوە.

دەوڵەتی تورک هەمیشە پێگەی جیۆپۆلەتیکیی و خۆیشی وەک تاکە هاوپەیمانی ناتۆ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووەتە پەڵپ و پاساو بەرانبەر هێزە هەژموونگەرەکانی ڕۆژئاوا تا هەموو خواست و چاوچنۆکییە سیاسییەکانی بەدی بهێنێت. بەڵام دوای داگیرکردنی ئێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، پاش جێگیربوونیان لە بەشێکی خاکی سووریا (لە دوای ساڵی ٢٠١٤)، دۆستایەتیی ستراتیژی سەرمایەداریی لەگەڵ دەوڵەتانی عەرەبیی و بەتایبەت کەنداو و هاوپەیمانی هەمیشەییان لەگەڵ ئیسرائیل، چیتر ئەو پێگە سەرەکییەی تورکیا لە ئاستی هەرێمیی و نێودەوڵەتییدا وەک خۆی نەمایەوە. لە ئێستادا قۆناغی پەراوێزخستنی جیۆپۆلەتیک و بێبەشکردنی سیاسەتی دەوڵەتی تورک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستی پێ کردووە.

ساڵی ٢٠٢٠ بە سەرپەرەشتیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە واشنتنی پایتەخت ڕێککەوتنێکی دیبلۆماسیی لە نێوان ئیسرائیل و هەردوو وڵاتیی عەرەبیی ئیمارات و بەحرەین واژۆ کرا، تا ببێتە بە بنەمایەک بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان ئیسرائیل و وڵاتانی عەرەبیی. ئەمەش بە «ڕێککەوتنی ئیبراهیم» ناودێر کرا، کە لە ناوی پەیامبەر ئیبراهیمەوە هاتووە وەک باپیرە گەورەی هەرسێ ئایینە ئاسمانییەکە: جوو، مەسیحیی و ئیسلام. بەو ڕێککەوتنە ئیمارات و بەحرەین چوونە ڕیزی دەوڵەتە عەرەبییەکانی وەک میسر (لە ساڵی ١٩٧٩) و ئوردن (لە ١٩٩٤) بۆ ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل.

هەنگاوێکی تر بۆ نزیککردنەوەی ئیسرائیل و هەندێک دەوڵەتی عەرەبیی لە یەکتری، خۆی لە پرۆژەیەکی ستراتیژیی ئابووریی دەبینێتەوە، ئەمە بە ڕێڕەوی ئابووریی هند ـ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ـ ئەورووپا (IMEC) ناو دەبرێت و لە کۆبوونەوەی کۆمەڵەی G٢٠ لە نیودلهی لە ساڵی ٢٠٢٣ پێشنیاری لەسەر کراوە. ئەم پرۆژەیە ڕێڕەوێکە لە هندەوە بە دەریادا بۆ کەنداو دێت، لە ڕێگەی هێڵی ئاسنیشەوە ئیمارات، سعوودیە، ئوردن و ئیسرائیل پێکەوە دەبەستێت و لەوێشەوە لە دەریای ناوەڕاستەوە دەگاتە کیشوەری ئەورووپا. ئەم پرۆژەیە ئەو دەوڵەتانە دەگرێتەوە وا وەک هاوپەیمانی ئەمریکا دادەنرێن. بەم پرۆژەیەش ململانێ ئایینیی و نەتەوەییەکانی نێوان هەندێک لە دەوڵەتانی عەرەبیی و ئیسرائیل، کە بۆ قووڵایی مێژوو دەگەڕێنەوە، دەچنە قۆناغێکی نوێ و

دەگۆڕێن بۆ بەرژەوەندیی سەرمایەداریی. جگە لەوەش ئەمریکا دەیەوێت جێگرەوە و ڕکابەرێک بۆ پرۆژەی دەستپێشخەری «یەک پشتێن ـ یەک ڕێگە» یان ڕێگەی ئاوریشمی چین بدوزێتەوە، کە چین لەو ڕێگەیەوە بە سیاسەتی نەرم وردەوردە دێتە نێو قووڵایی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە و مەترسیی بۆ تاکجەمسەریی و هەژموونی ئەمریکا درووست کردووە.

هاوکات ئاماژەکانی ململانێی دەوڵەتە هەرێمییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەوە دەچن ئەمریکا و ئیسرائیل هەوڵ دەدەن گۆڕانکاریی لە نەخشەی ناوچەکەدا بکەن. لەو پێناوەدا پرۆژەی ‹ڕێڕەو ـ نەخشەی داود› پێشنیار دەکەن، بەپێی ئەم نەخشەیە ئیسرائیل، سووریا و ئێراق پێکەوە دەبەستێت و دەبێتە ڕێڕەوی ئاسایش و ئابووریی نێوانیان. ئەمەش هەر لە چوارچێوەی پرۆژەی هەژموونگەرایی ئیسرائیلدایە لە نیلەوە بۆ فورات.

کاتێک دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی تورک دەبینن بەهۆی پرۆژەی ڕێڕەوی ئابوورییەوە پێگەی جیۆپۆلەتیکیان پەراوێز خراوە، هەوڵ دەدەن هەم پرۆژەی ڕێڕەوی ئابووریی کە بە ئیسرائیلدا تێدەپەڕێت، هەم ڕێڕەو ـ نەخشەی داود و هەمیش ڕێککەوتنی ئیبراهیم لە نێوان عەرەب و ئیسرائیلدا ئاستەنگ بکەن. بۆیە دەوڵەتی تورک دەستی کرد بە هاندانی حەماس لە کەرتی غەزە تا هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل. ڕاستییەکەی ئەوانەی ئەمەیان دەویست ئەمریکا و ئیسرائیل بوون. ئەوان دەیانویست بە دەستپێکردنی شەڕ بیانوویەک بدۆزنەوە و ئاستەنگەکانی بەردەمیان؛ واتە حەماس و

حزبوڵا ڕاماڵن. ئیسرائیلیش ساڵانێک بوو خۆی بۆ سەرکوتکردنی حەماس و لەناوبردنی حیزبوڵا ماتە دابوو، ئەو هێرشەی بە هەلێکی مێژوویی زانی تا ئامانجەکانی هەژموونی سەرمایەداریی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەدی بهێنێت. ویستی هیچ هەڕەشەیەکی سەربازیی لە سەر پرۆژەی بازرگانیی لە دەریای ناوەڕاست نەمێنێت. ئاشکرایە لە درووستبوونی دەوڵەت-نەتەوەوە کاربەدەستان و خودی دەوڵەت-نەتەوەی تورک بۆ جێبەجێکردنی پلانەکانی ئیسرائیل، بەریتانیا و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕۆڵی سیخوڕ و گێرەشێوێنیان گێڕاوە. ڕۆڵی سیخوڕیی و داردەستێتیی دەوڵەتی تورک بۆ ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕوژئاوا لە دوو باردایە، یەکەم: کاتێک بیانەوێت لە هەلومەرجێکی سیاسیی ناوخۆیی، هەرێمیی و نێودەوڵەتییدا دژی نەیاری بەرژەوەندییەکانیان بەکاری بهێنن؛ دووەم: کاتێک بە هەمان هەلومەرج بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانیان لە دژی خۆیان بەکاری دەهێنن. بە درێژایی سەدەی بیست پرسی کورد و فەلەستین لە لەنێو دەستاڕی ئەم گەمە هەواڵگرییەدا کراوەتە قووربانیی.

دەوڵەتی تورک بۆ ئەوەی پێگەی جیۆپۆلەتیکیی خۆی بپارێزێت و خۆی وەک ناوەندی گواستنەوەی بازرگانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بهێڵێتەوە، لە ئێستادا هەوڵ دەدات هێڵێکی گواستنەوەی بازرگانی لەژێر ناوی «پرۆژەی ڕێگەی گەشە» لەگەڵ ئێراق دابمەزرێنێت، کە لە کەنداوەوە بە ناو ئێراق و تورکیادا تا بەندەری ئەستەنبووڵ درێژ دەبێتەوە و لەوێشەوە دەگاتە وڵاتانی

ئەورووپا. تورکیا لە لایەکەوە ئەم پرۆژەیەی وەک جێگرەوە و ڕکابەری پرۆژەی ڕێڕەوی ئابووریی (IMEC) پێش خستووە، لە لایەکی دیکەشەوە هانی حەماسی دا هێرش بکاتە سەر ئیسرائیل بۆ ئەوەی ئەو پرۆژەی ڕێڕەوی ئابوورییە، کە ناوەندەکەی ئیسرائیل و باشووری قوبرسە، شکست بهێنێت. بەڵام بێدەنگیی دەوڵەتانی عەرەبیی لە بەرانبەر هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر غەزە و باشووری لوبنان، خۆی لە خۆیدا واتای سووربوون و یەکلاکردنەوەی سەرکەوتنی پرۆژەکەیە. هەرچەندە گەر پرۆژەی «ڕێگەی گەشە» سەرکەوتووش بێت، هێشتا تورکیا ئەو پێگەی پێشووتری نابێت کە لە ڕێگەیەوە خۆی بە پردی پەیوەندیی بازرگانی نێوان ئاسیا و ئەورووپا دەزانی و بە درێژایی تەمەنی دەوڵەت-نەتەوەکەی وەک پەڵپ و کارتی فشار بەرانبەر هەر هێزێکی هەرێمیی و نێودەوڵەتیی بەکاری دەهێنا، بە تایبەت کاتێک دژی قڕکردنی کوردان و چارەسەرنەکردنی پرسی سیاسیی کورد هەڵوێست و تێگەیشتنیان جیاواز بووایە.

لەمانەش بترازێت تورکیا لە چەندین شوێنی ستراتیژی لووتی دەبێت بە لووتی بەرژەوەندییەکانی ئێران و هاوپەیمانەکانییەوە، لەم بەستێنەدا گەرەکێتیی هەڕەشە لە ڕێڕەو و پێگە ژیۆپۆلەتیکیی و سەربازییەکانی ئێران بکات، پرۆژەی ‹لاجورد و زەنگزوور› لەم بەستێنەدا باڵکێشن، ئەوەی ئاو دەکات بە ئاشی ئەم چاوچنۆکییەی تورکیادا ئەوەیە؛ پانتورکیزم لە ڕووی مێژووییەوە ئێران بە قووڵایی ستراتیژیی خۆی دەزانێت.

بەم شێوەیە ترسی لەدەستدانی پێگەی جیۆپۆلەتیکیی، کە سەرچاوەی سەرەکیی دەسەڵات و هێزی تورکیایە، تورکیای خستووەتە ترسێکی گەورە و «پێچی دەستارەکە». ئەو سیاسەتانەی بۆ ماوەیەک سوودی کاتییان بە تورکیا بەخشی، ئێستا کاریگەرییان لەناو سیستەمی سەرمایەداریی جیهاندا لەدەست داوە. تورکیا کەوتووەتە دۆخی بنبەستی سیاسیی و توانای خۆگونجاندنی لەگەڵ هەلومەرجی بەرژەوەندیی و ململانێی هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی نەماوە.

جێی ئاماژەیە پرۆژە ئابوورییە هەرێمیی و نێودەوڵەتییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بنەڕەتەوە بۆ بەرژەوەندییە سیاسییەکانی دەوڵەت-نەتەوەکان و هەژموونگەرایی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی، یان لە دژی هێزی دیکەی نێودەوڵەتیی پێش دەخرێن، نەک لەپێناو ئاشتی و پێکەوەژیانی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆیە نابنە چارەسەری بنەڕەتیی بۆ کێشە و ململانێ سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە تایبەت بۆ پرسی کورد و فەلەستین. بە واتایەکی دیکە، پرۆژە ئابووریی و بازرگانییەکان لەپێناو کاڵکردنەوەی سنوورەکانی بەردەم سەرمایەداریی نێودەوڵەتییە لەناو چوارچێوەی جەمسەری ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا، نەک کاڵکردنەوەی سنوورەکانی دەوڵەت-نەتەوەکان و پێشخستنی پرۆژەی مۆدێرنیتەی دیموکراتیکی گەلانی ناوچەکە. گەر ڕێککەوتنێک بۆ پرۆژەی ئابووریی و سیاسیی لە نێوان دەوڵەتە هەژموونگەرەکانی ڕۆژئاوا، دەوڵەتانی عەرەبیی و ئیسرائیل

هەبێت و پێگەی تورکیا پەراوێز بخرێت، لەبەر ئەوەیە ئێستا بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە هەژموونگەرەکان گۆڕاون و تورکیا وەک پێشتر بەشێک نییە لە هەژموونی سیستەمی سەرمایەداریی جیهانیی. ڕێککەوتنی چەند هێزێک و پەراوێزخستنی هێزێک یان چەند هێزێکی دیکە، دەرئەنجامی سیاسەتی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییە، نەک سیاسەتی نەتەوەی دیموکراتیک.

کەواتە لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لەسەر پارچەکردنی کوردستان و چارەسەرنەکردنی پرسی کورد دامەزراوە، بۆ دەربازبوون لەو گێژاو و قەیرانانەی سەرچاوەکەیان بۆ مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی دەگەڕێتەوە، تێپەڕاندن و هەڵوەشاندنەوەی سیستەمەکە و هاوسەنگیی نوێش بە چارەسەری پرسی کوردەوە بەندە. بەڵام چەوتیی هەرە مەزنی دەوڵەتی تورک ئەوەیە خۆی سپاردووەتە ئەو ئەرکەی دەوڵەتە هەژموونگەرەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی لە دامەزراندنییەوە بۆیان چێ کردووە، لەبری ئەوەی پرسی کورد چارەسەر بکات، تاکە هەوڵی ئەوە بووە کورد سەرکوت بکات و پەکەکە لەناو ببات. بەڵام لە ئێستادا لە لایەکەوە بەهۆی بەرخۆدانی کوردان بە پێشەنگایەتیی پەکەکە، لە لایەکی دیکەشەوە بەهۆی کەڵەکەبوونی ئەو کێشانەی سەرچاوەکەیان بۆ سیستەمی دەوڵەت-نەتەوە دەگەڕێنەوە، لە سەروەختی لەدەستدان و پەراوێزخستنی پێگەی جیۆپۆلەتیکیی و سیاسەتی نێودەوڵەتییدایە.

بۆیە کێشە هەنووکەییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئەوەمان پێ

دەڵێن سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی توانای چارەسەری ئەو کشانەی نییە وا خۆی هۆکار و سەرچاوەیانە. ئاسایش و ئارامیی ئەو دەوڵەت-نەتەوانەی کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، مسۆگەر و پارێزراو نابێت، گەر لەناو سنوورەکانیدا کورد بە نائارمیی و بێ مافی ناسنامەی نەتەوەیی بژێت. چارەسەری کێشەی کورد بە ڕێگەچارەی دیموکراتیک لەگەڵ دەوڵەت-نەتەوەکانی تورک، ئێراق، سووریا و ئێران لە ڕێگەی پەسەندکردنی مافی نەتەوەیی دیموکراتی گەلی کورد و ستاتۆی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیانەوە بەدی دێت. کێشەی کورد بووەتە گرێکوێرەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە بەرانبەر سیستەمی دەوڵەت-نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش، گەشەدان بە مۆدێلی نەتەوەی دیموکراتیک و بونیادنانی کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتیک، کە جەستە و شێوە سیاسییەکەی ئەو مودێلەیە، پێویست و حەتمییە. وەک ڕێبەر ئۆجالان دەبێژێ: کاتێک کوردستانی کۆنفیدراڵی دیموکراتیک مۆدێلی نەتەوەی دیموکراتیکی خۆی پێش بخات، بە دڵنیاییەوە دەتوانێت یەکێتیی و یەکینەی هاوشێوە لەگەڵ کۆمەڵگە دراوسێکانی هەر بەشێک ئاوا بکات. ئەگەر پێکهاتەی هاوشێوە لە تورکیا، ئێران، ئێراق و سووریا پێش بخرێت، ئاشکرایە کوردستانی کۆنفیدراڵیی دەبێتە ناوکی یەکێتیی نەتەوەی دیموکراتییانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

★★★



شاخ و شار:

دوو ستایلی ژیان

وەلید عومەر

"ستایلی ژیان"، زاراوەیەکی باوی سەردەمی ئەمڕۆمانە، کۆمەڵێک وێنە بە زەیندا دەهێنێتەوە، لە چەشنی شارنشینی، بەرخۆری (مەسرەفگەرایی)، وێرانکردنی ژینگە، تاکگەرایی و نامۆبوون و هتد... هەتا شاخنشینی و گوندنشینی، وەک پاشکۆی شاری لێ هاتووە، جۆرێک پەراوێزی گەشتیاری بۆ ستایلی ژیانی شار. ئەویش دوای کزداگەڕانی خەباتی چەکداریی سەدەی بیست کە "شاخ" (چیا) جێی نیشتەجێبوونی هەزاران مرۆی خەباتکار بوو. وێڕای ئەوەی کۆمەڵگای ئێمەش خۆی پتر گوندنشین بوو، لێ پەرەسەندنی شار و شارۆچکەکان وای کرد ژیانی گوندنشینی بەگشتی بپووکێتەوە.

لەم یاداشتە کورتەدا، هەندێک سەرنج لەمەڕ ستایلی ژیانی شار و شاخ دەخەینە ڕوو. ئەویش پشتئەستوور بەو ئایدیایەی کە ئێمە لە شاخەوە هاتینە شار، جۆرێک ژیانی سەرەتایی شارمان

تاقی کردەوە، بەڵام تووشی کۆمەڵێک بنبەست و گەندەڵیی سیاسی، بەهایی، ئاکاریی و شارستانیی هاتین. ئەمەش وا دەکات جارێکی تر لە ڕووی تیۆرییەوە بیر لە ستایلی ژیانی شاخ بکەینەوە، شاخێکی «نێوانگریکراو»، ئەوەی وا لەڕێی شارەوە گەیشتووەتەوە سەر خۆی، ئەوەی کە دوای قۆناغێکی شار باسی دەکەین. شاخی یەکەم، لە مێژووی چەکدارییدا شاخێکی سرووشتی و پڕ و پۆزەتیڤە، شتێکە هێشتا بە ئاگایی شاردا تێنەپەڕیوە، بەڵام شاخی دووەم شاخی دوای شارە، شاخێکی کەرتبوو کە هەمیشە بۆشاییەک لە خۆیدا دەهێڵێتەوە بۆ ئەوەی ڕاڤە بکرێتەوە و لە مرۆڤ و سیاسەت و پاشانیش خۆی ڕابمێنێتەوە:

شاخ ← شار ← شاخ

یان درووستتر: شاخ ← شار ← ~~شاخ~~

بۆ ئەم مەبەستەش، ستایلی ژیانی گەریلا وەک نموونەی شاخ وەردەگرین، ئەو ستایلەی کە دەتوانێت توخمێکی نەفیکار بێت و ڕەخنە لە گەندەڵییە ئاکاریی و بەهاییەکانی شار بگرێت. ئەمەش بەهۆی جۆرێک لە بەراوردەوە دەرەخسێت، جۆرێک لە بەگژاکردنی تیۆری: ئاخۆ ژیانی شاخ دەتوانێت مۆدێل یاخۆ ئاوێنەی ڕیفۆرم بێت بۆ شار؟ یان شار وەک دیاردەیەکی مۆدێرن ڕێچکەی خۆی گرتووە و خاڵی گەڕانەوەی نییە؟ دیارە ئەم پرسیارانەش لە دەوری ئەو ڕاستییە دەسوڕێنەوە کە خەباتی گەریلا لە شاخ، پتر وەک ستایلی ژیانی لێ هاتووە؛ نەک ئەوەی دۆخێکی کاتی و ئاوارتە

بێت و چاوەڕێی ژیانی شار بن. وەک بڵێی شۆڕش پتر پرۆسەیەکی هەتاهەتاییە نەک ڕاگوزەر، ئەوەی لە شاخ دەگوزەرێت خۆی بەشێکی بەدیهاتنەکەیە، بەشێکی ئەو شتەیە کە هەوڵی بۆ دەدرێت. بە دەربڕینێکی تر، شاخ پردێکی کاتیی پەڕینەوە نییە بۆ شار، بەڵکوو پێشوەخت ڕەخنەکردنی شار و گەڵاڵەکردنی بەدیلێکیشە بۆی. ئەویش لە سەردەمێکدا کە شار ستایلی زاڵە و کەموکورتییە بونیادییەکانیشی بەدیارکەوتوون. بۆیەشە ستایلی شاخ، پتر وەک ژیانێکی ئازادانە دەردەکەوێت نەک ناچاری، شتێکە مرۆ خۆی هەڵی دەبژێرێت نەک ئەوەی بنبەست و تەنگەتاوکردن بێت.

دیارە مەبەستمان لە شاخ، دیاردەیەکی جوگرافیی ڕووت نییە، بەڵکوو جۆرێک ئیمکانی ژیانکردنە کە دەتوانێت بیر لە شاریش بکاتەوە. بۆیە نە شاخ و نە شاریش هیچیان جەوهەریی ناکەینەوە، واتە وەک دیاردەیەکی نەگۆڕ وەریان ناگرین کە بۆ هەمیشە بە کۆمەڵێک خەسڵەتەوە بمێننەوە (توخمێکی بڵندنشین و ترانسێندێنتاڵە کە ئیمکانی جیاجیای ئەزموونکردن دەڕەخسێنێت). شارێک لەناو کۆپەیوەندییەکانی سەرمایەدا بێت جیایە لە شارێک کە لە سەردەمێکی تردا بژی. وەک چۆن دەشێت شاخ سیمبوڵی ئازادی بێت و هاوکات پێچەوانەکەشی هەڵبگرێت. باسەکە شاخ و شارە لە یەک سەردەمدا، کە دەتوانین هەریەکەیان وەک نوێنەری ستایلێکی ژیان وەربگرین. گەر لە شاردا بیرۆکراسییەت و ئیدارەیەکی چڕوپڕ هەبێت، هاوتاکەی لە شاخدا وەردەگەڕێت بۆ پەروەردەیەکی توندوتۆڵ کە ئامانجەکەی شتێکی ترە. یان کێشەی ناسنامە لە شاردا

پتر فەردانییە، بەڵام لە شاخ شوناسێکی "سەروو-فەردانی"یە. زۆر خاڵی تریش هەن دەتوانن ئەم جیاوازییەمان بۆ ڕوون بکەنەوە، بەڵام ئێمە دەمانەوێت پێشوەختە ئیمکانە ئەرێنییەکانی شاخ بدەین بەسەر شاردا. شاخێک کە ڕەخنەیە بۆ سەر کۆپەیوەندییەکانی شار و ئایدیاڵەکانی. هەڵبەت ئەوەشمان بیرنەچێت کە شاخ جیایە لەو سرووشتگەراییەی وا دەشێت فەیلەسوفێک یان عارفێک بۆی بگەڕێتەوە. شاخ لێرەدا لە پەیوەندییدایە بە شارەوە، خەسڵەتی پێ دەدات، دەست لە هەناوی وەردەدات و دان بەو ڕاستییەشدا دەنێت کە "شار، وەک ڕووداوێک ڕووی داوە و بیرکردنەوە لە ناواخنەکەی، پێویستی بە ڕامانی نوێیە".

لە ژیانی شاردا چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ زۆرن، چونکە چەمکی "ماف" بەردەوام مرۆڤ دەخاتە سەر کەڵکەڵەی ئەوەی زیاتری هەبێت. گەر سیاسەتێکیش نەبێت ئەو کەڵکەڵانەی مرۆڤ ڕێک بخات، ئەوە مرۆڤ لە دۆخێکی گرژ و پڕ نیگەرانییدا دەمێنێتەوە. ئەمە بێ لەوەی لە شاری مۆدێرندا پەیوەندیی مرۆڤ و ئەویتر پتر بە یاسا ڕێک دەخرێت. یاسای نووسراو، بۆ پەیوەندیی کۆمەڵێکی زۆر «غەریبە» دادەڕێژرێت. بڕی بەختەوەرییش هەر بەستراوەتەوە بەوەی پەیوەندیی یاسا و ماف چۆن دەکەوێتەوە. بەڵام لە ستایلی ژیانی شاخدا، کە لە چەندین ئەزموونەوە دەردەکەوێت، بەهایەک مرۆڤەکان کۆدەکاتەوە و بە شێوەیەکی حەرفی جەخت لەسەر چەمکی "ماف" نەکەنەوە. ماف لەوێ، ئەو ڕەهەندە پاتۆلۆژیکەی شاری نییە، بەڵکوو لە چەمکی "ئەرک"دا

دەتوێتەوە – ئەرکێک کە بەخۆشحاڵییەوە پێشوازیی لێ دەکرێت و هەر خۆیشی جۆرێک لە چێژ و بەختەوەری بەرهەم دەهێنێت. ئەو گرژییەی شار، لە شاخ بەهەوادا دەچێت، تووشی پرۆسەیەکی وەک بڵندبوونەوە (sublimation) دێت: بڵندبوونەوە، میکانیزمێکی دەروونییە بۆ بەرهەمهێنانی چالاکیی جۆراوجۆر، چالاکییەک کە لەژێرەوە هەوڵ دەدات کەمترین گرژیی لێ بکەوێتەوە.

بەم پێیە، کۆی ژیانی شاخ، جۆرێک بڵندبوونەوە و پاڵفتەکردنی ژیانی پڕگرژیی شارە. لە شاردا سەرگەرمییەکان هەمەڕەنگن، بەڵام مرۆڤ تێیدا ونە و شمەک و کەرەستەی نامرۆیی زاڵە. لە ستایلی ژیانی شاخدا، مرۆڤ وەک مرۆڤ زیاتر ئامادەیە، چونکە سەرگەرمییەکان بە نێوانگریی مرۆڤ دەڕەخسێت: بە نێوانگریی هاوڕێ، هاوبیر، هاوخەبات و هتد. ئاشکرایە سەرگەمییە ڕۆژانەییەکان لەوێ سەرگەرمیی بەشەکیین و ئەوەی ڕۆڵێکی گشتەکی و سەرەکییتر دەگێڕێت، ئەو ئامانجە سەرەکییەیە وا هاوەڵانی نێو ڕەوتێک یاخۆ ستایلێکی ژیان بۆی تێدەکۆشن. هەڵبەت هەر لێرەشدایە کە پێویست دەکات تووشی "کورتکردنەوە" نەیەین و شاخ نەکەینە ئامرازێکی سادە لەپێناوی گەیشتن بە ژیانی شاردا، بەڵکوو ژیانی شاخ خۆی بەشێکە لە ئامانجەکە. شاخ خۆی بەشێکە لەو بزاوت و بوونبە (صەیروورە)ـیەی دەیوێت لە هەناوی خۆیدا ژیانی شاریش تێبپەڕێنێت. خەسڵەتە پێکهێنەرەکانی ژیان لە شاخ، لە چەشنی ژینگە، جلوبەرگ، سێکس، هاوڕێیەتی، سەرقاڵی، ڕێتم و خێرایی و هتد... گۆڕانیان بەسەردا دێت. ڕاستییەکەی

ڕۆڵی مرۆڤ بەکۆ گۆڕانی بەسەردا دێت: کۆپەیوەندییەکانی شار ڕوویان لە جێیەکە و کۆپەیوەندییەکانی شاخ لە شوێنێکی تر. لە شاردا پاڵنەری مەرگ لە فۆرمی وەڕسی، پووچی، زێدەکارکردن، نامۆییدا خۆی دەردەخات؛ بەڵام لە شاخ ئەو دیاردانە تووشی "بڵندبوونەوە" دەبن و دەگۆڕێن بۆ دیاردەگەلی وەک زیندەڵی، مانداری، زێدەچالاکی و خۆفیداکردن. ئەو جەنگ و مەرگەی لە ستایلی ژیانی شاخدایە، خودی مەرگ دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە مانا، بەها و شادمانی. لە شاخ، مرۆڤ زۆر خەمی ئەوەی نییە چی هەیە و دەبێت چەندی هەبێت، بەڵکوو گەرەکە ئەوەی هەیە، بە ژیانی تاکەکەسیی خۆشیەوە، بدرێتە دەم ئایدیایەکی گەورەوە.

لێرەدا ئەوەی بەدەست دێت، سووکبوونەوەی فشاری ژیانە وەک لەوەی لە شاردا هەیە. هەر لە کۆتایی ئەم خاڵەوە نابێت ئەوەشمان بیر بچێت کە شاخ (چیا) لێرەدا بە واتای دژەمۆدێرن، بەهای گوندیی پێشمۆدێرن و کۆنەپارێزانە نایەت. بەڵکوو شتێکە هاوشانی ژیانی شار و بگرە دوای ژیانی شاریش دەگوزەرێت، ئەوەی ناومان لێ نا «نێوانگریکراو». واتە جۆرێک لە ستایلی ژیانە و لەنێوان شاخ و شاردا ڕێ دەکات، جۆرێک ئاوارتەی هەمیشەیی دەردەکەوێت کە لە بەهاکانی شاردا کۆتایی نایەت و زیاتر دەڕوات: جۆرێک لە توخمی زیادە کە لە شاردا ناتوێتەوە و نیشانەکانی نەخۆشیی شار (سەمپتۆمەکانی شار) دەگۆڕێت بۆ چالاکییەکی ئاسانتر و تەندرووستتر.

لە شاری مۆدێرندا جۆرێک داروینیزمی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام لەژێر یاخۆ لە نێوبەینی پەیوەندییە مرۆییەکاندا شاراوەتەوە، یان دابەش کراوە و ناوی جیاجیاش لە هەر بەشێکی نراوە. توندوتیژییە جارنەجارەکانی شار، گەڕانەوەی ئەم ململانێ بەدەوییە داروینییەیە کە بەتەواوی هەرس نەبووە. ئەم داروینیزمەی سرووشتی مرۆڤ گەر لە سرووشت و شاخیشەوە درێژ بووبێتەوە، لە شاردا هێشتا حەل نەبووە. لە ستایلی ژیانی گەریلاییدا، داروینیزمەکە دەهاوێژرێتە سەر دوژمن، دوژمنێک کە دەبێتە نوێنەری خراپەی ناو شارستانییەت (لەم حاڵەتەشدا ئەو دوژمنە، فاشیزمێکە وەک بەڵاگەردان کار دەکات). دەروون لە شاردا باجی داروینیزمێکی ژێرەوانکێ دەدات، بەڵام لە شاخ دەدرێتە دەم ئایدیایەکەوە و دوور دەخرێتەوە. دەروون لە شاخ، مادام گەڕانەوەیە لە شار و بڵندکردنەوەیەتی، بۆیە درووستتر و نۆرماڵتر هەڵدەسوورێت (ڕەنگە هەڵەش نەبین گەر بڵێین بڵندیی شاخ، خۆی فۆرمێکی پێشوەختەی شوێنەکی بۆ ئەم بڵندبوونەوە دەروونییە دەرەخسێنێت). دراوسێیەتیی مرۆڤەکان لە شاردا لەسەر بنەمای «بەدگومانییەکی بنەڕەتی» ڕۆ نراوە و خۆی خاڵی تراومایی "ئەویتریێتی"یشە، بەڵام لە شاخ گۆشەی مامەڵەکردن بەم خاڵە تراوماییە پاتۆلۆژیکەوە، گۆڕانی بەسەردا دێت: دراوسێیەتییە ئاسۆییەکە وەردەگەڕێت بۆ جۆرێک لە چڕبوونەوە و گردبوونەوەی "لە ئەویتر-داماڵراو" کە هیچکەس وەک دراوسێی ئەویتر نامێنێت - ئەویتر خۆیشی تووشی بڵندبوونەوە دەبێت، هەتا گەر بڵندبوونەوەیەکی مەجازی و کاتییش بێت. ئەویتری

بەشـەکی و ڕۆژانەیـی لەپێنـاوی ئەویتـری دوژمنـدا لەبیـر دەچێتـەوە.

فرێدریک نیچـە، لـە چەندیـن شـوێنی فیکـری خۆیـدا، ستایشـی ئـەو سـتایلەی ژیـان دەکات کـە خاڵـی نەبێتـەوە لـە ئاڵنگاری و جەنـگ. بـە ئاشـکراش لـە ژیانـی شـار بێـزارە، فەزڵـی جەنگـەڵ و دارسـتانیش دەدات بـە سـەر شـاردا. شـار بـە شـوێنی شـەهوەت و چاوچنۆکـی دادەنێت، شـوێنی پیـاوان و ژنانـی دەروونپیس. کار دەگاتـە جێیـەک، بگوترێـت نیچـە ستایشـی ڤایکینگـە کۆنـەکان دەکات. دیـارە لـە کـۆدا نیچـە دەزانێـت ژیـان لەنـاو ئاڵنگاریدا نەبێت، دەگەنێت. خۆخشـاندنی بـەردەوام لـە مـەرگ، نـەک مەرگپەرسـتی، ئـەو سـتراتیژەیە کـە نیچـە ستایشـی دەکات. چیانشـینە خەباتگێڕەکانی کـورد، خـودی مەرگیـش وەک کەڕنەڤاڵێـک وەردەگـرن کـە سـەرەتایەکە و دەبێـت گـرێ بدرێـت بـە سـەرەتایەکی نوێتـرەوە (لـە مەراسـیمی ناشـتنی شـەهیدەکاندا، ئـەم کەڕنەڤاڵـە ژیاندۆسـتانەیە دەبینیـن). ژیانـی چیایـی لای نیچـە، بـە پێچەوانـەی شـاخەوانییە کاڵاییەکانـی ئەمڕۆوە، ژیانێکـە بـە نێوانگریـی سـەرکێشـی و مـەرگ. هـەر بەپێـی نیچـە، لـە شـاخ زانسـتی شـاد بەرهـەم دێـت، شـار دەبێتـە زۆنـگاوی زانیـن، ئـەوەی کـە بەهایەکـی نوێـی لێـوە بەرهـەم نایـەت و بەشـداریی ئـەو نیهیلیزمـە تایبەتـەش دەکات کـە «دوا-مرۆڤ»ـی تیـا دەژی. گەریلایـەک کـە بـۆ کۆمەڵێـک بەهـای نـوێ تێدەکۆشـێت، خـۆی پێشـوەخت پێـی خسـتووەتە نـاو ئـەو بەهایانـەوە. سـتایلی ژیانـی وی، سـەرپێکەوتنی پێشـوەختەی ئـەو بەهایانەیـە. ئـەو سـتایلە ژیانـە، کەمتـر بیـر لـە جێگیربـوون دەکاتـەوە؛ بۆیـە پرۆسـەیەکە بەڕێوەیـە، و مـەرگ و ژیـان لـە کۆیەکـی بزێـودا

کۆ دەکاتەوە. سەرەنجام مرۆڤە ئایدیاڵەکەی نیچە و گەریلاش، لە سنووری زانستە سیاسییەکاندا نامێننەوە؛ چونکە سنووری بەها و دامودەزگاکانی دەوڵەت و شار تێدەپەڕێنن. دیارە ئەم بەهایانە تا ئەو ساتەی نەگشتێنرێن و نەبنە ئەزموونی گشتینەی مرۆڤەکان، ئەوا تەنیا وەک ستایلێک دەمێنێتەوە.

لە شاخ، پەیوەندییەکان مەعنەویین تا ڕەسمی و یاسایی، بە مانایەکی تر «هەڤاڵانە»ـن؛ بە پێچەوانەی شارەوە کە پتر هاوڵاتیبوونە. دیارە لە شاردا مرۆڤەکان هاوڕێن، بەڵام لە چەند کەسێکی کەم تێناپەڕن. پێشوەخت لە شاخ، هەزاران کەس دەچنە پەیوەندیی هەڤاڵێتییەوە و ناوی تایبەت دەسڕدرێتەوە. لە شاردا خاوەندارێتیی تایبەت (private property)، لە ناوی تایبەتەوە دەست پێ دەکات، ناوەکە پیرۆز دەکرێت، چاوی لە موڵکی تایبەتە، بە جۆرێک ئەم ناوە تا ئاستی هەڵاوسان دەبرێت و پەتایەکی وەک پەتای ناوبانگی لێ دەکەوێتەوە. ئەم پەتایە دەتوانێت بەها مرۆییەکان پێشێل بکات و ئەوانی تر بکاتە پردی سەرکەوتنی خۆی. بۆیە کاڵکردنەوەی ناوی تایبەت لە کۆپەیوەندییەکانی شاخدا، هەنگاوی یەکەمە بۆ جەنگین دژی خاوەندارێتیی تایبەت. دیارە خاوەندارێتیی تایبەت بەم شتانە ناسڕدرێتەوە و ڕیشەکەی لەوە داکوتراوترە، بەڵام مرۆڤەکان دەتوانن بەئاگاییەوە هەندێک ئاسۆی نوێ بکەنەوە بۆ ئەوەی لە مەترسییەکانی تێبگەن. ناوی تایبەت لە شاردا، میدیا و شوێنی کار و دەزگاکانی تەنیوە و خاوەندارێتیی تایبەتی بەرەو جێیەک بردووە کە ڕەنگە بتوانین ناوی بنێین

”نەخۆشیی ناو“. ئەم نەخۆشییە، باجی نەمانی ئایدیایەکی گەورەیە کە بتوانێت فشارەکانی سەر تاکەکەس کەم بکاتەوە.

بەهۆی پەرەسەندنی تەکنۆلۆژیای سەربازیی و جەنگەوە، ستایلی ژیانی شاخ قورستر دەبێت، بەڵام کۆتایی نایەت. تەکنۆلۆژیا ئەو دژیەکییە ناوەکییەی لە خۆیدا هەڵگرتووە تا ببێتە بەشێک لە ستایلی ژیانی شاخیش؛ لانیکەم وەکو بەرگری و بەرپەرچدانەوە. ئەوەی لەم ئاڵوگۆڕانەدا گرنگە، دیوە مرۆییەکەیەتی: شتی نامرۆیی، ناتوانێت کۆتایی بە ناکۆکییە مرۆییەکان بهێنێت. بگرە چەمکگەلی وەک ئیرادە، هێز، بەرگری و هتد... تۆختر دەبنەوە. هەتا پرسگەلی وەک پاڵەوانی و بەرخودان، شوێنی خۆیان دەگۆڕن نەک ئەوەی خۆیان بگۆڕێن و بسڕێنەوە. جێگۆڕکێ جیایە لە بنەبڕبوون. شاخ، ناوەڕۆکە مرۆییەکەی لەدەست نادات و هەر دیاردەیەکی تەکنیکی و نامرۆیی، ئەو ستایلەی ژیان دادەڕێژنەوە. داڕشتنەوەکەش بەشەکییە نەک گشتەکی. لەم ڕووەوە، شاخ هەمیشە وەک ترسێک لە هەناوی شاردا دەمێنێتەوە. ئەم ”لەسەنتەرخستن“ـەی شار، نموونەی لە مێژووی خەباتدا زۆرە و بۆ داهاتووش هەر درێژە دەکێشێت.

ئێمە لە دوای ڕاپەڕینەوە لە باشووری کوردستان لە شاخ هاتینە خوار بەرەو شار، بەڵام لەڕووی فیکر و پەروەردە و ڕوئیاوە هێشتا ئامادەی شار نەبووین. شار کرایە شوێنی کەڵەکەکردنی خێرای سامان و حیزبچێتی. لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا، نەخشەی بنیاتنانی

مرۆڤێکی نوێ لەبار چوو. تا گەیشتینە ئەو بنبەستەی ئەمڕۆ کە ناچار بین جارێکی تر بیر لە ماتەوزەکانی شاخ بکەینەوە – شاخ وەک دەسپێکێکی نوێ کە لە خەباتی گەریلادا مانای نوێتری وەرگرتووە. ڕاستییەکەی ئەزموونی ڕۆژئاڤای کوردستان یەک لەو ئەزموونانەیە کە بەرەنجامی ڕوئیای شاخە. دەشێت شاخ (چیا) ببێتە سەرچاوە بۆ چەندین ئیمکان و ئەزموونی تر.

★★★

کوردەکان؛ فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سلاڤۆی ژیژەك

لەئینگلیزییەوە: ئازادیی کۆمەڵگە

چەپڕەوە ئەورووپییەکان کورد ڕەت دەکەنەوە لەبەرەوەی پشتیان بە نەتەوە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستووە؛ وەلێ ئەمە هیچ نییە بێجگە لە ناپاکییەکی چەپەڵی تر.

مەگەر خۆیان ڕازیین ببنە قوربانی تەنیا لەبەر خاتری هاودەنگی دژەئیمپێریالیستیی؟ لە ئان و ساتێکدا کە دەوڵەتە سەربەخۆکانی تەنیشتیان خەریکە خۆیان لە بەربەرییەتێکی نوێ هەڵدەژەنێن، کوردەکان تاکە تروسکایی هیوان.

(سلاڤۆی ژیژەک)

پتر لە سەد ساڵێک لەمەوبەر کارڵ مەی پەڕتووکێکی پڕفرۆشی بە ناوی 'بەناو کوردستانی کێوییدا' نووسی، پەڕتووکەکە لەمەڕ سەرکێشییەکانی کارا بین نێمسی پاڵەوانی ئەڵمانییە. ئەم پەڕتووکە ناودارە لای خەڵکانی ئەورووپای ناوەڕاست دیدگایەکی لەمەڕ کوردستان هزراند: گوایە ناوچەیەکە لە شەڕی خوێنڕێژانەی هۆزەکان، دڵسافی ساویلکانە و بەشەرەفی وەلێ هاوکات خاوەنی خورافە، ناپاکیی و شەڕێکی دڕندانەی هەمیشەییشە. پەڕتووکەکە لەناو شارستانییەتی ئەورووپیدا بووە کاریکاتێرێک بۆ گاڵتەکردن بە ئەویتری بەربەریی.

گەر سەیری کوردەکانی ئەمڕۆکە بکەین، لە پێکناکۆکییان بەو هزرە کلێشەییە دەحەپەسێین. لە تورکیا – بەو پێیەی باش لە ئاگاداری دۆخی ئەوێم- سەرنجم داوە کوردە کەمینەکان مۆدێرنترین و سێکولارترین بەشی جڤاکن؛ لاتراسکەیان لە گشت بوونیادگەرایيەکی ئاییینیی بەستووە و خەریکی فێمینیزمی پێشکەوتوون و هتد... (با ئەو وردەکارییەشی لە ئەستەنبووڵ فێری بووم باس بکەم: تەنانەت ئەو چێشتخانانەی هیی کوردن، بەرگەی هیچ سووکە خورافەیەکیان پێ ناگیرێ....).

عەبقەرییە دەروونجێگیرەکە (خۆ-ناولێنانەکەی ترەمپ خۆی) بیانووی بۆ ناپاکییەکەی ئەم دواییەی لە کورد هێنایەوە (بەو واتایە هێرشی تورکەکانی بۆ سەر قەڵەمڕەوی داخراوی کورد لە باکووری سووریا پەسەند کرد) بە وتنی ئەوەی: "خۆ کوردیش فریشتە نییە". بە دڵنیاییەوە بۆ ئەو وایە، چونکە تاکە فریشتەی ئەو ناوچەیە ئیسرائیلییەکان (بەتایبەت ئەوانەی کەناراوی ڕۆژاوا) و سعودییە (بەتایبەت ئەوانەی یەمەن). لێ هەرچۆنێک بێت هەر بە ڕاستیی کوردان تاکە فریشتەی ئەو بەشەی جیهانن.

چارەنووسی کوردەکان وای لێ کردوون ببن بە نموونەیترین قوربانیی گەمەی داگیرکاریی ژیۆپۆلەتیکیی: بەو پێیەی بە سەر سنووری چوار دەوڵەتی دراوسێدا (تورکیا، سووریا، ئێراق، ئێران) دابەش کراون، بۆیە ئۆتۆنۆمی تەواوەتییان لە بەرژەوەندیی کەس نییە و بە تەنیا خۆیان باجەکەیان داوە.

ئەرێ هێشتا بۆمبارانە گازخنکێنە بەکۆمەڵەکەی سەداممان دەرهەق بە کوردەکانی باکوری ئێراق لە کۆتاییەکانی ١٩٨٠ بیر ماوە؟ بەم دواییانە، چەندین ساڵە تورکیا بە پڕوپاگەندەی شەڕ دژی داعش، خەریکی گەمەیەکی تۆکمەی سیاسیی-سەربازییە، وەلێ ڕاستییەکەی ئەو کوردانە بۆمباران دەکات وا بە کردەیی شەڕی دژی داعش دەکەن.

لەم دەیانەی دواییدا، توانای کوردەکان بۆ بیناکردنی ژیانێکی جڤاکیی تاقی بوویەوە، بە جۆرێک لە دۆخێکی ئەزموونەکیی بێوێنەدا: هەر ئەوەندەی بواریان دان تا ئازادانە لە دەرەوەی ململانێی دەوڵەتانی دەوروبەریان هەناسە بدەن، جیهانیان تاساند.

پاش کەوتنی سەدام، ئەو ناوچە کوردییەی دەکەوێتە باکووری ئێراق، بوو بە تاکە شوێنی سەلامەت لە ئێراق، کە دامەزراوەی باش و تەنانەت گەشتی فڕۆکەیی بۆ ئەورووپا هەبێت. لە باکووری سووریا، ناوچە کوردییەکە -ڕۆژاڤا - لەناو ئەو هەموو ئاژاوە ژیۆپۆلەتیکییەی ئەمڕۆدا بوو بە شوێنێکی دانسقە: هەر ئەوەندەی دراوسێ زلهێزەکانیان ناوبڕێکیان دانێ- چون هەمیشە هەڕەشەیان لێ دەکردن، یەکسەر جڤاکێکیان سەرپێ خست، جڤاکێک ناتوانین بە هیچی تر ناوی ببەین بێجگە لە یۆتۆپیایەک کە بە واقیعی بوونی هەیە و چاک ئیش دەکات.

بەگوێرەی ئەو بوارەی کاری تێدا دەکەم، زوو سەرنجی ئەو کۆمەڵگا ڕۆشنبیرییەکەی ڕۆژاڤام دا وا خەریک بوو سەری هەڵدەدا و خۆیشیان چەندین جار بۆ وانەوتنەوە بانگهێشتیان کردم- وەلێ ئەو پلانانە بەهۆی گرژییە سەربازییەکانی ناوچەکەوە بێبەزەییانە لەبار بران.

لەگەڵ ئەوەش ئەوەی خەمباری کردم کاردانەوەی هەندێک لە هاوپیشە 'چەپ'ـەکانم بوو، گوایە بەوە بەلەسە بوون کوردەکان پشتیان بە هێزی سەربازیی نەتەوە یەکگرتووەکان بەستووە.

لە کاتێکدا لە گێژاوی گرژییەکانی تورکیا و شەڕی مەدەنیی سووریادا گیریان خواردووە، دەبوو چی بکەن؟ گەلۆ لە نێوان ئاژاوەکانی ئێراق و ئەوانەی ئێراندا، بژاردەیەکی تریان هەیە؟ داخۆ تەنێ لەبەر خاتری هاودەنگیی دژەئیمپێریالیستی خۆیان کردبایەتە بە قوربانیی؟

ئەم خۆبەدوورگرتنە ڕەخنەییانەی 'چەپ'ـەکان بەقەد ئەو خۆبەدوورگرتنەی بەرانبەر ماکەدۆنیا کرا، قێزەونە؛ چەند مانگێک لەوەوبەر، گفتوگۆیەک هەبوو گوایە چۆن کێشەی ناوی 'مەکەدۆنیا' چارەسەر بکرێت.

ئەو چارەسەرەی پێشنیار کرا گۆڕینی ناوەکە بوو بۆ 'مەکەدۆنیای باکوور'، کەچی یەکسەر ڕادیکاڵەکانی هەردوو وڵاتەکە پەرچیان دایەوە؛ نەیارانی یۆنان سوور بوون لەسەر ئەوەی 'مەکەدۆنیا' ناوێکی یۆنانیی کۆنە، لە بەرانبەردا نەیارانی مەکەدۆنییەکان هەستیان بە سووکایەتیی دەکرد گوایە کورتیان کردوونەتەوە بۆ هەرێمێکی 'باکوور'، بەو پێیەی ئەمان خۆیان تاکە کەسێکن بە خۆیان دەڵێن 'مەکدۆنیی'.

گەرچی چارەسەرەکە نموونەیی نەبوو، لێ تروسکاییەک و سازانێکی گونجاوی بۆ کۆتاییهێنان بەو ململانێ درێژخایەن و بێمانایە پێ بوو. کەچی پرسەکە بە 'پێکناکۆکییەک'ی تردا برا: بوو بە ململانێی نێوان زلهێزەکان (ئەمریکا و ئەورووپا لەلایەک و ڕووسیا لەلایەکی تر).

ڕۆژاوا فشاری خستە سەر هەردوو لا تا ڕێکەوتنەکە پەسەند بکەن و دەستبەجێ مەکەدۆنیا بچێتە نێو یەکێتیی ئەورووپا و ناتۆوە. لە لاکەی ترەوە و هەر بە هەمان هۆکار (دەیانزانی مەترسیی لەدەستدانی بەلکانیان هەیە) ڕووسیا دژایەتیی کرد و پاڵپشتی هێزە نەتەوەپەرستە چەقبەستوو و دەمارگرژەکانی هەردوو وڵاتەکەی کرد.

کەوایە ئێستا بەرەی کێ بگرین؟ پێم وایە دەبێت بەرەی ڕێککەوتنەکە بگرین، ئەویش تەنیا بەو هۆکارەی تاکە چارەسەری ڕاستەقینەیە بۆ کێشەکە- ڕووسیا تەنیا لەبەر بەرژەوەندییە ژیۆپۆلەتیکییەکانی خۆی دژایەتیی دەکات. جا بۆیە گەر بێت و هیچ چارەسەرێکی ترمان پێ نەبێت، ئەوکات پشتگیریی ڕووسیا

بە واتای بەقوربانیکردنی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە تاقانەکەی پەیوەندیی یۆنان و مەکەدۆنیا دەکەین، ئەویش لەبەر خاتری بەرژەوەندیی ژیۆپۆلەتیکیی نێودەوڵەتیی. (ئێستاکەش فەڕەنسا ئەندامێتیی خێرای مەکەدۆنیای باکووری بۆ ناو یەکێتیی ئەورووپا ڕەت کردووەتەوە، کێ بەرپرسی هەر کارەساتێکی چاوەڕواننەکراوە لەو بەشەی باڵکان؟) داخۆ کوردەکانیش بەهۆی 'چەپڕەویی'ـە دژەئیمپێریالیستییەکەی ئێمەوە هەمان گورزیان لێ دەوەشێنرێت؟

هەر بۆیە ئەرکی سەر شانمانە سەرومڕ پشتگیریی بەرخۆدانی کوردان بەرانبەر داگیرکاریی تورکدا بکەین و بە ئاشکراش سەرکۆنەی گەمە پۆخڵەکانی زلهێزە ڕۆژاواییەکان بکەین.

لە کاتێکدا دەوڵەتە سەربەخۆکانی تەنیشتیان بە کاوەخۆ بۆ نێو بەربەرییەتێکی نوێ گلۆر دەبنەوە، کوردەکان تاکە ترووسکایی هیوان. جا ئەم پرسە لەبەر خاتری کوردەکان نییە، لەبەر خۆمانە، لەبەر ئەو جۆرە سیستەمە نوێ جیهانییەیە وا خەریکە سەرپێ دەکەوێت.

گەر بێت و کورد پشتگوێ بخرێت، ئەوا ئەو دەم سیستەمێک تانوپۆ دەکوتێت هیچ شوێنێک بۆ سامانی بەهاداری ڕزگارییخوازیی ئەورووپییەکان نامێنێتەوە. گەر ئەورووپا کوردەکان پشتگوێ بخات، ئەقا ناپاکیی لە خۆی کردووە. ئەو ئەورووپایەی ناپاکیی لە کورد بکات، بە دڵنیاییەوە دەبێتە ئەورووپاستانی ڕاستەقینە!

***



وانەکانی کۆبانێ

موراد فەرهادپوور – مەنسوور تەیفووری
لە فارسییەوە: ئەکبەر حەسەن

ناوێکی جوگرافیایی نوێ لەدایک بووە، بەبێ هیچ ڕەسمییەتێک لەسەر نەخشەیەک یان لای دەوڵەتێک، ناوێک کە وەک ناوی خەڵک خۆی هیچ شووناسێکی تایبەت نانوێنێتەوە، ناوێک کە زیادەیکە لە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ماشێنی جەنگیی سیاسەتە دەوڵەتی و دەسەڵاتتەوەرەکان ماوەتەوە. ئەو ماشێنی جەنگەی بەشار ئەسەد، سوپای ئازاد –کە بڕیارە بخرێتە جێگەی بەشار و ئازادی بهێنێت– و لە دواییشدا ماشێنی جەنگی ئیسلامیستە جیهادییەکان –کە داعش یەکێکە لە ناوەکانیان لە ئێستەدا– نوێنەرایەتیی دەکەن. ڕۆژاوا یان هەمان کوردستانی سووریا، هەر ئەو ناوەیە کە هیچ یەک لەو هێزانە نوێنەرایەتیی ناکەن و لە شێوەی زیادەیەکی نواندنەوە هەڵنەگردا، لەولای نواندنەوە باوە دەوڵەتییەکانەوە، بۆ دنیا زیاد بووە و سنوورەکانی ئیمکانی ڕاتەکاندووە. کۆبانێ ناوێکە بۆ دڵی بەتینوتاوی ئەم زیادە نواندنەوەهەڵنەگرە، ئەو خاڵەی ئەو سێ هێزەی ناومان بردن دەیانەوێت داگیری بکەن و داعش لە بەرەی یەکەمدایە بۆ ئەوەی بیگرێت و خەلافەتەکەی لەسەر هەڵچنێت، بەم جۆرەش، کانتۆنەکانی ڕۆژاوا لێک داببڕێت. بەڵام جگە لەم سێ هێزە دیاریکراوە، وەک دیارە، هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانیش لەگەڵ کەوتنی کۆبانێن، جا دەوڵەتەکان بن یان ڕێکخراوە نێونەتوەییەکان

و میدیا جیهانییە گەورەکان. ئەو کەمە وێنەش کە هەن، بریتین لە هەندێ ڤیدیۆ کە ئەوانیش لە ڕاستیدا بەرهەمی هەندێ کەسی نەناسراون و بەبێ یارمەتیی میدیاکانی خۆرئاوا درووست کراون. لە دەرەوەی ئەم نموونە دەگمەنە پەراوێزییانە، ئەو ئاماژە کەمەش لە میدیا گەورەکاندا بۆ ئەم بەرخۆدانە دەکرێت، زیاتر هەوڵە بۆ دابەزاندنی ڕۆژاوا و کۆبانێ بۆ دۆخ و ئاستی خەڵکێکی مەزڵووم و داماو، ئەو قوربانییە داماوەی کە کەرەستەیەکی خاوی لەبارە بۆ ئەوەی وەک کارەساتی مرۆیی لای میدیاکان و دەزگاکانی مافەکانی مرۆڤ وێنە بکێشرێت. جگە لە لایەنە ئایدیۆلۆژیکەکانی ئەم لەبیرکردنەی کۆبانێ و ڕۆژاوا، هۆیەکی دیکەش نەگونجانی نەزم و هێزەکانی پارێزەری کۆبانێیە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای ڕاستی پەڕگیر کە لە ناوچەکەدا زاڵە، هەر بۆیەش چاوەڕێی هاوپشتییان لێ ناکرێت. هەر بەم پێیەش، لەوانەیە هەندێ ئاماژەی ڕوونتر بۆ دۆخەکە پێویست بێت. ئەوەی چەپ دەتوانێ لە کۆبانێدا بیدۆزێتەوە و تا ئێستەش لێی خافڵ بووە، بۆ ڕەخنەی سیاسەتیش بەکەڵکە. بە دەربڕینێکی دیکە، لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە بێدەنگیی هێزە چەپەکان لە ئاست ئەو شتەدا لە ڕۆژاوا و بە تایبەت لە کۆبانێ ڕوو دەدات، دەشێت لە هەندێ لایەنی سیاسەتی چەپ باشتر تێ بگەین و بە خوێندنەوەی کۆبانێ ئەو توخمانە بدۆزینەوە وا سیاسەتی چەپ هێشتا لێیان بەتاڵە.

١. ئەزموونی مێژوویی خەباتەکان فێری کردووین کە کات یەکێکە لە توخمە ڕۆنەر و بنچینەییەکانی هەرچەشنە بەرخۆدان و

بەرەنگارییەک. بەڵام ئەوەی لە زۆربەی گوتارەکانی هەنووکەدا زاڵە، بە چەپیشەوە، هەوڵە بۆ دەسکەوتی خێرا و کورتماوە، کە بە زۆری مەحکوومە بە شکستی دەمەودەست. ئەوەی لە کۆبانێ خەریکی ڕوودانە، بە پێچەوانەی ئەم لۆژیکەیە. کۆبانێ وێنەی ئەو قوربانییەی لە خۆی پیشان نەداوە کە دەستەوەستانە و دەمەودەست سەرکوت دەکرێت. بە پێچەوانەوە، گوزارشتە لە بەرخۆدانێکی شێلگیر و بەردەوام، واتە ئەوە توخمی کات و بەردەوامییە کە ناوەرۆکی سەرەکیی بەرەنگاریی کۆبانێیییەکان ڕۆ دەنێت. کۆبانێ بەردەوامی بە کاتی بەرخۆدان دەدات و بە وەفاداری بۆ ڕووداوەکانی ڕابوردوو، ڕازی نابێت بەوەی کە وێنەی شۆڕش و هێزی خەڵک کورت ببێتەوە بۆ یەک چرکەی گەش کە بڕیارە خێرا بەسەر بچێت. لێرەشدایە ئەم خەباتە خۆی لە ڕوانگەی ڕۆمانتیک جوێ دەکاتەوە، واتە لەو ڕوانگەی وا لای وایە هێزی خەڵک تەنیا ئەو چرکەیە کە قەڵاکان دەگرن. بگرە ئەم ڕوانگەیە زیاتر حەز بەوە دەکات لە تینوتاوی ئەم چرکەیەدا بمێنێتەوە، ئەگەر تەنانەت باجەکەی ئەوە بێت خەڵک تا زووترە شکست بهێنن، بۆ ئەوەی ئایدیاکەی ئەم ڕوانگە ڕۆمانتیکە بسەلمێت وا دەڵێ ئەگەری هیچ بەرخۆدان و بەردەوامییەک نەماوە و نابێ بیر لە داهاتووی کورتماوە یان درێژماوەی خەبات بکەینەوە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، زوو بێت یان درەنگ، دژەشۆڕش و دوژمن زاڵ دەبنەوە و هەموو هەوڵێک بۆ درێژەدانی خەبات بێهودەیە. بەڵام خەبات لە کۆبانێ دەیسەلمێنێت کە بەرخۆدان هەمیشە پێویستی بە پێداگری، بەردەوامی و کردە و بیرێکە زادەی ئەم ڕوانینە بۆ خەبات.

٢. ئەزموونی مێژوویی ئەوەشی فێر کردووین کە سیاسەتی بەکۆمەڵ پێویستی بە گرتنی شوێنە. سیاسەتی خەڵکی و ڕزگاریخواز پێویستە گەردوونی و هەمەگیر بێت، بەڵام مادام هەموو گەردوونییەک تەنیا درزێکە لە تایبەتی و پاژەکیدا، کەواتە خەباتیش لە دواییدا دەبێ لە شوێنێکی تایبەتدا ڕوو بدات، شوێنێک کە سەرەتا دەگیرێت و هەموو سەرکەوتنێک بەستراوە بە پاراستنی ئەو شوێنەوە، شەقام و گەورەڕێگەیەک بێت، مەیدان یان شارێک، یان تەنانەت ناوچەیەکی وەک کۆبانێ. ئەوەی لە ئەزموونی خەباتی ڕۆژاوادا ڕوو دەدات، کە کۆبانێ دەرکەوتە ڕادیکاڵەکەیەتی، بریتییە لە گرتنی شوێنێک و هەوڵ بۆ پاراستنی بەرامبەر هەر چەشنە هێزێکی پاشکەوتنخواز و هەر دژەشۆڕشێک. ئەمە ئەو خاڵەیە کە پێویستە چەپ، زیاد لە هەر هێزێکی دیکە، لێی تێ بگات. لە کۆبانێ شوێن گیراوە و چۆڵ ناکرێت، ئەمە توخمێکی دیکە بۆ خەبات زیاد دەکات، کە لەگەڵ یارییە باوەکان یەک ناگرێتەوە. بەپێی یارییە باوەکە بڕیارە ئێمە، زوو بێت یان درەنگ، ئەو شەقامانە چۆڵ بکەین کە بە کردەوە/بیرکردنەوەی سیاسی کردوومانن بە هی خۆمان. هەڵبەت هەر ئەمە وای کردووە هەندێ هێز تۆمەتی ئەوە بخەنەپاڵ هێزەکانی ڕۆژاوا کە هاوکاریی ئەسەد دەکەن و ئەوە ئەسەدە بۆی چۆڵ کردوون و ئەگەر وانییە، چۆنە نەشکاون و هێشتا شوێنەکەیان ڕادەست نەکردووە. لە وێنەی ئەم خەباتەدا دەبینین پاراستنی شوێن هاوکات بە مانای پاراستنی دەسکەوتە هێماییەکانی خەباتی سیاسییشە.

٣. لەو وێنە ڕۆمانتیکەدا کە بۆ قوربانیی ئایدیال دەکێشرێتەوە، بەرگری هەیە، بەڵام مادام ئەم بەرگرییە کات، شوێن، بەردەوامی و هەمەگیریی لەگەڵ نییە، لە دواییدا دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە خەباتگێڕی و بەرگری، کە خۆی زیاتر جۆرێک هەڵوێستگرتن و شووناسی دەروونناسانەی تایبەت و جۆرێک شێوازی ژیانی شەخسییە. بەڵام لەم گۆڕانەی خەبات بۆ شێوەی ژیانی شەخسیدا، وەک بەدیووش ئاماژەی بۆ کردووە، توخمە بزرەکە بریتییە لە ئایدیا، یان هەمان پێداگری، جەختکردنەوە و سەلماندنی سیاسی. بەم مانایە، سیاسەتی ڕادیکاڵ تەنیا بریتی نابێت لەوەی خۆمان مەحکووم بەوە بزانین کە دەبێ بەرگری بکەین، بەڵکوو بریتی دەبێت لە خولقاندنی شتی نوێ، خولقاندنی فۆرمێکی دیکەی ژیانی بەکۆمەڵ. ئەوەی لە کۆبانێ ڕوو دەدات، لەودیوی بەرگریی ڕووت و تەنیا و کاتییەوەیەوە، سیاسەتی ڕادیکاڵ لە کۆبانێ هەوڵێکی بەکۆمەڵە بۆ خولقاندنی شێوەیەکی نوێی ژیانی بەکۆمەڵ. خەباتێک، کە ماناکانی سیاسەت و خەباتکاری وەردەچەرخێنێت و لە نوێوە پێناسەی دەکاتەوە.

٤. وێنەی زاڵی ململانێ لە ئەمڕۆکەدا بریتییە لە وێنەی شەڕی نێوان دوو هێزی دەوڵەتی، جا ئەم شەڕە ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی دارودەستەکانیانەوە. زاڵبوونی ئەم وێنەیە بۆ ململانێ، وای کردووە ئەم وەهمە دروست ببێت کە ئەوەش لە کۆبانێ ڕوو دەدات، تەنیا بریتییە لە شەڕی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دوو دەوڵەت، مادام وایە، ئەوە ئەسەد خۆیەتی لەوێیە و لە دواییدا کوردەکانیش هاوپەیمانین. بەڵام کۆبانێ ئەم وێنە باوەیشی تێک

داوە، چونکە ئەو خەباتەی لەوێ هەیە، نەک شەڕی دەوڵەت و دەوڵەت، بەڵکوو شەڕی نێوان دەوڵەت و نادەوڵەتە. لە کۆبانێ خەبات دژی دەوڵەتی ئەسەد یان داعش بە هیچ دەوڵەتێکەوە نەبەستراوتەوە، بەڵکوو خەباتێکە بە ناوی ئەو زیادە و پاشماوەوە وا بە ڕێکەوت ناسنامەیەکی دەوڵەتیی تایبەتی نییە: دەوڵەتێکی درووست نەکردووە و تەنیا بە ناوی کانتۆنە خەڵکییەکانەوە کار دەکات. ئەگەر خەڵک مانای ئەو شتەیە کە پاش هێماییکردنەوەی لە دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیا دەمێنێتەوە و بوونەکەی گرێ دراوە بە سیاسەتێکی نادەوڵەتییەوە، کەواتە ئەوە ناوی خەڵکە لە کۆبانێ خەریکی بەرەنگارییە. لە کۆبانێ ئەم وێنەیەش تێک دەشکێت کە نەزم و ئاسایش تەنیا بەرهەمی پۆلیس و زۆری قانوونە. دەبینین خەڵک لەوێ چۆنچۆنی پاوانکردنی مافی چەکداربوون لە پۆلیس دادەماڵن و لە ڕێگەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتەوە دەیسەلمێنن ئەوە پۆلیس خۆیەتی مەترسیدارە، دەری دەخەن تاقە ڕێگەی کۆنترۆڵ و دامەزراندنی نەزم و ئاسایشی بەردەوام و بەکۆمەڵ، کە لەگەڵ ئازادییە فەردییەکانیشدا بێتەوە، ئەوە نییە پۆلیسێکی دیکە درووست بکەیت.

٥. لە کۆبانێ، وێنەیەکی دیکەش تێ دەپەڕێنرێت، وێنەی سیاسەتمەداری پەروەردەکراو بۆ ڕێنوێنیی کۆمەڵگە، واتە هەمان تەکنۆکراتەکان. هەر وەک وێنەی ئەو زانا پێشڕەوەش کە ساڵانێکی زۆر لە کتێبەکاندا سیاسەتی ڕادیکاڵی خوێندووە و ئێستە زانستەکەی شەرعییەت و ڕەوایی ئەوەی پێ دەدات دەست لە سیاسەت

وەر بدات. لە وێنەی زاڵدا ئەوە تەنیا هەندێ کەسی پڕچەک بە زانستێکی تایبەتن کە ڕەوایی، لێهاتوویی و مافی ئەوەیان هەیە سیاسەت بکەن. بەڵام لە وێنەی سیاسەتی کۆبانێدا سووژەی سیاسەت، بە ڕێکەوت، هیچ ماف و توانایەکی تایبەتی بە مانا باوەکان نییە، چونکەنە زانستێکی تایبەتی هەیە و هیچ ئەویدییەکی دەرەکی (مێژوو یان ئاسمانێک) ئەرکی سیاسەتی پێ نەسپاردووە. ئەم سووژەیە هەر ئەوەیە وا دەیسەلمێنێت توانایی هەستکردن بە ستەم و خەبات بۆ نەهێشتنی، نە بە حەتمی بە هیچ شارەزایی و پسپۆڕییەکی تایبەتەوە بەستراوە و نە پێویستی بە ئیزن و ئیجازەی هیچ کەس یان دەزگایەک هەیە. لە دڵی ناسینەوەی ئەم توانایەوە، تیکڕای خەڵکێک جیاوازیی نێوان ژیان و کار لا دەبەن و لە دەرەوەی شارەزاکانەوە، سیاسەت دەکەن بە کاری هەمووان.

★★★



کۆڵۆنیاڵ و دژماناکانی چەمکی کۆزمۆپۆلیتانیزم لای ئیمانوێل کانت

شاهۆ عوسمان

ئەگەرچی کانت ڕاستەوخۆ لەبارەی کۆلۆنیالیزمەوە نەینووسیوە، بەڵام بیروڕاکانی سەبارەت بە یەکسانیی مرۆڤەکان (Gleichheit) و ڕەتکردنەوەی کۆیلایەتی (Sklaverei)، کاریگەرییان لەسەر ڕەخنەگرتن لە کۆلۆنیالیزم هەبووە. هەندێک لەو چەمک و بنەما فەلسەفییانەی کانت کە پەیوەندییان بە کۆلۆنیالیزمەوە هەیە، لەنزیکەوە پەیوەندییان بەو دۆخەوە هەیە.

چەمکە سەرەکییەکان

١. ئیمپەراتیڤی ڕەها (Kategorischer Imperativ): کانت پێی وایە مرۆڤ پێویستە هەمیشە بە شێوەیەک ڕەفتار بکات کە پرەنسیپەکانی (Grundsätze) ببنە یاسایەکی گشتی. بەپێی ئەم پرەنسیپە، کۆیلایەتیی و چەوساندنەوەی مرۆڤەکان ناڕەوایە، چونکە ناکرێت ببێتە یاسایەکی گشتیی و جیهانیی.

٢. مرۆڤ وەک ئامانج (Menschheit als Zweck): کانت جەخت لەوە دەکاتەوە کە پێویستە مرۆڤەکان هەمیشە وەک ئامانج لە خۆیاندا (Zweck an sich) مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەک وەک ئامراز (Mittel). ئەمە بەواتای ڕێزگرتن لە ئازادیی و بەهای تاکەکانە. کۆلۆنیالیزم پێچەوانەی ئەم پرەنسیپەیە، چونکە مرۆڤەکان وەک ئامراز بۆ بەرژەوەندیی کۆلۆنیالیستەکان بەکار دەهێنێت نەک وەک ئامانج لە خۆیاندا.

٣. کۆنفیدراسیۆنی جیهانیی (Weltbürgerrecht): کانت لە وتارەکەیدا بەناوی (بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی) باسی پێویستی دامەزراندنی

کۆنفیدراسیۆنێکی جیهانیی دەکات، کە تێیدا هەموو مرۆڤەکان وەک هاووڵاتی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەمە بەواتای ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە ئیمپریالیزم (Imperialismus) و داگیرکارییەکە.

٤. کۆزمۆپۆلیتانیزم (Kosmopolitismus): ئەمە چەمکە سەرەکی و سەنتەرییەکە لای کانت کە پشتیوانی لە بیرۆکەی هاووڵاتیبوونی جیهانیی دەکات و پێی وایە هەموو مرۆڤەکان ئەندامی کۆمەڵگەیەکی جیهانین و پێویستە بەپێی پرەنسیپە ئەخلاقییە گشتییەکان مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت. ئەم بیرۆکەیە دژی ئەو جیاکاریی و سنووربەندییە نەتەوەیی و ئیتنیکییانەیە وا بناغەی کۆلۆنیالیزمن. هەرچەندە کانت لە هەندێک بابەتدا بۆچوونی جیاوازی هەبووە (بۆ نموونە لەبارەی نەژادەکانەوە)، بەڵام بنەما فەلسەفییەکانی سەبارەت بە ئازادیی، یەکسانی و کەرامەتی مرۆڤ، بوونەتە سەرچاوەی سرووش بۆ ڕەخنەگرتن لە کۆلۆنیاڵیزم و داکۆکیی لە مافی گەلانی ژێردەستە.

لە پەراوێزی چەمکە سەرەکییەکانەوە

ئیمپەراتیڤی ڕەها (Kategorischer Imperativ):

کانت ئەم چەمکە لە کتێبی "بنەماکانی میتافیزیکای ئەخلاق" (Grundlegung zur Metaphysik der Sitten) باس دەکات. بەپێی ئەم پرەنسیپە، کردارێک تەنها کاتێک ئەخلاقییە کە بتوانرێت

وەک یاسایەکی گشتی بۆ هەموو مرۆڤەکان جێبەجێ بکرێت. کانت دەڵێت: "کردار بەپێی ئەو پرەنسیپە ڕێک بخە کە لەهەمان کاتدا دەتەوێت ببێتە یاسایەکی گشتی" (Handle nur nach derjenigen Maxime, durch die du zugleich wollen kannst, dass sie ein allgemeines Gesetz werde). بەپێی ئەم بنەمایە، کۆیلایەتی و چەوساندنەوەی مرۆڤەکان، وەک ئەوەی لە کۆلۆنیالیزمدا ڕووی داوە، ناتوانرێت قەبووڵ بکرێت، چونکە ناکرێت وەک یاسایەکی گشتی بۆ هەموو مرۆڤایەتی سەیر بکرێت.

مرۆڤ وەک ئامانج (Menschheit als Zweck):

کانت ئەم بیرۆکەیەش لە (بنەماکانی میتافیزیکای ئەخلاق) شی دەکاتەوە. پێی وایە پێویستە هەموو مرۆڤەکان (هەمیشە لەهەمان کاتدا وەک ئامانج لە خۆیاندا مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت، نەک وەک ئامراز،

(Handle so, dass du die Menschheit sowohl in deiner Person, als in der Person eines jeden andern jederzeit zugleich als Zweck, niemals bloß als Mittel brauchst).

ئەمە بەواتای ڕێزگرتن لە شکۆ (Würde) و سەربەخۆیی مرۆڤەکانە. کۆلۆنیالیزم ئەم بنەمایە پێشێل دەکات، چونکە داگیرکەران خەڵکی ژێردەستە وەک ئامراز بۆ بەدیهێنانی ئامانجە ئابووری و سیاسییەکانی خۆیان بەکار دەهێنن.

کۆنفیدراسیۆنی جیهانی (Weltbürgerrecht):

لە وتاری (بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی (Zum ewigen Frieden)، کانت جەخت لە پێویستی دامەزراندنی کۆنفیدراسیۆنێکی جیهانی دەکاتەوە، کە بنەماکانی مافی نێودەوڵەتی (Völkerrecht) و مافی هاووڵاتیبوونی جیهانیی (Weltbürgerrecht) بپارێزێت. کانت پێی وایە (مافی هاووڵاتیبوونی جیهان پێویستە بە مافی میوانداریێتی (Hospitalität) سنووردار بکرێت، واتە مافی هەموو بیانییەک بۆ ئەوەی لەلایەن دەوڵەتێکەوە وەک دوژمن مامەڵەی لەگەڵ نەکرێت ئەگەر بە ئاشتی سەردانی خاکەکەی بکات.

(Das Weltbürgerrecht soll auf Bedingungen der allgemeinen Hospitalität eingeschränkt sein).

ئەم دیدگایە دژی داگیرکاری و زاڵبوونی کۆلۆنیاڵیستییە.

کۆزمۆپۆلیتانیزموس (Kosmopolitismus):

کانت لە بەرهەمەکانیدا، بە تایبەتی (بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی) و (ئایدیای مێژوویەکی گشتی لە ڕوانگەیەکی کۆزمۆپۆلیتانییەوە" Idee zu einer allgemeinen Geschichte) (in weltbürgerlicher Absicht)، داکۆکی لە کۆزمۆپۆلیتانیزم دەکات. بەپێی ئەم بۆچوونە، هەموو مرۆڤەکان ئەندامی کۆمەڵگەیەکی جیهانین و پێویستە سەروەری یاسا و ئەخلاقی گشتی بپارێزن. کانت پێی وایە مێژووی مرۆڤایەتی بەرەو دامەزراندنی سیستمێکی

کۆزمۆپۆلیتانی دەڕوات، کە تێیدا (پێشێلکارییەکان لە هەر شوێنێک وەک پێشێلکاری هەموو شوێنەکان هەست پێ دەکرێت

DieVerletzung des Rechts an einem Platz der Erde) "
.(an allen gefühlt wird

ئەم بیرۆکەیە بناغەیەکی فەلسەفی میراتێکی گەورە بۆ بیرکردنەوە بۆ دژایەتیکردنی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم دابین دەکات.

کۆزمۆپۆلیتانیزم وەک بەجیهانیبوونی مرۆڤایەتیی

ئەم چەمکە پێناسەیەکی یەکگرتووی مرۆڤایەتی وەک کۆمەڵگەیەکی جیهانی پێشکەش دەکات، کە تێیدا هەموو تاکەکان وەک هاووڵاتیی جیهان (Weltbürger) مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، سەرەڕای جیاوازییە نەتەوەیی، ئیتنی، یان کەلتوورییەکانیان. بەپێی کانت، کۆزمۆپۆلیتانیزم لە سەر بنەمای ئەوە وەستاوە کە هەموو مرۆڤەکان ئەندامی کۆمەڵگەیەکی ئەخلاقی جیهانین (eine moralische Weltgesellschaft) و پێویستە بەپێی هەمان پرەنسیپە ئەخلاقییە گشتییەکان ڕەفتار بکەن. ئەمە بە واتای ئەوەیە مافەکانی مرۆڤ و کەرامەتی تاکەکان پێویستە لە هەموو شوێنێکی جیهاندا ڕێزی لێ بگیرێت، جا بەبێ ڕەچاوکردنی سنوورە نەتەوەیی و سیاسییەکان. لە ڕوانگەی کانتەوە، هەر زیانێک بە مافەکانی مرۆڤ لە هەر شوێنێکدا، وەک زیان بە هەموو مرۆڤایەتی سەیر دەکرێت. لای کانت مێژووی مرۆڤایەتی بە ئاڕاستەی پێشکەوتنی بەردەوام

بـەرەو پێکهێنانـی کۆمەڵگەیەکی کۆزمۆپۆلیتانـی هەنگاو دەنێت، کـە تێیدا دەوڵەتـان لـە چوارچێوەی کۆنفیدراسیۆنێکی جیهانیدا هاوکاری دەکـەن و مافەکانی هەمـوو هاووڵاتیانـی جیهـان دەپارێـزن.

ئەم پێشبینییە فەلسەفییە مێژووییە (geschichtsphilosophische Prognose) بە ئایدیای (پلانی نهێنی سرووشتەوە) (geheimer Plan der Natur)گرێ دراوە و بەپێـی کانـت، مێـژووی مرۆڤایەتـی بـەرەو ئامانجێکـی کۆتایـی، واتـە دامەزراندنـی سیسـتمێکی کۆزمۆپۆلیتانـی ئاڕاسـتە دەکرێت. بیرۆکـەی کۆزمۆپۆلیتانیزمی کانـت کاریگەرییەکی گـەورەی لەسـەر فەلسـەفەی سیاسـی و ئەخلاقـی هەبـووە. ئـەم چەمکە بناغەیەکی فەلسـەفی بۆ دژایەتیی کۆلۆنیاڵیزم و ئیمپریالیزم فەراهـەم دەکات، چونکـە ئـەم دیاردانـە لـە سـەر بنەمـای جیاکاریـی و سـەپاندنی دەسـەڵاتی نایەکسـان لەنێـوان گـەلان و کەلتوورەکانـدا وەسـتاون. بـە پێچەوانـەوە، کۆزمۆپۆلیتانیـزم داوای یەکسـانیی، دادپەروەریـی، و ڕێزگرتنـی دووقۆڵـی لەنێـوان هەمـوو مرۆڤەکانـدا دەکات، سـەرەڕای جیاوازییەکانیـان. هەروەهـا بیرۆکەکانـی کانـت سـەبارەت بـە کۆزمۆپۆلیتانیـزم کاریگەرییـان لەسـەر پەرەسـەندنی یاسـای نێودەوڵەتی، پاراسـتنی مافەکانی مرۆڤ، و پرۆژەکانی یەکێتیی ئەورووپـا و نەتـەوە یەکگرتـووەکان هەبـووە.

کۆزمۆپۆلیتانیزم وەک بیرۆکەی پێشکەوتنی گەلان

کانـت لـە وتـاری (ئایدیـای مێژوویەکـی گشـتی لـە ڕوانگەیەکـی

کۆزمۆپۆلیتانییەوە _١٧٨٤) بە تێروتەسەلی باسی بیرۆکەی کۆزمۆپۆلیتانیزم دەکات. لەم دەقەدا، کانت مێژووی مرۆڤایەتی وەک پرۆسەیەکی پێشکەوتنی بەردەوام بەرەو ئامانجێکی کۆتایی دەبینێت، کە بریتییە لە دامەزراندنی سیستمێکی کۆزمۆپۆلیتانی، ئەو دەڵێت،

(گەورەترین کێشە بۆ مرۆڤایەتی، کە سروشت ناچاری دەکات بۆ چارەسەرکردنی، بریتییە لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی، کە مافەکان بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوە دەبات. تەنها لەناو کۆمەڵگەدا، ئەویش کۆمەڵگەیەک کە گەورەترین ئازادیی و بەمەش ناکۆکییەکی بەردەوامی ئەندامەکانی و لە هەمانکاتدا وردترین دیاریکردن و پاراستنی سنوورەکانی ئەم ئازادییە هەیە، تاکو بتوانێت لەگەڵ ئازادی ئەوانی دیکەدا بگونجێت، – تەنها لەناو ئەمەدا ئامانجی بەرزی سرووشت، واتە گەشەپێدانی هەموو توانا و لێهاتووییەکانی، دەتوانرێت لەناو مرۆڤایەتیدا بەدی بهێنرێت. کەواتە کۆمەڵگەیەک کە تێیدا ئازادی لەژێر یاسا دەرەکییەکاندا بە گەورەترین ڕادە لەگەڵ هێزێکی بەرگەنەگر یەک دەگرێتەوە، واتە دەستوورێکی مەدەنی تەواو دادپەروەرانە، پێویستە ئەرکی بەرزی سرووشت بێت بۆ مرۆڤایەتی).

لێرەدا کانت جەخت لەسەر پێویستی دامەزراندنی (کۆمەڵگەیەکی مەدەنی دەکاتەوە، جا ئەمە مافەکان بە شێوەیەکی گشتی بەڕێوە دەبات، ئەمەش ئامانجی کۆتایی مێژووی مرۆڤایەتییە.

ئەم کۆمەڵگە کۆزمۆپۆلیتانییە پێویستە لەسەر بنەمای دەستوورێکی (تەواو دادپەروەرانە eine vollkommen gerechte)

(bürgerliche Verfassung دابمەزرێت کە ئازادیی و مافەکانی هەموو هاووڵاتیانی جیهان دەپارێزێت.

بە هەمانشێوە کانت لە وتاری (بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی_١٧٩٥) بیرۆکەی مافی هاووڵاتیبوونی جیهانی (Weltbürgerrecht) دەخاتە ڕوو، بەپێی ئەوە، هەموو مرۆڤەکان مافی ئەوەیان هەیە لە هەر شوێنێکی جیهاندا وەک (هاووڵاتی (Weltbürger) مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و لە مافە بنەڕەتییەکانیان بەهرەمەند بن. ئەو دەڵێت:

(پێویستە مافی هاووڵاتیبوونی جیهانی بە مەرجەکانی میوانداریێتی گشتییەوە (Hospitalität) سنووردار بکرێت. – لێرەدا، وەک لە بڕگەکانی پێشوودا، باس لە خێرخوازی نییە، بەڵکوو باسی ماف دەکرێت، لەم ڕووەوە میوانداریێتیی بەو مافەی بیانییەک دەگەیەنێت کە لەبەر گەیشتنی بە خاکی کەسێکی دیکە، نابێت وەک دوژمن مامەڵەی لەگەڵ بکرێت).

لێرەدا کانت هەوڵ دەدات بنەماکانی مافێکی جیهانی دابڕێژێت کە پاراستنی کەرامەت و مافەکانی هەموو مرۆڤەکان، بەبێ ڕەچاوکردنی سنووره نەتەوەیی و سیاسییەکان، گەرەنتی بکات. ئەم دیدگایە بناغەیەکی فەلسەفی بۆ نەهێشتنی کۆڵۆنیاڵیزم و ئیمپریالیزم مسۆگەر دەکات، چونکە ئەم دیاردانە بنەماکانی مافی هاووڵاتیبوونی جیهانی و ڕێزگرتن لە مرۆڤەکان وەک (ئامانج لە خۆیاندا) پێشێل دەکەن.

کۆڵۆنیاڵیزم وەک پێچەوانەی پرەنسیپەکانی کۆزمۆپۆلیتانیزم

کانت کۆڵۆنیاڵیزم بە دیاردەیەکی نادادپەروەرانە و ناڕەوا دەزانێت کە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی کۆزمۆپۆلیتانیزمە. لە ڕوانگەی کانتەوە، کۆڵۆنیاڵیزم لە سەر بنەمای بەکارهێنانی هێز و سەپاندنی دەسەڵاتی نایەکسان لەنێوان گەلان و کەلتوورەکاندا وەستاوە، ئەمە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و یاسای نێودەوڵەتییە. کانت لە وتاری (بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی)دا ڕەخنەیەکی توند لە کۆڵۆنیاڵیزم دەگرێت، مەبەستییەتی بڵێت، ئەم پراکتیکە مامەڵەیەکی دوژمنانە (feindselig) و دژ بە (مافی هاووڵاتیبوونی جیهانی Weltbürgerrech)ـیە. لەوێدا دەڵێت:

(ئەوانەی دەیانەوێت ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجام بدەن و سەرنجی ڕەفتاری نامیهرەبانانەی دەوڵەتە شارستانی و بازرگانییەکانی ئەم بەشەی جیهانەمان بدەن، دەبینن: ئەوان لە سەردانی وڵاتان و گەلانی بێگانەدا (کە لای ئەوان وەک داگیرکاریی بۆیان دەچێت) مافیان پێشێل دەکەن، ئەم وڵاتانە، ئەمریکا، وڵاتی ڕەشپێستەکان، دوورگەکانی بۆنوبەرام و هتد... لە کاتی دۆزینەوەیاندا بۆ ئەوان وڵاتی هیچ کەس نەبوون، چونکە دانیشتووانەکەیان بە هیچ دادەنان، لەشکری بێگانەیان بۆ ئەوێ برد تاکو لەوێ نیشتەجێ بن و بە گرێبەستی زۆرەملێ دەستیان بەسەریاندا گرت).

لێرەدا کانت ئاماژە بە پراکتیکە ستەمکارییەکانی کۆڵۆنیاڵیزم دەکات، وەک هێرشکردنە سەر سەرزەمینی گەلانی دیکە، پشتگوێخستنی مافی دانیشتووانی ڕەسەن، سەپاندنی دەسەڵاتی

داگیرکاریی لە ڕێی هێز و گرێبەستی نایەکسانەوە. بەپێی کانت، ئەم کردەوانە پێچەوانەی پرەنسیپەکانی کۆزمۆپۆلیتانیزم و مافی هاووڵاتیبوونی جیهانین، کە داوای ڕێزگرتن لە کەرامەت و ماف یەکسانەکانی هەموو مرۆڤەکان دەکەن.

بە پێچەوانەی کۆلۆنیالیزمەوە، کۆزمۆپۆلیتانیزم چوارچێوەیەکی یاسایی و ئەخلاقی پێشکەش دەکات کە پێویستە پەیوەندییەکانی نێوان گەلان و دەوڵەتان ڕێک بخات. کانت داوا دەکات هەموو مرۆڤەکان، سەرەڕای ڕەگەز، نەتەوە، یان کەلتووریان، وەک ئەندامی یەک کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیی مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت و خاوەنی هەمان ماف و کەرامەت بن. ئەمە بناغەیەکی دادپەروەرانە و یەکسان بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان دابین دەکات، کە لەسەر بنەمای هاوکاریی و ڕێزی دووقۆڵیی نێوان گەلان دامەزراوە، نەک سەپاندنی دەسەڵاتی لاوەکی. بەم شێوەیە، کۆزمۆپۆلیتانیزمی کانت وەک ئەلتەرناتیڤێکی ئەخلاقیی بۆ کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم دێتە بەرچاو.

ڕیشەی چەمکی (کۆزمۆ_پۆلیت)

کۆزمۆپۆلیتانیزم یەکێکە لە چەمکە سەرەکییەکانی فەلسەفەی سیاسی و ئەخلاقی کانت. لە وشەی یۆنانی (کۆزمۆپۆلیتێس_kosmopolitês)ـەوە هاتووە و بە واتای _هاووڵاتی(ی) جیهان_ دێت. لای کانت، کۆزمۆپۆلیتانیزم ئایدیایەکی ڕێنوێنیکەرە و داوا دەکات هەموو مرۆڤەکان وەک ئەندامی یەک کۆمەڵگەی ئەخلاقی

جیهانی مامەڵە لەگەڵ یەکتر بکەن، سەرەڕای جیاوازییە نەتەوەیی، کەلتووریی یان جوگرافییەکانیان. کانت لە چەند بەرهەمی جیاوازدا باسی کۆزمۆپۆلیتانیزم دەکات، بە تایبەتی لە وتارەکانی (ئایدیایەک بۆ مێژوویەکی گشتیی لە ڕوانگەیەکی کۆزمۆپۆلیتانییەوە_ ١٧٨٤) (بەرەو ئاشتییەکی هەمیشەیی_ ١٧٩٥).

لەم دەقانەدا، کانت ئەرکێکی ئەخلاقیی بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای مافە یەکسانەکانی هەموو مرۆڤەکان، سەربەخۆ لە سنوورە سیاسییەکان، دادەنێت. لە ڕوانگەی کانتەوە، کۆزمۆپۆلیتانیزم پێویستییەکی ئەقڵانییە بۆ پاراستنی ئاشتی و دادپەروەری لە پەیوەندییەکانی نێوان گەلاندا. ئەو پێی وایە گەشەسەندنی مێژووی مرۆڤایەتیی بەرەو ڕێکخستنێکی کۆزمۆپۆلیتانی دەڕوات و تێیدا ململانێ سیاسی و ئابوورییەکان چارەسەر دەکرێن و مافەکانی تاک لە سەر ئاستی جیهانیی دەپارێزرێن. کانت ئەمە وەک ئامانجێکی ئەخلاقیی دەبینێت کە پێویستە لە سەر هەموو دەوڵەت و تاکەکان کار بۆ وەدیهێنانی بکەن. تێگەیشتنی کانت لە کۆزمۆپۆلیتانیزم پەیوەندیی بە بیردۆزە گشتییەکانی لەبارەی ئەخلاق، ئازادی و پێشکەوتنەوە هەیە. بۆ کانت، سەربەستیی و خۆبەڕێوەبەریی تاک پێوەری بنەڕەتی کەرامەتی مرۆڤە، سیستەمە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان پێویستە بە شێوەیەک ڕێک بخرێن ئەم پرەنسیپانە بگرنەوە.

جێگای سەرنجە کانت کۆزمۆپۆلیتانیزم بە دژی نەتەوەخوازیی یان دەوڵەتی جیهانی نابینێتەوە. لە ڕوانگەی ئەوەوە، دەوڵەتە

نەتەوەییە سەربەخۆکان دەتوانن و پێویستە ببنە بەشێک لە پێکهاتەیەکی گشتگیرتری یاسایی و ئەخلاقی و مافی هەموو مرۆڤەکان بپارێزێت. مەبەستی کانت لە کۆزمۆپۆلیتانیزم هەڵوەشاندنەوەی سنوورە نەتەوەییەکان نییە، بەڵکوو دامەزراندنی چوارچێوەیەکی نێودەوڵەتی بوو کە تێیدا دەوڵەتان و گەلان لە سەر بنەمای هاوبەشی مافی مرۆڤ و ئازادیی کار بکەن.

هەروەک چۆن، کانت کۆزمۆپۆلیتانیزم بە پێشمەرجێکی گرنگ دەزانێت بۆ پێشکەوتنی مێژوویی مرۆڤایەتی و گەشەسەندنی ئەخلاق و ئەقڵانییەت. لە دیدی ئەوەوە، تەنها لە ڕێگەی دامەزراندنی پێکهاتەیەکی یاسایی و سیاسی جیهانییەوە دەتوانرێت ئاشتی هەمیشەیی و چارەسەری ئاشتیانەی کێشە و ناکۆکییەکان دەستەبەر بکرێت. ئەمەش بنەمای سەقامگیریی و پێشکەوتنی درێژخایەنە. کەواتە کۆزمۆپۆلیتانیزم بە تەنها ئایدیایەکی سیاسی یان یاسایی نییە لای کانت، بەڵکوو بەشێکی گرنگە لە فەلسەفە گشتگیرەکەی لەبارەی مرۆڤ و کۆمەڵگە و مێژووەوە. ئامانجی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی بریتییە لە دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی جیهانیی کە تێیدا مافی هاووڵاتیبوونی جیهانی بۆ هەموو کەسێک دەستەبەر دەکرێت و لەسەر بنەمای ئەخلاق و یاسای ئەقڵانی دادەمەزرێت. کۆزمۆپۆلیتانیزم پرۆژەیەکی ئەخلاقی و سیاسییە و کانت بە پێویستی دەزانێت بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بگاتە قۆناغێکی بەرزتر لە پێشکەوتن و ڕۆشنگەریی.

سەرچاوەکان:

1. Kant, Immanuel. "Idee zu einer allgemeinen Geschichte in weltbürgerlicher Absicht." 1784. In: Akademieausgabe (AA) Band VIII, S. 15–31

2. Kant, Immanuel. "Zum ewigen Frieden. Ein philosophischer Entwurf." 1795. In: Akademieausgabe (AA) Band VIII, S. 341–386.

★★★



واتای ئیمپریالیزم

لە ئیمپریالیزمی نەریتییەوە تاکوو ئیمپریالیزمی نوێ و کۆمپانیا فرەنەتەوەکان*

هاری ماگدۆف

لە فارسییەوە: وریا ئەحمەد

وشەی ئیمریالیزم لە زماندا، لە ڕیشەی ئیمپراتۆرییەوە داتاشراوە، واتا چێکردنی ئیمپراتۆرییەت. لە مانای بەرینیدا هەموو چەشنە فراوانخوازی، قەڵەمڕۆخوازی و هەژموونییەکی بەهێز بەسەر لاوازەوە، دەگرێتەوە. ڕوونە ئەم جۆرە ئیمپریالیزمە هەمیشە بە درێژایی دیرۆک بوونی هەبووە. وەکوو ئیمپراتۆرییەتەکانی ئێران، ڕۆم و عوسمانیی و ئەوانی تر. لە سیستەمی نێودەوڵەتیی یۆنانی کۆندا، ڕستێک کۆلۆنی لە دەریای ئیژەدا هەبوون، زادەی حەوجەی دەوڵەتەشارە بەهێزەکانی وەکوو ئەسینا و ئەسپارتا بە پێگە ستراتیژییەکان و پاراستنی ڕێڕەوە ئاوییەکان بوون. هەرەوەتر، ئەم داگیرگانە بۆ ڕاکێشانی زیادەی ژمارەی دانیشتووان و دابینکردنی خۆراک، سوودیان لێ دەبینرا.[١]

ئیمپریالیزم، وەک چەمک، مانایەکی نوێتریش دەگرێتەوە، ئەویش فراوانخوازیی دەوڵەتەیلی پێشکەوتووی ئەورووپاییە لە بەشەکانی تری جیهاندا لە ماوەی ٥٠٠ ساڵی دواییدا. ئەم جۆرە فراوانبوون و گەشەیە، بە لەدایکبوون و پێگەیشتنی سەرمایەدارییەوە ڕایەڵ کراوە.[٢] بەو واتایەی پێشڤەچوونی سەرمایەداری، گۆڕانکارییەکانی بواری تەکنەلۆژیا، پێویستییەکانی هەڵقوڵاو لە دینامیکێت و زەروورەتی ناوەکیی ئا ئەم شێوازی بەرهەمهێنانە (حەوجە بە کەڵەکەکردن)، فراوانخوازی و هەژموونسەپاندنیان بەسەر سەرزەمینەیلی دیکەدا لێ کەوتووەتەوە.

ئیمپریالیزم لەم مانایەدا بە تەنێ بە واتای کۆلۆنیالیزم یان

1- 2. k.J. Holsti, International Politics (Prentice Hall, 1975), P 46.

2- 3. H. Magdoff. Imperialism From the Colinial age to the Present (M. R. 1978) P. 117.

داگیرگەسازیی نایەت، ئاخر بەگوێرەی پێویستییەکانی قۆناغە جیاجیاکانی پێشڤەچوونی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، شێواز و جۆری چەوسانەوە جیاواز بووە، بەم پێیە پاش تێپەڕاندنی کۆلۆنیالیزم یان داگیرگەسازیی کلاسیک و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی لەلایەن سەرزەمینەیلی داگیرکراوەوە، هێشتا ئیمپریالیزم، کە ناواخنەکەی سوودرنین و چەوسانەوەی گەلان و سەرزەمینەیلی ترە، لە ڕێگەی هێشتنەوەی وابەستەییە ئابووری و داراییەکانەوە، درێژی بە هەبوونی خۆی دا. دە ئاخر تانوپۆی ئابووریی کۆمەڵگە ژێردەستەکان، بەناو تۆڕی سیستەمی جیهانیی سەرمایەداریدا، کە پێک هاتووە لە دوو بەش، (پەراوێز یان وڵاتەیلی پاشکۆ و دواکەوتوو) و (ناوەند، میترۆپۆڵ یان وڵاتە ئیمپریالیستییەکان)، چنراوە. لەم سیستەمە جیهانییەدا دابەشکارییەکی نێودەوڵەتیی کار لە ئارادایە، ئەنجامی ئەمەیش بەردەوامیی وابەستەیی ناوچە پەراوێزنشینەکان و چڕبوونەوەی زێدەبار (یان کەڵەکەکردنی سەرمایە) لە وڵاتانی ڕۆژاوا بووە، تاکوو لێرەوە و لە ڕێگەی هێنانەبوونی زێدەبارێکی بەردەوامەوە، سامان و دەسەڵاتی خۆیان بە زیانی وڵاتانی ژێردەست پتر بکەن.

لەم واتایەدا، ئیمپریالیزم ئەوە هیچ لەگەڵ کۆلۆنیالیزم (یان داگیرگەسازیی کلاسیک)ـدا هاوواتا نییە، بگرە قسە دەربارەی جۆرێکی تری ئیمپریالیزم، یان قۆناغێکی تایبەتیی گەشەی سەرمایەدارییە، ئەوێ قۆناغێ وا هەندێک نازناوی (ئیمپریالیزمی نوێ)ـیان پێ داوە و مەبەست لێی، قەڵەمڕۆخوازیی، فراوانخوازی و

شاڵاوی تاڕادەیەک هاوکات و سەرلەنوێی وڵاتانی ئەورووپاییە بۆ بەچنگخستنی داگیرگە (بەتایبەت لە ئەفریقادا) لە چارەکی کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەم و هەروەتر ململانێ و گێرمەوکێشەی وڵاتانی ئیمپریالیستە بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی جیهان لە چاخی سەرمایەداریی قۆرخکاریدا. ئاساییە لەم هەڵگۆزانەدا، ئەوە بزوێنەر و دینامیکێتی ناوەکیی، یان پێشڤەچوون و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی سەرمایەداریە زنجیرەیەک پێویستیی و نیاز قووت دەکەنەوە و هۆکارن تاکوو ئەم وڵاتانە لەپێناو وەڵامدانەوەی ئەم پێویستی و نیازانەدا، دەست بۆ ڕنینەوە و چەوساندنەوەی ناوچەکانی تری جیهان ببەن و لەم ڕێگەیدا دەست بۆ پەلبەست و کۆتوبەندکردنی گەلان و دانیشتوانی سەرزەمینەیلی تر دەبەن، سیستەمی ئابووری-کۆمەڵایەتییان هەڵدەوەشێننەوە و ژیانیان بە پێویستی و نیازەکانی خۆیانەوە گرێ دەدەن. بەگوێرەی ئەم بیردۆزە، بەپێی هەر قۆناغێکی پێشڤەچوونی سەرمایەداری، شێوازێکی تایبەتی فراوانخوازیی سازگار و گونجاو لەگەڵ پێویستیی و نیازەکانی ئەو قۆناغەدا هاتووەتە ئاراوە، بەگشتیی ئەم پێشڤەچوونەی سەرمایەداری، بەسەر سێ قۆناغدا دابەش دەکەن:

١. قۆناغی سەرمایەداریی بازرگانی.

٢. قۆناغی سەرمایەداریی پیشەسازیی ڕۆنراو لەسەر ململانێ.

٣. قۆناغی سەرمایەداریی پیشەسازیی ڕۆنراو لەسەر تایبەتسازیی و قۆرخکارییەکان.

سەرمایەداریی بازرگانی، هەڵقوڵاوی شۆڕشی بازرگانیی سەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەمی زایینییە لە وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژاوا، ئەوێ شۆڕشێ وا لە دەرئەنجامی بەکارهێنانی کەشتییە دەریابڕەکان و داهێنانی تۆپەوە سەری هەڵدا. شۆڕشی بازرگانی، فیوداڵیزمی لە وڵاتانی ئەورووپایی هەڵوەشاندەوە و خاوەنەیلی سەرمایەی بازرگانیی، واتا بازرگانان، خاوەن کەشتییەکان و ئەوێ توێژانەی بەمانەوە ڕایەڵ بوون، بە دەسەڵات گەیاند. لەم قۆناغەدا، وڵاتانی ئەورووپایی پتر هاوردەکار بوون تاکوو هەناردەکار، جا خەریکی بازرگانیی کاڵای دەگمەن و پێویستی وەکوو بەهارات، بەرهەمەکانی ناوچە گەرمەسێرییەکان و کانزا گرانبەهاکان بوون. شۆڕشەکانی ئەم سەردەمە، شۆڕشی سەرمایەی بازرگانین لە دژی فیودالیزم. دەبێت ئاستەنگ و بەربەستەکانی سەر ڕێی بازرگانان هەڵگیرێن و جموجووڵی ئازادی کاڵا دابین بکرێت، دەبێت بازاڕێکی فراوان بهێنێنرێتە ئارا و ڕێگەوبان بونیاد بنرێت، یەکەی دراو و کێش و بڕ و پێوانەی پەسەندکراو لە گشت جێیەک، بچەسپێنرێن، (کورت و پوخت، بناغەی دەوڵەتە تازەکان یان دەوڵەتەیلی نەتەوەیی چێ کرا)، لەم سۆنگەوە، پادشاکان (لە وڵاتانی کەناری زەریای ئەتڵەسی لە ئەورووپا) لەگەڵ بازرگانان و سەرمایەی بازرگانیدا، دژ بە فیوداڵەکان، دەستیان تێکەڵ کرد و ئاکام، بینەری شۆڕشەکانی وەکوو شۆڕشی ١٦٤٨ـی ئینگلیستانین.

بازرگانانی ئەورووپایی لەم قۆناغەدا کاڵای کەمتریان لە هەگبەدا بوو بۆ ئاڵوگۆڕ لەگەڵ ئەو بەرهەمانەی وا حەوجەیان پێی هەبوو.

دەی کەوابوو هەوڵەکانیان بە ئاڕاستەی بەچنگخستنی پشکێک لە بازرگانیی نێوان وڵاتانی ئاسیا وەگەڕ خرا، لەم بگرەوبەردەیەدا، بەرهەمی کوالیتیبەرزی ڕۆژاوا یان سیستەمی پێشکەوتووتری بازرگانیان نەبوو، کە بووبێتنە بزوێنەری پێشخستنی ئامانجەکانیان، بەڵکوو هێزی سەربازیی پێشکەوتووتری وان (کەشتی و تۆپ) توانای ئەوەی پێ دان سیستەمی بازرگانی نەریتیی لە ناوچە جیاجیاکان هەڵبووەشێننەوە و بە زاڵبوون بە سەر ڕێگا دەرياييەکاندا، بازرگانیی خۆیان بکەن بە جێگرەوەی بازرگانیی وڵاتانی ئاسیایی.

سەرچاوەکانی داهاتی بازرگانیی وڵاتانی ئەورووپایی لەم قۆناغەدا زادەی ئەم چوار ژێدەرەی ژێرێ بوو:

١. ڕێڕەوی زێڕ لە ئەمریکاوە، ٢. بازرگانیی کۆیلە لە ئەفریقاوە، ٣. بەدەستهێنانی پشکێک لە بازرگانیی نێوان وڵاتانی ئاسیا ٤. بازرگانیی بەهارات و بەرهەکانی ناوچە گەرمەسێرییەکان.

شۆڕشی بازرگانی و هەڵکشانی بڕی ئاڵوگۆڕ، زەمینەی بەرهەمهێنانی پتری لە وڵاتانی ئەورووپاییدا فەراهەم کرد و بەرهەمی پیشەسازیی هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپایی گەشەی کرد، هەروەتر بە برەوسەندنی پیشەسازیی جۆراوجۆر بە پێودانگی شۆڕشی پیشەسازی لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەهەمدا (کە سەرەتا ئینگلیستان و پاشان لە شوێنەکانی تری ئەورووپادا ڕووی دا)، بەرهەمهێنانی کارخانەیی و بەرهەمهێنان لە ئاستی بەرفراواندا سەریان هەڵدا. بە پەیدابوونی بەرهەمهێنانی پیشەسازییانە، دۆزی دەستڕاگەیشتن بە کەرەستەی خاو و گەڕان بە دوای بازاڕدا

بایەخێکی هێجگار زۆری پەیدا کرد. لەو وڵاتانەی پتر زەمینەی شۆڕشی پیشەسازیی فەراهەم بوو، سەرمایەی پیشەسازیی جۆراوجۆر وەک هێزی باڵادەست و زاڵ لە کۆمەڵگەدا سەریان هەڵدا و ئیتر ئەوە ڕوونە کەوا ئەم چەشنە سەرمایانە، سیاسەتی دەوڵەتیان بە ئاڕاستەی دەستەبەرکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان پاڵ پێوە نا. لە سەرانسەری ڕێڕەوی پەرەسەندنی سەرمایەداری لە ئەورووپای ڕۆژاوادا، نابێت پرسی کێبەرکێ و کێشمەکێش لەسەر داگیرگەکان لەنێوان ئەم وڵاتانەدا نادیدە بگیرێت. خۆ ئەگەر لە سەدەی شانزەهەم و حەڤدەهەمدا بەریتانیا لەپێناو دەستڕاگەیشتن بە دەریاکان و زاڵبوون بەسەر بازرگانیی ئاسیا و ئەفریقادا، لەگەڵ پورتووگال، هۆڵەندا و ئیسپانیا لە ململانێدا بووبێت، ئەوا لە سەدەی هەژدەهەمیش ململانێی مەزن لەنێوان بەریتانیا و فەڕەنسادا بوو، کە پاش جەنگی حەوتساڵە (١٧٦٣-١٧٥٧) بەسەرکەوتنی بەریتانیا ئەنجامگیر بوو و زەمینەی هەژموونی جیهانیی بەریتانیای وەکوو وڵاتێکی ئیمپریالیستیی پلەیەک، لە سەرانسەری سەدەی نۆزدەهەمدا ڕەخساند. هەنگاوی کۆتاییی ئەم سەرکەوتنە سەربازییە، (شەڕی واتەرلۆ) بوو، شکستی فەڕەنسا، پێگەی بەریتانیای تۆکمەتر کرد.

بەرهەهێنانی پیشەسازیی، ئاتاجی دابینکردنی کەرەستەی خاو و بازاڕ بوو. جۆری کەرەستەی خاوی ئەم قۆناغە، لەگەڵ ئەو کەرەستەیەی لە قۆناغی شۆڕشی بازرگانییدا بەکار دەهێنرا، جیاواز بوو. لێرەدا پێویستی بە کەرەستەی وەک لۆکە، کەناف[٣]، قاوە، کاکاو،

3- Kenaf (Hibiscus cannabinus).

کەرەستەی ڕەنگکردن و کانزای جیاجیا سەری هەڵدا. دەبوو زەویی دەستلێنەدراو و خۆرسک بچێنرێن، تاکوو کەرەستەی خاو و ماددەی سەرەتایی پێویست و خوردوخۆراک بۆ ژمارەی دانیشتووانی ڕوو لە زیادبوونی وڵاتانی میترۆپۆڵ دەستەبەر ببێت. لە سیستەمە ئابووریی و کۆمەڵایەتییەکانی بەر لە سەرمایەداریدا، ئامانجی فراوانخوازی، تاڵانکردنی زێدەباری بەردەستی ناو کۆمەڵگەکانی دیکە بوو. لەم قۆناغەدا، تاڵانی، دزی، دزیی دەریایی، بازرگانیی کۆیلە، دەرهێنانی زێڕ و زیو ئاسایی بوون. بەڵام لە قۆناغی سەرمایەداریی پیشەسازییدا، ئەوە هیچ سەرچاوە و زێدەباری بەردەست تاڵان دەکران، سەربار، دابینکردنی پێداویستیی کۆمەڵگە پێشکەوتووەکانی پیشەسازیی، حەوجەی بە هەڵوەشاندنەوەی پێکهاتەی ئابووری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگە نەریتییەکان بوو، تاکوو پێویستییەکانی ناوەندە پیشەسازییەکانی ئەورووپا دابین و دەستبەر ببێت. بناغە و کرۆکی سەرمایەداریی پیشەسازیی، بریتییە لە پێویستیی ناوەکیی ئەم سیستەمە بە بەرهەمهێنان و فرۆشتن لە ئاستی فراوانتر و فراوانتردا (ئەویش بۆ دابینکردنی زێدەبار یان کەڵەکەکردن)، بە ڕەچاوکردنی ئەو مەترسییانەی هەڕەشەن لەسەر وەبەرهێنەر، (وەکوو کێبەرکێی ناوخۆیی و دەرەکییەکان، پێشڤەچوونی تەکنەلۆژیا، پاشەکشەی ئابووری و هۆکارگەلی تر)، وەبەرهێنەر دەکارێت بازاڕ و سەرچاوەکانی کەرەستەی خاوی خۆی کۆنترۆڵ بکات. ڕاستییەکەی کۆنترۆڵ و زاڵبوون لە دونیایەکی تژی لە میملێ و کێبەرکێدا، کتومت هەوڵدانە بۆ مانەوە (مانەوەی کۆمپانیا ئابوورییەکان). بە تەنێ لە ڕەوشێکی بەم ڕەنگەدا قازانج دەستبەر دەکرێت، سەرمایە

لە مەترسیی لەناوچوون دەپارێزرێت، ئیشوکاری کرێکاران بەردەوام دەبێت، وەبەرهێنەر بەرەو وەبەرهێنانی زیاتر دەبزوێنرێت و کورت و پوخت ئاوهایی گشت شتێک لە وڵاتی سەرمایەداریدا باش دەچێت بەڕێوە. خۆ وا نەبێت، قەیران دامێن و بەرۆکی وڵاتانی پیشەسازیی دەگرێت. دەستبەرکردنی ئەم ئامانجانە وەنەبێت هەر لەڕێگەی داگیرگەسازیی کلاسیکەوە بلوێت، بەڵکوو سەرمایەگوزاریی نارەسمی یان دەسەڵاتی ئابووریی و دارایش، ئامانجی وڵاتی مێترۆپۆڵیان لە چاخی سەرمایەداریی پیشەسازییدا دەستبەر دەکرد. هەروەکچۆن وڵاتانی ئەمریکا و بەریتانیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا و لەبەرانبەر ئیسپانیا و پورتووگال (لە بەرازیل)، پاڵپشتییان لە سەرهەڵدانی سەربەخۆخوازانەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین دەکرد، لێ پاش بەدەستهاتنی سەربەخۆیی، پڕیان بە بازرگانی وڵاتانی لاتیندا دەکرد بۆ خۆیان، جا ڕستێک دەرفەتی وەبەرهێنان و شتی تریشیان بۆ خۆیان دەچنییەوە. کەواتە لە قۆناغی شۆڕشی پیشەسازیدا، وێڕای داگیرگەسازیی نەریتیی لە شێوەی گرتنی داگیرگەدا، بەبێ بوونی لینکی کۆلۆنیالزیمی ڕەسمیش، هێشتا پێویستیی دابینکردنی کەرەستە سەرەتاییەکان و بازاڕی ساغکردنەوەی کاڵاکانی پیشەسازی و وەبەرهێنان، شیانی بەدەستهێنان بوون.

لەم قۆناغەدا، هەناردەکردنی سەرمایە لە پێناو کشتوکاڵی بازرگانیی و دۆزینەوە و دەرهێنانی کانزاکان و هەروەتر کۆنترۆڵی بازاڕدا، دەبێتە شتێکی باو.

سەرمایەداریی پیشەسازیی، وەکوو دەیبینین، بە سرووشتی

خۆی وابەستەی جۆرە دابەشکردنێکی کارە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا کە ناوچە پەراوێزنیشینەکان دەکات بە هەناردەکەری کەرەستەسەرەتاییەکان و بەکارهێنەری کاڵا پیشەسازییەکانی وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریی. کەواتە لەم قۆناغەدا، قازانجی پیشەسازی و ئاستی ژیانی کرێکاران لە وڵاتانی پێشکەوتوودا، بە ڕەوتی خستنەڕووی کەرەستەی خاو لە ناوچە پەراوێزنشینەکانەوە بەستراوەتەوە، هەر وەک چۆن ئاستی ژیان لەم ناوچانەدا گرێدراوی بەرزونزمیی بەهای کەرەستەخاوەکانە لە بازاڕەکانی جیهاندا (کە بەزۆری یەکجۆر بەرهەمە، وەکوو نەوت، یان کاکاو یانژی شەکر).

قۆناغی سێیەم، کە ناونیشانی ''ئیمپریالیزمی نوێ''ی لەخۆ گرتووە، بە نزیکەیی لە چارەکی کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەمەوە دەست پێ دەکات تاکوو جەنگی جیهانیی یەکەم (١٨٨٠-١٩١٤). خەسڵەت و تایبەتمەندیی ئەم دەورەیە بریتییە لە شەپۆلێکی نوێی فرانبوون و کشان لەلایەن وڵاتانی پێشکەوتووی ئەورووپاییەوە لەپێناو دابەشکردنی ئەو بەشەی جیهان وا دابەش نەکراوە و هەروەتر لەپێناو ململانێ و کێشمەکێش بۆ سەرلەنوێ دابەشکردنەوەی ئەو بەشەی جیهان وا دابەش کراوە. چاخی قۆرخکارییان بەم دەورە وتووە، بەو واتایە کە دروستکردنی ناوەندە پیشەسازیی و داراییەکان، بەرەو قۆرخکاری دەڕوات و بینەری دەرکەوتنی کۆمپانیا زەبەلاحەکانین لە بواری پیشەسازییە گشتییەکاندا، ئەمە وێڕای بادانەوەی هێجگار سرووشتییانەی سەرمایەداری بەرەو چڕبوونەوە و جەمبوون.

داهێنانە تەکنەلۆژییەکانی سێ دەیەی کۆتاییی سەدەی نۆزدەهەم، زەمینەی پێویستیان بۆ جەمکردنەوەی پتر ڕەخساند، بە جۆرێک لەم سەردەمەدا پێشڤەچوونە تەکنەلۆژییەکانی ناو بوارەیلی فیزیا، کیمیا، تێرمۆدینامیک، ئەلیکترۆموگناتیس و تواندنەوەی کانزاکان، لە دەرکەوتنی کارخانە نوێیەکانی پۆلا، بزوێنەری سووتانی ناوەکی[٤]، کارەبا، نەوت، ڕێگای ئاسن، کەشتیی هەڵم و بەرهەمی جۆراوجۆری نوێدا هۆکار بوون. بۆ نموونە ڕێگای ئاسن هۆکار بوو تاکوو کارخانە ناوچەییەکان بتوانن لە ئاستی نیشتمانییدا (سەرانسەری وڵات) چالاکییان هەبێت و لقی کڕینوفرۆش بکەنەوە و بەرەو چڕبوونەوە و جەمبوونی پتر بڕۆن. ئەم کارخانە نوێیانە حەوجەیان بە وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریی بەربڵاو بوو، سا بۆیە ئاستی جەمبوون (جەمکردن و گلێرکردن و چڕکردنەوەی سەرمایە لە چەقێکدا) بەرەو پلەیەکی باڵاتر هەڵکشا.

سەربار، لەم قۆناغەدا، دەستبەری کۆنترۆڵی قۆرخکاریی بە سەر سەرچاوەکانی کەرەستەخاوەکاندا، هەم لە پێناو کێبەرکێ لەگەڵ کۆمپانیاکانی تر و هەم لەپێناو پاراستنی ئەو وەبەرهێنان و سەرمایەگوزاریانەی وا لە گۆڕێدان، بایەخی زیاتری پەیدا کرد.

هەناردەکردنی سەرمایەش لەم قۆناغەدا بایەخی زۆری پەیدا کرد. ڕۆڵی هەناردەکردنی سەرمایە فرەیە، لەوانە سازاندنی بازاڕی دەرهێنانی کانزاکان و کۆنترۆڵی قۆرخکارییانەی کەرەستەخاوە ستراتیژییەکان. بە دابینکردنی ڕێگەی دەریاییی هەرزان و هێڵەکانی پەیوەندیی، لەگەڵ

4- Internal combustion engine.

فراوانبوونی هەژموونی ئیمپریالیستیی بە سەر تاڕادەیەک سەرانسەری جیهاندا، ڕەوتی دابینکردنی تۆڕێکی بازرگانیی جیهانی بە ئەنجام گەیشت و دابەشکردنی نێودەوڵەتییانەی کار کە بۆ ناوەندەکانی مێترۆپۆڵ هێجگار سوودمەند بوو، جێبەجێ و نوێ کرایەوە.

لە تایبەتمەندییەکانی تری ئەم قۆناغە، پەرەسەندنی ناوەندەکانی سەرمایەی قۆرخکارییە لە وڵاتانی تری پیشەسازیی (وەکوو ئەمریکا، ژاپۆن، فەڕەنسا و ئەڵمانیا) و کۆتاییی چاخی باڵادەستیی بەریتانیایە. هەنگاوە سیاسی و ئابووری و سەربازییەکانی ئەم وڵاتانە، کاریگەر بە پێویستییە ئابووری – کۆمەڵایەتییەکانیان، زنجیرەیەک پەیوەندییان بەدی هێنا، کە وان پەیوەندیی، بە چاخی ئیمریالیزم ناودێر دەکرێن.

نابێت وا بهزرین گوایە هەر کردەیەکی فراوانبوون و هەژموونێتی، بە ناچاری کاریگەرە بە گوشارێکی ئابووریی، چونکە دەلوێت پاراستنی داگیرگەیەک نەک هەر گرێدراوی قازانجی دەمودەست نەبێت، بەڵکوو بگرە بە دیوێکدا تێچووی فرەیشی بەدواوە بێت. بەڵام بە دیوێکی تردا لە کێبەڕکێی دەسەڵات و وەکوو پێگەیەکی ستراتیژی و هەنگاوێکی پێشگیرانە و خۆپارێزانە، وەها داگیرگەیەک بەسوودە، ئاخر پاراستنی تۆڕی ئیمپریالیستیی، حەوجەی بە هەنگاوی سیاسی، سەربازی، کولتووری، ڕیکلامکردن و هتدە...

پاش جەنگی یەکەم، لەسەر شانۆی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، بینەری ڕستێک گۆڕانکاریی دیکەین، لەوانە، ئەمریکا باڵادەستیی ئابووری و داراییی بەریتانیا بەر هەڕەشە دەخات و دوای جەنگی

دووەم وەکوو وڵاتێکی ئیمپریالیستیی پلەیەک، دەبێتە جێگرەوەی ئەو وڵاتە. تایبەتمەندییەکی تری ئەم ماوەیە ئەوەیە، بینەری دەرکەوتنی کۆمپانیا فرەنەتەوەکانین کە پێکهاتەی دامەزراوەیی و میتۆد و ڕێوشوێنەکانیان، دەگەڵ پێویستییەکانی ئیمپریالیزمی قۆناغی قۆرخکارییدا سازگار و گونجاون.

ئەم کۆمپانیایانە، لە سۆنگەی تەکنەلۆژیای پێشکەوتوو، سەرمایەی پێویست و ڕیکلام، دەتوانن لقەکانیان لە وڵاتانی جیاجیادا، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا، بکەنەوە، بەمجۆرە لە بەربەستەکانی ڕسوماتی گومرگی دەپەڕنەوە و بە دەرکردنی ڕکابەرەکان لە سەر سەکۆ، کۆنترۆڵی قۆرخکاری لە بازاڕدا بەدەستەوە دەگرن.

ئەگەرچی تاکوو پێش جەنگی دووەم، ڕکابەریی و پێکهێنانی هاوپەیمانی لەنێوان وڵاتانی ئیمپریالیستیدا خەسڵەتی هەرە دیار بوو، هەنووکە چەق و قورسایی لە ڕکابەریی نێوان وڵاتانی ئیمپریالیستییەوە، بەرەو پاراستنی سیستەمی ئیمپریالستیی و پێشگرتن لە بچووکبوونەوەی، گواستراونەتەوە.

ئەم بابەتە بەهۆی ڕەوتی لەکۆلۆنیالیزەخستنی[5] پاش جەنگی دووەم و دەرکەوتنی سەرهەڵدانە ئازادییخوازەکان لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهانی سێهەمەوەیە، ئەوێ ڕەوت و سەرهەڵدانێ وا نەک هەر سەربەخۆیی سیاسیی، بەڵکوو شۆڕشی کۆمەڵایەتیشیان لەبەرچاو بووە.

ئامانجی وڵاتانی ئیمپریالیسم ئەوەیە تەنانەت پاش هاتنەئارای

5- Decolonization

سەربەخۆیی، هێشتاکانێ وابەستەیی ئابووریی و دارایی داگیرکەکانی پێشوو بە ناوەندەکانی مێترۆپۆڵەوە وەکوو خۆی بمێنێتەوە. دەستوەردانی جۆراوجۆری سەربازیی، دەستوەردان و خۆتێهەڵقورتان لە کێشمەکێشەکانی ناوەوەی وڵاتانی پەراوێز، هەنگاوەیلی دیپلۆماسیی جیاجیای وەکوو بەستنی پەیمان و پاڵپشتیکردن لە ڕژێمەیلی فەرمانڕەوای وابەستە و ئەڵقەلەگوێ، هاوکارییە سەربازیی و داراییەکان و هتد... گشت ئەمانە بۆ یەک مەبەست، پاراستنی سیستەمی ئیمپریالیستیی و پێشگرتن لە جیابوونەوەی وڵاتانی پێشتر داگیرکراو لە قەڵەمڕۆ و کەوشەنی پەیوەندییە ئیمپریالیستییەکان. ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پاش جەنگی دووەمەوە، بەهۆی باڵادەستیی هێزەوە، ئەرکی ڕێبەرایەتیی و پێکەوەنانی ئۆردوگای ئیمپریالیستیی و یەکخستنی ئەم بەرەیەی وەئەستۆ گرتووە.

ڕاستییەکەی، مێژووی پاش جەنگی دووەم، بریتییە لە مێژووی ئەمریکای جێگرەوە لەبری وڵاتانی ئیمپریالیست، کە یەکبەیەکیان لە ژێر گوشاری سەرهەڵدانەیلی ئازادیخوازانەدا، ناچار بوون دەستبەرداری پێگەی ئیمپریالیسمییانەی خۆیان ببن (وەک هاتنی ئەمریکا بۆ هند و چین لە پاش چوونی فەڕەنسا)، نها ئەوە ئەمریکایە بە هەبوونی پێگەی سەربازیی لە پتر لە حەفتا وڵاتی جیهاندا، بەڕەی ئیمپراتۆریی ڕانەگەینراوی خۆی لەسەرانسەری دونیادا ڕاخستووە (بێ لە وڵاتانی سۆشیالیستیی). ئەمڕۆکە، وێڕای دابەشکردنی کاری نێودەوڵەتی لە جیهانی سەرمایەداریدا لەنێوان وڵاتانی بەرهەمهێنی کەرەستەی خاو و وڵاتانی

پێشکەوتووی پیشازییدا، ڕیزبەندییەک لە ئۆردوگای وڵاتانی ئیمپریالیستدا وا لە گۆڕێ و ئەم وڵاتانە بەپێی هیزی ئابووری و سەربازی، لەم ڕیزبەندییەدا جێکەوت دەبن، ئەوانەی بەهێزترن، وڵاتانی تری ئیمپریالستیی بەکار دەهێنن، دواجار ئەم ڕکابەرییەی ناو ئۆردوگای وڵاتانی ئیمپریالیستی، بەهۆی ئەو مەترسییەی لە سەر سیستەمی ئیمپریالیستییە، خاو و سنووردار بووە. لە ئەمریکا تەکنەلۆژیای نوێی سەربازیی و گەشەی دەستەکانی بەرهەهێنان، بوون بەهۆی ئامێتەبوونی بەرهەمهێنانی سەربازیی لەگەڵ کەرتە پیشەسازییە باڵادەستەکاندا. ئێستاکانێ لە ئەمریکا کۆمپانیا فرەنەتەوە سەربازییەکان بە سەر دەوڵەتدا زاڵدەست بوون و بەرژوەندییەکانی ئەم کۆمپانیایانە، لە سەری سەرەوەی بەرنامەی دەوڵەتدا جێکەوت کراون. کۆمپانیا فرەنەتەوەکان کە بە ئاڕاستەی کۆنترۆڵکردنی بەرفراوان و گەردوونیی پیشەسازییە نوێ و قازانجبەخشەکان (پیشەسازیی وزەی ناوەکیی، کۆمپیوتەر و پەیوەندییەکانی بۆشایی و مانگی دەستکرد) هەم لە "پەراوێز" و هەم لە ولاتانی پیشەسازیی پێشکەوتوودا هەنگاو دەنێن، بایەخێکی زۆریان پەیدا کردووە. ستراتیژ و پێکهاتەی کۆمپانیا فرەنەتەوەکان، کە هۆکارن بۆ سەپاندنی هەژموونی پتر لەناو داگیرگەکانی پێشوودا، بەرنامە ئابوورییەکانی ئەم کۆنەداگیرگانە بەچڕیی دەخەنە ژێر کۆنترۆڵ و هەژموونی خۆیانەوە.

ئێستا وێڕای دابەشکردنی کاری نێودەوڵەتیی و خەسڵەتە هەڵقوڵاوەکانی ناو ڕەوتی دەرکەوتنی کۆمپانیا فرەنەتەوەکان

و ڕێبەرایەتیکردنی ئۆردوگای ئیمپریالیزم لەلایەن ئەمریکاوە، ڕیزبەندییەکی تر لە نێوان وڵاتانی سەرمایەداریدا وا لە گۆڕێ، کۆمپانیا بەهێزەکان، دامەزراوە پیشەسازیی و داراییە لاوازەکان بەکار دەهێنن و دەیانڕنێننەوە. کەواتە یەکێک لە خەسڵەتەکانی سەردەمی ئێمە، ڕکابەری و ململانێیە لەنێوان ئەم کۆمپانیانەدا لەپێناو کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی کەرەستەی خاو و بازاڕ و دەرفەتەکانی وەبەرهێناندا، بە تایبەت چونکە تەکنەلۆژیای نوێ ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیی هەیە و ئەو کۆمپانیایانە دەتوانن تێیدا سەرکەوتن دەستبەر بکەن، کە خودانی توانای دارایی و تەکنەلۆژی و ئەزموونی کردەیی بن. کێبەڕکێ لەنێوان ئەورووپا، ژاپۆن و ئەمریکا لە سەر دەستبەسەرداگرتنی بازاڕەکانی یەکتر، یەکێک لە لایەنە دیارەکانی ئەم ململانێیەی نێو ئۆردوگای ئیمپریالستییە.

* هری مگداف – تام کمپ: امپریالیسم (تاریخ، تئوری، جهان سوم)، ت: هوشنگ مقتدر، انتشارات سازمان چاپ ١٢٨، چاپ چهارم، تهران ١٣٧٨.

***

لێکۆڵینەوەی

پۆستکۆڵۆنیالیزم و ئەدەب

فازڵ مەحموود

لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالزم یەکێکە لە لێکۆڵینەوە نێوبوارییەکان[1] و گرنگیی بە لێکەوتەکانی کۆلۆنیالیزم لە سەر ناوچە داگیرکراوەکان و پەیوەندییە کەلتوورییەکانی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا دەدات. واتە لێکۆڵینەوەی کۆلۆنیالیستی لە بری گرنگیدان بە داگیرکاریی سەربازیی و سیاسی، جەخت لەسەر شەنوکەو و کاریگەریی دەسەڵاتی کەلتووریی و میدیایی دەسەڵاتی داگیرکەر لە سەر کەلتووری داگیرکراو دەکات.

مەبەست لەوە کایەیەکی نێوبوارییە، ئەمە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەمجۆرە ڕوانین و لێکۆڵینەوەیە لەپێناو تیۆریزەکردن پەنا بۆ کۆمەڵێک تیۆری تر لە کایەی جیاوازتری وەک مارکسیسزم و فێمینیزم و پۆست مۆدێرنیزم دەبات، خاڵی جیاوازیشی لە گەڵ ئەم کایانە ئەوەیە؛ کە لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالیستی زیاتر جەخت لە سەر دەسەڵاتی کولتووری دەکاتەوە و واتا قووڵە مێژووییەکەی لەبەرچاو دەگرێت.

یەکێک لەو دەقانەی سەرچاوەی تیۆریی ئەمجۆرە لێکۆڵینەوانەیە، کتێبی ‹ڕۆژهەڵاتناسیی› ئیدوار سەعیدە؛ ئیدوارد سەعید دیسکۆرس یان گوتار بە فۆرمێکی زمانی دەسەڵات دەزانێت کە کەڵک لە دەسەڵات بۆ پەرەپێدانی نواندنەوەی خۆیان لە ڕۆژهەڵات وەردەگرن. لەو کتێبەیدا ئیدوارد سەعید بە لێکۆڵینەوە

1- interdisciplinaire

لە گوتەی لێکۆڵەران و گەڕیدەکان و سەفەرنامەکان ئەوە پیشان دەدات، کە چۆن ئەورووپییەکان لە قۆناغی پاش ڕۆشنگەری، سەرەتا ڕۆژهەڵات بە شێوازی نووسین داگیر دەکەن. گوتاری جیاکاریی (ڕۆژهەڵاتناسی) توانی ڕۆژهەڵات وەک ئەوی تریکی بەربەریی پیشان بدات. بۆ نموونە سەبارەت بە عەرەبەکان وا وێنایان کردووون کە کۆمەڵێک حوشترسواری تیرۆریستن و دژ بە شارستانیەتن... لێرەدا ڕۆژئاوا وەک چەق و ڕۆژهەڵات وەک پەراوێز وەک بابەتی لێکۆڵینەوە سەیر دەکرێت، یاخود بە تێما فۆکۆییەکەی ئەقڵانیەتیی ڕۆژئاوایی دەیەوێت دنیایەک لە دەرەوەی خۆی دەستنیشان بکات و هەرچی کەوتە دەرەوەی ئەم دونیایە، وەک شێت و دژەئەقڵ و دژەڕۆشنگەریی بیناسێنێت.

ئەوەی فرەتر لەم وتارەدا جەختی لێ دەکەینەوە پەیوەندیی ئەدەب و کاریگەریی لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالیزمە. لێکۆڵینەوە و ئەدەبی پۆستکۆلۆنیالیزم پەیوەندییەکی قووڵ و ئاڵۆزیان وا لە نێواندا و بە شێوەی هاوبەرانبەر تێگەیشتنی ئێمە بۆ جیهانی پاش داگیرکاریی و کۆلۆنیاڵیزم درووست دەکەن. ئەدەبیش هاوشێوە و هاوشانی لێکۆڵینەوەی پۆست کۆلۆنیالیستی دەبێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ دەربڕینی ئەزموون و کێشمەکێش و بەرەنگاریی بەرانبەر لێکەوتەکانی کۆلۆنیاڵیزم. یەکێک لەو کارانەی دەشێت لەم بوارەدا ئەدەب وەک کەرەستەی خۆی پێی هەڵسێت،

تێکشکاندنی بنیادی گێڕانەوەی کۆلۆنیاڵییە. بۆیە بەرهەمە ئەدەبییە پۆستکۆلۆنیاڵییەکان زۆر جار وەک کەرەستەیەکی بەهێز بۆ تێکشکاندنی بنیادی گێڕانەوەی کۆلۆنیاڵیی دەجووڵێنەوە، ئەم نووسەرانە کلێشە سەپێنراوەکان وەلا دەنێن و مێژوو و کەلتووری خۆیان لە ڕوانگەیەکی خۆجێی و تێڕوانینی ناوچەیی خۆیانەوە دادەڕێژنەوە.

یەکێک لە ناودارترین و باشترین ئەو ڕۆمانانەی دەکەوێتە ئەم خانەیەوە، ڕۆمانی «هەموو شتێک هەڵدەوشێتەوە[٢]»ی نووسەری نیجیریایی چینوا ئاچیبێیە[٣]؛ ئەم ڕۆمانە گێڕانەوەی ژیانی پاڵەوانەکەی سەرخێڵی ئیبگۆیە، جا بە گێڕانەوەی ژیانی ئەو خوێنەر بەر سیمای ڕاستەقینەی ئەفریقا و کاریگەریی ئەورووپییەکان لە سەری دەکەوێت؛ لەم ڕۆمانەدا نووسەر لە ڕێی گێڕانەوەی کەلتووری ئیگبۆ و ڕەشپێستەکان، گێڕانەوەیەک دژ بە گێڕانەوەی کۆلۆنیاڵیی دەخاتە ڕوو. ئەو لێرەدا دەیەوێت بەرانبەر هەژموونی گێڕانەوەی ئەورووپییەکان بەدیلێکی تر بۆ ناساندنی ناسنامە و شێوازی ژیانی ئەفریقییە ڕەشپێستەکانی خێڵی ئیگبۆ بخاتە ڕوو. ئاچیبێ خۆی سەبارەت بە نووسینەکانی و ئەم ڕۆمانەی دەڵێت: «گەر نووسینەکانم تەنیا هەر ئەوە فێری خوێنەرەکانم بکات کە ڕابردوویان شەوێکی دوورودرێژ لە

2- Things fall Apart
3- Chinua Achebe

بەربەریەت نەبووە تاکوو ئەوروپییەکان لەلایەن خواوە هاتبن و ئەوانیان لەم شەوە ڕزگار کردبێت، ئاسوودە دەبم». لێرەدا ئەوەی ئاچێبێ دەیکات ئاوەژووکردنەوەی گێڕانەوەی ئەورووپییەکانە، ئەویش دانانی ئەوان لە شوێنی ئەوی تردا و دانانی خەڵکی خۆجێی وەک چەق و گێڕانەوەی مێژوو و ناسنامە و کەلتوور لە ڕوانگەی خۆیانەوەیە. لێرەدا جۆرێک لە لەکۆلۆنیاڵیزمخستن دەبینرێت ، واتە ئەو هەژموونەی لە ڕێی زمان و کەلتوور لە خوێندنگە و فێرگەکان بەسەر مناڵاندا دەسپێندرا و وا پیشان دەدرا کلتووری ڕۆژئاوا و زمانەکەی لە بەهایەکی باڵاوە هەڵدەقووڵێت و گەرەکە مرۆڤ لە بەرانبەردا ملکەچی هەژموونە داگیرکارییەکانیشیان بێت، هەڵدەوشێتەوە؛ ئەم بەرهەمە گەرچی خۆی بە زمانی ئینگلیزیی نووسراوە، بەڵام پیشانی دەدات کە بەهابەخشین و لەسەرترزانینی زمان و کەلتووری ئەورووپیی وەک زمان و کەلتوورێکی باڵا، گونجاوترین شێواز بۆ بەردەوامیی و هەژموونی دەسەڵاتی داگیرکەرە لە زەینی مرۆڤەکاندا. واتە ئەگەرچی دەسەڵاتە سەربازیی و سیاسییەکە نەماوە، بەڵام کۆلۆنیاڵیزمی کەلتووریی بە گوژمێکی تر و بە دەساوێژی داگیرکردنی زەینیی کەسەکان درێژە بە بوون و ژیانی خۆی دەدات. گەر دوور نەڕۆین کوردستانی خۆمانیش کە داگیرکراوی دەستی ئینگلیز بووە، تا ئێستاش ئەم لێکەوتانەی لێ بەدی دەکرێت. تەنانەت پێش ئەوەش زمانی ئینگلیزیی وەک

زمانـی تەکنەلۆژیـا و بازرگانـی شـوێن بـە زمانـە ئەورووپییەکانـی تر لێژ بکات، خواست بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزیی لە کوردستان وەک زمانـی کەلتوورێکـی باڵادەسـت سـەیر دەکـرا و سـەیر دەکرێـت. بەداخـەوە تەنانـەت ئەمجـۆرە لـە تێڕوانیـن کـە بەرهەمـی کۆلۆنیاڵیزمی بریتانییە، لـە سـاڵانی ڕابردوودا کاریگەریی لـە سـەر حکومـەت و وەزارەتـی پـەروەردەی ئـەم وڵاتـە کـرد کـە پەیـڕەوی خوێندنـی ئـەم وڵاتـە بکـەن بـە ئینگلیـزی. بـێ بیرکردنـەوە لـەوەی ئـەم شـتە چەنـد دەتوانێـت ناسنامەی تاکی کورد تێکبشـکێنێت و تـا ئەبـەد گرێـی خۆبەکەمزانیـن و بێمتمانەیـی تێـدا درووسـت بـکات. لێـرەوە دەمەوێـت بچمـە نێـو یەکێـک لـە چەمکەکانـی ئـەم ئەدەبـە، ئەویـش درووسـتبوونی جووتکەلتوورییـە[4] وەک دیـوی تێکشـاندنی ناسـنامە و لێکەوتـەی تـری کۆلۆنیاڵیـزم.

ئـەم چەمکـە یەکێکـە لـە بنچینەییتریـن چەمکەکانـی تیۆریسـیەنی هیندیـی هومـی بهابهـا. بـە بۆچوونـی ئـەو جووتکەلتووریـی پرۆسـەیەکە کـە تێیـدا ڕەگـەزی کەلتـوور و ناسـنامە و لـە ژێـر بەرکەوتنـە مێژوویـی و سیاسـییەکاندا تێکـەڵ بـە یـەک دەبـن تـا جـۆرە نوێیەکانـی کەلتـوور و ناسـنامە ڕەنگرێـژ بکـەن. لێـرەدا ئـەو ناسنامەیەی بەرهـەم دێت، ناسـنامەیەکی سـادە و پێشـبینیکراو نییـە، بەڵکوو ناسـنامەیەکی سـەرومڕ نوێ و پێشـبینینەکراوە. یەکێـک لـەو

4- Hybridite culturelle

ڕۆمانانەی بە شێوەی ڕیالیزمی جادوویی ئەم جۆرە شوناسە نوێیە جووتکولتوورییە دەنوێنێتەوە، ڕۆمانی «منالانی نیوەشەو»ی سەلمان ڕوشدییە. ئەم ڕۆمانە لە شەوی لەدایکبوونی سەلیم سینای شاکەسی ئەم ڕۆمانە، واتە ساڵی ١٩٤٧ و سەربەخۆیی هیندستان و ڕزگاربوونی ئەو وڵاتە لە داگیرکاریی ئینگلیز دەست پێ دەکات. وەک وتمان ئەم ڕۆمانە بۆ پیشاندانی سەربەخۆیی هیندستان و ئینجا دەستپێکی کارەساتێکی قووڵتر سوود لە ژانری ڕیالیزمی جادوویی وەردەگرێت. لێرەدا هیندستان کایۆسێکی سەیر ئەزموون دەکات، ئەویش سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی ناسنامەی خۆیەتی بەرانبەر تێکەڵبوونی لەگەڵ ئەو کەلتوورەی کۆلۆنیالیزم وەک میرات بۆی بەجێ هشتووە. لێرەدا سەلیم دەرخەری ئاڵۆزی ناسنامەی پۆستکۆلۆنیالیزمە. جا پیشانی دەدات کە جووتکلەلتووریی نەک تەنیا کەسەکان بەڵکوو کۆمەڵگاکانیش پێک دەهێنێت. بەو واتایەی لێرەدا شوێنێکی سێیەم درووست دەبێت و لەوێدا ترادسیۆنە و گێڕانەوە مێژوویی و کاریگەرییەکانی کۆلۆنیالیزم بەر یەک دەکەون و سنوورە کەلتووریی و نەتەوەییەکان دەخەنە ژێر پرسیارەوە. ژانری ڕیالیزمی خەیاڵیش باشترین ژانرە تا لێیەوە لە ڕێی تێکەڵکردنی مێژوو و خەیاڵ و فەنتازیا ئەو فەزا و شوێنە سێیەمە و دروستبوونی کارەکتەر و ناسنامە نوێ کە بەرهەمی کۆلۆنیالیزمە، پیشان بدات.

گرنگیی ئەدەبی پۆستکۆلۆنیاڵیزم لەوەدایە کاریگەریی کۆلۆنیاڵیزم و لێکەوتە کاولکارەکانی لەو ڕوانگانەوە پیشان دەدات کە زۆرجار لەبەرچاو ناگیرێت. سا جارێکی پرسی ناسنامە و کەلتوور و نەتەوە زیندوو دەکاتەوە و یارمەتیی سەرلەنوێ بیرکردنەوە لە ناسنامەی مرۆڤی پاش داگیرکاریی دەدات.

سەرچاوە:

- Dominque Combe , etudes postcoloniaale et genres litteraire, article en pdf.

- Ousmane sembena, la literature postcoloniale en Afrique, ed, presence Africaine.

★★★



سوبێکت و تێربوون: بەربەستی بێسنوور

تۆد مەکگوان

لەئینگلیزییەوە: شێروان ئیبراهیم

بلیمەتیی سەرمایەداریی، گرێدراوی شێوازی مامەڵەی ئەم سیستەمەیە لەگەڵ پەیوەندیی نێوان سوبێکت[1] و تێربوونەکەی. سەرمایەداریی وا دەکات، سوبێکتەکان خۆیان لە تراومای تێربوونی خۆوێرانکەر بەدوور بگرن و لە بەڵێنی ئاییندەیان هەڵدەژەنێت. سەرمایەداریی لە ئاست زەرووڕەتی لەدەستداندا کوێرمان دەکات و لەنێو لۆژیکی سەرکەوتنیشدا نغرۆ، ئەمە لە حاڵێکدا، سەرکەوتن هیچ نییە جگە لە ڕێگەیەک بەرەو شکست. بونیادەکانی بەرهەمهێنان و بەکاربردنی سەرمایەداریی، پێویستیان بەوەیە سوبێکت بیر لە سەرکەوتن بکاتەوە نەوەک شکست، گەرنا ئەم بنیادانە لەکار دەکەون. فەنتازیای بەدەستهێنانی ئۆبێکتی لەدەستچووو[2]، بۆ مانەوەی سەرمایەداریی پێویستە.

سەرمایەداران بڕوایان وایە، لە ڕێگەی وەبەرهێنان لەنێو سیستەمی سەرمایەدارییدا، دەتوانن ئۆبێکتی لەدەستچوو بەدەست بهێنن. ئەمە بە ڕوونیی لە حاڵەتی بەکاربردنی کاڵادا بەدیار دەکەوێت: بەکاربەران هەر کاڵایەکی نوێ دەکڕن، ئومێدیان ئەوەیە، ئەم ئۆبێکتە هەمان ئەو ئۆبێکتە بێت وا ئەوپەڕی تێربوون دەستەبەر دەکات. وەلێ پاش چێژێکی بەرایی، دووچاری تێرنەبوونی فرەتر دەبن، سا بۆیە کاڵایەکی نوێ دەکڕن کە هەمان بەڵێنی وەهمیی هەڵگرتووە. زۆرێک لە خەڵک ئۆتۆمبێلی نوێ دەکڕن، نەک لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبیلە کۆنەکە پەکی کەوتووە، بەڵکوو خوازیارن ئەو تێربوونە لە ئۆتۆمبیلە نوێیەکەدا

1- Subject.

2- The lost object.

بدۆزنـەوە کـە ئۆتۆمبیلـە کۆنەکـە پێـی نەبەخشـیوون. گـەر کاڵای کـۆن ئـەم تێربوونـە ببەخشـێت، ئـەوا سـەرمایەداریی لـەکار دەکەوێت، چیتـر بەکاربـەران هەڵـوەدای ئـەو کاڵا نوێیانـە نابـن وا پێویسـتیان پێیـان نییـە. مارکـس ئەمـە نـاو دەنێـت بەرهەمهێنانـی پێویسـتی لەلایـەن سـەرمایەدارییەوە، کـە وەک سـوبێکتگەلێکی بـاوەڕدار بـە ئیمکانـی دەسکەوتنی ئۆبێکتی تێرکـەری ڕاستەقینە، مامەڵـە لەگـەڵ بەکاربـەران دەکات[٣]. سـەرمایەداریی بەگوێـرەی میتۆنیمـی[٤] ئـارەزوو، بەکاربـەر لـە کاڵایەکـەوە ڕەوانـەی کاڵایەکـی تـر دەکات.

کێشـەکە ئەوەیـە، تـا سـوبێکت لـە ئوبێکت[ـی ئـارەزوو] نزیکتـر ببێتـەوە، ئۆبێکت کەمتر ئارەزووکراو دەبێت، دەگۆڕێت بۆ وێنەیـەک کە چیتر توانای فەراهەمکردنی تێربوونی بەڵێندراوی نییە. ناکۆکییەکی ڕەهـا لـە نێـوان وێنـەی ئۆبێکـت و چەنـد ڕەهەندێکـی دیکـەی ئۆبێکت دەبینرێتـەوە ـ واتـە ئۆبێکـت وەک ئـەو پاشـماوەیەی لەنێـو جیهانـی نواندنـەوەدا جێـی نابێتـەوە، هـەر ئـەوەی دەیکاتـە ئارەزووکـراو. نزیکبوونـەوە [لـە ئۆبێکتـی ئارەزووکراو]، کاریگەرییەکـی زیانبەخشـی لەسـەر ئـارەزووی سـوبێکت و ئارەزووکراویـی ئۆبێکـت هەیـە.

هەمـان کێشـە یەخـەی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەدارییش دەگرێـت.

٣- لـە سـەرەتای پەڕتووکـی «دەستنووسـە ئابووریـی و فەلسـەفییەکان» مارکـس پێـی وایـە، سـەرمایەداریی لـە ڕێگـەی بەرهەمهێنانی پێویستیی نوێوە کار دەکات، دەیبەستێتەوە بـە فەوتانـی ئـەو سوبێکتەی ئـەم پێویستییە نوێیانـەی دەست دەکەوێت. دەڵێت: «هـەر کەسێک لای خۆیـەوە گریمانـەی ئافراندنی پێویسـتییەک دەکات لەنێو ئـەوی تـردا، تاوەکـو ئـەوی تـر بۆ قوربانیدانـی نوێ هـان بدات، بیخاتـە نێو وابەستەبوونێکی نـوێ، ڕایبکێشـێت بـەرەو شـێوازێکی نوێـی تێربـوون، تـا سـەر دەکێشـێت بۆ داڕمانـی ئابووریـی». Karl Marx, Th e Economic and Philosophic Manuscripts of 1844 , trans. Martin Milligan (New York: International, 1964), 147

4- Metonymy.

سـەرمایەداران گەرەکیانـە ئاسـتی بەرهەمێنانـی پرۆسـەی بەرهەمهێنـان زیاتـر بکـەن، بەشـکو قازانجـی زیاتـر و زیاتریان دەسـت بکەوێـت، کەچـی زیادبوونـی ئاسـتی بەرهەمهێنـان دەبێتـە مایـەی داکشـانی ڕێـژەی قازانـج. کـورت و پوخـت، کۆشـش و تەقـەلاکان بۆ هەڵکشـاندنی قازانـج دەبێتـە بەربەسـتی بـەردەم قازانـج. لەمیانـی شـیکارییە وردەکـەی بـۆ پرۆسـە دژییەکەکانـی سـەرمایەداریی، مارکـس سـەرنجی ئـەم ئایرۆنییـە دەدات. ئەوەتـا دەڵێـت: «داکشـانی ڕێژەی قازانـج، بەرئەنجامـی کەمیـی ئاسـتی بەرهەمهێنانـی کار نییـە، بەڵکـوو بەرئەنجامـی زیادبوونێتـی. هەڵکشـانی ڕێـژەی زێدەبەهـا[5] و داکشـانی ڕێـژەی قازانـج، دوو فۆرمـی گوزارشـتن لـە هەڵکشـانی ئاسـتی بەرهەمهێنانـی کار بـە پێـوەری سـەرمایەداریی»[6]. کرۆکـی ئـەو خاڵـەی مارکـس لێـرەدا دەیوروژێنێـت ئەوەیـە، ئاخـۆ مـرۆڤ تیـۆری زێدەبەهـا دەپەژرێنێـت یـان نـا. سـەرمایەداران یەکپشـوو بـۆ زیادکردنـی ئاسـتی بەرهەمهێنانی کار لـە پیشەسـازییەکی دیاریکراودا هـەوڵ دەدەن، کەچـی ئـەم زیادکردنـە سـەر بـۆ ڕێژەیەکـی کەمتـری قازانـج دەکێشـێت. کاری باشـتر وا دەکات سـەرمایەداران بتوانـن بـە نرخێکـی هەرزانتـر بەرهەمـەکان بفرۆشـن، دەی ئەمـەش بـۆ بـڕی قازانجـی بەدەسـتهاتووی سـەرمایەداران زیانبەخشـە. پارادۆکسـێکی نێو سیسـتەمی سـەرمایەداریی ئەوەیە، هەوڵـەکان بۆ قازانجـی زیاتر، سـەر بـۆ کەمبوونـەوەی ڕێـژەی قازانـج دەکێشـێت.

5- surplus-value.

6- Karl Marx, Capital: A Critique of Political Economy, vol. 3, trans. David Fernbach (New York: Penguin, 1981), 347.

لـە زیادکردنـی ئاسـتی بەرهەمهێنانـدا، سـەرمایەداران بـەدوای ئۆبێکتـی ئارەزوویانـدا دەگەڕێـن ـزیادبوونـی بەردەوامـی قازانـج ـ، ئاخیرەکـەی، هەمـان ئـەو شـتە لەدەسـت دەدەن کـە بەدوایـا وێڵـن [قازانـج]. هـەر بـەو ڕەنگـە، لەنێـو سـەرمایەدارییدا، پێچەوانـەی باوەڕی بـاو، قەیـران بەرئەنجامـی کەمیی بەرهەمهێنـان نییـە، بەڵکوو بەرئەنجامی زێدەبەرهەمهێنانە. قەیرانی سـەرمایەداریی، بەرئەنجامی بەرهەمهێنانـی زیاتـر و ئۆبێکتـی زۆرتـرە. وەختێـک بەرهەمهێنـان زیاتـر دەبێـت و ئابووریـی سـەرمایەداریی دەبووژێتـەوە، ئـەوکات ئابـووری دەگاتـە خاڵێـک، چیتـر بەکاربـەران پـارەی پێویسـتیان نییـە بـۆ کڕینـی بەرهەمـەکان، لێـرەوە قەیـران سـەر هەڵـدەدات. قەیرانـی فرەیـی و زۆروزەبەنییـە، نـەوەک قەیرانـی دەگمەنـی و کەمپەیدایـی؛ ئەمـەش هاوتەریبـی ئـەو قەیرانەیـە وا هەمیشـە بەرۆکـی ئـارەزوو دەگرێـت. وەکچـۆن سـەرمایەداریی گیـرۆدەی قەیـران دەبێـت، ئـاواش ئـارەزوو بڕێکـی بێشـوماری ئۆبێکتـی لەبەردەسـتە، کەچـی هیچکامیـان ئـەو تێربوونـە نارەخسـێنن وا بەدوایـدا دەگەڕێـت. لـە هـەردوو گۆڕەپانـی بەکاربـردن و بەرهەمهێنانـدا، سـەرمایەداریی لەنێـو لۆژیـک و سـنووردارێتیی ئـەو فەنتازیایـەدا گیـر دەخـوات، گوایـە ئۆبێکتـی تێرکـەر بوونـی هەیـە. بـەم فەنتازیایەوە دەنووسـێت و هەمیشـە هەوڵـی خۆبەدوورگرتـن دەدات لـە تراومـای ئـەو شکسـتەی لـە هەنـاوی سـوبێکتیڤیتەدایە. کەڵەکەبوونـی سـەرمایە، داینەمـۆی بەرهەمهێنانـی سـەرمایەدارییە. سـەرمایەدار لەپێنـاو کەڵەکـەی زیاتـر وەبەرهێنـان دەکات، جـا سـەرمایەی زیاتـر هەمـان کارکـردی ئۆبێکتـی ئـارەزووی هەیـە کـە بـەردەوام دەردەکەوێتـەوە. ئـەو دەمـەی بـڕی پێویسـت لـە

سەرمایە کەڵەکە دەکەم، پێشبینیی تێربوون دەکەم، کەچی ئەو تێرنەبوونە ئەزموون دەکەم وا هەردەم هاوشانی بەدەستهێنانی ئۆبێکتی ئارەزووە، بۆیە بەدوای بڕێکی زیادەدا دەگەڕێم و گرێی دەدەمەوە بەو تێربوونە لەدەستچووەم. سەبارەت بە بەرهەمهێنەری سەرمایەدار، هیچ کۆسپێکی کاتیی و شوێنیی لە بەردەم ئەم پرۆسەیەی ئارەزوو و تێربووندا لەگۆڕێ نییە؛ دەکرێت بۆ ئەبەد بەردەوام بێت، هەروەها زنجیرەکانی ناکامیی باندۆر دەخەنە سەر زیادکردنی وەبەرهێنانی سوبێکت لە نێو سیستەمی سەرمایەدارییدا، چون شکستی ئەمڕۆ، وزەبەخشی بەڵێنی سبەینێیە.

ئەمە تەنها سەرمایەدار وەک سوبێکتێک ناگرێتەوە، بەڵکوو بۆ خودی سەرمایەش ڕاستە. خۆی بەرهەم دەهێنێتەوە و لە سۆنگەی تێپەڕاندنی چەندێتیی خۆیەوە وەک سەرمایە خۆی بەهێز دەکات. لە کتێبی گروندریسە، مارکس وەسفێکی فیتی ئەم پێڤاژۆیە دەکات وا زایەڵەی دەروونیی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەڕەنگێنێتەوە؛ مارکس دەڵێت: «وەک نوێنەری فۆرمی گشتیی سامان_پارە_، سەرمایە پاڵنەرێکی بێکۆتا و بێسنوورە و دەتوانێت بەربەستە سنووردارکەرەکانی تێپەڕێنێت. گەرەکە هەر سنوورێک [Grenze] بۆی ببێتە بەربەست [Schranke]، گەرنا چیتر نابێتە سەرمایە_واتە پارەی خۆبەرهەمهێن»[7]. گۆڕینی سنوور بۆ بەربەست، مەرجێکی سەرەکییە بۆ خۆبەرهەمهێنانی سەرمایەداریی. گەر سەرمایە وەها ڕەفتار بکات وەک ئەوەی سنوورەکان هەر سنووری ڕاستەقینە بن،

7- Karl Marx, Grundrisse , trans. Martin Nicolaus (New York: Penguin, 1993), 334.

نەوەک ببنە بەربەستێک بۆ تێپەڕاندن، ئەوا چیتر نابێتە سەرمایە، ئەوکات ئێمەش لەنێو سیستەمێکی تردا جێ دەگرین، سیستەمێک بەندە لەسەر بونیادی سوبێکتیڤیتە نەوەک لێڵبوونی سوبێکتیڤیتە[8].

ئەمە تەقریبەن سەبارەت بە بەکاربەری سەرمایەداریش ڕاستە. لەبری گەڕان بەدوای کەڵەکەکردنی سەرمایە، بەکاربەر بەدوای ئەو کاڵایەدا دەگەڕێت وا ئەوپەڕی تێربوون دەستەبەر دەکات کە گرێدراوە بە ئۆبێکتی لەدەستچووەوە. هەر کاڵایەکی نوێ دەگاتە بازاڕ، بەڵێنی تێربوونی هەڵگرتووە. نوێترین مۆبایل و یاریی ڤیدیۆیی و پۆشاک و ئۆتۆمبیل دەکڕم، بەو ئومێدەی ئەو تێربوونە دەستەبەر بکات وا کاڵای پێشوو شکستی هێناوە لە دەستبەرکردنی، کەچی هەموو جارێک بە ناکامیی دەگەڕێمەوە. ڕەنگە بە دەسکەوتنی کاڵای نوێ بۆ ساتێک چێژ ببینم، وەلێ دەستبەجێ دووربوونی [ئەم کاڵایە] لە ئۆبێکتی لەدەستچووی مەحاڵ دەردەکەوێت. ئەوجار دیسانەوە نغرۆ دەبمەوە لە گێژاوی ئارەزووی بەدەستهێنانی کاڵایەکی تر کە هێشتا شکستی نەهێناوە لە دەستەبەرکردنی تێربوونەکە.

دۆخی منداڵ لەنێو سەرمایەداریی هاوچەرخدا، دەرکەوتن و دەستبەجێ ونبوونی ئۆبێکتی لەدەستچوو بەرجەستە دەکات. منداڵ دەپاڕێتەوە بۆ ئۆبێکتێک، وەکبڵێی ئەم ئۆبێکتە هەموو چێژێکی

٨- ڕاستییەکەی، چەمکی [Grenze] هەروا بە سادەیی مانای سنوور نییە، بەڵکو مانای سنووری نێوان نەتەوەکانیش دەگرێتەوە، ئەمەش ئەوەندەی تر گرنگی دەبەخشێتە بانگەشەکەی مارکس. سنووری نەتەوەیی هەرگیز نابێتە سنوورێک لەبەردەم سەرمایە، وەک مارکس بانگەشەی بۆ دەکات، سەرمایەداریی هەر لە سەرەتاوە جیهانگیر بووە.

ڕێتێچوو بەرجەستە دەکات؛ کەچی دوای چرکەیەک لە بەدەستهێنانی ئەم ئۆبێکتە، منداڵەکە تا دەستی دەیگرێت فڕێی دەدات، وەکبڵێی لەو تێربوونەی تۆزێک پێش ئێستە بەڵێنی پێ دەدا، خاڵیی بووەتەوە.

هەرکەس گۆڤانی ئەم ئەزموونە بەربڵاوە بێت، ئەستەمە بەرەنگاریی ڕاڤە دەروونشیکارییەکە بێتەوە دەربارەی ئۆبێکتی لەدەستچوو و ڕۆڵی ئەم ئۆبێکتە لە ئارەزووی سوبێکتدا. کتومت وەک بەرهەمهێنەری سەرمایەداریی، شکستی چەندبارەی بەکاربەر، نابێتە مایەی خاوبوونەوەی وەبەرهێنان لە پرۆسەی بەکاربردندا، بەپێچەوانەوە زیاتری دەکات. چون سەرمایەداریی سەرتاپا بەگوێرەی لۆژیکی سەرکەوتن کار دەکات، دەتوانێت پاڵنەری نەستەکیی سوبێکت بۆ شکست تێر بکات. جا بۆیە هەرکات سوبێکتەکانی سەرمایەداریی دەگەنە ئۆبێکتێکی نوێ و نائومێدکەر، تێرنەبوونێکی بەردەوام ئەزموون دەکەن؛ ئیتر لە ڕێی ئەو دووبارەبوونەوەی بەرئەنجامی گەڕانی بەردەوامە بەدوای کاڵای دواتردا، تێربوون دەدۆزنەوە. بۆ مانەوەی سەرمایەداریی لە دەسەڵاتدا ئەم دینامیکە گەلێک پێویستە. ئەگەر سەرمایەداریی تەنها تێرنەبوون و بەڵێنی تێربوونێکی لە ئاییندەدا پێشکەش بکردایە، ئەوکات سوبێکتەکان هەرگیز بەرانبەر ئەم سیستەمە نەرمییان نەدەنواند. بەڵام سەرمایەداریی تێربوونێکی ڕەسەن دەستەبەر دەکات _تێربوونی لەدەستدان_ لەژێر پەردەی تێرنەبووندا. ئەوەی وەک جووڵەیەکی تێرنەکەر دەردەکەوێت و لە کاڵایەکەوە بەرەو کاڵای دواتر پاڵمان دەنێت، ڕاستییەکەی دووبارەبوونەوەیەکی تێرکەری لەدەستدانی

ئۆبێکتە. وەهمی بەدەستهێنان بەڵێنی هەڵاتن لە تراومای سوبێکتیڤیتە دەڕەخسێنێت، کەچی سوبێکت سەرتاپێ لەنێویدا جێگیر دەکات.

لەڕێی فەراهەمکردنی تێربوون لە فۆرمی تێرنەبووندا، سەرمایەداریی تاڕادەیەک لە تراومای سوبێکتیڤیتە بەدوورمان دەگرێت، بەبێ دوورخستنەوەی ئەو تێربوونەی پێشکەشی دەکات، هەر ئەمەش بلیمەتیی سەرمایەدارییە.

بۆ ئەوەی لە پەیوەندیی نێوان تێربوون و تێرنەبوون لەمیانی کارکردنی سەرمایەدارییدا تێبگەین، نابێت وەسوەسەی جیاکردنەوەیان فریومان بدات. وەکبڵێی هەریەک لەم دوو کۆنسێپتە دوو ڕوانینی جیاواز بۆ هەمان بونیاد بەرجەستە بکەن، کەچی خۆی لەبنەڕەتدا هیچ بونیادێکی تایبەت دەستنیشان ناکات. تێرنەبوونی بەردەوام و ئومێدی ئایینده، فۆرمی دەرکەوتنی تێربوونی سوبێکتە، فۆرمێکی دەرکەوتنی سازاوە لەگەڵ ئاگایی و سیستەمی سەرمایەداریی. وەلێ ئەم دەرکەوتنە لەخۆڕازیبوونی سوبێکت داناشکێنێت، ئەو تێربوونەی لە سایەی ڕژێمی سەرکەوتنی سەرمایەدارییدا بەردەوام دەبێت. سوبێکت لە سایەی سەرمایەدارییدا تێر دەبێت، بەڵام تا ئەو کاتەی لە نێو سیستەمی سەرمایەدارییدا وەبەر دەهێنرێت ناتوانێت دان بەم تێربوونەدا بنێت.

مکوڕبوونی سەرمایەداریی لەسەر وەهمی سەرکەوتن لە سەر حیسابی زەروورەتی شکست، بۆ کارکردنی ئەم سیستەمە پێشمەرجێکی بنەڕەتییە. ئەو سوبێکتانەی ئەم وەهمە قبووڵ ناکەن، بەردەوام عەودالی ئۆبێکتی ئارەزووی نوێ نین، بۆیە نابنە بەکاربەر

و بەرهەمهێنەری باش، بەمەش تەگەرەیەک دەخەنە نێو کارکردنی سیستەمی سەرمایەدارییەوە. خۆیان بە ئۆبێکتە کۆنباوەکان قایل دەکەن و دان بەو تێربوونەدا دەنێن وا لە شکستی ئۆبێکت بۆ بەدیهێنانی ئارەزووەکەیانەوە بەرجەستە دەبێت. لەو سوبێکتانە نین بە کەمتر لە ئۆبێکتە تێرکەرەکان پێمل نەبن (وەک ئەوەی لایەنگری پرەنسیپی واقیع بن)، لەبری ئەوە، تێربوونی خۆیان لە کەموکورتیی ئۆبێکتدا دەدۆزنەوە. ئەو ئۆتۆمبیلەی لاکانی قوپاوە و بە هەزارحاڵ بە هەورازەکاندا هەڵدەزنێ، بۆ ئەم سوبێکتانە سەرچاوەی تێربوونە.

پاڵەوانە مەزنەکانی ئەدەبی ئەمریکیی _کاپتن ئەهاب، هەک فین، جەی گاتسبی، حیکایەتخوانی پیاوی نەبینراو_، هەرگیز ئەم هەنگاوە نانێن. لەکۆتایی هەر ڕۆمانێکدا، ئەم کارەکتەرانە بەدوای ئۆبێکتێکی گونجاودا دەگەڕێن، تەنانەت گەر بەم کارەش دژی نەزمی کۆمەڵایەتیی بوەستنەوە.

هەک فین شارستانییەت جێ دەهێڵێت، بە ئومێدی دۆزینەوەی ئەو ئۆبێکتەی ئارەزووەکەی بەدی دەهێنێت. بەم مانایە، ئەویش هاوشانی ئەوانی تر، دیلی دەستی ئەو لۆژیکی سەرکەوتنەیە وا سەرمایەداریی پێشنیاری دەکات. هەرچەند ئەم پاڵەوانانە بێنێوەڕۆکیی فەنتازیای ئەمریکیی دەردەخەن، بەڵام هێشتا باوەڕیان بە هەبوونی ئۆبێکتی تێرکەری ڕاستەقینەیە. واتە، هێشتاش وەک نموونەی هەرە بەرچاوی سوبێکتیڤیتەی سەرمایەداریی دەمێننەوە.

وەختێک مرۆڤ درک بەوە دەکات هیچ ئۆبێکتێک تێربوونی

تەواوەتیی نارەخسێنێت، ئەوکات دەتوانێت لەڕووی دەروونییەوە لە سەرمایەداریی بێبەری بێت. لێرەدا، مرۆڤ دەتوانێت بەشداربوون لە بەرهەمهێنانی بەردەوامیی سەرمایەداریی ڕەت بکاتەوە، ئەم ڕەتکردنەوەیەش یەکانگیرە لەگەڵ ڕەتکردنەوەی لۆژیکی سەرکەوتن. ڕاستە ئەم ڕەتکردنەوەیە بە تەنها نابێتەی مایەی کەوتنی سەرمایەداریی، وەلێ پێشمەرجی سیاسەتی شۆڕشگێڕییە. سەرمایەداریی لە ڕێی یەخسیرکردنی ئارەزووی سوبێکتەکانەوە، پاڵیان دەنێت بۆ وەبەرهێنان لەنێو بەرهەمهێنانەوەی سیستەمدا، بەڵام ڕێک هەر لەم ئاستەدایە، سوبێکت پێی دەکرێت کە دەستبەرداری سیستەمی سەرمایەداریی ببێت. خودی لۆژیکی سوبێکتیڤیتە لەگەڵ سەرمایەداریی نەسازە، بۆیە ڕێخۆشکەرە بۆ ئەڵتەرناتیڤێک کە دەتوانێت وێنای شێوازێکی تری بەرهەمهێنان و بەکاربردن بکات.

لەخۆڕازیبوونی سوبێکت پێویستیی سەرمایەداریی ئاڕاستە دەکات بەرەو ئەو سوبێکتانەی هەرگیز لەخۆیان ڕازیی نین. ئەم لەخۆڕازیبوونە لەنێو سیستەمی سەرمایەدارییدا مایەی سەرئێشەیە، چونکە ئایدۆلۆژیای سەرمایەداریی هەردەم تەقەلایەتی تا ئەم هەستی لەخۆناڕازیبوونەی سوبێکت بئافرێنێت. ئافراندنی ناڕازیبوون و تێرنەبوون، تاکە ئامانجی ڕیکلامە. ئەم ڕیکلامە وێنەی پیتزایەکی گوایە بەتام پیشان دەدات، نیازێتی باوەڕ بە بینەران بهێنێت هەرچییەک ئێستە هەیانە، هاوتای چێژی ئەم پیتزایە نییە؛ یان پارچەیەک ئاوازی گۆرانییەکی نوێ بڵاو دەکاتەوە، گوایە لە هەموو گۆرانییەکی کۆن بەچێژترە. بەکاربەری لەخۆڕازیبوو چیتر بەکاربەر

نییە، بۆیە چەمکی ڕازیکردنی کڕیار لە بنەڕەتدا چەمکێکی گومڕاکەرە. ڕەنگە کۆمپانیاکان ئاستێک لەخۆڕازیبوونی کڕیاریان بوێت، بەڵام ئامانجیان ئەوەیە، ئەوەندەش نارەزاییی و تێرنەبوونی ڕەهایە بمێنێتەوە، تا کڕیار بگەڕێتەوە بۆ کڕینی کاڵای نوێ. ئەو سوبێکتەی لەدەستدانە بونیادییەکەی قەبووڵ دەکات، تەرێز لەم نارەزابوون و تێرنەبوونە دەگرێت. ستراتیژی بەرهەمهێنان بۆ لەباوکەوتنی پلان بۆدانراو، پێکهێنەرێکی سەرەکییە بۆ فراوانبوونی بەردەوامی سەرمایەداریی، هەروەتر پشت بە هەبوونی ئەو سوبێکتانە دەبەستێت وا باوەڕ بە بەڵێنی کاڵا نوێیەکان دەکەن. هەمان ئەو سوبێکتانەی تێربوونی نێو کاڵا شکستخواردووەکەیان لەکیس چووە؛ واتە ئەو تێربوونەی بەرئەنجامی شکستە، ئەو تێربوونەی سوبێکتەکانی نێو سەرمایەداریی ئەزموونی دەکەن بێ ئەوەی درکی پێ بکەن.

سەرچاوە:

- Todd McGowan, Capitalism and Desire: The Psychic Cost of Free Markets, Columbia University Press, 2016.

★★★

ستەمکاریی بژاردە

ڕێناتا سالێکڵ
لە ڕووسییەوە: عەلی ئەحمەد

«ستەمکاریی بژاردە: دەروونشیکاریی دەتوانێت چ دەربارەی ئەو دڵەڕاوکێ و ترسانە بێژێت وا ئێمە لە چەرخی سەرمایەداریی دواییندا ڕووبەڕوویان دەبینەوە»

«خەونە ڕووسییەکان» هانیاندام بۆ ئەوەی شەنوکەوی «ستەمکاریی بژاردە» بکەم. چەند ساڵێک پێش ئێستا لە گۆڤاری «تایم»دا ئەوەم خوێندەوە کە ڕووسیا لە ژمارەی یاریگاکانی تێنسدا پلەی یەکەمی جیهانی گرتووە. بیرۆکەکە ئەوە بوو کە دایک و باوکان خەونیان بەوەوە دەبینی منداڵەکانیان ببنە شاراپۆڤا و کورنیکۆڤای نوێ. من و ئێوەش باش دەزانین، سەرمایەداریی لەو بیرۆکەیەوە دەستی پێ کرد کە مرۆڤ گەرەکە خەونێکی هەبێت بۆ گەیشتن بە شتێک لە ژیاندا. سێرینا ویلیامز یاریزانی بەناوبانگی تێنسی ئەمریکیی جارێک گوتی کە ئەمە خەونی باوکی بووە، ئێستاش بووە بەو یاریزانە. من دەستم کرد بە پرسیار دەربارەی پەیوەندیی لە نێوان داهاتوو و خەیاڵدا، و ئایا خەیاڵ لە ڕاستییدا خەیاڵی ئێمەیە یان هی کەسێکی دیکەیە و ئێمە تەنێ دەیکەین بە هی خۆمان؟

جارێک لەسەر بەرگی گۆڤاری کۆسمۆپۆلیتان «Cosmopolitan» ئەمەم خوێندەوە: «ببە بە خۆت، لێ تەنێ باشترین بە!». گەر بە باشی بیری لێ بکەینەوە، ئەوا لەم درووشمەدا باندۆری هەستکردن بە گوناه هەیە ــ من دەبێ ببمە کەسێک. لای من ئەم پرسیارە سەری هەڵدا: «بۆچی سەرمایەداریی دوایین بەو ڕەنگە هەستی گوناه و دڵەڕاوکێ زیاد دەکات؟». لەساڵی ١٩٧١دا ژاک لاکان کۆڕێکی لە میلان پێشکەش کرد و تێیدا بۆ یەکەمجار باسی گوتاری سەرمایەداریی و ئەوەی کرد کە چۆن سەرمایەداریی بە

شێوازێکی نوێ ئاراستەی سوبێکت (مرۆڤ) دەبێت. ئیدی لێرەوە سوبێکت بە زمانی کرێکار بیر لە خۆی ناکاتەوە، بەڵکوو بە زمانی سەردار بیر لە خۆی دەکاتەوە. ئەم سەرداره یەکسانە بە بەکاربەرێکی ئازاد. بیرۆکەکە تەنێ دەربارەی ئەوە نییە کە سوبێکت (مرۆڤ) زیاتر و زیاتر ئوبێکتەکان [کاڵا و شمەکەکان] بەکار دەهێنێت، بەڵکوو دەربارەی ئەوەشە کە سوبێکت خۆی دەبێتە ئوبێکت [کاڵا]ـی بەکاربردن. هەروەها لاکان باسی ئەوەی دەکرد کە سەرمایەداریی ئەو سیستەمەیە وا لە خێرابوونێکی بەردەوامدایە، بۆیە لەگەڵ کارکردن و بەکاربردنی زیاتر و زیاتردا، ئێمەش دەست دەکەین بە بەکاربردن یان تەنانەت سووتاندنی خۆمان. ئەم ئاراستەگیرییەی بەکاربەر لەسەر خۆی سەر دەکێشێت بۆ گەشەی بێئیشتیایی، زۆرخۆریی و ڕشانەوە (بولیمیا)، بۆ زیانگەیاندن بە خۆی (خۆلەناوبردن). هەروەها ئەم سوبێکتە نوێیە بە بیرۆکەی بێسنووریی چێژ پاڵپشتی دەکرێت. قسەکەمان لەمەڕ زاراوە سەرەکییەکەی لاکانە، واتە «jouissance» ــ زێدەچێژ ــ کە بێسنوور دەردەکەوێت. لاکان لە پرسیاری چێژەوە دەچێت بۆ پرسیارێکی دیکە: «تا چەندە سوبێکت بە ڕەمزیی نیشانە کراوە؟». لەم سەردەمەدا زۆرێک لە دەروونشیکارانی فەڕەنسیی هاوڕای ئەو بۆچوونەن کە لە ڕاستییدا سوبێکتی ئەمڕۆ بە بەراورد بە چەند دەیەک لەمەوبەر، لە ئاستێکی کەمتردا بە قەدەغە ڕەمزییەکان نیشانە کراوە. پرسیارە پەیوەندیدارەکە ئەوەیە ــ ئایا شتێک لەوەدا گۆڕاوە کە لاکان بە ئەویتری گەورە ناوی دەبات؟ لەم دۆخەدا مەبەستمان لە ئەویتری گەورە کولتوور، دامەزراوە

کۆمەڵایەتییەکان و بە واتایەکی سنووردداریش زمانە. ئەویتری گەورە نییە، لێ کاریش دەکات. بە پشتبەستن بە ئەویتری گەورە سوبێکت دۆخێک بۆ خۆی درووست دەکات کە فەنتازیاکانی لەو ڕیزبەندییە دیاریکراوەدا خۆیان بونیاد دەنێن وا کایەی ڕەمزیی پێک دەهێنن. لەم ئەویتری گەورەیەدا هەندێک ئاوتۆریتێت/دەسەڵات هەن کە خەڵک لەگەڵیان هاوشووناس دەبن. دە ساڵ پێش ئێستا میلەر و لۆران لەمەڕ گۆڕانی سرووشتی ئەویتری گەورە نووسیویانە. لە جێی دەسەڵاتە کۆنەکان، کۆمیتە زانستییەکان هاتوون و هەندێک هەقیقەت دیاریی دەکەن. بە کردەنیی لە جڤاکدا گۆڕانکاریی ڕادیکاڵ ڕووی داوە ـ واتە لە ئەویتری گەورەدا و لە شێوازی تێگەیشتنمان لە خۆمانیش وەک سوبێکتە کۆمەڵایەتییەکان. ئەم مشتومڕە بۆ ئەو کەسانە ڕوونتر دەبێت کە سەردەمی سۆسیالیستییان بیر دەکەوێتەوە: ئەوەی کە چۆن ئەمڕۆکە ئێمە ئەویترە گەورەکان بۆ خۆمان دەدۆزینەوە، لە بنەڕەتەوە شێوازێکی جیاوازە لە ئەویترە تۆتالیتارییەکانی ئەو سەردەمە. ڕژێمێکیی کۆمەڵایەتیی-ئایدۆلۆژیی بۆ ئەوەی بوونی هەبێت، دەبێ بەردەوام پاڵپشتیی لە خۆی بکات. فەیلەسووفی فەرەنسیی لوی ئاڵتوسێر باسی ئەوەی دەکرد کە ئایدۆلۆژیا تەنێ لەو کاتەدا کار دەکات وا بە شتێک (پێدراوێک)ـی ئاسایی وەربگیرێت. بۆ نموونە، ئەمڕۆکە بازاڕ بە شتێکی ئاسایی دەبینرێت. واڵتەر بینیامین دەیان ساڵ پێش ئێستا وتویەتی بازاڕ لە سەرمایەدارییدا وەک خودا ڕەفتار دەکات و ئەو کەسانەی باوەڕ بەم ئایینە نوێیە نەکەن، بە مورتەد ناویان دەبەن. ئەو هەروەها باسی ئەوەشی دەکرد کە سەرمایەداریی دەبێتە هۆی هەڵکشانی

نائارامیی و دڵەڕاوکێی مرۆڤ. ئایدۆلۆژیا خۆی کاردەکات و بە تەواویی پێویستی بەوە نییە خەڵک باوەڕیان پێی هەبێت.

یەکێک لە ئایدۆلۆژیا بەهێزەکانی ئەمڕۆ ئایدۆلۆژیای هەڵبژاردن (بژاردە)ـیە، هەروەها باوەڕە بە هەڵبژاردنی ئەقڵانیی مرۆڤ لە ژیاندا. لەم ڕۆژگارەدا بەردەوام پاڵمان پێوە دەنێن بۆ پێویستیی بە کامڵکردنی خۆمان، بۆ ئەوەی خۆمان بە ئایدیاڵیی بئافرێنین. گەنجان لیستێک بۆ ئەو شتانە درووست دەکەن وا پێویستە لە ماوەیەکی دیاریکراودا ئەنجامی بدەن ـ لە چ تەمەنێکدا بگەنە پیشەیەک، خێزان پێک بێنن و هتد... بۆ کچان بە تایبەتیی پرسی منداڵ دەبێتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ. دایک و باوکی من ئەم دووڕییانە (گێرەوکێشە)ـیان نەبوو. هەرگیز بیریان نەدەکردەوە کە ئەمە پرسی هەڵبژاردنە. گرفتێکی دیکەی هەڵبژاردن ئەوەیە دەبێ بە درووستیی، یان وردتر بێژین ـ بە ئایدیاڵیی ئەنجام بدرێت.

با بەبیرتان بێنمەوە، سەرمایەداریی هەمیشە لەسەر ئەو بیرۆکەیە بەندە کە تاکەکەس خۆی دەتوانێت خۆی درووست بکات، واتە ئەو ئازادە لە هەڵبژاردنەکەی خۆیدا. مرۆی خۆدرووستکەر (Self made) ـ کەسێکە خەونی ئەوەیە لەو ژینگەیە دەربچێت وا تێیدا لەدایک بووە. تۆ دەتوانیت دەوڵەمەند بیت، تەنانەت ئەگەر بە هەژارییش لەدایک بوویبیت. جاران وا دادەنرا بۆ سەرکەوتن مرۆڤ دەبێ زۆر کار بکات و گەشە بە توانا دیاریکراوەکانی بدات. ئێستا بەدیموکراسیکردنی خودی بیرۆکەی ناوبانگبوون هاتووەتە کایەوە. تۆ دەتوانیت بە ڕێککەوت دەوڵەمەند و بەناوبانگ بیت (بۆ نموونە، ببیت بە ئەستێرەی ڕیاڵیتی شۆو).

فەیلەسووفان پێشتر قسەیان لەمەڕ پەیوەندیی نێوان بژاردە و هەستکردن بە ترس کردووە. کیرکەگارد باسی ئەوە کردووە کە ترس پەیوەستە بە ئەگەری ئەگەرەوە. سارتەر باسی ئەوەی دەکرد کە لە کاتی وەستان لە قەراخی خەرەندێکدا، لەوە ناترسێت بکەوێتە خوارەوە، بەڵکوو لەو ئەگەرە دەترسێت کە دەتوانێت لەوێوە خۆی هەڵبداتە خوارەوە. دەروونناسی ئەمریکیی باری شوارتز لێکۆڵینەوەی لەو ترسانە کرد وا مرۆڤەکان لە پەیوەندیی بە بژاردەی بەکاربردن (بەکارهێنان)ـەوە ئەزموونی دەکەن.

پرسیارەکەی من ئەوەیە، بۆچی ئایدۆلۆژیای ئەمڕۆ لە لایەکەوە داوامان لێ دەکات باوەڕێکی بەهێزمان بە هەڵبژاردنی شتێک هەبێت، لە لایەکی دیکەشەوە داوای سنووردارکردن دەکات. کاتێک سیستەمی چاودێریی تەندرووستیی لە سلۆڤینیا تێک چوو، ئایدۆلۆژیایەکی نوێی بژاردەی تەندرووستیی هاتە کایەوە: من خۆم بەرپرسیارم لە جەستەی خۆم، من دەبێ هەوڵ بدەم نەخۆش نەکەوم، ئەگەریش نەخۆش بکەوم، ئەوا خۆم بەرپرسیارم لە چاکبوونەوە. لە حاڵەتی نەخۆشییدا دەبێ بە ئەرێنیی بیر بکەمەوە، ئەگەر نەتوانم خۆم چاک بکەمەوە، مانای وایە ناتوانم بە ئەرێنیی بیر بکەمەوە. ئەمە یەکێکە لەو نموونانەی کە چۆن ئایدۆلۆژیا داوامان لێ دەکات دان بە ناکامیی خۆماندا بنێین. مەبەستی من ئەوەیە ئایدۆلۆژیای سەرمایەداریی دوایین پشتگیریی لە بیرۆکەی بژاردەی ڕێگریکردن لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتیی دەکات.

دە ساڵ لەمەوبەر تیۆریستی فەرەنسیی پییێر لێژاندر بە ئاماژەدان بە تیۆرییەکەی ژاک لاکان لەمەڕ ناوەکانی باوک، پێشبینی کرد

لە داهاتوودا هەموو شتێک کەمتر سنووردارێتیی کۆمەڵایەتیی دەبێت. ناوی باوک چیتر وەک جاران کار ناکات. ئێمە زۆر باش دەزانین ناوی باوک ناوێکی دیکەیە بۆ یاسای ڕەمزیی (پانتایی سیمبۆلیی). ئێمە بۆ ئەوەی لە قەدەغە کۆمەڵایەتییەکان تێبگەین، دەبێ بە قەدەغەی ناوەکیی نیشانە بکرێین. ئێمە لە ڕێگەی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە فێری قەدەغەکان دەبین. هەر لە سەرەتاوە لە پەیوەندییەکانی نێوان زارۆک و ئەو کەسەی گرنگیی پێ دەدات، وەک باوە دایک، قەدەغە بنەڕەتیی (یەکەمین)ەکان سەرهەڵدەدەن. لاکان زۆر جار جەختی لەوە دەکردەوە باوکی ڕاستەقینە پێویست نییە بۆ ئەوەی مناڵ بچێتە ناو بونیادی کۆمەڵایەتییەوە. یاسای ڕەمزیی لەوەدا کار دەکات کە چۆن دایک مامەڵە لەگەڵ منال دەکات. بۆ نموونە، ئەگەر باوکەکە مردوو بێت، دایکەکە کاتێک گرنگیی بە منداڵەکەی دەدات، دەڵێت: باوکت هەرگیز ئەم جۆرە ڕەفتارەی پەسەند نەدەکرد. لە پەیوەندیی نێوان دایک و زارۆکدا یەکەم «نەخێر» سەرهەڵدەدات. دەروونشیکارەکانی ئەمڕۆ، بە پلەی یەکەم ڕەشبینەکان، سەرقاڵی ئەو پرسیارەن کە ئایا ئەمڕۆکە ئەم «نەخێر»ـە لە پەیوەندیی نێوان دایک و زارۆکدا ئامادەیی هەیە یان نا. ڕەشبینترینەکان دەبێژن کۆمەڵگەی هاوچەرخ زیاتر حاڵەتەکانی دەروونپەشێویی (سایکۆسیس) درووست دەکات. واتە ئەگەر ئەم «نەخێر»ـە سەرەڕای ئەوەش دەربکەوێت، ئێمە وەک حاڵەتێکی کلاسیکی بەعوسابیبوون لە ئەنجامی بەکۆمەڵایەتیبوونەوە دەیزانین، واتە سوبێکت (مرۆڤ) هەمیشە بەهۆی ئەم «نەخێر»ـەوە بە ناکامیی دەمێنێتەوە. سوبێکت بە کەمیی (کێماسی) نیشانە کراوە. بەم

جۆرە سوبێکت بەردەوام هەوڵی دۆزینەوەی شتێک دەدات تا ئەم کەمییەی پڕ بکاتەوە و هەمیشە ڕووبەڕووی مەحاڵێک دەبێتەوە کە بە شێوەیەکی یەکجاریی پڕ بێتەوە. بۆ وی هەمیشە وا دەردەکەوێت کەسانی دیکە چێژەکەی دەدزن. ئەو کێشەی لەگەڵ ئارەزووەکانی خۆی و ئارەزووەکانی ئەویتردا هەیە. ئەو بەردەوام ئەم پرسیارە دەکات: «من چیم دەوێت؟»، «ئەوانی تر چۆن دەمبینن؟». ئەگەر ئەم قەدەغەیە جێگیر نەکرێت، ئەوا ئەم سوبێکتە (کەسە) یان تووشی دەروونپەشێویی دەبێت یان لادان (perversion). دەروونشیکارە ڕەشبینەکان باسی کۆمەڵگەی بێسنوور، سوبێکتی بێ کێشکردن، دەروونپەشێوە نەشکاوەکان دەکەن. ئەم دەروونپەشێوییە وەک باوە تایبەتمەندیی ئەو کەسانەن کە بە ئاسانیی لەگەڵ کەسانی دیکەدا هاوشووناس دەبن و بەردەوام لاساییان دەکەنەوە (هێلینا دۆیچ، و لاکانیش لە ساڵی ١٩٥٦ـدا، باسی «ئەم کەسێتییانە»یان کردووە). ئەم کەسانە بچووکترین گومان یان نادڵنیایی لە ڕەفتارەکانیاندا نیشان نادەن، چونکە ئەوان لاسایی کەسانی دیکە دەکەنەوە. ئەمەش نیشاندەرێکی شانموونەییە بۆ کۆمەڵگەی ئەمڕۆ.

ئەگەر جاران قەدەغەکان لە دەسەڵاتەوە دەهاتن و ئێمەش زۆر جار لە دژی ئەم قەدەغانە شەڕمان دەکرد، ئەوا ئەمڕۆ سوبێکت گۆڕاوە بۆ خۆقەدەغەکارێک. سوبێکت بۆ خۆی ئەو قەدەغانە هەڵدەبژێرێت وا ملکەچیان دەبێت. لێ ئەمە زیاتر هاوشێوەی ئەو وەهمانەیە کە سوبێکت بۆ پاڵپشتیی لە بیرۆکەی ئازادیی کەسیی دایاندەهێنێت.

لە چیرۆکە خۆشەویستییەکانی هاوچەرخدا وەهمێک دەربارەی ئازادیی لە هەڵبژاردنی هاوبەشێکی ژیاندا هەیە. لە ئەمریکا تەنانەت

دەربڕینێکی نوێ دەرکەوتووە بۆ «دیدارەکان» ـ hooking up ـ شتێکی وەک «بەستنەوە». «یەڵا hook up» دەربڕینێکە کە بە هیچ شێوەیەک واتای هەر ئەرکێک و ئەوەش ناگەیەنێت کە ئێمە بە دڵنیاییەوە لەسەر چاوپێکەوتنێک ڕێک بکەوین. هەر وەک دەربڕینی «Let’s have lunch» (با نانی نیوەڕۆ بخۆین). ئەمە زیاتر بەو مانایەیە کە من حەزم لێتە، بەڵام لەوە زیاتر بێزارم مەکە. نموونەی «بەستنەوە» بە ڕوونیی ئایدۆلۆژیای بژاردە نیشان دەدات. قسەکەمان لەمەڕ دوورکەوتنەوەیە لە نزیکایەتی، دڵبەستەیی و بەرپرسیارێتیی، ئاراستەگیریی تەنێ لەسەر کردەی جەستەیی. هەمان شت بۆ یەکترناسین لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە دەگوزەرێت. مرۆڤەکان وێنەیەکی ئایدیاڵیی هاوبەشێک درووست دەکەن. لە بنەڕەتەوە ئەمە جۆرێکی نوێی بازاڕە، کە مرۆڤ وەک کاڵایەک نرخی بۆ دادەنرێت ـ کێ جوانترە، دەوڵەمەندترە، زیرەکترە و هتد... لە لایەکی دیکەوە، تا بژاردە زیاتر بێت، خەڵک کۆنەپەرستتر دەبن. نابێت لەبیرمان بچێت کە لە ئەشقدا قسەکەمان لەمەڕ فەنتازیا نائاگایی (نەستەکیی)ـەکان، چێژ و ئارەزووە. کەچی ئەمڕۆ ئێمە هەوڵدەدەین هەموو ئەمانە بگوازینەوە بۆ کایەی بژاردەی ئەقڵانیی. ئێمە هەوڵ دەدەین لەگەڵ ئەو ترسەدا هەڵبکەین وا دەبێتە هۆی ئەشق. لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، کە تا ڕادەیەکی زۆر تاکگەراییە، گەلەک شێواز و ستراتیژی نوێ هەن و ڕێگەمان دەدەن لە مرۆڤێکی دیکە نزیک نەبینەوە. لێرەشدا باسەکەمان دەربارەی ناتواناییە لە پاراستنی پەیوەندییەکی درێژخایەندا. مرۆڤ زیاتر حەزی لە تێربوونێکی سێکسیی خێرایە. ئەمەش هەوڵێکە

بۆ گەڕانەوەی چێژی لەدەستچوو. سوبێکت ئامانجی ئەوەیە لە نارسیسیزمەکەی خۆیدا تێر ببێت. لە لایەکەوە میدیا بیرۆکەکان دەربارەی سوپەرسێکسوالیتی بڵاو دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە ئێمە باڵادەستی هەستی ناتەواویی سێکسواڵیتیی خۆمان دەبینین. ئەمڕۆکە شتێکی جوان نییە کەسێک بڵێت کە ژیانی سێکسیی تۆ هاوشێوەی ئەوەیە وا لە گۆڤاری کۆسمۆپۆلیتان باس دەکرێت. یەکێک لە ئەنجامەکانی ئەم ناتەباییە ئەوەیە ژمارەیەکی زۆری خەڵک ڕوو دەکەنە ڕەبەنیی، واتە بە گشتیی ژیانی سێکسیی ڕەت دەکەنەوە.

لە کۆمەڵگەدا کێشەیەکی گەورە هەیە کە گرێ دراوە بە دڕدۆنگییەوە، ترس لێی بەردەوام گەشە دەکات. هەر چییەک هەڵبژێرین، هاوبەشێکی ژیان بێت یان کارێک، سەروکارمان لەگەڵ لەدەستداندایە. من شتێک هەڵدەبژێرم، بەڵام شتێکی دیکە لە کایەدا لەدەست دەدەم. لە ئەنجامدا هەندێک خەڵک بە هیچ شێوەیەک ناتوانن بڕیار لەسەر بژاردەیەک بدەن. بۆ فرۆید بابەتی هەڵبژاردن زۆر گرنگ بوو. ئەو زاراوەی «هەڵبژاردنی نیرۆسیس»ـی داهێنا ـ مرۆڤ بە شێوەیەکی ئەقڵانیی ئەم یان ئەو نیرۆسیسە هەڵنابژێرێت، بەڵکوو ژمارەکی زۆری هۆکارە دەرەکییەکان کاریگەریی دادەنێن. لەسەر نموونەی حاڵەتەکەی دۆرا، کە لەماڵباتێکی سەخت و دژواردا دەژیا و بەردەوام کەسانی دەوروبەری بە هۆکاری چەرمەسەریی خۆی تاوانبار دەکرد، دەتوانین باسی پەیوەندیی نیرۆسیسەکەی بە ژینگەی خێزانەکەیەوە بکەین. لێ فرۆید گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی دۆرا خۆی دانەری ژان و دەردەنیشانەکان (سیمپتۆمەکان)ـیەتی، چونکە خۆی بڕیاری داوە بەم شێوەیە بەرانبەر هەلومەرجە دەرەکییەکان کاردانەوە بنوێنێت.

کاردانەوە فۆرمێکی هەڵبژاردنە، بۆیە سوبێکت خۆی بەرپرسیارێتیی بەرانبەر عوسابی (نیرۆسیس)ـەکانی خۆی هەڵدەگرێت. قسەکەمان لەمەڕ بژاردەی ئەقڵایی نییە، بەڵکوو لە سەر ئەوەیە کە سوبێکت دانەری دەردەنیشانەکانی خۆیەتی. هەروەها ژاک لاکانیش باسی ئەو ژان و ئازارە مرۆییانەی کردووە وا گرێدراون بە هەڵبژاردنەوە. ئەو جەختی دەکردەوە کە سوبێکت دەبێ خۆی هەڵبژاردن بکات بۆ ئەوەی جۆری پەیوەندیی بە ژانەکەی خۆیەوە بگۆڕێت. لێ لاکان قسەی لەسەر بژاردەیەکی زۆرەملێ دەکرد، کاتێک بژاردەکە لە یەک کاتدا هەم پێشکەش دەکرێت و هەم ڕەت دەکرێتەوە. وەک چۆن لە یەکێتیی سۆڤێتدا کێڵگەی هاوبەش (کەڵخۆز) خۆبەخش-ناچاریی بوو. واتە بژاردەکە لە فەنتازیادا بوونی هەیە، نەک لە واقیعدا. تەنانەت لە ڕژێمێکی تۆتالیتاریشدا فەنتازیایەک دەربارەی هەبوونی بژاردە هەبووە. لاکان دەیگوت خودی پێکهاتنەکەی سوبێکت واتای لۆژیکی هەڵبژاردنی ناچاریی دەگەیەنێت.

سەرەڕای ئەمانەش بژاردە گرێ دراوە بە فەنتازیا و ئارەزووە نائاگایی (نەستەکیی)ـەکانمانەوە، نەک بە هەڵبژاردنی ئەقڵانییەوە. بژاردە ـ پێکهێنەرێکی گرنگی ئایدۆلۆژیای ڕۆژگاری ئەمڕۆیە. لێ کێشەکە ئەوەیە هەڵبژاردنی ئەقڵانیی وەک تاکە بژاردەی شیاو و مومکین پڕۆپاگەندەی بۆ دەکرێت. ئەودەمەی سوبێکت سەبارەت بە هەڵبژاردنەکانی ڕەخنە لە خۆی دەگرێت، ناتوانێت لە پەیوەندیی بە کۆمەڵگەوە ڕەخنەگر بێت. بۆ نموونە، ئەگەر من کارەکەم لەدەست دابێت، ئەوا خۆم سووچدارم نەک ئەو کۆمپانیایەی دەری کردووم.

جۆن لێنۆن ئەوەی نووسی کە ژیان ئەوەیە وا لەگەڵت

دەگوزەرێت، تا ئەو کاتەی پلانێکت بۆ داهاتوو دادەنێیت. ئەرکێک بیرکردنەوەیە لە هەڵبژاردنێک، یەکێکی دیکە ئەوەیە بیکەیت. ئێمە دەبێ تێبگەین بژاردەمان هەیە ـ ئەویش ئەوەیە ستەمکاریی بژاردە (بژاردەی زۆرەملێ) قەبووڵ بکەین یان نا.

سەرچاوە (ڕووسیی):

Лаканалия, # 2, 2010, Жена Мясника.

دەربارەی نووسەر

ڕێناتا سالێکڵ، ژنە فەیلەسووف و یەکێکە لە تیۆریستە پێشەنگەکانی قوتابخانەی لیوبلیانای دەروونشیکاریی لە سلۆڤینیا، نووسەری ژمارەیەک پەڕتووک و وتارە کە بۆ چەندین زمان وەرگێڕدراون.

★★★

له دیالێکتیکەوه تا دیالێکتیک

ڕامین گـارا

له فارسییەوه: سوورێن ئیبراهیم

یەکەم کەڕەت چەمکی دیالێکتیک لەلایەن هیراکلۆتیسەوە بە واتای گۆڕان و بزاوتی نەپساوەی جیهان بەکار هات، بەڵام لە بنەواشەوە کاکڵەوارەی چەمکی دیالێکتیک، بە چەشنێکی سەرسووڕمێن ڕەنگوبۆی لە ئایینی میترایزم[1] و زەردەشتییدا تانوپۆی چنرا، جا دانایانی یۆنانیی هاوسەردەمی فیساگۆرس لە سۆنگەی گەشت بۆ کوردستان و ئێرانی سەردەمی هەخامەنشیی، ئەم هۆشمەندییەیان گلێر کردەوە و بردیانە یۆنان، دیالێکتیکی زەردەشتیی بە شێوەیەکی ئەخلاقیی و زانستیی ملەجەڕێی نێوان دژوازی چاکە و خراپە و تاریکیی و ڕووناکیی و ئاهوورامەزدا و ئەهریمەن دەنوێنێتەوە، ئەمە لە دیالێکتیکی سەردەمی شارستانییەتی ئایۆنیایی پەرەسەندووترە، چونکە لە سەردەمی یۆناندا بە واتای مشتومڕ و گفتوگۆ بووە و نەپەرژابووە سەر مژاری دژەکان، دیالێکتیک بە یۆنانیی بە واتای وتووێژ دێت و لە بنەڕەتدا دەربارەی سرووشتی «لۆژیک»ـە، لۆژیک بە واتای بیرکردنەوەی ڕاست دێت، دیالێکتیک ئەو ڕێبازانەیە وا چەوتییەکان سەراست دەکاتەوە و زەمینە و زهنییەتی مرۆیی بۆ دەستڕاگەیشتن بە هەقیقەت فەراهەم دەکات، سوکرات بۆ پێشخستنی وتووێژە فەلسەفییەکانی خۆی، سوودی لێ دیت، بە گشتیی هیگڵ لە «میتۆد و لۆژیک» و ڕامانە فەلسەفییەکانیدا، کە شاپرسەکەی «بوونی دژەکان»ـە، سوودی لە دیالێکتیک دیت، هیگڵ بە پێوەری یاسای دیالێکتیک، سەرپاکی شتەکان بە سنوورمەند و گوزەرا دەبینێت، گوایە دژی خۆیان

١- ئایینی میهر، یەزدانی پەیمانی ئارییاییەکان

هەیە، جا کاتێک دژێک دژێکی تر دەبەزێنێت، گۆڕان دێتە کایە، مارکس و ئەنگڵسیش بۆچوونە فەلسەفییەکانیان لە بن سەرناوی ماتریاڵیزمی دیالێکتیک، بە پێودانگی کۆڵەکەی بابەت و دژەبابەت و تێهەڵکێش (کۆتێز)ـی هیگڵیی بنیاد نا، ملەجەڕێکە لە نێوان لۆژیکی دێرینی ئەرستۆیی و لۆژیکی نوێی هیگڵییدایە، جا ئەمەش لە پێناو دەستڕاگەیشتن و دەستڕانەگەیشتن بە واقع و هەقیقەتی گردەبڕدا. لۆژیکی پێوانەی ئەرستۆ لەسەر کۆڵەکەی بەڵگەی بەردەوام بەندە و هاوکاتێتیی[٢] دژەکان پەرچ دەداتەوە، لێ لۆژیکی دیالێکتیکیی ئەمەی پەژراند، لەم دوو جۆرەش بترازێت، لۆژیکیی بەڵگەمەندی ئاماریی و زانستی پراگماتیکی پاش ڕێنسانسیش بیچمیان گرت، لە فرانسیس بیکۆنەوە تا دیکارت و نیوتن، لە فەلسەفەی میکانیکیی[٣]ـدا بیرکاریی وەک «زمانی سرووشت» ناودێر کراوە، لەگەڵ لۆژیکی پراگماتیزم، کە یەکەمین ڕێسا بەرژەوەندپەرەستەکانی لەلایەن میکیاڤیلییەوە پاسەدان کرا، بەپێی پەیوەندیی سووژە-ئۆبژە جڤاک و سرووشت بەکار بران.

لۆژیکی ئەرستۆیی موتڵەقگەرایە، لێ لۆژیکی دیالێکتیکیی ڕێژەگەرا، دیالێکتیک توانی یەکێتیی دژەکان بۆ هەڵێنجانی بارگۆڕانی بابەت «تێز» و دژەبابەت «دژەتێز» و تێهەڵکێش «کۆتێز» بەکار بهێنێت، لۆژیکی کلاسیک میتۆدی بیرکردنەوەی موتڵەقگەرا پەیڕەو دەکات، لێ لۆژیکی دیالێکتیکی هیگڵیی بە پێچەوانەوە شێوازی

٢- کۆبوونەوەی دژەکان

٣- پێی وایە گەردوون لە وێنەی دەزگایەکی میکانیکی زەبەلاحە و پشت بە هۆ و بەرهۆ دەبەستێت.

بیرکردنەوەی ڕاست پشتگوێ دەخات، چونکە زانین بە ڕێژەیی دەزانێت، بۆیە پێشڤەچوونێکی وا لە بەستێنی «میتۆد»دا هەڵناهێنجێت. دیالێکتیک ئەو تێگەشتنەی فەراهەم کرد کە جووڵە بە شێوەی بازنەیی و خولاوێکی بێهودە نییە، بەڵکوو بۆ پێشێ ملی پێوە دەنێت، مسۆگەر کێماسیی ئەم ڕوانینە ئەوەیە بزوات بە تەنێ مارپێچیی بۆ پێشێ ڕەچاو دەکات، لێ کوانتەم ئەمەی سەرڕاست کردەوە: دەکرێت بزاوت بۆ گشت لا و ڕەهەندەکان بێت. میتۆدی هیگڵ بریتییە لە دیالێکتیکی تایبەتمەندیی و جووڵەی ناوەکیی شت و زەین و سرووشت و کۆمەڵ، ڕاستییەکەی دیالێکتیک بزوێنەری گۆڕانە و بزووتنی ڕەهەندە شوێنەکیی و کاتەکیی و واتایی «زەینیی»ـەکانی لێ دەکەوێتەوە.

ئۆجالان بۆ ئەوەی پێڤاژۆی دیالێکتیک بخاتە سەر ڕاستەڕێی خۆی، سەرەتا گرنگییەکی باڵکێشی بە پێناسەیەکی ڕاستی «میتۆد و لۆژیک» دا. چونکە هیگڵیش بۆ بەرەوپێشبردنی میتۆد و لۆژیک، سوودێکی فرەی لە دیالێکتیک بینی. بەڵام بەهۆی داشکاندنی تای تەرازوو بە لای «ڕێبازی زانستیی»دا، نەیتوانی سەرپاک خۆی لە چێوە و دۆگماکانی لۆژیکی ئایدیالیستیی ڕاپسکێنێت. یەکەمین کاری ئۆجالان ئەوە بوو، لە تێکڕای مێژووی مرۆییدا میتۆدی بۆ سێ جۆر دەسەبەش کرد: میتۆدی میتۆلۆژیی و ئایینیی و زانستیی، ئەو وتی؛ بە پێچەوانەی بانگەشە زێدەڕۆکانەوە، میتۆلۆژیا درۆ و پڕوپووچ نییە، بەڵکوو بەراورد لەگەڵ میتۆدەکانی تر، هەم ژینگەپارێزە و بەدوورە لە قەدەرگەرایی و ناچارەکێتیی، هەمیش

بەستێنێکی گونجاوی بۆ ئازادیی تێدایە، ئەمانەشی لێ بترازێت، سەلماندی میتۆدە ئایینیی و زانستییەکان بە خۆیان و ڕوانگە تایبەتەکانیانەوە، هەریەکەیان جۆرێکن لە میتۆلۆژیا، هەروەها پێی لەسەر ئەوە داگرت کە بە ڕەچاوکردنی ئەو وێرانکارییەی کردوویانە، دەستڕاگەیشتنیان بە هەقیقەت زۆر دژوار و نەکردەنیی کردووەتەوە، بە گوزارشتێکی ڕوونتر، گۆشەنیگای ئایینیی و زانستیی ئەو دەوڵەمەندییە مەزنە زهنیی مرۆییەی وا کەڵەکەبووی سەرپاکیی ژیریی بوونەوەرانە، بۆ ئاستی ژیری شیکاریی و ئاماریی کورت کردووەتەوە و لۆژیکی مرۆڤیش بۆ ئاستی ژمێرەک «دەزگای ژمێرەک»ـێک داشکێنراوە. ئۆجالان پێی لە سەر ئەوە داگرت؛ بۆ ئەوەی خۆمان لە دۆگماکان ڕابپسکێنین، دەبێت دەرگا بۆ میتۆدی نوێی واتاناسیی بخەینە سەر پشت. پەرچدانەوەی درکی جیهان لە سۆنگەی ژیریی هەستەکیی نێو جیهانبینیی میتۆلۆژیی و بانگەشەی ڕوانینی دۆگماتیکی ئایینیی-زانسیی ژیریی شیکاریی سەرپاک بە وێرانکەر پێناسە کرد، ئەمە گورزێکی هەناوتەکێنی لە پێڤاژۆی دیالێکتیکی دایکۆتۆمیی[٤] و جووتجەمسەر و دوانەیی پرسەکان و جیهان دا. ئۆجالان ئەم ڕێبازگۆڕکێیەی بۆ تێگەشتنی جیهان بە کۆلۆنیی زەین ناودێر کرد.

لە بنەوەڕا داشکاندنی تێگەیشتنی جیهان و جڤاک بۆ ئاسۆی میتافیزیکیی لە تێڕوانینی ئایینییدا، بووە هۆی سڕینەوەی دیالێکتیک و بنجکوتانی موتڵەقگەرایی و قەدەرگەرایی و داکشانی گۆڕان و

٤- دووجەمسەریی

بزوات. ئایینەکان لە سۆنگەی هەڵکشاندنی گشت شتێک، تەنانەت واتاکانیش بۆ تەشقی ئاسمان و دەستڕانەگەیشتن پێیان، توانای تێگەشتنی مرۆڤیان هەڵفریواند. ئەم چەقبەستوویيەی ئایین باندۆرێکی باڵکێشی خستە سەر ڕاستینەی جڤاکیی. دیالێکتیک خرایە ژێر چەپۆکی پەیڤی پیرۆز و فەرمانی یەزدان. چونکە دیالێکتیکی شوان-مەڕ پاوەجێ بوو. لە کۆمەڵی ئایینییدا چەقبەستوویی کۆمەڵ و سرووشت وەک ڕێسای بێ حەوت و هەشت و یاسا سەپێنرا. ئەمە تەنانەت سرووشتیشی چەقبەستوو کرد. پەیوەندییەکانی دیالێکتیک لە سەردەمی ئایینییدا سرووشتیی نەبوو، بەڵکوو ناچارەکیی بوو، جەمسەری دۆگماتیزم وەک دژبەری دیالێکتیک هەڵڕەنگا، بارگۆڕانە دیالێکتیکییەکان سرووشتیی نەبوون، بەڵکوو لەلایەن خواوەندێکی گریمانەییەوە دەسەپێنران، ئەمە لە کاتێکدا دیالێکتیک لەم گەردوونەدا لە بەستێنی دیاردە ئۆبژێکتیڤەکاندا بیچم دەگرێت و دیاردە زەینییەکانیش هەڵدەگێڕێتەوە، ئایین بەستێنی ئۆبژێکتیڤی تەواوێک سڕییەوە و جیهانی نموونەیی ئەفلاتۆنیی و پەسلانیی کرد بە جێگرەوەیەکی گردەبڕ.

تاکە لایەنی باشی ئایین ئەوەیە کە جۆرێک لە ململانێی دیالێکتیکیی دیاردەکانی جیهان؛ بابەتە زەینیی و واتاییەکان دەنوێنێتەوە. ئەم ململانێیەش لە نێوان دوانە دژبەرەکاندایە. بۆ نموونە: ململانێی شەیتان و خوا، چاکە و خراپە، ڕووناکیی و تاریکیی و هتد...، لێ لەبەر ئەوەی ڕوانینیان بۆ ئەم ملەجەڕێیە میتافیزیکیی و تاکڕەهەند بووە، دیالێکتیکێکی ناچارەکیی بووە و

بەرەنجامەکـەی لـە ڕۆژی پەسـڵاندا دێتـە دی، ئایین و فەلسـەفەی یۆنـان میتۆدی دۆگماتیکیـان بە سـەر میتۆدی دیالێکتیکدا زاڵدەست کـرد. میتۆدی زانسـتییش بـە ڕاهێڵانـی پەیوەندیـی نێوان سـووژە-ئۆبژە، بانگەشـەی بۆ ململانێیەکی دیالێکتیکیی دەکرد، لەم ململانێیەدا ئـەم دژبـەر و دوانانـە، وەک توانـای سرووشـتیی بـۆ هەڵێنجانـی پێشـکەوتنی بەهادارتـری سرووشـتیی و کۆمەڵایەتیـی هەژمـار نەدەکران، بەڵکوو لـە ئاسۆی هێز و دەسـەڵاتەوە تێیان هەڵدەڕوانرا، گوایـە سـەرەنجامی ئـەم ململانێیـە گەرەکـە لـە بەرژەوەندیـی هێـزی «سـوبێکت» و بەزینـی «ئۆبێکت» ببڕێتـەوە، ئـەم بەرەنجامـەش بـە پێودانگـی ململانێـی تێـز و دژەتێـز و کۆتێـزە. بەزاندنـی دەسـەڵاتی موتڵـەق وەک ئامانجـی میتـۆدی زانسـتیی بانگەشـەی بـۆ دەکـرا، ئەمـە کۆڵەکەکانـی زانسـتی پراگماتیـزم دادەڕێژێـت، لـەم گێـژاوەی دیالێکتیکی زەیینیی- زهنییدا، ئەخلاق و چاکە هەڵـەوژوور دەبنـەوە و بەرژەوەندیـی جێیـان پـێ لێـژ دەکـەن. لـە سـەرەنیی ئـەم پێڤـاژۆ دیالێکتیکییـە دەسـتکارییکراوەوە، گەشـەی مرۆیـی بـە پێودانگێکـی سرووشـتیی تانوپۆ ناکوتێت، چونکە تێکڕای بژاردەکان داسـەپێنراو و ناچارەکیین. لەڕادەبـەدەر گرنگیی بـە ڕامانـی شـیکاریی و زمانـی ئاماریی دەدرێت. لـە دیالێکتیکی ئایینییدا سۆبژێکتیڤیتە زاڵـە، بەڵام لە دیالێکتیکی زانسـتییدا ئۆبژێکتیڤیتـەی تەسکبین. یاساکانی دیالێکتیک تەنیـا بـە ئەندازەگیریـی و پێوانـەی دیاردەکان دەپێورێـن. جـا ئەمـە گشـت شـتێک پارچە دەکات و ڕەسـەنێتییەکەی لە ڕەگ هەڵدەکێشـێت. لە سۆنگەی دیاردەناسـیی ئۆبژێکتیڤیتەوە سـەرمایەگوزاریی لە سـەر مرۆڤ و سرووشـت دەکرێت. پەیوەندیی نێوان مـرۆڤ و دیاردەکان

لە ئاییندا میتافیزیکیی و لە میتۆدی زانستییدا میکانیکییە. مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی و پۆزەتیڤیزم بەم ئاوایە گەرەکیان بوو دیالێکتیک، کە ڕێکاری گۆڕان و جووڵەیە، بخەنە ژێر چەپۆکی خۆیان. ئایین دیالێکتیکی پەرچ دایەوە و سڕییەوە، بەڵام پۆزەتیڤیزم بۆ یەکەم جار لە مێژوودا بوێریی ئەوەی کرد دیالێکتیکی دەستکرد بەرهەم بهێنێتەوە. لۆژیکیی ڕووداوەکانی دەستکاریی کرد، مرۆڤی نوێ و هاوشاریی نوێ و دەوڵەت-نەتەوەی نوێی مشتوماڵ دا و جیاواز لە چەرخی میتۆلۆژیی و ئایین، پێی بۆ کۆمەڵی مرۆیی هەڵهێنا.

لەم بەستێنەدا داهێنانەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریی فرە هەڵفریوێنن، لە پەرگاڵی سیستەمی سەرمایەدارییدا ئاشتیی جێی نابێتەوە، بۆچی؟ چونکە ڕێسای تێز و دژەتێز و کۆتێز دەستکاریی کراون و کۆتێز، تەنێ دەسەڵات بەرهەم دەهێنێتەوە. دژەتێز تێز ئاوێتەی خۆی ناکات، بەڵکوو سەرپاک هەڵی دەوەشێنێتەوە، لە ئەگەری ئامێتەبوونیشدا ناسنامەکەی دەسڕێتەوە. «زمانی ئاماریی» و «یاسا و ڕێسای بژاردەیی»، لە ڕێبازی زانستیی سەردەمی سەرمایەدارییدا وەک زمان و میتۆدی سرووشت هەژمار دەکران، ئەمانە گورزێکی گورچکبڕیان لە زهنییەتی تەندرووست و لۆژیکی درکی ڕووداوەکان و جیهان لەلایەن مرۆڤەوە دا. سرووشت و گەردوون بژاردەی سرووشتییان بۆ بارگۆڕان هەیە، سا پێویستیان بە دەستپێچی تایبەت بە مرۆڤ و کۆمەڵگە نییە و جودان. مسۆگەر مرۆڤ تەواو بەدوور نییە لە میتۆدەکانی سرووشت. میتۆد و یاسا مرۆییەکان ناچارەکێتییەکی ڕێژەیی بۆ

مـرۆڤ و کۆمـەڵ دەسـاچێنن، ڕەنگـە مـرۆڤ لـە گـۆڕان و بزوانـی خۆیدا مل بۆ کۆمەڵێک ناچارەکێتیی کەچ بکات کە پشتگوێخستنیان کێشەساز بێت، ژێری هەستەکیی مرۆڤ کۆسپێکی پێکۆڵ ناهێنێتە سـەر ڕێـی گـۆڕان، بـەڵام ژێـری شـیکاریی ئـەم ئـەدگارەی هەیـە. ژێریـی هەسـتەکیی و شـیکاریی تایبەتمەندیـی مرۆییـن و لەگـەڵ ژێریی سرووشت جیاوازن، لەبەر ئەم هۆکارانە ڕێسا و ڕێبازی مـرۆڤ کاکڵەیەکی ناچارەکییان هەیە و هەندێ کاتیش کێشەسازن: ١. گرنگیـی بـە مانـەوەی مـرۆڤ دەدات. ٢. بەرژەوەندییـە مادديـی و مەعنەوییـەکان هەڵـی دەفریوێنـن. ئـەم جووتـە جیاوازیـی سـەرەکیی بەستێنی کۆمەڵایەتیی و بەستێنی سرووشتن. هەردووکیان ڕیزێک جەبریان هەیە، جا دەبێت مرۆڤ بوێریی تێگەشتن و تێپەڕاندنیانی هەبێت. زاڵبوون بەسـەر ئـەم دوو خاڵـەدا میتـۆد و یاسـاکانمان لـە جەبر ڕزگار دەکات و دیالێکتیکییان دەکاتەوە. تێگەیشتنی دۆگماتیزم بۆ مژارەکانی «مانـەوە و بەرژەوەندییـ» یەکلاکەرەوەیە تـا مـرۆڤ پـێ بـەرەو ئاسـۆ و ڕێـڕەوی دیالێکتیـک هەڵبهێنێـت، لـە سـۆنگەی فەلسـەفەی میکانیکیـی و زمانـی ئامارییـەوە سـەرتاپێ لـە ڕوانینـە جەبرگەراکانمـان دەربازمـان نابێت، تەنـێ لـە ڕێـی دەربازبـوون لـە کۆسـپی ڕێ و ڕێبـازەوە دەکەوینـە سـەر ڕاسـتەڕێی دیالێکتیـک.

دووانەی میتافیزیک – دیالێکتیک

ئۆجـالان تاکـە بیرمەندێکـە کـە ئـاڵان لـە چێـوە دۆگماتیکـە ئایدۆلۆژییـەکان، بـە تایبـەت دووانـەی «دیالێکتیـک – میتافیزیـک»،

بە هەڵەیەکی میتۆدیی دەزانێت، جا ئەو پێی وایە ئەم گرفتارییە بووەتە هۆی کۆیلایەتیی و بەکاربردنی مرۆڤ لەلایەن سیستەمە فەرمانڕەواکانەوە. ئەو پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت؛ ئەم دوالیزمە زەینی مرۆڤ پێبەستی خۆی دەکات، دژایەتیی ئەم دوالیزمە بەبێ بەرەگیریی تەواو، بە تاکە ڕێچارە دەزانێت.

لە بنەوەڕا پێکدادانی تێگەشتنی دیالێکتیکیی و تێگەشتنیی میتافیزیکیی، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕێکاری تەندرووست و سرووشتیی و ئازادانەی دیالێکتیک بیچم نەگرێت. جووتجەمسەریی دیالێکتیک و میتافیزیک بژاردەی ناچارەکیی دێنێتە گۆڕێ، جەبر و سەپاندن شاکۆسپی بزاوتی دیالێکتیکی گۆڕان و پێشکەوتنە، بمانەوێت یان نا ململانێی جووتجەمسەرە ئایدۆلۆژییەکان دەسەڵات بەرهەم دەهێنێتەوە. ئەم ململانێیە دوو زهنییەتی تاکبین و تاکرەهەندی سۆبژێکتیڤ و ئۆبژێکتیڤ ڕەنگرێژ دەکات، جا هەردووکیان لە پێناو بەرژەوەندییە دەسەڵاتگەرییەکەی خۆیاندا ناچار دەمێنن ڕێکاری تێز و دژەتێز و کۆتێز دەستکاریی بکەن، ئەمەش دیالێکتیک پەرچ دەداتەوە، فیزیای کوانتەم سەلماندی سەرچاوەی مادە-وزە، یەکە. دیالێکتیکی گۆڕان و جووڵە لەم گەردوونەدا تەنیا لە سۆنگەی بیرکردنەوە لە یەکێک لەم دووانە یان پەرچدانەوەی یەکێکیان و سەرباشقەیی ئەوەی ترەوە، کردەیی نابێتەوە. هیچکامیان هەرگیز لەناو ناچن، مرۆڤ لە وای دووانەی دیالێکتیک و میتافیزیکەوە هەوڵی دا بە پشتبەستن بە سۆبژێکتیڤ یان ئۆبژێکتیڤەکان، گۆڕان بێنێتە گۆڕێ، بەڵام ڕێکارێکی ئاوا پێچەوانەی ڕێساکانی سرووشت

و جڤاکە. لەم ڕوانگەوە سرووشت و جڤاک یەکێتیی واتا وێنا دەکەن، ئۆجالان چەمکی میتافیزیکی کلاسیکی گۆڕی و فرە لە دیالێکتیک نزیکی کردەوە، ئەو وەک چۆن مرۆڤ بە کەڵەکەبووی ڕووتی مادده نازانێت، ئاواش مادە بە داماڵراو لە هەستی «زیندوویێتیی» نابینێت، ئەم تێگەشتنەی بە چاوگەی میتافیزیک لێک دایەوە کە پەیجووری دۆزینەوەی واتای جیهانە، جا لەم دالآنی شەنوکەوەدا دژبەری دیالێکتیک نییە.

دیالێکتیک لۆژیکی مێژوو و کات و بوون و پەرەسەندن و گەشە هاوسەنگ دەکاتەوە، مێژووی ئێستا بەبێ ڕابردوو و ئایندە نەکردەنییە؛ ڕابردوو ناپووکێتەوە و لە هەورازونشێوی ئێستا و ئاییندەدا واتا دەبەخشێت، پەرەسەندنیش بە شێوەی داروینگەرایی دۆگماتیک پووکانەوەی تەواو بە پێوەر ناگرێت، بەڵکوو لە ئاسۆدا گەشە و فرەیی لێ دەکەوێتەوە، پێشکەوتنیش بە دەساوێژی ئەو سیانە و بەپێی جووڵە بە هەموو ئاستەکاندا ڕەنگرێژ دەبێت، ناتوانین هەمەچەشنیی و پەرەسەندن و غەریزە و زاوزێ و زۆربوون و توانای تێگەیشتن و پێنجینە هەستی مرۆڤ و ماتەوزەی سرووشت و پێکهاتە زیندووەکەی، هەروەتر مەرگ و ژینی مرۆڤ وەک جیهانێکی سەرسووڕمێن و دواجار کۆمەڵگە؛ بەبێ گەڕانەوە بۆ یاسای دیالێکتیکی ئەرێنیی شیتەڵ بکەین. بۆ شیکاری ئەم بوون و دیاردانە گەرەکە خۆمان لە لۆژیکی پووکانەوە و ناهاوسەنگیی و ناهاوچەشنیی و یەکدەستیی و پەتیگەریی ببوێرین، چونکە ئەمانە دیالێکتیکی بزووتن و فرەیی و بەردەوامیی لە جووڵە و بزاوت

دەخەن. ڕێساکانی بایۆلۆژیای بوون و فیزیای کوانتەم وەک مانگی لای ئێواریێ ئەم بابەتەیان سەلماندووە. دیالێکتیک پێمان دەڵێت؛ تاکە شتێک کە ناگۆڕێت، خودی گۆڕانە. گۆڕانیش لە دالانی کات و شوێندا ڕوو دەدات، ئەمە دیرۆک و ڕابردووش لەخۆ دەگرێت.

لە مێژوودا تەنێ دەزگاکانی هێز و دەسەلات ڕایەیان کەوتووە سیستەمی دیالێکتیکی مرۆڤ و کۆمەڵ بەپێی پەرەسەندن چەواشە بکەن. پڕوپاگاندەی کۆتایی مێژوو و ئایدۆلۆژیا و سەرکەشییەکانی سەرمایەداریی بۆ وەستاندنی ڕێکاری دیالێکتیکە. ئەمە لە کاتێکدا ئۆجالان واتەنی: ''ڕاستینە کۆمەڵایەتییەکان بنیاد نراون و ڕاستینەی کۆمەڵایەتیی نەگۆڕ و هەمیشەیی لەئارا نییە.''

ڕێبازە ئایدۆلۆژییەکانی ماخۆی ئیدیالی تایبەتن، ئەمەش مسۆگەر لە ڕێکاری دیالێکتیکییدا پشت بە ناسین دەبەستێت. ناسینیش بۆ سەیروورە و پەرەسەندن ڕەهەندێکی گرنگی دیالێکتیکی بوونی مرۆییە. پەرچدانەوەی ناسین، بە بچووکسەیرکردنی زەین و ماتەوزە سەرسووڕهێنە میتافیزیکییەکەیەتی.

دیالێکتیکی کۆمەڵایەتیی

گەر لە ڕێی یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی مرۆڤەوە پێناسەیەکی نوێ بۆ میتافیزیک بکەین، جا لە بەستێنی ڕووتی ئایین و ئایدیالیزمی موتڵەقگەرایانە و ناچەرەکیی و نەگۆڕ و چارەنووسگەرایی سەرپاکی دیاردەکان دایمالین و بیگەڕێنینەوە بۆ نێو هەناوی

کۆمەڵ و زەین-زهنییەتی مرۆیی، ئیتر تێ دەگەین دیالێکتیکی کۆمەڵایەتیی ڕێکارێکی گەشەسەندووتری بژاردەی ئازادی جڤاکیی، هەڵدەگۆزێت، جا ئەویش بەپێی بژاردەی سرووشتیی لە سرووشتدا. لێرەوەڕا دیالێکتیکی کۆمەڵایەتیی دەچێتە سەر ڕاستەڕێی میتافیزیک، تەنێ ئۆجالانە کە زۆر هونەرمەندانە و سەرسووڕمێن کارێکی بەم ڕەنگەی ئەنجامی داوە، لەم سۆنگەوە مرۆڤ لە ئاژەڵێتیی میکانیکییەوە وەردەسووڕێتە سەر بوونێکی بیرکەرەوەی کۆمەڵایەتیی. جا توانای بیرکردنەوەی خۆی لە سنوورەکانی مادده ڕادەپسکێنێت و پێ بەرەو بەستێنی وزە، کە تایبەتمەندییەکی میتافیزیکیی هەیە، هەڵدەهێنێت. ئەم میتافیزیکە تایبەتمەندییەکانی دەگۆڕێن و لە میتافیزیکی کلاسیکیی ئایینیی خۆی هەڵدەبوێرێت، چونکە لەمەیاندا ئاکار و هونەر، دوورکەوتنەوە لە بیری میتافیزیکیی، سیاسەت و کۆمەڵایەتیبوونەوە و کردەی زەینیی و بابەتی لەم چەشنە تایبەتمەندیی میتافیزیکی مۆدێرنن و مرۆڤی میکانیکیی کۆیلە دەکەنە مرۆڤێکی ئازادی جووڵەزا. لێرەڕا ئیتر گوزارەی «میتافیزیکیی» واتای توانای تێگەشتنی زەینیی دەدات کە بیرکردنەوە تایبەتمەندییەتی و ناکەوێتە دەرەوەی سرووشت، بەڵکوو دەکەوێتە ئەولای مادەی ڕووتەوە و پێی بۆ بەستێنی وزە هەڵهێناوە، کەواتە دیالێکتیک تەواو بۆ بواری سرووشت پاوان نییە، بەڵکوو گرێدراوی بواری زەین و وزەشە، ئەمە ئەو شتە بوو هیگڵ گەرەکیی بوو شرۆڤەیەکی ڕاستی بکات، لێ ئەو بەختەی لێ هەڵنەکەوت و ئەم بەرەنجامەی هەڵنەگۆست. ئەو دیالێکتیکە کۆمەڵایەتییەی وا هیگڵ خۆی تانوپۆی چنی و ناوی لێ نەنا و

ڕاستەوپاستەی نەکرد، پێش ڕسکاندن و پێناسەکردنی، کردی بە قوربانیی دەوڵەت-نەتەوە، واتە خوای میتافیزیکیی پاشڤەڕۆی سەرمایەدارییی، سا بانگەشەی دابەزینی خواوەندی لە شێوەی ناپلیۆندا کرد. ئیتر لە سۆنگەی پێڤاژۆی دەوڵەت-نەتەوەوە دیالێکتیکی نەفی ڕسکاند، ئۆجالان نە ڕێ دەدات مرۆڤ مل بۆ میتافیزیکی کلاسیک کەچ بکات و نە دەشهێڵێت سەرتاپێ لە چەشنە کوانتەمییەکەی بپچڕێت، جا کاتێک دیالێکتیک و میتافیزیکی مۆدێرن لە خاڵێکدا پێک دەگەن و دیالێکتیک لە قووڵایی میتافیزیکدا پاوەجێ دەبێت، ئیتر هەردووکیان لە یەکڕەنگیی و پچڕان دەرباز دەبن. لە میتافیزیکی کلاسیکدا خودای ڕووت و ئەبستراکت شاتەوەرە، بەڵام لە میتافیزیکی مۆدێرندا کۆڵەکە سەرەکییەکە مرۆڤی ئازادە، سا میتافیزیک مرۆیی دەبێتەوە، چونکە دیالێکتیکە کۆمەڵایەتییەکەی بە ئامانجی وەرچەرخان بەرەو ئاسۆی «ئازادیی و هەقیقەت» بنیاد نراوە. لۆژیکی دیالێکتیکی کۆمەڵایەتیی پشت بە هونەری ڕاڤە دەبەستێت، ئەلتەرناتیڤێکی چەقبەستوو و نەگۆڕ پێشکەش ناکات، بەڵکوو یەکپشوو ڕاڤە دەکاتەوە و واتای نوێ هەڵدەگۆزێت، واتای کۆن تێهەڵکێشی واتا تازەکان دەکات و واتای نوێی پێ دەئافرێنێت، سەرپاکی ئەم واتا ئاوێتانە زەینی تازەی ئەو مرۆڤە ڕەنگڕێژ دەکەن وا لە جەبر و چەقبەستوویی کوشندە دەربازی بووە، ئەم ڕێبازە تێکڕای بوارە ئایدۆلۆژیی و سیاسیی و ئابووریی و فەرهەنگییەکان لە تۆتالیتاریزم و ناچارەکێتیی ڕەها ڕادەپسکێنێت و بزاوتیان تێ دەگەڕێنێت.

بارگۆڕانی دیاردەکان

دیالێکتیک لە چوارچێوەی «گۆڕان – تەواوکۆیی»، ئەویش لە بەستێنی شوێنکاتدا ڕوو دەدات. لە بوارەکانی «سرووشت – بایۆلۆژیی و جڤاک» و بەپێی ڕێکاری «تێز – دژەتێز – کۆتێز» پێشکەوتنی پێویست دێنێتە گۆڕێ. ئازادیی بەدوور لە کۆسپی «دەسەڵاتگەرێتیی و وێرانکەریی) و بە پێودانگی بژاردەی سرووشتیی بۆ گۆڕان وەدی دێت، ئەمە بەو مەرجەی هیچ کۆسپێک نەیەتە ڕێی «تێز – دژەتێز – کۆتێز»، لە مێژوودا ئەو دەزگایانەی هێز و دەسەڵات وا هەرگیز لە گەردەلوولی گۆڕان دەربازیان نەبووە، بە دەساوێژی هەڵاواردەی «خوا – بەندە» و «سوبێکت - ئۆبێکت» و لەمپەرسازیی بۆ ڕێکاری «تێز – دژەتێز – کۆتێز»، دیالێکتیکیان پەلبەست کردووە، جا بەستێنی جڤاکیان دژی دیالێکتیک و گۆڕان هەڵسووڕاندووە. مسۆگەر نابێت لەبیرمان بچێت کە گۆشەنیگای ڕاهیبەکانی دەسەڵاتیش گۆشەنیگایەکی موتڵەقگەرا بووە، ئەویش لەپێناو چنگخستنی هەقیقەتی ڕەها، ئەم چەشنە هەقیقەتە بانگەشەگەرە، لەبەر ئەوەی لە ئارا نییە، دۆگمای نەگۆڕ دەسازێنێت، گەرنا هەموو چەشنە ڕوانگەیەکی مرۆڤ کە بنەڕەت و چاوگەی هەبێت، سەدلەسەد بەدوور نابێت لە دۆگما، کەواتە دۆگماکان وەک جەمسەری دژبەری دیالێکتیک، لە سۆنگەی موتڵەقسازیی لەلایەن مرۆڤ و جڤاکەوە، دیالێکتیک هەڵدەوەشێننەوە، لێ ئەم هەڵوەشاندنەوەیە ئەو دەمە ڕوو دەدات دۆگماکان بە ڕەها و نەگۆڕ وێنا بکرێن، ئەگینا دۆگمای گۆڕاو و تێپەڕێنەر بزوێنەری

ڕێکاری دیالێکتیکن، گەر دۆگمایەک وەک موتڵەق تەماشا بکرێت، ئەوا ڕێکاری تیژ و دژەتیژ و کۆتیژ دەهەڕۆژێنێت و چەقی پێ دەبەستێت، کەواتە دۆگماکانیش لە چەپۆکی ڕێژەگەرایی دەربازیان نابێت، کار- کاردانەوەی دۆگماتیک و دیالێکتیک لە بەستێنی گۆڕانی شایستە و هاوتەرازدا، ئازادیی ڕەنگڕێژ دەکەن، ئۆجالان «بوونی دۆگماکان لە وێنەی هەقیقەتی گردەبڕ و نەگۆڕ»دا پەرچ دەداتەوە.

دۆگما موتڵەقەکان پچڕانی پەیوەندیی سووژە و بزووتنەوە و تەڤگەرەکان و پێشکەوتنی دیالێکتیکیی لێ دەکەوێتەوە. پێشکەوتنی دیالێکتیکیش لە سایەی بارگۆڕانی دیاردەکانی ئەم گەردوونەوە دەڕسکێت. ڕاستییەکەی بەبێ بارگۆڕانی دیاردەکانی گەردوون و کۆمەڵ، هیچ گۆڕانێک چێ نابێت، چونکە هەمەچەشنیی و فرەیی لەگۆڕێ نییە تا دژەکان ناچاری کار و کاردانەوە بکات و گۆڕان بڕەنگێنێت.

ئەو پارچەکردن و هەڵاواردنانەی لە نێوان دووانەکانی وەک ڕۆح-جەستە، میتافیزیک-سرووشت، ئاژەڵ-مرۆڤ، گیاندار-بێگیان و دواجاریش ماددە-وزە هێڵکێش کراون، لە چوارچێوەی سووژە-ئۆبژەدا گورزێکی کوشندەیان لە ڕێکاری دیالێکتیکیی داوە. بێگومان گەر لە کۆمەڵگەدا زێدەڕۆیی لە «گشت-بەش» و «موتڵەق – ڕێژەیی»-یێتیی دیاردەکان بکرێت، ئەوا زێدەڕۆیی گشتگەرا و بەشگەرا، کە یەکەم موتڵەقگەرا دووەم ڕێژەگەرایی زێدەڕۆیە، لە «ڕێ و ڕێباز» بێبەش دەبن. جا لەم پێواژۆیەدا سەرپاکی واتا و دیاردەکان ناچاری نەگۆڕیی و چەقبەستن دەکرێن و دیالێکتیک لەنێو دەچێت، کەواتە کاتێک دیاردە و واتا لە ڕێ و ڕێباز بێبەش

دەبن، ئەوا خۆبەخۆ بە نەگۆڕ هەژمار دەکرێن، سا بابەتی وەک «جوولـە – بەردەوامیی – پێشکەوتن» بە شێوەی «ڕاستەهێڵیی – ڕیزبەندیی»ـی ڕووت فام دەکرێن، فامکردنێکی بەم ڕەنگە تەنیٚ لە ڕامانی بناژۆخوانەدا وەدی دێت و لەم گەردوونەدا هیچ گۆڕانێک تاکڕەهەند و یەک نییە، جا گۆڕان بە شێوەی سووڕی پووچەڵ هەژمار دەکرێت، هەردوو جوولەکە «جیاوازیی و فرەیی و پێشکەوتن» پووچەڵ و چەواشە دەکەن و یەک ئامانجی ڕووت نیشان دەدەن، ئەمە لە کاتێکدا لە دیالێکتیکدا وێنای یەک ئەزەل یان بە پێچەوانەوە ناکۆتایی «ئەبەد» بۆ مرۆڤ نەکردەنییە. سووڕی پووچەڵیش لە گەردووندا بوونێکی بەردەستەکیی – دەرەکیی نییە.

ئۆجالان پێی وایە ڕاڤەی دیالێکتیک بە شێوەی «یەکێتیی لەناوبەری دژەکان» و باوەڕ بە ڕوودان «بەبیٚ دژ» و «هەڵتۆقان و لەدایکبوونی کتوپڕ» هەڵەیەکی میتۆدییە. ئۆجالان ڕوانگەی یەکەم بە سادەترین ڕوانگە دەزانێت، کە گەردوون «بێپاسا» دەڕەنگێنێت و «گێژاوی بەردەوام»ـی لیٚ دەکەوێتەوە، جا ئەو بۆچوونەی دژەکان بەرچ دەداتەوە، تەگەرە دەخاتە بەر جوولەی خۆڕسکی دیاردەکان. بە گوزارشتێکی تر گوایە دەبێت پاڵهێزی دەرەکیی وەجوولەی بخات و ئۆجالان واتەنی «خۆڕسک» نەبن. بیری «یەکێتیی لەناوبەری دژەکان» بە درێژایی مێژووی شارستانییەت دەسەڵات و ستەم و جەنگ و کۆمەڵکوژیی و وێرانکاریی ڕسکاندووە. لە چەرخی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییدا ڕۆڵی ئەقڵگەرایی و زانستگەرایی لەم بوارەدا فرە باڵکێشن. وەک

لـە مێـژووی میتۆلۆژیـا و ئاییـن و فەلسـەفەدا دەبینرێتـەوە، ڕامـان و کـردەی بـەدەر لـە ڕێـکاری دیالێکتیکیـی، میتافیزیکـی پەتـی لـێ دەکەوێتـەوە، چونکـە بەسـتێنی دەرەکیـی واتـە گـەردوون و جیهانـی هەڵۆڵی دەرەسرووشـت. ئۆجالان چوارچێوەیەکی ئاوا بە بێسـودترین ڕوانگـە دەزانێـت کـە بـە «کۆلۆنیـی زەینیـی» کۆتایـی دێـت.

ململانێی کۆن و نوێ

پێڕێـک لـە ڕۆشـنبیران بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن گوایـە مۆدێرنیتـە بریتییـە لـە جەنگـی دیـاردە «تازەکان» لەگـەڵ دیـاردە و بیـرە «کـۆن» و «کلاسیک»ـەکان، ئـەم زەینییەتـە تەسـکبین و وڕێنەبـازە کارێکـی کـردووە، هەمیشـە هـەوڵ بدرێـت کۆریانێکـی ڕیشـاژۆ لـە نێـوان چەرخـی کـۆن و نوێدا بسـازێنرێت، ئەویش لـە ژێر نـاوی ڕێنیسـانس. دەتوانین بێژیـن ئەمـە گەورەتریـن هەڵـەی هەنـگاوی یەکەمـی ڕێنیسانسـە. هـەر لـەو سـەرەتایەوە ململانێـی نێـوان کـۆن و نـوێ بـووە زهنییەتێکـی دژ و نادیالێکتیکیی. کاتێـک ئـەم بیـرە مـۆری خـۆی لـە سـەدەکانی چـواردە و پانـزە دا، گشـت دیـاردە کـۆن و پاشـڤەڕۆکانی بـە نـاوی میتافیزیـک و میتۆلۆژیـی و ئایینـەوە وەک کاکڵەیەکـی دێریـن و دژەتازەگەریـی ناودێـر کـرد. پێناسـەیەکی هەڵـەی تـری ڕێنیسـانس هەیـە، دەتوانیـن بـە دووەمین هەنگاوی هەڵـە چـاوی لێ بکەین، گوایە گشـت پاشـڤەڕۆییەکان بـۆ مەسـیحییەت دەگەڕێنـەوە. جـا واتـای فەرهەنگیـی دێریـن و زینـدوو بـە نامەسـیحیی و یۆنانیی-ڕۆمیـی دەزانـن. ئـەم ڕوانگـە موتڵەقگـەرا مرۆییـەی وا سـەرپاکیی کۆنەپەرەسـتییەکانی دەخسـتە مل مەسـیحییەت

و گوایە پێش مەسیح، یۆنان-ڕۆم لەوە هەڵبواردەن، دیالێکتیک وەک بزواتێکی پلەڕیز و ڕاستەهێڵیی تەماشا دەکات. ئەمە جگە لەوەی کاکڵەی زەینیی ئەم ڕوانین و لۆژیکە پێوانەییە، لە ڕامانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆوە چاوگە دەگرێت، جا تا ئەمڕۆ بەردەوامە و گرێدراوی چەرخی مۆدێرنیزمە. بەڵام ئەم ڕامانەی لێ بترازێ، ڕامانی تریش هەن کە بۆ پۆست مۆدێرنیزم دەگەڕێنەوە، ئەمە لە نیچەوە پزیسکە دەسەنێت و چڵەپۆپەی ئەم بیرەش لە بۆچوونەکانی ئەودا هەڵڕەنگاوترە تا بیرمەندانی تر. فەلسەفەی پۆستمۆدێرنیزم واتا فەرهەنگییە زیندووەکانی سەردەمی پێش فەلسەفەی یۆنان – ڕۆم بە ڕەسەنتر دەزانن. ئەم بیرمەندانە فەلسەفەی ئەفلاتۆن و ئەڕستۆ بە وێرانکەرترین پاڵنەری ژینی مرۆیی لەپێناسە دەدەن. نیچە بیری سوکرات تا مۆدێرنیزم بە وێرانکەر و تراژیدیی دەناسێنێت و بە توندیی بە گژیا دەچێت. ئەو دەڵێت؛ خوداکانی سوکرات، خوای شەراب و مەستیی ژیانی مرۆڤیان لەپێ خستووە و ئەم پێودانگەی ئەقڵگەرایی پەرستنی ئاپۆلۆن و دینۆسۆس بە دەستپێکێکی مەرگباری ژینی مرۆیی دەزانێت، چونکە پێی وایە ئەوان جیهانیان بەپێی دۆگما و دەمارگیریی و ئەقڵ داڕێژاوەتەوە و خۆشییەکانی چەرخی مەستەنۆشیی و شەرابیان بڕاندووەتەوە. یەکێک لە شاکۆڵەکە و ڕێسا گردەبڕەکانی پۆستمۆدێرنەکان گەڕانەوەیە بۆ پێشمۆدێرن و سەردەمانی کەونار، سادەیی و دواکەوتوویی و عەیشونۆشی ژیان ئەوێ دەم لە بری ئەقڵپەسەندیی و دۆگماتیکی سەردەمی فەلسەفەی یۆنان و مۆدێرنیزم هەڵدەبژێرن. تەنانەت یەکێک لەو پاڵنەرانەی بووەتە هۆی درووستبوونی دووانەی میتافیزیک-پۆزەتیڤیزم، هەر ئەم بژاردە

ڕەهـا و گردەبڕانـەی جیهانـی وشـکەبیریی ئەوانـە. لـێ لـە سـەردەمی مۆدێرنیزمـدا خـودی پرۆتسـتانیزم ڕابوونێکـە دژی ئـەم ئەقڵگەراییـە پەتییـەی سـەدەی شـانزە. دژایەتیی ئایین و کڵێسـا بەبێ ڕەچاوکردنی ڕۆڵـی سـەرمایە و دەوڵـەت وەک شـاپاڵنەری ڕەنگڕێژبوونـی پـەرگاڵ و سیسـتەمی سـەردەم، گەورەتریـن لادانـی پێشـاژۆی مۆدێرنیتەیـە.

خاڵـە گرنگەکـە ئەوەیـە بـە پێودانگـی دیالێکتیکـی جیهانـی زینـدوو، گەمـەی چەمکەکانـی کـۆن و نـوێ، ئەویش بەپێی زهنییەتی تورهەڵدانی کـۆن و پەسـەندکردنی نـوێ وەک هەبوویەکـی جێگـرەوەی ڕەهـا، زهنییەتێکـی دەسـەڵاتگەرە. لـەم زهنییـەت و لۆژیکـەدا دژەبابـەت تێکـڕا بابـەت دەسـڕێتەوە و تێهەڵکێـش دەڕسـکێت، ئەمـە سـەرپاکی فکـری لـە خـۆی هەڵژەنـد، تەنانـەت هـەردوو نموونـەی هیـگڵ و مارکسـیش، هەرچەندێـک دوو چەشـنە دیالێکتیکـی پێچەوانـەی یەکتریـن، بـەڵام ملیان بۆ ئەم زهنییەتە خەواندووە، یەکەمیان هەرچەند لەناوچوونی بابـەت ناپەژرێنێـت، و پاشـماوەی ڕۆڵەکـەی لـە دژەتێـز و کۆتێـزدا دەبینێتـەوە، بـەڵام زۆرانبازیـی و جیاوازیـی کـۆن و نـوێ لـە پێناسـی دەوڵەتـدا وەک پاڵتـۆی دەسـەڵات، دووچـاری چەوتییەکـی هەناوتەکێن دەکات، بەم چەشـنە دیالێکتیکی هیگڵ ڕادەسـتبوونی پەتییە بەرانبەر دەوڵەت-نەتـەوە. ڕاسـتییەکەی کـۆن و نـوێ ڕووبـەڕووی یـەک دەبنـەوە و تەریبـی یـەک ڕێ ناپێـون، بـەم چەشـنە گـورز لـە جەسـتەی بابـەت و دژەبابـەت و کۆبابـەت دەدات. دووەمیـش ململانێـی کـۆن و نـوێ، ئەویـش لـە چوارچێوەی ڕەتدانـەوەی کـۆن و ڕسـکانی نوێدایـە، دەرکەوتنـی دیکتاتۆرییەتـی پرۆلیتاریـا بەرانبـەر بۆرژوازیـی، لۆژیکـی

دیالێكتیكی نەفی ماركس پێک دێنێت، لەمەڕ «دیالێكتیكی نەفیی»ـی تەنیا دەتوانین باسی فەیلەسووفانی سەدەی چواردە تا بیستویەک بکەین، هەر ئەو چەمكەی تیۆر ئادۆرنۆ بەكاری دەهێنێت. ئەمە لە كاتێكدا لەم گەردوونەدا تەنێ یەک چەشن دیالێكتیک وا لە گۆڕێ، ئەویش بریتییە لە ڕێكاری بابەت و دژەبابەت و كۆبابەت. جا دەستنیشاكردنی بە ئەرێ و نەرێ لە بەستێنی گەردوون و گێتییدا؛ كارێكی چەوتە. ئەم پۆلێنە لە چەمكسازیی و گەمەی زمانەوانیی كۆمەڵناسیی مۆدێرنیتەی سەرمایەدارییەوە چاوگە دەگرێت. یەكێتیی دژی دیاردەكان وەک دوو جەمسەری بزوێنەر، بە واتای داسەپاندنی نەفی هەڵوەشێنەرەوە و ئەرێگەرایی پەتیی، جوودا نین لێكتر. تەنانەت هیچ دیالێكتیكێكی گەردوونیی لە گۆڕێ نییە لە دەرەوەی كات و شوێن بێت، جا ناتوانین لە چێوەی شوێن و كاتیشدا كۆن بە پاشڤەڕۆی ڕەها و تازە و نوێ سەرپاک بە پێشكەوتوو بزانین.

تا هەنووكە پێناسی دیالێكتیک لە فەلسەفەی بووندا یەخەگیری ئەم جۆرە قەیرانە واتاییەیە. دیالێكتیكی بوون و دیاردەكان لە ململانێی نێوان بەشی پێشوو و بەشی تازەدا، جا لە چێوەی گشتدا بێت یان بەش، كۆنێتیی ڕەچاو ناكات، لە بابەتی زماندا دەتوانین وەک دوو تایبەتمەندیی بیر لە كۆن و نوێ بكەینەوە. لێ لە بنەوەڕا لە ماددە و واتای گەردوونییدا كۆن و نوێ لە گۆڕێ نین، ماددە ماددەیە و وزەش وزە. بەدەر لە زەینی مرۆیی و بەپێی كارلێكی ماددە و پێكهاتەی گونجاو لۆژیكی كۆن و نوێ وەک دوو تایبەتمەندیی ڕەچاو دەكات. جا نەخوازەڵا ئەم بابەتە میتافیزیكی دیاردە و واتاكان

بێت. میتافیزیک تەنیا گرێدراوی بواری واتای کۆمەڵناسیی مرۆییە. لە ماددەی گەردوونیی و واتای کۆسمۆسدا پۆلێنی میتافیزیکیی و فیزیکیی لە ئارا نییە. چونکە سەرباری هەمەچەشنیی مادە و وزە، بەڵام هۆشی گەردوونیی پۆلێنێکی لەم ڕەنگەی نییە. مێشکی مرۆڤ بالاترین مادەیە کە بەر مرۆڤ کەوتووە، سەرپاکی چەمک و واتاکان، جا چ دەرهەست و چ بەرهەست، لە دوو پێکهاتەی بنەڕەتیی گەردوون. واتە «مادده و وزە» پێک هاتوون. کاتێک مادە و وزە دەبن بە بەشێک لە مێشکی مرۆڤ و پێ بۆ گۆڕەپانی کۆمەڵناسیی هەڵدەهێنن، ئەوا بزاوتەکەی زۆر ڕەوان دادەگەڕێت، چونکە ئەوە تەنیا مرۆڤە ئاسان دەتوانێت ئەمە بۆ دوو دەستەی میتافیزیک – فیزیک، مادیی – مەعنەویی؛ دەرهەست بەرهەست؛ کۆن – نوێ، تازە و کۆن و هەزاران دەستەواژەی زمانەوانیی – واتایی پۆلێن و دەسەبەش بکات. کەواتە، مرۆڤ چۆناهی شرۆڤەی دیالێکتیک دەکات. شرۆڤە نەختوپوخت تایبەتە بە مرۆڤ. جا «چاک و چەوت» دووانن لە تایبەتمەندییەکانی. لە ڕێکاری دیالێکتیکی گەردوونییدا «چاک و چەوت» واتایان نییە. لێ مرۆڤ لە شیکارییەکانی خۆیدا ناتوانێت بەبێ ئەم پۆلێنانە بیر بکاتەوە. کەواتە گرنگ ئەوە نییە کە پۆلێنبەندیی ڕێگەپێدراوە یان نا؟! گرنگ ئەوەیە پارادایمی شرۆڤەی دیاردەکان چۆن بن.

لە سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتییەوە ئێمە چەندین چەشنی دیالێکتیک دەبینین، هەریەکەیان شرۆڤەیەکی جیاوازن، ڕایەمان دەکەوێت بە پارادایم و ڕێڕەوی ستراتیژیی ناودێریان بکەین. ئەم ڕێڕەوانە بۆ سەردەمی فەلسەفە و وڵاتی یۆنان پاوان نین. هەر

شرۆڤەیەک جیهانبینییەکە و لە بەرەتای ڕسکانی مرۆڤەوە چەندین شێوەی لێ ڕەنگاوە، هەر شرۆڤەیەکیان فەلسەفەیەکی بوونناسییە، هەڵکشانی هۆش «بیر» و زمان «ئاماژە و هێمایی» لە پێشکەوتن و دەرکەوتنی هەموو شرۆڤەکاندا لە وێنەی ڕێڕەوێک بەشدار بووە و دەبێت. مێشک و زمان دوو دەزگای هۆشمەند و بزوێنەرن. مادده و وزە وەک دووانەیەکی ئەبستراکت-بابەتیی تەواوکەری یەکترن. لەگەڵ بیرکردنەوەی مرۆڤ لەمەڕ دیاردەکان، چەندین جۆر دیالێکتیکیش ڕەنگڕێژ بوون، بەڵام ئەمە بە گشتیی لە بواری کۆمەڵناسییدا بیچم دەگرێت. هەر لە سەرەتای چێوەگرتنی DNA ەوە ئەم توانای بیرکردنەوە و قسەکەرییە لە مرۆڤدا داشاراوە، «توانای جەستەیی» یەکەمین و سەرەتاییترین پێڤاژۆی گەشەی سەرەتایی چەمکی دیالێکتیکی واتایی و مەعریفییە. بەڵام سەردەمی زێڕینی کۆمەڵناسیی دیالێکتیک لەگەڵ قۆناغی زمانی هێماییدا پێڕەوکە بووە. لەم قۆناغەوە تا کۆتایی سەردەمی نیولۆتیک[٥] و پێشکەوتنی زمانی هێمایی و هۆشی ئەناڵەتیک، قۆناغێکی بنەڕەتیی وا لە گۆڕێ، ئەمە درێژترین ماوەی ستراتیژییە لە ڕووی زمانەوانییەوە. هەردوو زمانی ئاماژە و هێمایی، تانوپۆی چەمکی سەرەتایی دیالێکتیکیان لە چێوەی مەعریفەی میتۆلۆژییدا چنی و شرۆڤەی گەردوونیان مشتوماڵ دا. ئەم شرۆڤەیە لە پڕوپاڵانتە و گێژاویی سەردەمی شارستانییەت بەدوورە. کۆڵەکەی ئەم سەردەمە زمان و هۆشی شیکارییە، لێ لە سۆنگەی کەسێتییەکی

٥- سەردەمی بەردینی نوێ

تایبەتی ئاوێزان بە سرووشت. زمان و هۆشی شیکاریی مرۆڤ وەک گیاندار لە سرووشت دەنۆڕێت و واتای لێ هەڵدەهێنجێت، سەردەمی خواوەندی دایک و تا سنووریێکیش فەلسەفەی سرووشتیی یۆنان، دەچنە چوارچێوەی ئەم ڕوانینە کردەییەوە، هەرچەندە ئایینە یەکتاپەرەستەکان و فەلسەفەی سرووشتیی سەردەمی یۆنان دوو دیاردە و نێواخنی تایبەت و جیاواز بوون لە نیۆلۆتیک. لێ تا سنووریێکی باڵکێشیش ڕەنگوبۆی سەردەمی پێش خۆیان وا بەسەرەوە. چونکە زۆر پێی کاریگەرن و هێشتاش بە تەواویی پێیان بۆ چاڵی گێژاوی شارستانییەت هەڵنەخزاوە، هیچ چەمک و دەستەواژە و بێژەیەکی دژسرووشت لە چەرخی نیۆلۆتیکدا چی نەبووە، ئەمەش مرۆڤی لەگەڵ سرووشت کردووە بە یەک. ئەمە سەردەمێکە هێشتان تێگەشتن بۆ ئاسمان هەڵنەکشێنراوە. هێشتا چاوی پێکۆڵ بە زەوییەوە هەڵدووراوە، مرۆڤ دژ و ناودژ و کۆسپەکان لە واتا و ماددەدا دەبینێت و تێکڕا گوڵی پرسیاری لا شین دەکەن. بەڵام هەموو کۆششی ئەوەیە ئەمانە وەک ڕیزێک دیاردە ڕاڤە نەکات گوایە ئەو لە سرووشت هەڵدەبڕن و سرووشت وەک دڕندە پێناس دەکەن. ئەوان پێیان وایە دژەکان دەساوێژێکی گرنگی بەردەوامیی و بزاوتی بوونن. بە پێچەوانەی چەرخی دۆگماتیکی یۆنانییەوە بوون بە یەک و تاک نابیین. مەعریفەی دیالێکتیکی ئەوان بۆ هەستی دەسەڵاتخوازانە و دەسەڵاتگەرانەی بوونی مرۆیی و کۆمەڵایەتیی پاڵ نانێت. فرەترین کەڵکەڵەی یەکتایی و و دەسەڵاتخوازیی لە سەردەمی یۆناندا ڕسکا، ئەمەش لە دژبەریی زایەندیی نێوان ژن و پیاودا وەک مانگی

لای ئێـوارێ ڕوونـه. لـه سـەردەمی شارسـتانییەتدا ئەقڵگەرایـی زۆر هەڵکشـاوتر بـوو لـه ژێریـی سـۆزەکیی چەرخـی نیۆڵەتیـک. دەی بۆچـی تـا ئـەم ئاسـتە تێگەشـتنی دیالێکتیکیـی بـەرەو تێگەشـتنی نەفـی و دەسـەڵات، واتـە لەناوچوونـی یەکێـک و هەڵڕەنگانـی ئـەوی تـر هەڵکشـا؟ چونکـه لـه سـەردەمی ئاییـن و فەلسـەفەدا سـەرپاکی تێگەشـتنیان ناچـار بـە هەڵبژاردنـی یـەک بژاردە لـه نێـو تێکـڕای دیاردەکانـدا کـرد. سـەرەتا لـه نێـوان ژن و پیـاودا، تاکـە زاڵدەسـتی پیـاو سـەپێنرا. دەسـەڵات و فـەڕی پاشـایەتیی بـە سـەر دیموکراسـییدا زاڵدەسـت بـوو. لـه فەلسـەفە و جیهانبینیـی جڤاکـدا، یەکێتیـی بـوون بـوو بـە تاکـە کەڵکەڵـە و خواسـتی کۆمـەڵ. «یەکێتیـی بـوون» وەک شـاچەمک بەسـەر زەینـدا سـەپێنرا. لـه یەکێتیی بوونـی ئیدیاڵیسـتییدا سـەرپاکیی نموونـەکان بـۆ ئاسـمان هەڵدەفڕێنرێـن و تایبەتمەندییـە ڕۆحییـەکان پێوار دەبن. یـەک: پیـاو، پاشـا، ڕاهیـب، کەشـیش، نەتـەوە و هتـد... چەمکـە تایبەتەکانـی دیالێکتیکـی لادەرن. ئەمـە دژبـەری سرووشـتی سـەرپاکی دیـاردە و ئافرێنراوەکانـە. لـه سـۆمەرییەکانەوە تـا یۆنانییـەکان، دیرۆکـی دیالێکتیـک پتـر زارەکیـی و بێژەییـە، بـەڵام لـه سـەردەمی فەلسـەفەی نووسـینەکیی یۆنانـەوە، ئیتر دیالێکتیـک پێ بـۆ گۆڕەپانێکـی زۆر جیـاواز هەڵدێنێت. پیرۆزاندنـی ئەقڵ و پاشـا و فەیلەسـووف و کەشـیش تـا ئەمڕۆش بەردەوامـە. فەلسـەفەی یەکێتیی بوونـی دەسـەڵاتگەرا ناوکـی سـەرپاکی ئەمانـە پێـک دێنێـت. دەتوانیـن بڕێیـن لـه یۆنانـەوە تـا ئەمڕۆ بەپێـی یـەک ڕاسـتەهێڵی سـتراتیژیی شـڕۆڤەی دیالێکتیـک دەکرێـت و تێکـڕای چەشـنە ئایدیاڵیسـتیی و ماتریاڵیسـتییەکانی دیالێکتیـک لەسـەر تـەوەرەی نەفـی و نەفـی نەفـی

هەڵدەخولێن، گەرچی تەنیا یەک هەڵاوێردە لە تیۆری هیگڵدا دەبینرێتەوە و دیالێکتیک بە شێوەیەکی ڕاست پێناسە کراوە، بەڵام بە گشتیی لە ژێر پاڵتۆی فەلسەفەی هیگڵدا هەمان لۆژیکی نەفیی داشاردراوە و ئەمە دیالێکتیک تووشی کێماسیی دەکات، ئەویش بەردەوامیی تێگەشتنی یەکخواز و یەکگەرا و تاکڕەهەند و تەسکبینی زاڵی پیاو و پاشا و کەشیش و پێکۆڵانەتریش دەوڵەت و پیرۆزاندنێتی. سەرپاکی ستراتیژی هیگڵ و پێناسەی ئەو بۆ دیالێکتیک، نەفی دیاردەکانە، ئاماژەکردنی بە دیاردەی دەوڵەت و ناپلیۆن وەک خوای سەر ڕووی زەمین و ڕاڤەکردنی، دیالێکتیکی نەفییە، کاتێک شەنوکەوی کاکڵەی دیالێکتیک دەکات، پێناسەکە کوانتەمییە، لێ کاتێک فەلسەفەی کۆمەڵناسیی و سیاسیی ڕەنگڕێژ دەکات، خۆبەخۆ شرۆڤەکەی ڕەتدانەوەی دیالێکتیکە، ڕوانگەی پۆستمۆدێرنەکانیش هەرچەندێک ڕەتدانەوەی دیالێکتیک نییە، بەڵام لە فەلسەفەی سیاسیی و کۆمەڵناسییدا «ئاڵۆسکاندنی دیالێکتیک»ـە، جا ئاڵۆسکاندن و چەواشەی دیالێکتیک تاکە جیاوازیی نێوان ئەم ڕێبازە و ڕێبازەکانی پێشترە.

سەرچاوە:

تبار آزادی، حسن قادرمرزی (رامین گارا)، مرکز نشر آزادی، چاپخانە آزادی ٢٠١٦/١٣٩٥

★★★

«داخۆ ئەگەری دیموکراسیی لە سووریا هەیە؟» هەڤاڵەکەم دەیزانی چۆن.

دەیڤد گرایبەر
لە ئینگلیزییەوە: ئیمان سەلیم

٤٨
گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە
ژمارە ٤٨ پاییزی ٢٠٢٤

«کوردەکان بێ لە چیاکان هیچ دۆستێکیان نییە»، ئەمە ئەو پەیڤانە بوون محەمەد ئاکسۆی هەمیشە دەیبیێژان، بەڵام محەمەد لە ٢٦ی ئەیلوول لە ئاکامی هێرشێکی (دەوڵەتی ئیسلامیی) لە باکووری سووریا شەهید کرا، هاوڕێ و داکۆکیکەرێکی ماندوونەناسی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بوو. سەروبەندی مردنی سەرقاڵی وتارێک بوو، بەو ڕستەیە دەستی پێ دەکرد. محەمەد زۆرینەی کات بۆ دەربڕینی چەرمەسەریی گەلەکەی سوودی لەو پەندانە دەدیت، ئەو گەلەی ساڵگارێکە لەلایەن ئەو زلهێزانەوە بەکار دەهات وا بانگەشەی بڵاوکردنەوەی دیموکراسیی و ئازادییان لە جیهاندا دەکرد و چەوت بەکاریان دەهێنان.

یەکەم کەڕەت لە خۆپیشاندانێکی لەندەن محەمەدم بینی، شوێنی نیشتەجێبوونی. من بەهۆی ئارەزووی تایبەتییم بۆ «بزووتنەوەی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ» لە وێنەی ئەو بزووتنەوەیەی کوردانی سووریا خەریک بوون پێکیان دەهێنا، بۆ بەشداریی ئەو خۆنیشاندانە هاتبووم، بەڵام لە کۆتاییدا هەستم کرد لە پەراوێزی گردبوونەوەکەدا کەسێک لەسەرخۆ خۆیم لێ نزیک دەکاتەوە، لێم نزیک بووەوە و خۆی پێ ناساندم. من ئەوم ناسی، وەک ئێستا دەژنەفم کەسانێکی زۆر وەک کەسێکی میهرەبان و خاکەڕا دەیناسن، بەڵام بە جۆرێک مەزنتر لە ژیان، کەسێک، کە هەمیشە خەریکی چەندین پڕۆژە بوو: لە فیلم و وتارەوە بیگرە تا ڕووداو و بزووتنەوە سیاسییەکان.

پێم وایە ئێستا گرنگە سەبارەت بە دوایین پرۆژەی محەمەد، کە نووسینێک بوو لەبارەی شەڕ لە کوردستان، بۆ خەڵک بدوێم،

بە چەشنێک، پتر لەوەی ئێمە لەمەڕ ئەو مژارەوە دەیزانین، مەترسییەک (شتێکی لە چەشنی گرەو)، وا لە گۆڕێ. ئەو لە دەمەدەمی ڕیفراندۆمێکدا دەینووسی، کە لە کوردستانی ئێراقی دراوسێدا ئەنجام دەدرا و هەموو دەیانزانی بە داکۆکییەکی بەهێزی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردیی کۆتایی دێت، بەڵام ئەو بزووتنەوە ئازادییەی کورد لە سووریا، کە محەمەد نوێنەرایەتیی دەکات، دیدگایەکی تەواو جیاواز لە کوردی ئێراق پەیڕەو دەکات: ئارەزووی گۆڕینی سنووری دەوڵەتانی نییە، بەڵکوو تەنها پشتگوێیان دەخات تا دیموکراسییەکی بنچینەیی لە جڤاکدا بنیاد بنێت. سەرباری ئەمە، ئەوەی محەمەدی ماندوو کردووە ئەوەیە؛ ئەوەی قوربانیانی نەبڕاوەی شەڕڤانە کوردەکان دژ بە دەوڵەتی ئیسلامیی لە سەرپاکی شارەکانی سووریا بە هەڵە وەک پاساوێک بۆ سنوور و دابەشکاریی زیاتر لێی دەڕوانرێت نەک کەمتر.

زۆر جار میدیای ڕۆژئاوا کوردەکان وەک گەلێکی یەکڕەنگ بەرباس دەدات، بەڵام کوردەکانی سووریا پتر وەک پاشکۆیەک، ئەمەش بەهۆی ئەو سەرنجەی کوردەکانی ئێراق بۆ ڕیفراندۆمەکەیان کێشیان کردووە. بەڵام کوردەکانی ئەم دوو وڵاتە دوو سیستمی سیاسیی سەرپاک جیاوازیان ڕەنگرێژ کردووە. کوردانی سووریا هاوپەیمانییان لەگەڵ عەرەب و سریانیی و کریستیان و بەشەکانی باکووری سووریا بنیاد ناوە و پێی دەڵێن ڕۆژاڤا (یان فەرمیتر، کۆنفیدراڵیزمی دیموکراتی باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا).

ئـەوان فرەیـی و دیموکراسـیی بـۆ خۆیـان و ئەوانـی تـر لـە سـووریایەکی تـازە فیدراڵـدا دەخـوازن و گەرەکیانـە ئـەو پرۆژە ناسیۆنالیسـتیەی بووەتـە هـۆی ڕیفراندۆمـی کوردانـی باشـوور، تـوڕ بدەن. وەک محەمـەد دەڵێت: «نا بۆ ئافراندنی دەوڵەتێکی نوێ، بەڵکوو بۆ ئافراندنـی کۆمەڵگەیەکـی شۆڕشـگێڕ و خوێنـدەوار و هاوچـەرخ و بەئاگا و سـەرتاپێ دیموکرات. کەواتـە چیتر پێمـان مەڵێن جوداخواز!»

بۆچـی جیابوونـەوە، بـەو چەشـنەی کوردانی باشـوور دەیخـوازن، تێکـڕای تەنگەژەکانـی دەوڵەتێـک دەگوازێتـەوە بـۆ دەوڵەتێکـی تـر؟ محەمـەد دەنووسـێت: «چەندین جەنگ بۆ سـەربەخۆیی بەرپا کران، بەڵام داخۆ دانپێدانـان وەک دەوڵەتێک چارەنووسـی منداڵانی ئێراقیی و ئەفریقیـی لیبیـی و ئـەو هـەزاران منداڵـە سـوورییانەی لـەم چەنـد سـاڵەی دواییدا گیانیـان لەدەسـت دا، گۆڕیوە؟ بێگومـان نەخێـر». ئەو پێی وابوو سنوورەکانی ناوچەکە بەرهەمی دەستێوەردانی ڕۆژئاوایە لـە پـاش جەنگـی جیهانیی یەکـەم، لـە سـۆنگەی ئـەم دەسـتێوەردانەوە ملمانێـی نەتەوەیـی و ئایینییـان وروژانـد و بـە دەسـاوێژی سـوودی ئابووریـی، گەلانیـان بـۆ چەندین پارچـە دابـەش کـرد.

محەمەد دەڵێت نموونەکەی کوردی سـووریا ناوی «کۆنفیدڕالیزمی دیموکراتیـی»ـە و بـە پێداگریـی لەسـەر «هۆشـیاریی لـە ڕووی پەروەردەیـی و ئیکۆلۆژیی»ـی جڤـاک و بـە دەسـاوێژی پەیـڕەوی دیموکراسـیی ڕاسـتەوخۆ لـە سـەر ئاسـتی گـەڕەک، دەرفـەت بـە کـورد و گرووپـە نەتەوەییەکانـی تـر دەدات تـا سـەربەخۆیی ڕاسـتەقینەی خۆیـان چنـگ بخـەن، ئەمـەش لـە سـنووری ئـەو دەوڵەتانـەی هەرگیـز

بە شێوەیەکی ڕێکوپێک نوێنەرایەتیی هەموو گەلانی ناوچەکە ناکەن.

محەمەد پێی وابوو کوردستان گۆڤانی «قەیرانێکی گەورە»ی سیستمی دەوڵەتە، شەڕێکی نوێنەرایەتیی جیهانیی پانوپۆڕ، ئەو نووسیویێتی: «ئەم قەیرانە بە سەرهەڵدانی داعش گەشتە چڵەپۆپە، ئەو هێزە جیهادییەی ئێراق و سووریای وەرگەڕاندە سەر دۆزەخێکی داگیرساو و لە ناوخۆ و دەرەوە هەڕەشەی شمشێڕی خستە سەر ملی ملیۆنان کەس». جا تەنها سەرهەڵدانی ئەو بزووتنەوە دیموکراسییانە و هێزە بەرخۆدێرە دەستوەشێنەکانی و یەکینەکانی پاراستنی گەل و ژنان بوو کە لووتی داعشیان شکاند و ئێستاش لە پایتەختی ڕاستەقینەی ڕەقەوە خەریکی بەزاندنی دەوڵەتی ئیسلامیین.

بەڵام ئەو وەبیرمان دێنێتەوە: «ئەم سەرکەوتنانە بە تێچوویەکی ترسناک بەدەست هاتوون»، ئەوە ڕاستە هەزاران گەنجی کورد لە جەنگی دژی دەوڵەتی ئیسلامیی شەهید بوون، بەڵام نابێ لەبیرمان بچێت لە ڕۆژئاوا کەسانێک هەن سوود لەو ترسە دەبینن کە هێرشەکانی داعش بڵاوی کردوونەتەوە، محەمەد دەپرسێت «بۆچی؟ بۆچی میدیاکان بە شێوەیەکی شایستە باری سەرنج ناخەنە سەر قوربانییدانی ئەو ڕۆحە خۆنەویستانە»؟

ئەودەمەی دەوڵەتی ئیسلامیی لە ڕەقە دەرپەڕێنرا، چی ڕوو دەدات؟ داخۆ سەرکردەکانی ڕۆژئاوا گرنگیی بەو مەترسییە دەدەن وا پاش هەڕەشەکانی داعش هەڕەشە لە خەڵکی سووریا دەکات؟ محەمەد نووسیویێتی: «گەر کۆمەڵگایەکی فرەنەتەوە و فرەئایین دانەمەزرێت، ئەوا سووریا وەک چاوگەی شەڕ دەمێنێتەوە».

محەمەد و بزووتنەوەکەی بەشێک بوون لە دیدگایەکی هیوابەخش بۆ دەڤەرەکە: «ئێمە پێمان وایە تەنها ئەوکاتە دەتوانین مرۆڤ بین کە لەژێر سایەی سیستەمێکی مرۆڤدۆستانە و پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیی مرۆڤدۆستانەدا بژیین، ئەویش بە پێودانگی ڕامانێکی مرۆڤدۆستانە». ئەمە ئەو سیستمەیە وا خەریکن دایدەمەزرێنن.

سەرباری ئەمەش، لە چەند ساڵی ڕابردوودا نوێنەرانی بزووتنەوەی کوردی سووریا بانگهێشتی دانوستانی ئاشتی لە ژنێڤ نەکراون، ئەمە بەهۆی دژایەتیی تورکیا و ئێرانەوە. هەرچەندە ئەمریکا کاتێک پێویستیی بە هێزی سەربازیی کوردە، حەز دەکات پاڵپشتیان بێت، بەڵام بە شێوەیەکی دیپلۆماسیی کوردی ڕادەستی هاوپەیمانە تورکەکانی کردووە، لەم سۆنگەوە تورکیا بەبێ پاساو کوردەکانی سووریای بە «تیرۆریست» ناودێر کرد، کاتێک ئەوان سەرنجیان لەسەر دەوڵەتی ئیسلامییە هێرشی نابەجێیان دەکاتە سەر. محەمەد دەنووسێت؛ تەنانەت ئەگەر ئەم دۆخەش بەردەوام بێت: «وەک گشتپرسیی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی، ئەوا دانوستانەکان لە سەر سنوور و شێوەی دەوڵەتان؛ دووبەرەکیی و دیواری زیاتر و ڕق و کینەی فرەتر ڕەنگڕێژ دەکات، تەنانەت ئەوانەشی پێکۆڵانە دژی ئەم هێزانە جەنگاون و کاریان بۆ خستنەڕووی جێگرەوە و کۆمەڵگەیەکی جیاواز کردووە، سارد بوونەتەوە.»

ئێستا ناوی محەمەد ئاکسۆی وا لە ڕیزی ئەوانەی گیانیان بۆ ڕەنگڕێژکردنی دیدگایەکی جیاواز بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

و مرۆڤایەتیی بەخشیوە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجە وەک ڕۆژنامەنووس و فیلمسازێک لە لەندەنەوە گەیشتە سووریا و پەیوەندیی بە «هێزەکانی پاراستی گەل - یەپەژەYPG»-(ئەو هێزە کووردییانەی سووریا وا شەڕی جیهادییەکان دەکەن)ـەوە کرد، کاتێک دەوڵەتی ئیسلامیی هێرشی کردە سەر سەنگەرێکی بەرەی ڕەقە، محەمەد شەهید کرا. هەموو ئەوانەی محەمەدیان دەناسی، دەزانن چیمان لەدەست چوو! ئەو سوورییانەی هاودیدی ئەون، هێشتا لە دانوستانەکانی ئاشتیی بۆ داهاتوو دوور خراونەتەوە. ڕەنگە هەمیشە سیاسەتمەداری سەگباوەڕ هەبن و دەمکوتان لە دیموکراسیی و مافەکانی ژن بکەنە پاساوی هەڵگیرساندنی جەنگ و ئێشی زیاتر بۆ جیهان. بەڵام دەبێت کەسانی وەک ئێمە لە ڕۆژئاوا، کە دڵسۆزانە پشتیوانیی ئەم شتانە دەکەن، فشار لە حکومەت بکەن تا ئەمە بگۆڕێت، ئەمەش بۆ ڕێزگرتن لە محەمەد و هەزارانی وەک ئەو، کە بۆ دارشتنی هیوایەکی نوێ بۆ ئەو هەرێمەی لە خوێن و فرمێسک هەڵژەنراوە، گیانیان سپارد.

سەرچاوە:

1- Democracy Is Possible in Syria. My Friend Knew How.

By David Graeber, The New York Times

٢- دوستم میدانست چگونه «دموکراسی در سوریه ممکن است» دیوید گرابر/

برگردان: ژیلدمو، رادیو زمانه

دەیڤد گرایبەر، مرۆڤناس و چالاکوانی سیاسیی و نووسەری کتێبی 'قەرز: پێنجهەزار ساڵی یەکەم'ـە.

★★★

قەرز چییە؟

چاوپێکەوتن لەگەڵ
مرۆڤناس و فەیلەسووف؛ دەیڤید گرەیبەر

لەئینگلیزییەوە: شادیار شۆڕش

لە کاتی ئەنجامدانی ئەم چاوپێکەوتنەدا، دەیڤید گرەیبەر لە بەشی مرۆڤناسیی کۆمەڵایەتیی زانکۆی لەندەن کاری کردووە. پێشتووتریش پرۆفیسۆری یاریدەدەر بووە لە بەشی مرۆڤناسیی زانکۆی یەڵ. ئەو نووسەری پەرتووکی 'قەرز: پێنج هەزار ساڵی سەرەتا'یە، ئەم پەرتووکە هەنووکە بەردەستە بۆ خوێندنەوە.

چاوپێکەوتنەکەش لەلایەن فیلیپ پیلکینگتۆنەوە ئەنجام دراوە، کە ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی خەڵکی دوبلینی ئێرلەندایە.

فیلیپ پیلکینگتۆن: با دەست پێ بکەین. زۆربەی ئابووریناسان ئێژن پارە بۆیە درووست بووە تا جێی سیستمی گۆڕینەوەی شتومەک بگرێتەوە. لێ تۆ تشێکی سەرپاک جیاوازت دۆزیوەتەوە؟ گەلۆ ڕاست دەڵێم؟

دەیڤید گرەیبەر: چیرۆکێکی کەونار هەیە فێری هەمووامانیان کردووە. پێویستیشی بە هیچ پێشەکییەکی دیکە نییە، بە گوێرەی ئەو چیرۆکە بێت، لە سەردەمانی هەرە کەوناردا، هەموو سەودا و مامەڵەکان بەگوێرەی سیستمی گۆڕینەوەی شتومەک بووە. بۆ نموونە، کەسێک بەرانبەر وەرگرتنی شتومەکێک لە تۆ بیست مریشکی پێ داویت. سێ سەرە ڕمی پێ داویت لەپێناو وەرگرتنی چەرمی ئاژەڵەکەت. ئەمەش جۆرێک لە ناڕەزامەندیی درووست کردووە، چونکە دەکرێت تۆ لەو کاتەدا پێویستت بە مریشک نەبێت، سا بۆیە ئیدی پارە چێ بوو.

ئەم چیرۆکە بەلایەنی کەمەوە دەگەڕێتەوە بۆ نووسینەکانی ئادەم سمیس و ئەو ئەفسانە جیاوازانەی بۆ پارەی درووست کردووە. هەنووکە، من مرۆڤناسم و ئێمەی مرۆڤناسیش زۆر دەمێکە دەزانین ئەم چیرۆکە، چیرۆکێکی ئەفسانەییە، چونکە ئێمەومانان زۆر گەڕاوین و توێژینەوەمان کردووە، تەنێ یەک دوو شوێنمان دیوە ئەم چەشنە مامەڵەیەی تێدا بێت، کە کەسێک بێت و بێژێت لە بەرانبەر ئەو مانگایە، بیست مریشکت دەدەمێ. وەلێ لەوکاتەی ئادەم سمیس لە ساڵی ١٧٧٦ پەرتووکی سامانی نەتەوەکانی نووسیوە تا ئێستا دۆخەکە تەواو جیاوازە و شتێکی دیکەیە. بەڵام

ئەگەر تەنێ بۆ چرکەیەک بیری لێ بکەیتەوە، زۆر سەختە بڕوا بەو مێژووە بکەیت وا باسمان کرد، جارێ هیچمان نەدۆزیوەتەوە.

بیر لەوە بکەوە کە زۆرجار بیستوومانە، گوایە ژمارەیەک جووتیاری سەردەمی نیولیتیک لە گوندێکدا یان لەو ناوچانەی ئەمریکییە ڕەسەنەکانی لێ بووە، یانژی هەر شوێنێکی دیکە هەبوون، تاکە نیشانەیەکیش بۆ سەلماندنی ئەو ڕەوشە، جموجۆڵی بازرگانییان بووە. بۆیە ئەگەر دراوسێکەت ئەو شتەی نەبێ وا تۆ دەتەوێ، ئەوە ئاساییە و کێشە نابێت. ئەم ئاڵوگۆڕەی نێوان دراوسێکانیش ئەو شتەیە مرۆڤناسەکان بیری لێ دەکەنەوە، میناک دەڵێت: ئەگەر حەزت لە مانگای دراوسێکەتە و پێی ئەڵێی چەندە مانگایەکی جوانە، ئەویش ئەڵێ بەدڵتە؟ ئەگەر حەز ئەکەیت بیبە و پیرۆزت بێت. سا لەو دۆخەدا ئەوە تۆ شتێکی ئەو قەرزاریت. هەرچەندە لەو سەردەمانەدا خەڵکیی زۆر حەزیان لە ئاڵوگۆڕ نەبووە، بەتایبەت بۆ هندییە ڕەسەنەکان و سوورپێستەکانی ئەمریکا، بەڵام ئەگەر شتێکی لەو شێوەیە هەبا، ئەوا ڕاستەوخۆ پرس و ڕاوێژیان بە ژنەکانیان کردووە.

جا پرسیارە ڕاستەقینەکە ئەوە نییە ئایا چۆن گۆڕینەوەی شتومەک بووتە سەرچاوەیەک بۆ ئاڵوگۆڕ لەنێو خەڵکیدا کە دواتر ئیدی بووە بە پارە، لێ زێدەتر پرسیارەکە ئەوەیە؛ داخۆ ڕستەی «من دانەیەک قەرزاری تۆم» چۆن وەرچەرخاوەتە سەر پەرگاڵێکی وردودرشتی خەملاندن، کە ئەم پەرگالەش بریتییە لەوەی: پارە یەکەیەکی هەژمارکردنە.

بە جۆرێک، مرۆڤ دەتوانێت بێژێت ئەم وەرچەرخانە بە گشتیی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کەونارى میزۆپۆتامیا، دەوروبەری ٣٢٠٠ ساڵ پێش زایین. لەو کاتەدا هەر بەڕاستی پەرگاڵێکی ورد و ئاڵۆزی پارە و هەژمارکردن هەبووە. پارە دەبێتە یەکەیەکی گرنگی ئاڵوگۆڕ و هەژمارکردن، جا بۆ ئاڵتوون و زێڕ یان هەر شتێکی دیکە کە دواتر پەیدا دەبێت.

سا هەر بەڕاستی بەدەر لە چیرۆکە ئەفسانەییەکە، تا شوێنێک دەتوانین بێژین سەرەتا شێوازی ئاڵوگۆڕی شتومەک بە شتومەک هەبووە ئینجا دواتر پارە داهاتووە، ئینجا دواتریش کارتی بانکی و و لە داهاتووشدا شتی تر پەیدا بێت.

سەرەتا شتومەک و قەرز داهاتووە، دوای هەزاران ساڵ، لێدانی سکە پەیدا بووە، لە سەرەتای زۆر سەرەتاشدا کاتێک کەسێک وتویەتی ها بگرە ئەوە بیست مریشک لەبری ئەو مانگایە، ئەوە ڕێک لەبری پارەی کاشی ئێستا بووە، لێ ئەم پارەی کاشەش دەکرێت بڕووخێت و لەناوبچێت، وەک ئەوەی ساڵی ١٩٩٨ لە ڕووسیا بینیمان.

فیلیپ پیلکینگتۆن: تۆ دەڵێیت هاوکاتی پەیدابوونی نووسین لە میزۆپۆتامیای کەوناردا لە دەوروبەری ٣٢٠٠ی پێش زایین، پەرگاڵێکی ئاڵۆزیی داراییش ڕەنگڕێژ بووە. هاوکات کۆمەڵگەش بە سەر قەرزدەر و قەرزارەکاندا دابەش بووە؟ دەی ئەگەر وا نییە ئەم دابەشبوونە کەی درووست بووە؟ ئەی تۆ ئەمە وەک دابەشبوونێکی هەرە مەزنی نێو مێژووی مرۆڤایەتی تەماشا دەکەیت؟

دەیڤید گرەیبەر: ڕاستیی، لە ڕووی مێژووییەوە، دوو ئەگەرمان هەیە. یەک؛ ئەوەیە وا لە میسرِ هەبووە. دەوڵەتێکی بەهێزی ناوەندیی و شێوەیەکی بەڕێوەبردن کە باجی لە هەمووان سەندووە.

میسرییەکان نە پێویستییان بووە و نە حەزیشیان کردووە سوود/سوو بخەنە سەر ئەو پارەی وا بە قەرز دەیدەن.

بەڵام میزۆپۆتامیا جیاواز بووە، لەبەر ئەوەی دەوڵەت بە ناتەواویی و نایەکسانیی پاوەجێ بووە. سەرەتا، ڕیزێک پەرەستگەی زەبەلاحی بیرۆکراتیی هەبوون، دواتریش باڵاخانەی زۆریان هەبووە، لێ حکومڕانیی و بەڕێوەبەرییەکیان نەبووە و ڕاستەوخۆ باجیان لە خەڵک وەرنەگرتووە. ئەمەش زیاتر بۆ خەڵکە داگیرکراوەکان بە ڕەوایان بینیوە، لای خۆیان جیاوازتر بووە، لەنێو خاکی خۆیاندا چەندین دامەزراوەی پیشەسازیی و کارگەی جیاوازیان بنیاد ناوە. ئینجا ئا لێرەوەڕا ئیدی پارە وەک یەکەیەکی هەژمارکردن تەماشا دەکرێت؛ پارە لەنێو ئەو دامەزراوە پیشەسازییانەدا وەک ئامرازی پەیداکردنی سەرچاوەکان بینراوە.

پاشان ئەو قەرزانەی سوود/سوویان چووەتە سەر، لەنێوان بەڕێوەبەران و بازرگانەکانی نێو ئەو کارگانەدا هاتووەتە کایەوە کە سەر بە پەرستگاکان بوون، ئەم کەسانە خاوەنی ئەو شتومەکانە بوون وا لەنێو پەرستگاکاندا دروست دەکران، شتومەکانیش سەرەتا بەشێکی بۆ کەسانی هەتیو و خاوەنپێداویستی تایبەت بوون، بەڵام دواتر بە زەوی ئاڵوگۆڕیان پێ کراوە.

یەکەمین بازاڕەکان بە تەنیشت ئەم پەرستگایانەوە ڕسکاون،

واش دەردەکەوێت، بە شێوەیەکی سەرەکیی لە سەر بنەمای یەکەی دراویی کارەکانیان بەڕێوە بردووە. بەڵام ئەمە وای کردووە بازرگان و خاوەنپەرستگە و زەنگینەکانی تر، قەرز بە جووتیاران بدەن و ئەگەریش بەرهەمی جووتیار بەکەڵک نەهات و لێیان نەکڕین، ئەوا ئەو جووتیارانە ناچار بن قەرز بکەن، بەمەش ئەو جووتیارانە پێیان بۆ تەڵەی قەرز هەڵدەخلیسکێت.

ئەمەش خراپەکارییە هەرە مەزنەکەی سەردەمی کەونارە، ئیدی خێزانەکان ناچار بوون ڕانەمەڕ و کێڵگەکانیان لە شێوەی گرێبەستدا پێشکەش بکەن، تەنانەت دۆخێک هاتووەتە گۆڕێ ژن و منداڵەکانیش خراونەتە سەر پێوانەی قەرزکردن. سا ئەمەش وای کرد خەڵکیی ببنە کۆچەریی و لە شارەکان دوور بکەونەوە، لەوەش دەترسان دەسەڵاتداران بە زۆر بیانگەڕێننەوە بۆ نێو شارەکان و ئەو دۆخەیان بەسەردا بسەپێنن. فەرمانڕەواکانیش پێیان وا بوو بۆ ئەوەی شیرازەی کۆمەڵایەتیی تێک نەچێت، تاتەقوڕەکانی قەرزەکانیان دەسڕییەوە و جارێکی تر سەرلەنوێ دەستیان پێ دەکردەوە. ڕاستییەکەی، تۆمارکردنی یەکەمین وشە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا بۆ ئازادیی، لە زمانی سۆمەریدا بووە؛ ئەویش وشەی «ئامارگیی» بووە؛ وشەیەک بۆ «ئازادییەکی قەرزکراو»، بە شێوەیەکی گشتیش، ئازادیی واتا گەڕانەوە بۆ دایک، جا لەو کاتەوە ئیدی قەرزدەرەکان کاری ڕۆژانەیان تەنیا ئامادەکردنی تاتەقوڕینەی تۆمارکردنی قەرزەکان بووە.

فیلیپ پیلکینگتۆن: لە کتێبەکەدا باست لەوە کردووە، قەرز پێش ئەوەی ببێتە چەمکێکی ئابووریی، چەمکێکی ئاکاریی بووە. دەشڵێیت: چەمکێکی هێندە پێکناکۆکە کە دەکرێت هەم ئەرێنیی و هەمیش نەرێنیی بێت. تکایە دەکرێت کەمێک باسی ئەمە بکەیت؟ کام ڕەهەندەیان گرنگترە؟

دەیڤید گرەیبەر: ڕاستی بۆ دیاریکردنی ئەمە، پێویستە ڕادیکاڵانە لە دیرۆک بنوارین.

مرۆ دەتوانێت بەم ڕەنگە باسی دیرۆک بکات: سەرەتا شێوازە میسرییەکە، واتە باجوەرگرتن و شێوازە میزۆپۆتامییایەکە، واتە سوودخۆریی/سووخۆریی لەنێو یەکدا دەتەقنەوە، خەڵکی دەبێت قەرز بکەن تا باجەکانیان بدەن، جا لەوێوەڕا پرسی قەرزکردن بە دەزگا دەبێت.

هاوکات باجوەرگرتن کلیلی درووستکردنی ئەو بازاڕانەی سەردەمی ئێستان کە لەسەر پارەی کاش بنیاد نراون. لەو دەمەوە پارەی کاش درووست کراوە، یان لەو دەمەوە ئیدی حکومەتەکان، بە تایبەت لە وڵاتانی وەک هندستان و چین و وڵاتانی تری دەریای ناوەڕاست مووچەی سەربازەکانیان بە پارەی کاش دابین دەکەن، یانژی لەوکاتەوەی دەسەڵاتدار و حکومڕانەکان زێڕ و زیو بۆ سەربازەکانیان و بە خەڵکەکانیان دەدەن، ئیدی بە ڕوونیی دەبینین زمانی قەرز و زمانی ئەخلاق ئاوێزانی یەکدی بوون.

لە زمانەکانی سانسکریتیی و عیبریی و ئارامییدا، وشەی قەرز هاوواتای وشەی تاوان و گوناهە. تەنانەت ئەگەر سەرنج بدەین، زمانی زۆربەی ئایینە گەورەکان کاتێک باسی حسابکردن و

ڕزگاربوون و بابەتە هاوشێوەکانیان دەکەن، تێدەگەیت لە زمانی دارایی کۆنەوە وەرگیراوە. لێ ئەم زمانەش زۆربەی کەڕەت بە شێوەیەکی جیاواز و لە چوارچێوەیەکی نەخوازراودا خراوەتە ڕوو. وا دەردەکەوێت ئەم جۆرە زمانە داراییەی لێ بترازێت، ئیدی پێغەمبەر و ڕاهیبەکان هیچ بژاردەیەکی تریان نەبووە. ئەمە جگە لەوەی چۆنیان ویستووە ئەوها ئەو زمانەیان لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان بەکارهێناوە. جا دەڵێن؛ قەرزەکان پیرۆز نین، بەڵکوو لێخۆشبوون لە قەرزەکان، یان توانای سڕینەوەی قەرزەکان، ئەمانە ئەو کردارانەن کە بە ڕاستیی پیرۆزن.

ئەدی ئەمە چۆن ڕووی دا؟ لەبیرتانە وتم پرسیارە هەرە گەورەکە لەمەڕ ڕیشەی پارە ئەوەیە کە «ناچارکردن» واتا من قەرزداری تۆم، بەرەو شتێک وەرچەرخاوە دەکرێت بە وردیی بژمێردرێت؟ ڕاستییەکەی وەڵامەکە بەم ڕەنگە دەردەکەوێت: ئەمە هەر ئەو ساتەیە وا توانای توندوتیژیی دەڕسکێت. ئەگەر بەرازێک بدەی بە کەسێک و ئەویش چەند مریشکێکت پێ بداتەوە، لەوانەیە ئەو مریشکانەت پێ کەم و هەرزان بێت و گاڵتەیان پێ بکەیت، تەنانەت دوور نییە یاسایەکی بیرکاریی بدۆزیتەوە تا بیسەلمێنێت مریشکەکان لە بەرانبەر بەرازەکەت چەندە هەرزان و کەمن. نموونەیەکی تر؛ ئەگەر لە شەڕێکدا کەسێک چاوت دەربهێنێت یان براکەت بکوژێت، ئەوا دەکرێت لە قەرەبوودا داوای ٢٧ گامێشی فرە باش بکەیت، خۆ ئەگەر جۆرەکەیان باش نەبێت، ئەمە واتە شەڕی نێوانتان بەردەوام دەبێت.

لە نموونەیەکی هاوشێوەدا، دەکرێت پارە فیتاوفیت لە دۆخێکی

بەم ڕەنگەدا بڕسکێت، بەڵام جەنگ، کۆیلایەتیی و تالانوبڕۆ ڕۆڵیان لە درووستکردنی پارەدا گێڕاوە. بۆ نموونە، لە ئێرلەندای سەدەکانی ناوەڕاستدا، ژنانی کۆیلە جۆرێک بوون لە دەستبەسەری هەرە مەزنی پارە. هەروەها دەشتوانی چۆنت بوێت ئاوا بەهای هەموو شتێک دیاریی بکەیت، لێ بڕێکی کەم لە کەلوپەلەکانی ئەو کاتە بۆ فرۆشتن بوون، چونکە زیاتر بۆ پێدانی سەرپێچییەکان بەکار دەهاتن.

جیاواز لەمە، هەر کاتێک لەوە تێگەیشتین باج و پارە لەگەڵ هەڵگیرسانی جەنگەکاندا درووست بوون، ئاسانتر دەتوانین شتەکان ببینین. دواجار مافیاکان لەمە تێدەگەن. ئەگەر دەتەوێت خودان توندوتیژییەکی تەواو زۆردارانە بیت، خودان هێزی ڕەها بیت، دەشتەوێت ئەمە ئەخلاقییانە دەربکەوێت و قوربانییەکانی بەردەمت وەک تاوانبار نیشان بدەیت، ئەوا ئەم بیرکردنەوەیەت، هەمان ئەو بیرکردنەوەیەیە کە قەرزی داهێناوە. تۆ قەرزاری منیت، بەڵام قەینا ماوەیەک لێت خۆش دەبم، لە مێژوودا زۆر قەرزدەر ئەم قسەیەیان بێژاوە. هەروەها، خاڵی باڵکێش ئەوەیە؛ دەکرێت وەڵامی تۆ چۆن بێت؟ خولەکێک ڕاوەستە، لێرە کێ قەرزاری کێیە؟ مسۆگەر بە درێژایی هەزاران ساڵ قوربانییەکان ئەم قسەیان کردووە، لێ ئەو کاتەی شتێکی وا دەڵێن، هەمان زمانی قەرزدەر و یاسادانەرەکانیان بەکار هێناوەتەوە، ئەوە دەیسەلمێنێت قەرز و ئەخلاق هەمان شتن. ئەمەش ئەو دۆخەیە وا بیرکەرەوە ئایینییەکان پێوەی گیرۆدە بووبوون، بۆیە بە زمانی قەرز دەستیان پێ کرد، دواتر هەوڵیان دا بیگۆڕن و بیکەنە شتێکی تر.

فیلیپ پیلکینگتۆن: ببوورە، بەڵام دەزانیت ئەمە بە تەواوەتیی نیچەییانە بوو. نیچە لە ڕەچەڵکناسیی ئەخلاقدا باس لەوە دەکات ئەخلاق لەژێر ترسی توندوتیژیی و وەرگرتنی قەرزدا هاتووەتە کایەوە. لەلای نیچە، ئەو جۆرە هەستی ناچارییەی لای قەرزار هەیە، خودی بنەڕەت و ڕەگی شارستانییەتە. تۆش لێکۆڵینەوە لەوە دەکەیت چۆن ئەخلاق و قەرز بە ناوەڕۆکێکی قووڵەوە، ئاوێزانی یەکدی بوون. گەلۆ دوای ١٠٠ ساڵ، تێڕوانینی نیچە چۆن کار دەکات؟ تۆش کامیان بە لەپێشینە دەزانیت: ئەخلاق یان قەرز؟

دەیڤید گرەیبەر: ڕاستیی ئەگەر ڕاستگۆ بم، زۆر دڵنیا نیم لەوەی نیچە لەو نووسینانەدا زۆر ڕژد بووبێت، یان بەو جۆرە بیرکردنەوانە توانیبێتی بەردەنگە بۆرژاواکانی لە خۆی تووڕە بکات. دەزانی ئەمە لە چی دەچێت؛ وەک ئەوە وایە سەرەتای ئەزموونی نووسینت دەربارەی سرووشتی مرۆڤ بە گریمانە بۆرژوازییەکان بووبێت و ئێستاش لە کۆتایدا بێیت شتانێک بخەیتە ڕوو کە بەردەنگە بۆرژاواکانت لە خۆت زیز بکەیت.

نیچە ئارگومێنتەکانی خۆی ڕێک لەو پنتەوە دەست پێ دەکات کە ئادەم سمیسیش دەستی پێ کردبوو: مرۆڤ بوونەوەرێکی ئەقڵانییە. وەلێ ئەقڵانیبوون واتا؛ ژمێرکاریی، ئاڵوگۆڕ و گواستنەوە، یان کڕین و فرۆشتن، ئەمەش یەکەمین دەربڕینی هزری مرۆییە و پێشینەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە.

لێ دواتر ئەوە ئاشکرا دەکات کە بۆچی ئادەم سمیس وا نیشانی داوە گوایە گوندنشینانی سەردەمی نیولیتیک مامەڵە و ئاڵوگۆڕ و

بازرگانییان لە نێواندا یەکدیدا ئەنجام داوە. چونکە ئەگەر پێشوەختە هیچ پەیوەندییەکی ئەخلاقیمان نەبووبێت و ئەخلاقیش لەو ئاڵوگۆڕەوە بەدی هاتبێت، ئەوا بەگوێرەی ئەو یاسای ئاڵوگۆڕە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش تا ئەو کاتە بەردەوام دەبێت کە کەسێک قەرزەکەی یان پارەکەی دەداتەوە.

سا لەو دۆخەدا، یەکێک لەو دووانە تاوانبارە کە قەرزنەدەرەوەکەیە، بۆیە یاسا سزایەکی تۆڵەسێن بۆ ئەو قەرزنەدەرەوەیە هێڵکێش بکات. بەم چەشنە ئەگەر بیست گامێش قەرزاری کەسێک بیت و پارەی نەدەیتێ، ئەوا چاوت دەردەهێنێت، ئیدی لێرەوە ئەخلاق ئاوێزانی خواستە وێرانکەرەکان دەبێت.

زۆر پێویستە ئاماژە بەوە بکەین؛ هیچ بەڵگەیەکمان نییە بۆ سەلماندنی ئەمانە، هەمووی نیچە خۆی دروستی کردوون. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هەر خودی خۆی بڕوای پێی هەبووە؟ دەکرێت من ئەرێنیی بم، لێ پێم وایە خۆشی بیری لێ نەکردووەتەوە.

بەهەرحاڵ، تەنیا لەو دۆخەدا واتای هەیە کە تۆ بڕوات بەو گریمانەیە بێت وا دەڵێت سەرپاکی کارلێکی نێوان مرۆڤەکان بەندە بە ئاڵوگۆڕەوە. بۆیە هەموو جۆرە پەیوەندییەک، جۆرێکە لە قەرز. ئەمەش لە سەر ڕووکاری هەموو ئەو شتانەی لە ژیانی مرۆڤدا دەیزانین و ئەزموونی دەکەین، هەیە؛ بەڵام کاتێک بیر لەوە دەکەیتەوە گشت ئاکاریی مرۆیی بەندە بە بازاڕەوە، ئیدی دەگەیتە ئەوپەڕی نائومێدیی.

ئەگەر توانیت بە سەر تەواوی ئەفسانەکانی ئاڵوگۆڕدا زاڵ بیت،

هەروەها ئەگەر توانیت لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە بژیت وا خەڵکەکەی خودان ئەخلاقێکی پێشینەن، ئەوا دواتر دەتوانیت بپرسیت و بێژیت داخۆ چۆن پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان وا وەرچەرخاون و بوونەتە چەشنێک لە چەشنەکانی قەرز، بۆیە ئەمە پرسیارێکی تەواو جیاوازە. لەو دۆخەدا، بەڵێ ئیتر تۆ دەتوانیت بیر لەوە بکەیتەوە داخۆ مامەڵەی توندوتیژانە چییە؟

فیلیپ پیلکینگتۆن: سەرنجڕاکێشە. لەوانەیە گونجاو بێت لەمەڕ ئەوە لێت بپرسم داخۆ کارەکانی تۆ دەربارەی قەرز چ پەیوەندییەکی بە مرۆڤناسی گەورەی فەڕەنسیی مارسێل مۆوسەوە هەیە دەربارەی ئاڵوگۆڕی دیاریی لە نێوان مرۆڤەکاندا؟

دەیڤید گرەیبەر: بە بۆچوونی خۆم، کارەکانی من زۆر لە نەریتی بیرکردنەوەیی مۆوسەوە نزیکن. ئەو یەکێک بوو لەو مرۆڤناسانەی لە زووەوە ئەو پرسیارەی لە خۆی کرد و وتی باشە ئەگەر سیستمی ئاڵوگۆڕی شتومەک نەبێ، ئەی چی هەبێت؟ ئەی ئەو مرۆڤانەی پارە وەک یەکەی سەرەکیی ئاڵوگۆڕ بەکار ناهێنن، چی دەکەن؟ مرۆڤناسەکان بە دەیان و سەدان بەڵگەی جیاوازیان دەربارەی ئەو سیستمە ئابوورییە تۆمار کردووە، بەڵام سەرەڕای ئەمەش ڕیزێک پرەنسیپی هاوبەش نەهاتووەتە دی. ئەوەی مۆوس سەرنجی دا ئەوە بوو کە لە نێو تەواوی سیستمە ئابوورییەکاندا، خەڵکی نمایش دەکەن، هەندێک دیاریی بە یەکدی دەبەخشن و دواتر وا دەری دەخەن گوایە چاوەڕێی هیچ بەرانبەرێک ناکەن. بەڵام ڕاستییەکەی

هەمووان دەیانزانی هەندێک یاسا هەن وا لە وەرگری دیارییەکان دەکەن کە دواتر گەر شتێکی کەمیش بێت، بیگەڕێننەوە.

ئەوەی ئەوێ دەمێ جێی سەرسامیی مۆوس بووە، شتێکی گەردوونیی بووە و بۆ هەنووکەش درووستە. ئەگەر من ئابووریناسێکی بواری بازاڕی ئازاد ببەم بۆ ئێوارەخوانێک، ئەوا وا هەست دەکات پێویستە خزمەتم بکاتەوە و ئەویش بانگێشتی ئێوارەخوانێکم بکات. لەوانەشە وا بیر بکاتەوە، خۆ ئەگەر بانگێشتم نەکاتەوە ئەوا شتێکی گەمژانەی کردووە، سا بەگوێرەی تیۆرییەکەی ئەو بێت ئەگەر بانگێشتیشم نەکات و بتوانێت سوودێک لە من وەربگێرێت، ئەوە هەر بە ڕاستیی شادمان دەبێت. ئەدی ئەمە بۆ وایە؟ ئەمە چی هێزێکە وام لێ دەکات هەر دەبێت خزمەتێکی ئەو کەسە بکەم؟

سا ئەمە ئارگومێنتێکی گرنگە، هەروەها دەرخەری ئەوەیە هەردەم ئەخلاقێک هەیە و لە ژێر سایە و کاریگەریی ژیانی ئابوورییدایە. لێ ئەمە وام لێ دەکات ئەوەش بڵێم؛ ئەگەر بێتوو تەنیا لەم ڕەهەندەی کارەکانی مۆوس ورد بینەوە، ئەوا بێگومان هەموو شتێکمان تەنیا لە پرسی ئاڵوگۆڕدا کورت کردووەتەوە، هەندێک خەڵکیش هەن وا خۆیان دەردەخەن شتی وا ناکەن.

مۆوس هەموو شتەکان تەنیا لە ڕەهەندی ئاڵوگۆڕدا کورت ناکاتەوە؛ ئەگەر تۆ بێجگە لە کتێبی ‹دیاریی› شتەکانی دیکە بخوێنیتەوە، بێگومان لەمە تێدەگەیت. مۆوس جەختی لەوە کردووەتەوە لە هەر کۆمەڵگەیەدا و بە کۆمەڵگەی ئێمەشەوە ڕیزێک بنەمای جیاوازی ئاڵوگۆڕ هەبوون.

بۆ نموونـە، تەماشـای پرسـی هیرارشـییەت بکـە. کاتێـک دیارییـەک دەبەخشـرێت، جـا بـە کەسـێکی خانـەدان بێـت یـان کارکـەر، مـەرج نییـە لـە بەرانبـەردا قەرەبـوو بکرێیتـەوە. ئەگـەر پرۆفیسـۆرێکی تـر ئابووریناسـەکەمان ببـات بـۆ ئێوارەخوانەکـە، ئـەوا بێگومـان ئـەو هەستەی لا دروووست دەبێت کە لە دۆخێکی ئاڵوگۆڕ و گۆڕینەوەدایە؛ بەس ئەگەر خوێندکارێکی قۆناغی یەکی زانکۆ ئابووریناسـەکە ببات بۆ ئێوارەخوانەکە، ئەوا تەنیا وەک بانگهێشتێکی ئاسایی و خزمەتێک دەیبینێت، یانژی ئەگەر سەرمایەدار و بازرگانێکی وەک جۆرج سۆرس بانگهێشتەکە بکات، ئەوا شتێک لە بەرانبەر هیچدا بەدەست دەهێنێت. لە پەیوەندییە نایەکسانەکاندا، کاتێک شتێک دەدەیتە کەسێک، ئەگەر پاش ماوەیەکی زۆریش شتێک بداتـەوە بە تۆ، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە چاوەڕێی ئەوەیە تۆش جارێکی تر شتێکی پێ بدەیتـەوە.

یان گەر لەو پەیوەندییە ئابوورییانـەی خەڵکی بەرکەوتنیان بە یەکدی هەیە بنۆڕین، ئـەوا لـە دوای مۆوسـەوە بـەم ڕەنگە پێناسـەی ئـەو پەیوەندییانـەم کـردووە؛ لـە ڕوانیـن لـە تواناکانـی یەکدیـەوە، بـۆ ڕوانیـن لـە پێویسـتییەکانی یەکـدی. لـەم پەیوەندییانـەدا مـرۆڤ پشـت بـە ئاڵوگـۆڕ و گۆڕینـەوە نابەسـتێت. بـۆ نموونـە، کاتێـک هـەوڵ دەدەن کێشـەکانیان چارەسـەر بکـەن، تەنانـەت لەنێـو شـوێنە سەرمایەدارییەکانیشـدا، ئـەوا بـە شـێوەیەکی بنەڕەتیـی پشـت بـە ئاڵوگۆڕ و گۆڕینەوە نابەستن. (ئەگەر کەسێک کار بۆ ئێکسۆن بکات لە کاتی کارەکەیدا دەڵێت؛ دەرنەفیزێکم بدەنێ، هاوکارەکەی بەرانبەر ناڵێت ئەی گەر من ئەوەت بدەمێ تۆ چیم دەدەیتێ؟ لە بەرانبەردا

کۆمۆنیزم بنەڕەتی سەرپاکی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، بۆ وێنە؛ ئەگەر لە شوێنێکدا بخنکێم، وەک ئەوە وایە کەسێک گلۆپێکم پێ بدات، لەبەر ئەوەی چاوەڕوان دەکەم هەمووان هاریکارم بن.

بەهەرحاڵ؛ ئەوەی لە مۆوسەوە زۆر فێر بووم ئەوەیە؛ بنەمای زۆر لە هەر پەرگاڵێکی ئابووریی و کۆمەڵایەتییدا هەن. هەر بۆیە ناشتوانین تەواوی ئەم پرسە لە پانتایی زانستدا کورت بکەینەوە، هەرچەندە ئابووریناسەکان هەوڵی وایان داوە، لێ لەم کارەیاندا هەموو شتێکیان پشتگوێ خستووە، تەنێ پرسی ئاڵوگۆڕ نەبێت.

فیلیپ پیلکینگتۆن: دەی گەر مادام وایە با دەربارەی تیۆری ئابووریی بئاخڤین. ئابووریناسەکان چەند تیۆرییەکی تایبەتیان دەربارەی پارە هەیە. تیۆریی هەرە دیار وەک لە سەریشەوە باسمان کرد بریتییە لە بەکاڵاکردنی پارە؛ کە چەند کاڵایەکی دیاریکراو دەبنە یەکەی ئاڵوگۆڕ و جێی سیستمە کەونارەکەی سەردەمانی زوو دەگرنەوە. لێ چەند تیۆرییەکی دیکەی جێگرەوە هەن و هەنووکە لە ڕادەبەدەر بەناوبانگن. یەکێک لەوانە، تیۆریی بازنەییە و ئەو پارەیەی دەزگا ئابوورییەکان دابینیان کردووە، وەک قەرز دەبینرێت. هەندێکی تر لە تیۆرییەکان کە ئاوێتەی تیۆری بازنەییش بوون بریتییە لە تیۆری چارتالیستیی[1]، لەم تیۆرەدا پارە وەک یەکەیەکی ئاڵوگۆڕ دەبینرێت و لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە دەر کراوە، وەرگرتنی باجیش پاڵپشتی هەرە مەزنی ئەم سیستمەیە. گەلۆ شتێک دەربارەی ئەم تیۆرییانە دەبێژیت؟

١- لە زانستی لێکۆڵینەوەی پارەدا تیۆری چارتالیستیی واتا؛ دەوڵەت یان هەر دامەزراوەیەکی تری یاسایی دەتوانێت بە خواستی خۆی بۆ هەر مەبەستێک بێت بڕێک پارە وەک پێدانی ناچاریی بەسەر هاووڵاتییدا بسەپێنێت.

دەڤید گرەیبەر: یەکێک لەو نووسینانەی هانی دام پەرتووکی قەرز: پێنج هەزار ساڵی سەرەتا بنووسم، نووسینێکی کەیس هارت بوو بە ناوی دوو لای سکە. لەو نووسینەدا هارد باسی ئەوە دەکات نەک تەنیا خوێندنگە ئابوورییەکان تیۆری جیاوازیان دەربارەی سرووشتی پارە هەیە، لێ هۆکارگەلێکیش هەن وات لێ دەکەن بڕوا بە هەموویان بکەیت. بە درێژایی مێژووی خۆی، پارە یەکەیەکی ئاڵۆزی جووتڕەهەند بووە، یەک؛ بەکاڵاکردن (ئۆبژە)، دوو، قەرز؛ (پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی). ئەوەشی من زیادم کردووە ئەوەیە کە درکێکی مێژووییم هێناوەتە کایەوە بەوەی لەکاتێکدا پارە خاوەنی هەردوو ڕەهەندە، هاوکات زەمەنێکیش هەیە کە قەرز بابەتێکی لەپێشینە بووە، هەر کەس کەم تا زۆر تیۆری چارتالیستیی پەیڕەو کردووە، بەس هەندێکی تر کە پارەی کاشیان زیاتر لەلا گرنگ بووە، سەرنجیان زیاتر لە سەر تیۆرییەکانی بەکاڵاکردن بووە. ئەخوازین ئەوە لەبیر بکەین کە لە سەدەکانی ناویینیدا، لە فەڕەنساوە تا چین، چارتالیزم تیۆرییەکی هەرە باو بووە؛ پارە تەنیا پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی بووە، لە کردەییدا و لە باجەکاندا هەر ئەو شتە بەخشراوە وا دڵخوازی پاشا بووە.

فیلیپ پیلکینگتۆن: تۆ ئاماژە بەوە دەکەیت مێژوو لەنێوان بەرداشی سەردەمی دراوی سکە و دراوی ئەلیکترۆنیدا گوزەر دەکات. ئەی بیریش لەوە ناکەیتەوە گەیشتووینەتە پنتێکی مێژوو کە بەگوێرەی پێشکەوتنە تەکنیکیی و کەلتوورییەکان ئەوە دەبینین ئیدی سەردەمی پارەی کاش و سکە و ئەوانە کۆتایی هاتووە بۆ هەرمان؟

دەیڤید گرەیبەر: ڕاستییەکەی تا کات بۆ پێشی دەکشێت، ئەم مێژووە ئاڵۆزتر دەبێت، لێ من پێم وایە بۆ ئەوەی وەڵامی پرسیارەکەی تۆمان دەست بکەوێت، ئەوا گەرەکە ٤٠٠ ساڵی تر چاوەڕێ بمێنین. ئەکرێت ئیدی ئەم سەردەمەش بەرەو کۆتایی هەنگاو بنێت، بەڵام ئەوەی زۆر سەرنجی دەدەمێ، سەردەمی گوێزانەوەیە.

دواین جار کە گوێزانەوەیەکی مەزن لە پارەی سکەوە بۆ پارەی ئەلیکترۆنیی هاتە گۆڕێ، دۆخێکی باش نەبوو. بۆ نموونە؛ ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆمانیا ڕووخا، سەردەمی کالی لە هندستان کۆتایی هات، شانیشنی هان ڕووخا، بووینە گەواهیدەری مەرگ و کارەسات و ئاژاوەیەکی فرە. بۆ ژمارەیەکی زۆری خەڵک؛ بۆ نموونە کۆیلەکان، بە ساتەوەختێکی دژواردا گوزەریان کرد، ئەمانەش بە قووڵیی لە شارستانییەت دابڕێنران. ئەمەش دەستکەوتێکی مەزنی مێژوویی بوو. کەم کارکردنی خەڵکیی بووە هۆی داکەوتنی شارەکان. لێ هێشتا بۆ تاکەکەسەکان هیوایەک هەبوو کە لەم سەردەمەدا بە ڕێژەیەکی بەرفراوان بێحاڵ و ماڵ نەمێننەوە. بە تایبەت لە چاخێکدا ئامرازەکانی لەناوبردن و کاولکاریی فرەمەزنن.

فیلیپ پیلکینگتۆن: بە بۆچوونی تۆ لە سەر سەکۆی مێژوو کامیان ئەکتەری سەرەکییە؛ پارە یان قەرز؟

دەیڤید گرەیبەر: ڕاستییەکەی وەڵامی ئەم پرسیارە بەندە بە شێوازی پێناسەکردنەکانمانەوە. ئەگەر پارە لە پانتاییەکی بەرفراواندا پێناسە بکەیت، بۆ وێنە بڵێیت ١٠ دانە لەم شتە بە بەهای ٧ دانە

لەم شتەیە، ئەوا ئەودەم قەرز بەبێ پارە بوونی نییە. قەرز تەنیا بەڵێنێکە و لە ڕێی پارەوە هەژمار دەکرێت. بۆیە گشتیی دەبێتەوە و دەگوازرێتەوە. بەڵام گەر دەپرسیت کامیان گرنگترین شێوەی پارەیە، ئەلیکترۆنیی یان کاش، ئەوا بە دڵنیاییەوە دەڵێم ئەلیکترۆنیی.

فیلیپ پیلکینگتۆن: با دەربارەی چەند کێشەیەکی ڕژدی جیهانیی قسە بکەین کە هەنووکە یەخەی گرتووین. دەزانین ساڵانی ڕابردوو لە زۆربەی وڵاتانی خۆرئاوا خاوەنماڵ و زەویوزارەکان قەرزێکی زۆریان دەدا، هەر لە قەرزی ئەلیکترۆنییەوە تا گرێبەستی خانووبەرە، بێشک گرێبەستی خانووبەرە بە تایبەتیی یەکێکە لە ڕەگە بنچینەییەکانی قەیرانە داراییەکانی هەنووکە. چەند ئابووریناسێک باسی ئەوە دەکەن، لە سەردەمی کیلنتۆنەوە گەشەی ئابووریی بەندە بە هەڵاوسانێکی نایەکسانەوە کە لە ئەنجامی قەرزدانی خاوەنزەوییەکانەوە هاتووەتە گۆڕێ. سا لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە تۆ دەربارەی ئەمە چی دەڵێیت؟

دەیڤید گرەیبەر: لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە، ئەم دۆخە هەر تەواو دۆخێکی شووم و بێفەڕە. مرۆ دەتوانێت لە سەردەمی کیلنتۆنیش زیاتر قووڵ بێتەوە، ئەم سەردەمەی ئێستا هەمان دۆخی حەفتاکانە، سەرەڕای ئەوەی سیستمێکی وردی قەرزکردن هەیە، بەڵام کۆمەڵێک کەس ناچار بوون بەرگریی لەو دۆخە بکەن. بێگومان، چەوساندنەوەی هەرە مەزن لە ڕێی قەیرانی قەرزی جیهانی سێهەمەوە لە ناوچەکانی بەشێک لە ئاسیا و ئەمریکای لاتین و ئەفریقادا هەیە.

قسەکردن دەربارەی مێژووی وڵاتانی ناوەڕاستی ئاسیا و خۆرهەڵاتی ئەورووپا، لە واتا بەرفراوانەکەدا لەنێوان سەردەمێکدا گوزەر دەکات کە پارەی ئەلکترۆنیی و پارەی کاش داگیریان کردووە. سیستمی پارەی سکە بووە هۆکاری درووستبوونی ئیمپڕاتۆرییەتی مەزنی کۆیلەداریی لە ئەورووپا و هیندستان و چین، ئەوانە دراوی سکەیان بۆ مووچەی سەربازەکانیان بەکار هانیوە. لە سەدەکانی ناوییندا، ئیمپڕاتۆرەکان بەردەوام هەر دراوی سکەیان بەکار هێناوە، ئاڵتوون و زیو زیاتر لەنێو پەرستگاکاندا بەکار هاتوون و ئەمەش وای کردووە بەرەو قەرز هەنگاو بنێنەوە. پاشان لە دوای ساڵی ١٤٩٢ـەوە دووبارە ئیمپڕاتۆرییەتەکان درووست دەبنەوە؛ ئەمەش دەبێت هۆی ئەوەی ئاڵتوون و زیو هاوڕێ لەگەڵ کۆیلایەتیی بێنە گۆڕەپانەکە.

گەرچی لە جارەکانی پێشووتریش جیاواز بێت، بەڵام ساڵی ١٩٧١ لە سەردەمی نیکسۆن، ئاڵتوون جارێکی تر بووەتە باڵادەستی یەکەم. هەرچۆنێک بێت، پێم وایە گەڕاوینەتەوە دواوە. لە ڕابردوودا، هەرچەندە ماوەیەک هەیە کە دراوی ئەلیکترۆنی تەواو دەستی بەسەر هەموو شتێکدا گرتبوو، بەڵام هێشتا پاراستنی کۆمەڵایەتیی بۆ قەرزاران هەبووە. لەلایەکی دیکەشەوە ئەگەر ڕەزامەند بین کە پارە تەنێ بنیادێکی کۆمەڵایەتییە یان قەرزێکە، ئەدی خەڵکی بۆ یەکپشوو خەریکی بەرهەمهێنانی پارەیە؟ گەلۆ چۆن ڕێگریی لەوە دەکەیت هەژاران نەکەونە نێو تەڵەی قەرزکردنەوە و بەوهۆیەوە نەبنە کۆیلەی دەوڵەمەندەکان؟ هەر بۆیە لە بەشێک لە تاتەقوڕەکانی میزۆپۆتامیاوە بۆ ئینجیل و تا یاساکانی سەدەی ناوەڕاست، تەنانەت

بە هەردوو ئایینی مەسیحیی و ئیسلامیشەوە، سوودخۆرییان/ سووخۆرییان ڕێبەند کردووە. لەودەمەوە کە قەیرانی قەرز وەک سیناریۆیەکی هەرە خراپ سەری بۆ داڕووخانێکی تەواوی کۆمەڵایەتیی کێشاوە، خەڵکی ئاسایی بە ڕێژەیەک قەرزار بوونە، خودی خۆیان و خێزانەکانیشیان کۆیلە دەبن.

داخۆ لەم ئانوساتەدا چی دەگوزەرێت؟ لەبری ئەوەی دامەزراوەی پاراستنی قەرزاران چێ بکەن، هاتن دامەزراوەی زەبەلاح و جیهانیی وەک سندووقی دراوی نێودەوڵەتیی و کۆمپانیای ئێس پیان[2] درووست کرد تا قەرزدەرەکان بپارێزن.

سا بە سەرپێچیکردنی هەموو لۆجیکە نەریتییە ئابوورییەکان؛ قەرزدەر ڕایدەگەیەنێت؛ نابێت هیچ قەرزارێک هەبێت کە بیەوێت قەرزەکەی نەداتەوە. جا پێویست ناکات بڵێم، دەرئەنجامی ئەمەش کارەساتبارە. ئەمەی ئێمەش ئێستا ئەزموونی دەکەین، بۆ من هەمان ئەو شتەیە وا مرۆ کەونارەکان لێی دەترسان؛ مرۆڤی سەر خەرەندی کارەسات.

دەکرێت ئەوەش زیاد بکەین، گەر ئەرستۆ لەمڕۆدا بژیایە، بێگومانم دەیوت فرۆشتن و بەکرێدانی خۆت و بنەماڵەکەت بەلاتەوە شتێکی دڵڕفێنی یاساییە و هیچی تر. مسۆگەر دەرئەنجامی قسەکانیشی بریتیی دەبوو لە دۆخی هەنووکەیی ئەمریکاییەکان؛ کۆیلایەتیی.

٢- کۆمپانیای ئێس پی کۆمپانیایەکە لە سەرانسەری جیهاندا، وەک درووستکەری پێوەرەکانی بازاڕی دارایی ناسراوە- بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک پێوەرەکانی وەبەرهێنان بەکار دەهێنرێت- سەرچاوەیەکی داتا و هەڵسەنگاندنی قەرزە بۆ کۆمپانیاکان و پابەندبوونی کۆمپانیا و دامەزراوەکان بە دانەوەی قەرەزەکانیان.

فیلیپ پیلکینگتۆن: تۆ باست لەوە کرد سندووقی دراوی نێودەوڵەتیی و کۆمپانیای ئێس پی دوو دامەزراوەن بۆ ئەوە درووست بوون تا قەرزی قەرزدەرەکان کۆ بکەنەوە. بێگومان ئەمە دۆخی یەکێتیی ئەورووپاشە. بە گشتیی لەم بەستێنەدا هەلومەرجی ئەورووپا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟

دەیڤید گرەیبەر: دەی بێگومان ئەمەی باست کرد هۆکاری سەرەکیی بەردەوامنەبوونی ڕێکخستن و دامەزراوە جیاوازەکانە. ئاشکرایە کەس ناتوانێت گشت قەرزەکانی بداتەوە. بەڵام لەلایەکی ترەوە لە دۆخێکی وەک دۆخی یۆناندا، کاتێک بەشێک لە بانکە فەڕەنسییەکان بڕیاریان دا قەرزەکانی یۆنان کەم بکەنەوە، هەندێک وڵاتی تر وا مامەڵەیان دەکرد کە پێویستە یۆنان قەرزەکانی هەر نەداتەوە. لە دۆخێکی هاوشێوەدا بەریتانیا ڕۆڵێکی کاریگەرتری هەیە، بۆ وێنە، لە بەریتانیا حکومەت قەرزاری بانکە نیشتیمانییەکانە، واتا خودی حکومەت قەرزاری خۆیەتی، جا ئەم دۆخە سەر دەکێشێت بۆ ئەوەی ئیتر خاوەنپێداویستیی تایبەت نەتوانێت گواستنەوەی گشتی بەکار بهێنێت و ناوەندەکانی گەنجانیش دادەخرێن، وەک خۆشیان دەڵێن ئیدی ئەمە واقیعی حاڵە. لێ سات لەدوای سات زیاتر ئاشکرا دەبێت ئەم واقیعانە زیاتر واقیعی دەسەڵاتن. هەروەها ئەو بیرسایەی پێی وایە بازاڕ پیرۆزیی بە قەرز بەخشیوە، بە دیاریکراوی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨. ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە سەرەتای کاردانەوەیەک دەبینین هاوشێوەی هەمان کاردانەوەکانی سەردەمی قەیرانی قەرزی جیهانی سێیەمە، ئەوەی لەوکاتەدا سەرنجڕاکێشانە ناویان نا بزووتنەوەی دژەجیهانگیریی.

ئـەم بزووتنەوەیـە لەوکاتـەدا داوای دیموکراسـیی ڕاسـتەقینەی دەکرد و هەوڵی دا فۆرمەکانی دیموکراسیی ڕاستەوخۆ و ئاسۆیی جێبەجێ بکات. لە بەرانبەر ئەم بزووتنەوەیەشدا هاوپەیمانێتییەکی فیڵبازانە لە نێوان نوخبە داراییەکان و بیرۆکراتە جیهانییەکانی نێو سندووقی دراوی نێودەوڵەتیی و بانکی نێودەوڵەتیی و ڕێکخراوی بازرگانیی جیهانیی و یەکێتیی ئەورووپا پاوەجێ بوو. هاوکات لە ٢٠٠٨ بە هەزاران کەس ڕژانە گۆڕەپان و شەقامەکان و بە سیستمیان وت؛ ئیدی نهێنییەکانتان ئاشکرا بوو. ئەگەر بەڕاست بتوانرێت پارە تەنیا وەک پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی یان یەکەیەکی قەرزپێدان تەماشا بکرێت و بە ترلیۆن قەرز لێخۆشبوونی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ دەربچێت، دەی کەوابێ دیموکراسیی واتایەکی بەرفراوانی هەیە و هەمووان دەتوانن ببنە بەشێک لە بڕیارەکانی پەیوەست بەو بابەتەوە. ئەمەش وەک هاریکارییەکی مەزن دەبینم.

فیلیپ پیلکینگتۆن: گەر بە فراوانیی قسە بکەیت، چۆن دەڕوانیتە قەیرانە هەنووکە داراییەکانی پەیوەست بە قەرز؟ بەبێ ئەوەی ئەو پرسیارە گەمژانەیەت لێ بکەم کە دەڵێت: بەڕێزتان داهاتوو چۆن دەبینن؟

دەڤید گرەیبەر: بۆ داهاتووییەکی دوور، من زۆر ئەرێنیی بیر دەکەمەوە. دەکرێت لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێک شتمان کردبێت، بەڵام بەراورد بە ٥٠٠ ساڵی ڕابردوو، ٤٠ ساڵ شتێکی گرنگ نییە. سەرەنجام، دەبێت دان بەوەدا بنێین لە سەردەمی پارەی

ئەلیکترۆنییدا دەبێت تەنیا بۆ قەرزدەرەکان نا، بەڵکوو بۆ هەموو شتێک پارێزبەندیی هەبێت، خۆ ئەگەر وا نەبێت، ئەوا ناتوانم بڵێم چەند کارەساتی دی ڕوومان تێ دەکات.

وەلێ لەم نێوەندەدا پرسیارێکی دیکە دەرسکێت؛ ئایا کاتێک ئەم چاکسازییانە دەکەین، دەکرێت دەرئەنجامەکە ئەو شتە بێت وا پێی دەڵێن؛ سەرمایەداریی؟

***

تێزەکانی کەمالیزم

ئیبراهیم کایپاکایا

لە فارسییەوە: مەریوان کاکەیی

ئیبراهیم کایپاکایا: یەکێکە لە سیما دیارەکانی نێو چەپی تورکیا، ساڵی ١٩٤٩ لە گوندی کاراکایای سەر بە شاری سونگورلۆ لەدایک بووە، ساڵی ١٩٦٧ چووەتە بەشی فیزیای زانکۆی ئەستەنبووڵ، لەوێ بزووتنەوە مارکسییەکانی ناسی، پاشان لەبەر چالاکیی لە نێو بزووتنەوە سۆسیالیستییەکانی تورکیا، لەو زانکۆیە دەر کرا. کایپاکایا ساڵی ١٩٦٩ بووە بە ئەندامی (پارتی کرێکاران و جووتیارانی تورکیا) و هەر زوو بوو بە یەکێک لە پێشەنگەکانی ئەو پارتە. پاشان ساڵی ١٩٧٢ بەهۆی ڕاجیایی و خۆی واتەنی (هەڵکشانی کۆنەپەرەستیی و هەلپەرەستییی) لە پارتەکەدا دەستی لەم پارتە کێشایەوە، ساڵی ١٩٧٢ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی (پارتی کۆمۆنیستی مارکسیست-لینینیستی تورکیا)یان دامەزراند. کایپاکایا یەکێکە لە ڕەخنەگرە سەرسەختەکانی (کەمالیزم). پاش ئەوەی لە ئەنجامی ڕێککەوتنی زلهێزە کۆلۆنیاڵیستەکانەوە کۆماری توریکا پێک هات، کەمالیستەکان هەوڵیان دا ڕاستینەی ئەم پرۆسەیە وەک (شۆڕشی نەتەوەیی و جەنگی سەربەخۆیی) لێک بدەنەوە و ڕاستینەی دابەشکاریی ئابووریی و قازانجیی کۆلۆنیاڵیستەکان لە پێکهاتنی تورکیادا پەردەپۆش بکەن، وتاری (تێزەکانی کەمالیزم)ی کایپاکایا دەپەرژێتە سەر پەردەهەڵماڵین لە هێزە شاراوەکانی پشت پێکهاتنی دەوڵەتی تورک و کرۆک و کاکڵەی پێکهاتنەکەی. مسۆگەر پێناسەکردنی ئەتاتورک وەک (ڕێبەر و پێشەنگی نەتەوەیی) و (هەستانەوەی پاش کەوتنی عوسمانیی لە چنگی داگیرکەران) لەو دەمەدا ئەوی لە هەر ڕەخنە و سەرنجێک هەڵدەبوارد و وەک هێڵی سوور تەماشا دەکرا.

شەڕی سەربەخۆیی تورکیا (Türk Kurtuluş Savaşı) شەڕێکە

پاش بەزین و کەوتنی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیی لە جەنگی جیهانیی یەکەم لە نێوان نەتەوەپەرەستە تورکەکان و وڵاتانی کۆلۆنیالیستدا ڕووی دا. کەمال ئەتاتورک سەرکردایەتیی دەکردن، تا ئەوەی بەپێی قازانج و سوودی خۆیان دەوڵەتی تورکیایان بەپێی ڕێککەوتننامەی لۆزان دامەزراند و کەمال ئەتاتورک تا مردن سەرکۆماری ئەو دەوڵەتە بوو. تێزەکانی کەمالیزم دەپەرژێتە سەر ڕەخنەگرتن لەو ڕووداوە و هەڵوەستە لە دەستەواژەی (شۆڕش و سەربەخۆیی) دەکات. جا لەم بەستێنەدا کاکڵکە ئابووریی و سیاسیی و نێودەوڵەتیی و سەربازیی و جڤاکییەکەی شیکار دەکات.

ڕاستییەکەی (تێزەکانی کەمالیزم) هەڵگۆستەی شرۆڤەکانی کایپاکایە لەمەڕ (پێداچوونەوەگەرایی – Revisionism)، کە ساڵی ١٩٧٢ لە بڵاوکراوەی (شەفەق)ـی زمانحاڵی پارتی کرێکاران و جووتیارانی تورکیا بڵاوی کردوونەتەوە.

کایپاکایا ساڵی ١٩٧٣ پاش شەڕێک لەگەڵ سەربازانی دەوڵەت، بە برینداریی کەوتە دەست هێزەکانی دەوڵەت و لە ژێر ئەشکەنجە و سزادا مرد، بەرپرسانی زیندان هۆکاریی مردنەکەیان بە (خۆکوژیی) تۆمار کرد.

١ـ شۆڕشی کەمالیستیی شۆڕشی چینەکانی سەرەوەی تورکیا بوو. بازرگانە بۆرژوازەکان، دەرەبەگە خاوەنزەوییەکان، سووخۆر و بۆرژوا پیشەسازە بچووکەکان، واتە سەرکردەکانی شۆڕش لە بۆرژوازە گەورەکانی چینیی باڵای کۆمپرادۆر و دەرەبەگە خاوەنزەویەکان پێک هاتبوون. لە شۆڕشدا، چینی ناوییەن بە ڕواڵەتێکی نەتەوەییەوە لە پێگەی سەرکردایەتیدا نەبوو، بەڵکوو لە پێگەی هێزێکی یەدەگدا بوو.

٢. لە سالانی شەڕی دژەئیمپریالیزمدا، سەرکردەکانی شۆڕش بە نهێنیی هاوکاریی ئیمپریالیزمی هاوپەیمانان دەکرد. ئیمپریالیستەکانیش ڕوویەکی باشیان پیشانی کەمالییەکانیان دا، سا دیار بوو لە بە بەهێزبوونی دەسەڵاتی کەمالیستیی ڕازیین.

٣. کەمالییەکان پاش واژۆکردنی پەیماننامەی ئاشتیی لەگەڵ ئیمپریالیستەکان، هاوکارییەکانیان چڕتر کردەوە.

٤. بزووتنەوەی کەمالیستی لە بنەڕەتدا دژی «کرێکاران و جووتیاران و دەرفەتی شۆڕشی چاکسازیی زەویی» چووە پێشێ.

٥. لە ئەنجامی بزووتنەوەی کەمالیستی، پێکهاتەی کۆلۆنیالزم – نیمچەکۆلۆنیالیزم – نیمچەفیۆداڵیی تورکیا وەرگەڕایە سەر پێکهاتەیەکی نیمچەکۆلۆنیاڵیستیی – نیمچەفیۆداڵیی، واتە پێکهاتەی ئابووریی نیمچە کۆلۆنیالیزم و نیمچەفیۆداڵیی بەردەوام بوو.

٦. لە بواری کۆمەڵایەتییدا بۆرژوازی نوێی تورکیای تێوەگلاو بە هاوکاریی لەگەڵ ئیمپریالیزم، کە هەڵقوڵاوی بۆرژوای ناویین بوو بە ڕواڵەتێکی نەتەوەییەوە، لەگەڵ بەشێک لە بۆرژوازیی گەورەی کۆمپرادۆری کۆنی تورکیا و بیرۆکراسی نوێ، توانی پێگەی زاڵی بۆرژوازی گەورەی کۆمپرادۆری کۆن، کە لە کەمینە نەتەوەییەکان، بیرۆکراسیە پێشینەکان و زانایان پێک دەهات، بۆ خۆی چنگ خات. بەشێک لە دەرەبەگە خاوەنزەوییەکان، خاوەنزەوییە گەورەکان، سووخۆرەکان و بازرگانانی قازانجمەندی کۆن توانیان پێگەی خۆیان بپارێزن و بەشێکیشیان پێگەی خۆیان بۆ گرووپە نوێیەکان چۆڵ کرد. لە وێنە گشتییەکەدا کەمالییەکان، نوێنەرایەتیی بەرژەوەندیی چینی ناوەڕاستیان بە ڕواڵەتێکی

نەتەوەییەوە نەدەکرد، ئەوان نوێنەرەوەی بەرژەوەندییەکانی چینی ژووریــن و باڵادەســتان بــوون.

٧ـ لە گۆڕەپانی سیاسییدا دەسەڵاتی پاشایەتیی مەشرووتەگەری ژێر چەپۆکی بەرژەوەندیی ماڵباتی پاشایەتیی بۆ کۆمارێکی بۆرژواز جێگۆڕێـی کـرد، ئەمـە باشـترین وڵامـدەرەوەی بەرژەوەندییەکانـی چینـی دەســەڵاتداری نـوێ بـوو. ئـەم حکومەتـە لـە ئاخاوتنەکانیـدا ســەربەخۆ دەردەکـەوت، بـەڵام ڕاسـتییەکەی لـە ڕووی سیاسـییەوە حکومەتێکی نیمچەگرێدراوی ئیمپریالیزم بوو.

٨ـ دیکتاتۆرییەتـی کەمالیسـتیی، بـە ڕووکـەش دیموکـرات بـوو، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا دیکتاتۆرێکـی سـەربازیی - فاشیسـت بـوو.

٩ـ «تورکیـای کەمالیسـتیی ناچـار بـوو خـۆی بخزێنێتـە باوەشـی ئیمپریالیزمـی بەریتانیـی- فەڕەنسـیی، جـا هێـواش هێـواش بـووە نیمچەکۆلۆنیی و بەشێک لە جیهانی کۆنەپەرەستی ئیمپریالیستیی.»[١]

١٠ـ لـە سـاڵانی دوای شـەڕی سـەربەخۆیی، دەسـەڵاتی کەمالیـزم دوژمنی باوەکوشتەی شۆڕش بوو. لەو قۆناغەدا ئەرکی بزووتنەوەی کۆمۆنیسـتی نەبـوو تـا دژی پیـری بـۆرژوازی کۆمپـرادۆری کـۆن و ئـەو دەرەبەگـە زەویدارانـەی پێگـەی خۆیـان لەدەسـت دابـوو، لەگـەڵ کەمالیستەکان یەک بگرێت (ڕاستییەکەی هاوپەیمانێتییەکی لەو ڕەنگە هەرگیـز پێـک نەهـات). ئەرکـی بزووتنـەوەی کۆمۆنیستی بریتـی بـوو لـە ڕووخاندنـی دەسـەڵاتی کەمالیسـتیی، کـە نوێنەرایەتـیی بەشـێکی

١- ئەم بەندە شرۆڤەی ماوتسی تۆنگە:
Mao Tse-tung, 1965. Selected Works. Volume 2, Beijing: Foreign Languages Press, pp 355-356

دیکەی بۆرژوازی کۆمپرادۆر و دەرەبەگە زەویدارەکانی دەکرد، جا گۆڕینی بۆ دیکتاتۆرییەکی جڤاکیی دیموکراتیک بە پێودانگی یەکێتیی کرێکاران و جووتیاران، ئەویش بە پێشەنگێتیی چینی کرێکار.

١١. پاش دامرکانەوەی شەڕی سەربەخۆیی، لە تورکیا بۆرژوازی گەورە و کۆمپرادۆر و دەرەبەگە زەویدارەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست، بەڵام بۆرژوای گەورە و کۆمپرادۆر و دەرەبەگە زەویدارەکان دابەشی سەر دوو پێڕی گەورەی سیاسیی بوون، ئەو پێڕەی توانی دەسەڵات و جومگەکانی دەوڵەت بخاتە ژێر چەپۆکی خۆی، سەرەتا لەگەڵ ئیمپریالیزمی بەریتانیی و فەڕەنسیی و دواتریش لە ساڵی ١٩٣٥ بەدواوە هاوکاریی ئیمپریالیزمی ئەڵمانیی کرد. تا نزیکی جەنگی جیهانیی دووەمیش، بۆرژوای ناوندیی بە گشتیی لە ڕیزی ئەم پێڕەدا پاوەجێ بوو.

١٢. لە ساڵانی جەنگی ئیمپریالیستیی دووەمی جیهانییدا، پێڕی دەسەڵاتداری نزیک لە ئەڵمانیا، ڕوویان کردە سیاسەتێکی فاشیستانەی توندئاژۆ و قازانجپەرەست، ئەم گرووپە لە ناوخۆ دژی هەموو هێزە دیموکراتییەکان، بە چینی کرێکاریشەوە، لە دەرەوەی وڵاتیش دژی یەکێتیی سۆڤێت و بلۆکی بەریتانیا- فەڕەنسا ـ ئەمریکا وەستا و پەیوەندیی بە ڕیزەکانی فاشیزمی ئەڵمانییەوە کرد. بەڵام هاوسەنگی زلهێزەکانی جیهان و بوونی یەکێتیی سۆڤیەت، نەیانهێشت [ڕاستەوخۆ] لە شەڕدا بچنە ڕیزی فاشیستە ئەڵمانییەکانەوە.

١٣. لە لایەکی ترەوە، پێڕی دژ بە بۆرژوای زلهێزی کۆمپرادۆر و دەرەبەگە زەویدارەکان و بۆرژوای ناوەندیی ڕیفۆرمیست و ئەو گرووپە دیموکراتخوازانەی تا ئەودەم بە هێزی لاوەکیی ڕیزەکانی

(پارتی گەلی کۆماریی)[٢] هەژمار دەکران. دواتر لە چوارچێوەی (پارتی دیموکرات)[٣] و (پارتی میللەت)[٤] ڕێک خران. هەروەها (پارتی کۆمۆنیستی تورکیا)[٥] شوێن ئەم پێڕە کەوت. ئەوان هاوپەیمانییەکی جیهانییان لەگەڵ بلۆکی ئەمریکا- بەریتانیا- فەڕەنسا و یەکێتیی سۆڤێتدا بەست. کاتێک جەنگی جیهانیی دووەم بە بەزینی ئەڵمانییە فاشیستەکان و هاوپەیمانەکانیان بڕایەوە، ئەم بلۆکە لە تورکیا دەسەڵاتی بەدەست هێنا. لەگەڵ کۆتایی شەڕ، بە پاڵپشتیی ئیمپریالیزمی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بە قۆستنەوەی زیرەکانەی ڕق و کینەی خەڵک لە دیکتاتۆرییەتی فاشیستی پارتی گەلی کۆماریی لایەنگری ئەڵمانیا، ساڵی ١٩٥٠ پارتی دیموکرات دەسەڵاتی گرتە دەست.

١٤- بەم چەشنە بۆرژوای گەورەی کۆمپرادۆر و دەرەبەگە خاوەنزەوییەکانی خزمەتی ئیمپریالیزمی ئەڵمانیی کەوتنە خزمەت ئیمپریالیزمی ئەمریکیی و بۆرژوای گەورەی کۆمپرادۆر و دەرەبەگە خاوەنزەوییەکانی نۆکەری ئیمپریالیزمی ئەمریکیی. کێشەکە ئەوە نەبوو (بۆرژوای گەورەی قازانجمەندی شەڕ) تەواو چووەتە (ژێر باڵی سەرمایەی نێودەوڵەتیی). کێشەکە ئەوە بوو (باڵ)ی ئیمپرالیزمی ئەمریکیی شوێنی (باڵ)ی ئیمپرالیزمی ئەڵمانیی گرتەوە، هەروەها کۆنەپەرستی نۆکەری ئەمریکا شوێنی کۆنەپەرستی نۆکەری ئەڵمانیی گرتەوە.

2- Cumhuriyet Halk Partisi (CHP)
3- Demokrat Partisi (DP)
4- Millet Partisi (MP)
5- Türkiye Komünist Partisi

١٥- بۆرژوازی ناوەندیی دوودڵ دژایەتیی پرۆلیتاریا و هوردەبۆرژوای لە ناخی خۆیدا سەرکوت دەکرد، پاش ئەوەی بۆ ماوەیەک ئەم دژایەتییەی خستە خزمەتی حیزبی دیموکرات، بەهۆی کردەوە فاشیستییەکانی حیزبی دیموکرات، دیسانەوە پەیوەندیی بە پارتی گەلی کۆمارییەوە کرد، کە ئەودەم لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوو. بیچمنەگرتنی بزووتنەوەیەکی جڤاکیی بەهێز و سەربەخۆ بە پێشەنگیی پرۆلیتاریا و ئۆپۆزسیۆنی چینی کرێکار، خەڵکی داچەکیو و ڕەگەزە دیموکراتیکەکانی کرد بە پاڵهێزێکی بەگوڕ، کە جارێک گرووپە بۆرژوا گەورە کۆمپرادۆرەکان و دەربەگە خاوەنزەوییەکانی پێ دەگەیەنرایە دەسەڵات و جارێکی تریش گرووپەکانی تر.

١٦- گرووپەکانی بۆرژوازی گەورەی کۆمپرادۆر و دەرەبەگە خاونزەوییەکان کاتێک ئۆپۆزسیۆن بوون، بانگەشەی «دیموکراسیی»ـان دەکرد. لەگەڵ گەیشتنیان بە تەخت و بەختی دەسەڵات، بوونە دوژمنی سەرسەختی گەل.

لە ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەم و پاش ئەوە، ئەمە واقعیی وڵاتەکەمان بوو.

⁂



ڕانان بۆ پەڕتووكی (بەرگرییکردن لە گەلێک)

هەردی دولبەر

ڕێبەر عەبدوڵڵا ئۆجالان پەڕتووکی 'بەرگریکردن لە گەلێک'ی ساڵی ٢٠٠٤ لە زیندانی تاکەکەسیی ئیمراڵیی نووسیوە. ئەم پەڕتووکە پاش پەڕتووکە دوو بەرگییەکەی 'لە دەوڵەتی ڕاهیبی سۆمەرەوە بەرەو شارستانێتی دیموکراتیی' و پێش پەڕتووکە پێنج بەرگییەکەی 'مانیفێستۆی شارستانێتیی دیموکراتیی' نووسراوە، ئەمە وەک ئەڵقەیەکی هەرەگرنگی زنجیرەی پێشکەوتنی فیکریی لەدایکبوونی 'پارادایمی نوێی مۆدێرنیتەی دیموکراتیی' گرنگییەکی باڵکێشی هەیە.

'بەرگریکردن لە گەلێک' لە کاتێکدا نووسراوە تارماییەکانی پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیی ١٥ی شوباتی ١٩٩٩ هەم لە ناوەوە (تەسفیەگەرێتیی ناوخۆ) و هەمیش لە دەرەوە (ڕۆڵی گلادیۆی ناتۆ لە پیلانگێڕییە نێودەوڵەتییەکە) زیاتر ڕوون بووەتەوە، بەمەش دەمامکی 'دادگای مافەکانی مرۆڤی ئەورووپا' دادەماڵرێت، کە نایەوێت دۆزی ڕێبەر ئاپۆ وەک "دۆزی ماف و ئازادیی گەلی کورد" ببینێت و وەک دۆزێکی تاکەکەسیی هەڵسوکەوتی لەگەڵ دەکات. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ لەمیانەی ئەو بەرگرینامەیەیدا دۆزی خۆی وەک دۆزی گەلێک دەستنیشان دەکات و پێویستیی بە "بەرگریکردن لەو گەلەی نکۆڵیی لێکراوە و قڕ و کۆمەڵکوژ کراوە" دەخاتە ڕوو.

لەم پەڕتووکەدا؛ هاوکات لەگەڵ سەرلەنوێ شیکرکردنەوەی مێژوویی-کۆمەڵناسیی ژیاریی کۆمەڵگەی سرووشتیی و شارستانێتیی پلەداریی دەسەڵاتگەرا، هێڵی گشتیی و بناخەی ئەلتەرناتیڤە مێژووییەکەی کە 'مۆدێرنیتەی دیموکراتیی'یە دەخاتە ڕوو و چوارچێوە فیکریی و فەلسەفیی و تەنانەت سیاسی و کۆمەڵایەتییەکەی و بەرگری ڕەوا و هەموو بوارەکانی دیکەیشی دادەڕێژێت. ڕۆڵی مێژوویی بزووتنەوەی پەکەکە لە بونیادنانی ئەو ئەلتەرناتیڤەدا دەستنیشان دەکات.

ئەم پەرتووکە لە پێشەکییەک و حەوت بەشی سەرەکی پێک هاتووە، هەر بەشەش شەنوکەوی چەند مژارێکی گرنگی لەخۆ گرتووە.

بەشی یەکەم؛ لێگەڕینی هەریەک لەم پرسە گرنگانە لەخۆ دەگرێت، *”ڕاستینەی کۆمەڵگە و تاک، کۆمەڵگەی سرووشتیی، لە هەمانکاتدا هەوڵی داوە کۆمەڵگەی پلەداریی و دەوڵەتگەرایی، کە بوونەتە هۆکاری پەراوێز-ناوەند بە وردیی شی بکاتەوە*. دێڕی یەکەمی ئەم پەرتووکە خوێنەر ناچار بە هەڵوێستە دەکات. ڕێبەر ئاپۆ لەم پێشەکیەدا بەم شێوە دەست پێ دەکات و دەڵێت: *”ڕاکردن لە ڕاستینەی کۆمەڵگە زۆر لەوە زەحمەتترە کە مەزەندە دەکرێت“*. گەر ڕاکردنی تاک لە کۆمەڵگەکەی بە ڕاکردنی منداڵ لە دایکی بچوێنین، ئایا دەکرێت وەک دۆخێکی ئاسایی چاوی لێ بکرێت؟ ئەمە ئەو پرسەیە وا زیاد لە سەد ساڵە بێ وەڵام ماوەتە کە تاکی کورد بۆ لە هەقیقەتی خۆی و کۆمەڵگە و کەلتوورەکەی ڕادەکات؟ دەکرێت بڵێین کاتێک کۆمەڵگە لەژێر هەژموونی زیهنی پیاوسالارییدا ڕۆڵی دایکایەتیی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە لەدەست دەدات، ئەوکات دۆخی نامۆبوون و دەستبەرداربوون لە کۆمەڵگە دەردەکەوێت. بۆ ئەوەی بەر بەم ڕاکردنە بگیرێت، پێویستە ئەو هەقیقەتە فام بکرێت کە *”لە بواری زانستییەوە دەستنیشان کراوە دایک هێزی سەرەکیی و بنەڕەتیی بەکۆمەڵگەبوونە“*. لەنێو پڕۆژەکانی مۆدێرنیتەی سەرمایەداریدا، بە تایبەت لە ڕێککەوتننامەکانی سایکس بیکۆ و لۆزان، گەورەترین نکۆڵیی لە بوونی نەتەوەیی و نیشتیمانیی کورد کراوە. لێرەوەیە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: *”گرنگە لە فەلسەفەی برگریکردنمانەوە ئەو پرسەش ڕووبەڕووی سیستەم بکەینەوە کە*

چۆن حسابی ئەم تاوانانەی دەرهەق بە کورد دەدات کە بە زۆرەملێ و فێڵبازیی، کۆمەڵگە و گەلێک لە خاوەندارییی خۆی بێبەش دەکات؟"

لەم پەرتووکەدا ئێمە ڕووبەڕووی دوو جۆر پڕۆسەی کۆمەڵایەتیی دەبینەوە؛

یەکەم: کۆمەڵایەتیبوون لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا بە پێودانگی سەرکوتکردنی تاک خۆی ڕێک خستووە!

دووەم: تاکڕەویێتیی لە ڕۆژئاوا بە پێودانگی نابووتکردنی کۆمەڵگە خۆی ڕێکخستووە!

لەم پەرتووکەدا باشتر لەو وتەیەی فێرناند براودڵ تێدەگەین کە دەڵێت: "کۆمەڵناسی زانستی مێژووە"، ڕێبەر ئاپۆ بە شیکارییەکانی لەنێو ئەم پەرتووکە تیۆریزەی وتەکەی براودڵی کردووە، بەوەی گەر زهنییەت و شۆڕشێک خاوەنی ڕوانینێکی فراوان و قووڵی کۆمەڵناسی نەبێت، چۆن دەبێتە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی کۆمەڵگە. بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگە و دەوڵەتگەرایی ئایدیۆلۆژیا پێویستە. لێرەوە ڕێبەر ئاپۆ دەپرسێت: *"لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کاتێک سۆسیۆلۆژیی ناتوانێت بە ئەندازەی 'ئایین'یش وەڵامی کێشە و گرفتەکان بداتەوە، ئەوا لێپرسینەوەی کۆمەڵناسیی، تەنانەت لێپرسینەوەی تەواوی پێکهاتە زانستییەکانیش دەکاتە ناچارییەک. مادام زانست هێندە پێشکەوتووە، ئەی ئەم هەموو شێتایەتییە بۆچی؟"*

بەشی دووەمی ئەم پەرتووکە؛ تایبەت کراوە بە مژارەکانی "کۆمەڵگەی ژینگەیی، بەها دیموکراتییەکانی کۆمەڵگە و ئازادیی ڕەگەزی و...

لەم بەشەدا ڕێبەر ئاپۆ بە ڕوونیی ئەوەی خستووەتە ڕوو

کە سیستەمی دەسەڵاتداریی هۆکاری سەرەکی نائومێدییەکانە، بە ئامانجی دابڕانی کۆمەڵگە لە پێکەوەژیانی ئاشتییانەی گەلان و شکستپێهێنانی هەموو هەوڵ و تێکۆشانەکانی بەدیهێنانی ژیانێکی ”ئەخلاقیی، سیاسیی، ئازادیی، یەکسانیی، دیموکراسیی...“ ئەو پەیوەندییانەی خۆراکی هەموو نایەکسانیی و کۆیلایەتیی و دیسپۆتیزم و فاشیزم و میلیتاریزمێک دەدەن، سەرچاوەی سەرەکیی خۆیان لە زیهنییەتی فۆرمی دەوڵەتەوە وەردەگرن و دەکەونە پەیوەندییەوە. ئەگەر ئێمە یەکسانیی و ئازادیی و دیموکراسییمان دەوێت، پێویستە تۆڕی پەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵگەی دیموکراسی و سازییەکانی دەسەڵات لێک جیا بکەینەوە، بۆ ئەوەی نەکەوینە ناو هەمان ئەو هەڵەی کۆمەڵناسەکان کە ڕێبەر ئاپۆ لەم پەرتووکەدا فراوان ڕەخنەیان دەکات و دەڵێت: ”*یەکێک لە کەموکورتییە هەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی نیشاننەدانی جەمسەری بەرانبەرەکەی ئەو کۆمەڵگەیانەیە کە گرێدراوی دەوڵەت و پلەدارین و پێویست بوو بە درێژایی مێژوو لە ناو دوالیزمێکی دیالێکتیکیدا بژین*“. سیستەمی دەسەڵاتداری کە پێکهێنەری کەم لە ٢٪ مێژوو پێک دێنێت، ڕێبەر ئاپۆ بە سەرچاوەی تێکدانی دیالێکتیکی مرۆڤ و کۆمەڵگە-مرۆڤ و ژینگەی دەبینێت. لە هەمووی گرنگتر ڕێبەر ئاپۆ ڕوونی دەکاتەوە کە مرۆڤ و کۆمەڵگە-مرۆڤ و سرووشت دەتوانن بە هەماهەنگی بوونیان هەبێت. پێویستە بڵێین هەموو ئەو گرووپانەی دژی سیستەمی چینایەتیی دەجەنگن، لە بنەڕەتدا نوێنەری کۆمەڵگەی سرووشتین. بۆیە کۆمەڵگەی سرووشتیی لەلایەن سیستەمی سەرمایەدارییەوە، هێندە فراوان و بێڕەحمانە

ناوزەد دەکرێت. لەمبارەوە ڕێبەر ئاپۆ هۆشیاریی فراوانی داوە و لەم بەشەدا دەڵێت: *"تاوەکو کۆمەڵگەی سەرەتایی لە ناوزەدکردنی "سەرەتایی" ڕزگاری نەبێت، ئەوا تەواوی دەسنیشانکردنەکانی کۆمەڵناسیی لە بیناکردنی بنگەیەکی چەوت ڕزگاریان نابێت. بە هۆکاری ئەوەی شەڕ هەستیارترین و توندترین دۆخی ئەم قۆناغەیە و لە بنەڕەتدا هێزی دەسەڵات-شەڕ دەسەپێنێت"*. هەرچی هێزی ماددیی و مەعنەویی کۆمەڵگەشە لە دژی توندوتیژیی و فرتوفێڵ و داگیرکەرییەکانی دەسەڵات بەری خۆ دەدات. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: *"دیموکراسی شێوازی بەڕێوەبەرایەتیی ئەو گەلەیە وا نەبووە بە دەوڵەت و دژی بە دەوڵەتبوون ڕادەوستێ"*. ڕۆڵی ژن لە سەرپێخستنی پڕۆسەی کۆمەڵایەتیی لە فۆڕمی تیرەوە تا نەتەوەی دیموکرات، یەک لەو پرسە سەرەکییانەیە وا لەم پەرتووکەدا خراوەتە ڕوو. بۆیە ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: *"شانبەشانی ئەوەی ژن نوێنەرایەتیی گەوهەری دیموکراتیزەبوون دەکات. بۆیە هیچ کات پیاو نەیتوانیوە و مەیلی ئەوەشی نەبووە بە شێوەیەکی سرووشتیی و ئاسایی لە ژن نزیک بێتەوە"*. درووشمی *"ژن ژیان ئازادیی"* بۆیەکەمجار لەنێو ئەم پەرتووکەدا خۆی مانیفێست کر. ڕێبەر ئاپۆ شۆڕشی ژنان وەک دەستێوەردانی ڕیشەیی بەرانبەر ئەقڵییەتی باڵادەستیی پیاوسالاریی دەبینێت. بەم مانایە ژنۆلۆژیی ئاماژە بە پڕۆسەیەکی ئیپیستمۆلۆژی دەکات. دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆی ژنان بە زانستی ژنان و بەرهەمهێنانی زانستی خۆیان دەبێتە هۆی دووبارە دروستکردنەوەی تاکایەتیی ژن و کۆمەڵایەتیبوونەوەی ژنان.

شیکارکردنی هەر سێ قۆناغە هەژموونگەرییەکانی سیستەمی

شارستانیی ناوەندیی کە لە ڕووی کاراکتەرییەوە گشتگیرن، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە سەرچاوە دەگرن. ئەمە یەکێکی ترە لەو پرسە گرنگانەی ڕێبەر ئاپۆ بەم ڕەنگە شیکاری کردووە. یەکەم؛ سەردەمی شار-دەوڵەتەکانی سۆمەرییە. دەوڵەتداریی لە چوارچێوەی شار-دەوڵەتییەکاندا گەشە دەکات، سنووری هەژموون فراوانتر دەکات و لە شێوەی وەشانی لە هەموو شوێنێکدا بەربڵاو دەبێت. هەموو وەدیهاتنە هەژموونییەکان تا سەرهەڵدانی هەژموونی یۆنانیی-ڕۆمانیی لە ناوچەکەشەوە سەرچاوەیان گرتووە و وەشانی بەهێزتری شار-دەوڵەتەکانی سۆمەریی بوون. سەرهەڵدانی یۆنانی-ڕۆمانی دووەم قۆناغی هەژموونی گەورەیە لە سیستەمی شارستانیەتی ناوەندیدا و ئەویش سیمایەکی گشتگیری هەیە. هەرچەندە لە تێڕوانینی ئەمڕۆدا ڕۆژئاوایی دەردەکەوێت، بەڵام لە بنەڕەتدا ڕۆژهەڵاتییە نەک ڕۆژئاوایی. هەرچەندە بەشداریی ڕەسەنی زۆری هەیە، بەڵام گونجاوترە ئەم سەرهەڵدانە هەژموونگەرییە وەک سەرهەڵدانێک کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتووە، لەبەرچاو بگیرێت. بۆیە هەڵە نابێت ئەم قۆناغە بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بزانین. جێی خۆیەتی ئەم قۆناغە بە دووەمین قۆناغی هەژموونگەرایی سیستەمی شارستانییەتی ناوەندیی، کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتووە، ناو بنێین. سەرهەڵدانی ئیسلامی سێیەم هەنگاوی گەردوونیی سیستەمی شارستانییەتی ناوەندییە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەوەی کە ئەوان دیاریکەری سەرەکی سیستەمی شارستانییەتی ناوەندین، ئەم دەسەڵاتانە دەکاتە

هەژموون. هەموو ئەم زلهێزانە هاوشێوەی ئەمریکای ئەمڕۆن. دوا دەسەڵاتی هەژموونی سیستەمی شارستانی ناوەندیی لەلایەن یەکێتیی ئەورووپا و ئەمریکاوە نوێنەرایەتیی دەکرێت. ئەمەش بە مانای گواستنەوەی هەژموون لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاواش دێت.

بەشی سێیەمی ئەم پەرتووکە بۆ شیکردنەوەی دۆخی گێژاوی ڕۆژهەڵاتی ناوین و ئەگەرەکانی چارەسەریی تەرخان کراوە.

ڕێبەر ئاپۆ بەم شێوە دەست بەم پرسە دەکات و دەڵێت: *"لەگەڵ ئەوەی پێناسەی شەڕی شارستانییەتەکان ڕاست و بەجێیە، بەڵام هێشتا گەوهەرەکەی بە شێوەیەکی ڕاست شرۆڤە نەکراوە. ڕەهەندە مێژوویی و کۆمەڵایەتییەکانی هێندە ڕوون نەکراوەتەوە. لایەنەکان و شێوازەکانی شەڕ و ئامانجەکان یەکلا نەبوونەتەوە."* سەرچاوەی بەردەوامی شەڕ و پێکدادانەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین و دۆخی گێژاو، خۆی لە ژێر ئەو مەیلەدا حاشار داوە وا هەردەم دەسەڵات و دەوڵەت شکۆمەند دەبینرێت. جەنگی جیهانیی سێیەم کە ناوەندەکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە، بە شێوازێکی فراوان بەردەوامە. زیاتر لە دووسەد ساڵە سەرمایەداریی لە هێرشدایە بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە بە ڕووی داگیرکارییەکانی خۆیدا بکاتەوە. ئەم هێرشە دەستبەجێ هەوڵی ڕەتکردنەوە و نکۆڵی هەموو ڕاستییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەی بەو مۆدێلەی دەوڵەت-نەتەوەییە دەدات وا لە سەد ساڵی ڕابردوودا بە سەر ناوچەکەدا سەپێنراوە. ڕێبەر ئاپۆ لە بەشەدا بە باوەڕییەوە هەڵوێستە لەسەر ئەو ڕاستییە

دەکات، گەر دەوڵەت نەتەوەکانی ناوچەکە خۆیان بەرەو ڕووی پرسی دیموکراتی نەکەنەوە، سەرئەنجامیان لە ئەفغانستان و ئێراقی سەددام حسێن باشتر نابێت، وەڕاستگەڕانی ئەم ڕوانگانەی ڕێبەر ئاپۆ لە هەریەک لە دەوڵەت نەتەوەکانی 'تورکیا، سووریا، ئێراق، ئێران. لوبنان، لیبیا، یەمەن...' دەبینین. هاوکات دۆخی ناوبەری دەوڵەتی ئیسرائیل و فەڵەستینیش لەم ڕوانگەیەوە باڵکێشە!

بەشی چوارەم بۆ مژاری کێشەی کورد لە گێژاوی ڕۆژهەڵاتی ناوین تایبەت کراوە.

"سەرچاوەی ئەو کێشانەی ئەمڕۆ تووشی دەبین لە کێشەی کورددایە، کە ناچار «مەحکوم»ـە بە چارەسەرنەکراوی بمێنێتەوە». ڕێبەر ئاپۆ ئەو ڕاستییەی خستووەتە ڕوو کە دەڵێت: *«کێشەی کورد بە توندوتیژیی چارەسەر نابێت».* لەم بەشەدا پێداگیریی لە سەر بەرکەنارکردنی زیهنییەتی دەسەڵاتداریی لە ڕۆژهەڵاتی ناویین دەکات، ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: *«کەوتووینەتە قۆناخێک چیتر ناتوانرێ وەک جاران کورد بەڕێوە ببرێت. ئەگەر کوردان خوازیاربن ئیتر کاری نەکردە دەبێت، بەردەوامکردنی تەمبەڵی ژیانە کۆن و نەفرەتلێکراوەکەیان لەگەڵ سەردەم بگونجێنن».* وەک ئەوەی بخوازێت بە بیری کوردانی بێنێتەوە خاوەنی کەلتوور و دایک-خوداوەند و لانکەی سەرپێکەوتنی ژیار ئێمەی کورد بووین، هێشتا ڕۆح و مەیلی ژیانێکی دیموکراسیانە لە ڕۆژهەڵاتی ناویندا، لەنێو ئەم کەلتوورەدا دەژێت کە ڕێبەر ئاپۆ بە کەلتووری *«زاگرۆس»*

ناوی دەبات. پەکەکە هۆکاری زیندووهێشتنەوەی ئەم ڕۆحەیە وا دەخوازێت هەم پرسی چارەسەری دیموکراسییانەی ناوبەری گەلان و هەمیش دۆخی گێژاوی ناوچەکە بە سیستەمی کۆنفیدڕاڵیزمیی دیموکراتیی دەرباز بکات. ڕێبەر ئاپۆ لەم پەرتووکەدا هۆشیاری داوە و دەڵێت: *«ئەگەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیموکرات نەکرێت، سەدەیەکی دیکە لەدەست دەدەین»*.

بەشی پێنجەمی ئەم پەرتووکە تایبەت کراوە بۆ مژاری بزووتنەوەی پەکەکە و ڕەخنە – ڕەخنەدان و سەرلەنوێ ئاواکردنەوە

ڕێبەر ئاپۆ دەڵێت: *«هیچ کاتێک گومانم لەوە نەبووە «پەکەکە»یی بوون لەدایکبوونی کوردی هاوچەرخە*. ڕێبەر ئاپۆ بەو هۆشیارییەی لەبارەی ڕاستینەی کۆمەڵایەتیی و سیاسیی و کەلتووریی کوردەوە هەیبووە، سەرلەنوێ لە کەسێتیی کادیرانی پەکەکەدا سەرقاڵی ئافراندنەوەی ڕۆحی ڕاستەقینەی کورد بوو. دەکرێت بڵێین پەکەکە ئەو هێزە ماددیی و ڕۆحییە بوو کە توانی ژیان بە بەر نەتەوەی کورددا بکاتەوە. تاوەکو ئەم هیوای ڕزگارییە ‹پەکەکە› دەربازی مۆدێلە باوەکانی سەرهەڵدان و جووڵانەوەکانی بەر لە خۆی بکات، بۆ ئەم مەبەستەش ڕێبەر ئاپۆ فەلسەفەی ڕەخنە و ڕەخنەدانی کردە کەلتوور و پێویستییەکی شۆڕشگێڕیی، بۆیە کاتێک پاش بیست ساڵ خوێنەر ئەم پەرتووکە دەخوێنێتەوە، باشتر لە ئەفسوونی مانەوەی پەکەکە و فراوانبوونی زەمینەی کۆمەڵایەتیی تێدەگات، لە کاتێکدا هەموو سیستەمی سەرمایەداریی

لە بوونی ڕێبەر ئاپۆ و پەکەکەدا نکۆڵی لە بوونی کوردان دەکەن. ڕیبەر ئاپۆ لە بەردەوامیی ڕەخنەکانی بۆ هەڤالانی دەڵێت: *«پارتەکان ‹حیزب› لەبری ئەوەی چارەسەری قەیران بکەن، بوونەتە ئامرازی قووڵکردنەوەی قەیرانەکان. هەروەک دەزانرێ یەک دوو بەرگ ڕەخنەم دەرهەق بە ‹عوسمان ئۆجالان› هەبوو و هەوڵی دادگایکردنیم دا، تەنانەت کاتێک دایکم کۆچی دوایی کرد بۆ تاکە جارێکیش بە تەلەفۆن هەواڵیم نەپرسی، بەهۆی چەمکی ‹زیان بەتێکۆشانی گەل دەگەیەنێ› پشتگوێم خست»*. لەم پەرتووکەدا ڕێبەر ئاپۆ بەوپەڕی ئەشق و پێداگیرییەوە وەک پێویستیەکی ژیانی ئازاد، لە ڕێهەڤالانی دەخوازێت پێویستە پەکەکە بکرێتە موڵکی گەل، بۆ ئەم پێواژۆیەش دەڵێت: *«لە ڕێکخستندا ئەوەی بە ئەندازەی پارتێک تەنانەت زیاتریش وەک دەزگایەک پێویستە، کۆما گەل ‹کۆنگرەی گەل›ـە. بەگوێرەی ڕەوشی بەرجەستەی کوردستان کۆنگرەی گەل وەک ڕێکخستنێکی سەرەکیی چەترئاسای گەل پێویستی بە پێناسەیەکی تایبەت بە خۆیەتی.*

بەشی شەشەی ئەم پەرتووکە تایبەت کراوە بە ڕۆڵی دادگای مافی مرۆڤی ئەورووپا لە کەیسی ڕێبەرایەتیدا

پاش پتر لە ٢٥ ساڵ زیندانی ڕێبەر ئاپۆ ئەو هەقیقەتەی پیشان داوین کە «ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت ئازادیی لە جیهانی ناوەوەی خۆیدا بنیات بنێت، ئەوا ناتوانێت لە دەرەوەی زیندانیش ئازاد بێت. ئەگەر مرۆڤ نەتوانێت کۆت و بەندەکانی ناو مێشکی بشکێنێت؛

لە هەر شوێنێک وەک دیل بۆی دەگەڕێتەوە». «تەنانەت لە ژێر ئەم بارودۆخەشدا هەوڵ دەدەم هەموو ڕۆژێک بە خوێندنەوە خۆم باشتر بکەم. سیاسەت کارێکی قورسە»، مرۆڤ دەبێت لە ڕووی هزریی و ڕۆحییەوە خۆی بۆ بەڕێوەبردنی ژیانێکی کۆمینالٚ پەروەردە و ئامادە بکات. ڕێبەر ئاپۆ بۆ بێکاریگەرکردنی ئەم پیلانگێڕییە بە هۆشیاریی و باوەڕێکی زۆرەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە «سیاسەتکردن لەم هەلومەرجەدا پێویستی بە بوێرییە». سیستەمی سەرمایەداریی بەو ئامانجەی ڕێبەر ئاپۆ لە کۆمەڵگەی کوردیی و پەکەکە دابېڕێت، وەک بەردەوامیی ئەو زنجیرە ژینۆسایدانەی لە سەد ساڵی ڕابردوودا دژی پاکتاوی نەتەوەی کورد بەڕێوە براون، پەنای بۆ پیلانگێڕیی نێودەوڵەتیی برد. ڕێبەر ئاپۆ منداڵی ئەو مێژووە پیرۆزەیە وا ڕەگوڕیشەکەی تا قۆناغی نیۆلۆتیک درێژ دەبێتەوە، بۆیە لەمڕۆدا مێژووی تێکۆشانی ئەم ڕێبەرە گوزارشت لە تایبەتمەندییەکانی هەقیقەتی کۆمەڵایەتیی دەکات. لەمبارەوە دەڵێت: «ئەو تاکەی بە هەموو شێوەیەک کۆمەڵایەتییە، لەم چوارچێوەیەشدا هەموو شتێکی خۆی بەخت کردبێت، دابڕاندنی لە کۆمەڵگەکەی و بە جودابینینی لەگەڵ ئیرادەی گەلەکەی، تەواو فێڵبازییەکی یاساییە. ئەمە لەگەڵ چەمکی دادوەریش ناکۆکە کە بنەمای یاسا ‹حقوق – مافپەروەریی› پێک دێنێ.»

★★★

Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حـرية المجتمع،

لەم شوێنانە بەردەستە

ناوەندی سلێمانی (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کوڕین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلاموحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون -کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەموزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com